25

...یللەتان

# کەوێتی دامەنتاری

کۆمەڵە ئەفسانەیەکی بیانییە

## وەرگێڕانی : عەزیز گەردی



# کەوێتی دامەنتاری

کۆمەڵە ئەفسانەیەکی بیانییە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

**عەزیز گەردی**

سلێمانی ۲۰۰٤

## وەزارەتی رۆشنبیری

### بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان

. orgwww.roshnbiri

khanaywargeran@yahoo.com

* ناوی کتێب: کەوێتی دامەنتاری
* نووسینی: ئەدەبی میللەتان
* وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی- ١٩٩٣
* نەخشەسازیی بەرگ: فەرهاد مەلا حەسەن
* تایپ و نەخشەسازیی کۆمپیوتەر: جیهان محەمەد
* زنجیرە: ٢٥
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* ژمارەی سپاردنی ( ٣٦٢ )ی ساڵی ( ٢٠٠٣ )ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە
* چاپ: چاپخانەی دیلان
* چاپی یەکەم: ٢٠٠٤- سلێمانی

(١)

# کەویتی دامەن تاری

(هەقایەتێکی ڕووسییە)

هەبوو نەبوو پیرە مێردێک هەبوو، سێ کوڕی هەبوو. دوو کوڕەکەی گەورەتری گەنجی کۆک و قۆزبوون، هەمیشە پۆشتەو پەرداخ بوون، جوتیاری ئارەقڕێژو پیاوی بە بگرە بوون، بەڵام بچووکەکەیان کە ناوی ئیڤانە شێت بوو، لەو جۆرە پیاوانە نەبوو. زۆربەی کاتی لە ماڵەوە، لەبەر ئاگر بەسەر دەبرد. تەنیا بۆ قارچک کردن دەچووە ناو جەنگەڵو لێڕەوار. لەوە بەولاوە بۆ هیچی‌تر نەدەچووە دەرێ.

کە پیرەمێرد نەخۆشی زۆری بۆ هێناو هاتە سەروبەندی مردن، بانگی هەرسێ کوڕەکانی کردو پێی گوتن:

– کە مردم دەبێ سێ شەو لەسەر یەک بێنە سەر گۆڕەکەم‌و هەندێ نانم بۆ بێنن، بیخۆم.

پیرە مێرد ئەمری هەقی بەجێ گەیاندو ناشتیان.

شەوی یەکەم دەبوو برای گەورە بچێتە سەر گۆڕی باوکی، بەڵام ئاخۆ لە تەمبەڵییان بوو یان لە ترسان، خۆی نەچوو، بە ئیڤانە شێتی گوت:

– ئیڤان، ئەگەر تۆ ئەمشەو لە باتی من بچیتە سەر گۆڕی بابە، کولێرە بە هەنگوینت دەدەمێ.

ئیڤان یەکسەر رازی بوو. هەندێ نانی بردو چووە سەرگۆڕی باوکی. لەتەک گۆڕەکەی دانیشت‌و چاوەڕێی کرد بزانێ چ دەبێ و چ نابێ. کە بوو بە نیوە شەو، زەوی شەقی بردو پیرەباب لە گۆڕەکەی قیت بوەوە، هاتە دەرێ‌و گوتی:

– ئەوە کێیە؟ نۆبەرەکەم، ئەوە تۆی؟ پێم بڵێ لە رووسیا چ باسە؟ ئایا سەگ دەوەڕێ؟ گورگ دەلوورێنێ؟ منداڵەکەم دەگری؟

ئیڤان وەڵامی دایەوە:

– باوکە، ئەوە منم من، کوڕی خۆتم. رووسیا کپ و هێمنە.

باوکە نانەکەی لە ئیڤان وەرگرت و تێروپڕی خوارد. کە لێ بووەوە گەڕایەوە ناوگۆڕەکەی و لێی ڕاکشا. ئیڤانیش بەرەو ماڵ بوەوە. لەڕێگادا نەختێ سەنگرایەوەو هەندێ قارچکی کۆکردەوە.

کە گەیشتەوە ماڵێ، برای گەورە لێی پرسی:

– ئەرێ بابەت دی؟

ئیڤان وەڵامی دایەوە:

– ئا، دیم.

– نانەکەی بۆت بردبوو، خواردی؟

– ئا، ئەوەندەی خوارد تا تێر بووو چیدی پێ نەخورا.

رۆژی دووەم نۆرەی برای ناوەنجی بوو بچێتە سەرگۆڕی باوکی. بەلام ئەویش ئاخۆ لە تەمبەڵییان بوو، یان لە ترسان، خۆی نەچوو، بە ئیڤانی گوت:

–ئیڤان، ئەگەر ئەمشەو تۆ لە باتی من بچیتە سەرگۆڕی بابەی، جووتێ پێتاوت لە ڕیشاڵ بۆ دەچنم.

ئیڤان گوتی:

–زۆر باشە، دەچم.

ئیڤان هەندێ نانی برد، چووە سەرگۆڕی باوکی، دانیشت و چاوەڕێی کرد. کە بوو بە نیوە شەو، زەوی شەقی برد. پیرە باب لەناو گۆڕ قیت بوەوەو هاتە دەرێ و گوتی:

– ئەوە کێیە؟ کوڕی ناوەنجیم، ئەوە تۆی؟ پێم بڵێ لە رووسیا چ باسە؟ ئایا سەگ دەوەڕێ؟ گورگ دەلوورێنێ؟ منداڵەکەم دەگری؟

ئیڤان وەڵامی دایەوە:

– باوکە ئەوە منم من، کوڕی خۆتم. رووسیا کپ و هێمنە.

ئینجا باوکە نانەکەی لە ئیڤان وەرگرت و تێری خواردو چووەوە ناو گۆڕی خۆی. ئیڤانیش بەرەو ماڵ بوەوە. لە ڕێگادا نەختێ سەنگرایەوەو هەندێ قارچکی کۆکردەوە. کە گەیشتەوە ماڵی، برای ناوەنجی لێی پرسی:

– ئەرێ بابە ئەو نانەی خوارد کە بۆت بردبوو؟

ئیڤان وەڵامی دایەوە:

– ئا، ئەوەندەی خوارد تا تێربووو چیدی پێ نەخورا.

شەوی سێیەم نۆرەی ئیڤان خۆی بوو بچێتە سەرگۆڕی باوکی. ئیڤان بە براکانی گوت:

– براینە، من دوو شەو چوومە سەرگۆڕی باوکمان. ئێستا نۆرەی ئێوەیە بچن و من لە ماڵەوە بحەسێمەوە.

براکانی وەڵامیان دایەوە:

– نا، نا، شتی وانابێ.ئیڤان، دەبێ ئەمجارەش هەر خۆت بچی. تازە تۆ لێی ڕاهاتی!

ئیڤان رازی بوو:

– باشە، مادام وایە ئەم جارەش هەر خۆم دەچم.

ئیڤان هەندێ نانی بردو چووە سەرگۆڕی باوکی. کە بوو بە نیوەشەو، زەوی شەقی بردو پیرەباب لەناو گۆڕ قیت بوەوەو هاتە دەرێ و گوتی:

– ئەوە کێیە؟ ئیڤان، ئەوە تۆی؟ کوڕی گچکەمی؟ پێم بڵێ لە رووسیا چ باسە؟ ئایا سەگ دەوەڕێ؟ گورگ دەلوورێنێ؟ منداڵەکەم دەگری؟

ئیڤان وەڵامی دایەوە:

– ئەوە منم من، ئیڤانی کوڕی خۆتم. باوکە، رووسیا کپ و هێمنە.

باوکە تا تێرو پڕبوو ئەو نانەی خوارد کە ئیڤان بۆی هێنابوو، ئینجا پێی گوت:

ئیڤان،کوڕم :تەنیا تۆ وەسیەتی منت بەجێ هێنا. نەترسای، سێ شەو لەسەر یەك هاتیتە سەرگۆڕم. ئێستا بڕۆ چۆڵەوانی، هاوار بکەو بڵێ:"کەویتی دامەن تاری، گوێت لەمن بێو بەقسەم بکە! وا بانگت دەکەم. یان وەرە، یان بمرە!"ئەسپێکی کەویتی دامەن تاری لەبەردەمت پەیدا دەبێ. کە پەیدا بوو خۆت هەڵدە، بڕۆ ناو گوێچکەی ڕاستەی و لەناو گوێچکەی چەپەی وەرە دەرێ. ئیدی دەگۆڕێی، دەبی بەکوڕێکی ئەوەندە کوك وقۆز، کوڕی وا نەبووەو نابێ. ئەوسا سواری ئەسپەکە بەو بەرەو کوێ حەز دەکەی بڕۆ.

باوکە، کەلە قسەکانی بووەوە، لغاوێکی دایە ئیڤان. ئیڤان وەری گرت. سوپاسی باوکی کردو بەرەو ماڵ بووەوە. لەڕێگادا نەختێ سەنگرایەوەو هەندێ قارچکی کۆکردەوە. کە گەیشتەوە ماڵێ، براکانی لێیان پرسی:

– ئیڤان، بابەت دی؟

ئیڤان وەڵامی دانەوە:

– ئا، دیم.

ئەو نانەی بۆت بردبوو خواردی؟

– ئا، ئەوەندەی خوارد تا تێرو پڕ بوو وچیدی پێ نەخورا.

پێشی گوتم چیدی نەچمە سەرگۆڕی.

لەوکاتەدا، پاشا جاڕچی تێگەیاند بچێ جاڕبدا هەرچی گەنجی قۆزی بێ ژن هەیە بێن لەبەردەم بارەگای شاهانە کۆببنەوە. لەولاوەش کچە جوان و نازەنینەکەی پاشا، کۆشکێکی دوازدە دیرەگی و دوازدە نهۆمی بۆخۆی بەدروست کردن دا بۆئەوەی لەشانشینی پەنجەرەی ژووری هەرە سەرەوە دابنیشێ و تەماشایان

بکا، کێ توانی بەسواری ئەسپەکەی تا ئاستی پەنجەرەی کچەکە خۆی هەڵبداو ماچێکی لە لێوان بکا. ئەو دەیباتەوە. جاچ لەماڵباتێکی خانەدان بێ وچ لەبەرەبابێکی بێ ڕووەت بێ، پاشا شازادەی نازەنینی کچی خۆی و نیوەی وڵاتەکەی دەقەبەر دەکا.

ئەو دەنگ و باسە بە بەرگوێی براکانی ئیڤان کەوت. لە بەینی خۆیان ڕێك کەوتن ئەوانیش بچن بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە. ئەسپەکانیان ئالیك داو لە تەویلە رایان کێشانە دەرێ، خۆشیان باشترین دەستەجلیان لەبەرکردو پرچی قژنی خۆیان داهێنا. ئیڤانیش، کە لە پەنا دوو کەڵکیش لەبەر ئاگر دانیشتبوو، پێی گوتن:

– براکانم، دەمنیش لەگەڵ خۆتان بەرن، بامنیش بەختی خۆم تاقی بکەمەوە!

– براکانی قاقا پێکەنین:

–سافیلکەی بەرئاگردان، ئەگەر تۆ لەگەڵمان بێی، دەبی بە قەشمەرجاڕو هەموو خەڵك گاڵتەت پێدەکەن. تۆ بۆ خۆت برۆ ناو جەنگەل و لێرەوارو قارچك کۆکەوە!

دووبرای گەورەترێ سواری ئەسپی حدوودی خۆیان بوون، تیلاکیان خوارکردو بەقیرەو هەوهەو لەناو گەواڵە تەپ و تۆزێك بەرێگادا دەیا نقەڵاشت و بۆی دەرچوون.

لەولاوەش، ئیڤان کەبەتەنێ مایەوە، دەستی دایە ئەولغاوەی لەباوکی وەرگرتبوو، بردی و چووە چۆڵەوانی و باوکی چۆنی پێ گوتبوو، ئاوها هاواری کرد: "کەوێتی دامەن تاری، گوێت لەمن بێ و بەقسەم بکە وا بانگت دەکەم. یان وەرە، یان بمرە" لەپڕ ئەسپێکی کەوێتی دامەن تاری بەڕاکردن بەرەو ڕووی هات. زەوی لەژێر سمەکانی دەهەژا، کونەلووتە هەراوەکانی ئاگریان

لێدەردەپەڕی، دووکەڵ بەگەواڵە لەگوێچکەکانی دەهاتە دەرێ.
ئەسپەکە غاری دایەکن ئیڤان، لەبەردەمی ڕەق ڕاوەستاو گوتی:
-ئەمرکە، ئیڤان!
ئیڤان دەستی بەملی ئەسپەکە داهێنا. لغاوی کرد. خۆی هەڵدا، چوە ناو گوێچکەی ڕاستەیو لەگوێچکەی چەپەی هاتە دەرێ. بووبە گەنجێکی کۆکی وەك ئاسمانی بەربەیان. گەنجیوا کۆك نەبووەو نابێ!!
ئیڤان سواری کەوێتی دامەن تاری بوو و بەرەو کۆشکی پاشا تێی تەقاند.
کەوێتی دامەن تاری ئەگەر ڕۆژێك ڕۆیشت، ئەگەر حەفتەیەك. وادەبەزی چیاو دۆڵی بەکلك وەشانێك دەبڕیو خێرا وەك شنەی نەسیم بەدەوری درەختو خانوەکاندا دەسووڕایەوە. ئاخیری ئیڤانی گەیاندە بارەگای پاشا. ئیڤان دیتی حەوشەو دەوروبەری کۆشکی پاشا جمەی دەهات لەخەڵك. لەولاوەش، کۆشکێکی دوازدە دیرەگیو دوازدە نهۆم قیت کرابووەوە. کچە نازەنینەکەی پاشا لەشانشینی پەنجەرەی ژووری خۆی دانیشتبوو کە کەوتبوە نهۆمی هەرەسەرەوە.
پاشا هاتە بەرهەیوانو گوتی:
"هۆ گەنجینە، گەڕناسو مێرخاسینە! هەر کامەتان بتوانێ بەسواری ئەسپەکەی بازبداو بگاتە ئاستی ئەو پەنجەرە بەرزەو لێوی کچەکەم ماچ بکا، کچەکەمی لێمارە دەکەمو نیوەی وڵاتەکەکەمیشی لەسەر تاپۆ دەکەم."
ئاشقو شەیدایانی کچە جوانو نازەنینەکەی پاشا یەك یەك بەسواری ئەسپ کەوتنە قەڵەمبازو جلیتانێ، ئەسپیان پڕتاوکردو خۆیان هەڵدا، بەڵام کەس نەگەیشتە پەنجەرەی کچەکە.

دووبرا گەورەکەی ئیڤانیش تەبای سوارەکانی دی خۆیان تاقی کردەوە، بەڵام ئەنجامی لەوان باشتریان دەست نەکەوت.

کاتێ کە نۆرەی ئیڤان هات. ئیڤان کەوێتی دامەن تاری تاودا. ئەعرەتەی لێداو خۆی هەڵدا، بەڵام نەگەیشتێ، دوو نهۆمی ما بگاتە ترۆپکی هەرە سەرێ. دووبارە ئەسپی تاوداو بازی هەڵدا، ئەم جارە تەنیا یەك نهۆمی ما بگاتە ترۆپکی هەرە سەرێ. مابووی یەك جار، ئیدی کەوێتی دامەن تاری هێناوبرد، دەستی بە تەڕادو مەتڕوودو ڕمبازی کرد. ئەسپ گەرم بوو، شێتو هار بوو، وەك ئاگر لە خۆی هەڵداو تا ئاستی پەنجەرەی کچەکە بەرزبووەوە. ئیڤان بە پەلەپرووزێ ماچێکی لە لێوە شیرین وەك هەنگوینەکانی کچە جوانو نازەنینەکەی پاشا کرد، کچی پاشایش بە پەلەپرووزێ ئەڵقەی مۆربەندی لەسەر بڕۆی ئیڤان داو مۆری خۆی لێ چەسپ کرد.

لەناو حەشیمەتی خەڵکەکە بوو بە هەراو غەڵبە غەڵب:

– بیگرن! لێنەگەڕێن بڕوا!

بەڵام ئیڤان ئاوزەنگی لە ئەسپەکەی دا، تێی تەقاند، ڕۆیشتو گەواڵە تەپو تۆزێکی لەدوا بەجێ ما. کە گەیشتە چۆڵەوانی چووە ناو گوێچکەی چەپەی کەوێتو لە گوێچکەی ڕاستەی هاتە دەرێو گەڕایەوە سەر بچمو کەسمی جارانی. ئینجا کەوێتی بەرهەڵداو خۆیشی بەرەوماڵ بووەوە. لە ڕێگادا، نەختێ سەنگرایەوەو هەندێ قارچکی کۆکۆدەوەو چووەوە ماڵێ. هەنیەی خۆی بە پەڕۆیەك بەستەوەو وەکو جاران چوو لەبەر ئاگردان ڕاکشا.

براکانی ئیڤان هاتنەوە. چووبوونە کوێو چییان دیبوو بۆیان گێڕایەوەو گوتیان:

–ئاشقو شەیدایانی کچی پاشا گەلێ زۆربوون، هەمووش کۆكو کنك بوون، بەڵام یەکێکیان تێدابوو شەوقی لە هەمویان بڕی بوو.

بەسـواری ئەسـپە حدوودەکـەی بـازی هەڵـدا گەیشـتە ئاسـتی پەنجەرەی کچی پاشاو لێوەکانی ماچ کرد. دیتمان چۆن هات بەڵام نەمانزانی چۆن رۆیشت!

ئیڤان، لەپەنا دوو کەڵکێشەکە، لە شوێنی خۆیەوە گوتی:

-کێ دەڵێ ئەوەی ئێوە باسی دەکەن، من نەبووم؟

براکانی تووڕەبوون، گوتیان:

- قسەی قۆڕ مەکە، شێتو وێت! تۆ بۆ خۆت لەبەر ئاگردان دانیشەو قارچکەکانت بخۆ!

ئیڤان پەڕۆی لە هەنیەی کردەوە کە لە مۆری کچی پاشای بەست بوو. یەکسەر بلاجەیەکی گەش زنجەکەی روناک کردەوە.

براکانی زەندەقیان چوو، هاواریان کرد:

-ئەوە چ دەکەی شێتە؟ خانوەکە دەسوتێنی، ها؟

رۆژی پاشی قراڵ داوەتێکی گەورەی کرد. هەموو خەڵکی قەڵەمڕەوی خۆی داوەت کرد- بەگو ئاغاو رەشەوەندی خەڵك بە هەژارو دەوڵەمەندەوە، بە گەنجو پیرەوە. براکانی ئیڤان خۆیان ئامادە کرد بچنە سەرداوەت. ئیڤان لێیان پاڕایەوە:

- دەبرام منیش لەگەڵ خۆتان ببەن!

براکانی دایانە قاقای پێکەنین:

-چ چ؟ تۆ بێیتە شوێنی وا هەموو مەزاقت داوێنەسەر. بۆ خۆت لێرە لەبەر ئاگردان دانیشەو قارچکەکانی خۆت بخۆ.

ئینجا براکانی ئیڤان سواری ئەسپەکانیان بوونو بۆی دەرچوون. ئیڤانیش بە پێ کەوتە دوویانو کە گەیشتە کۆشکی پاشا خۆی لە کوژییەکی لا چەپ گرمۆڵەکرد.

کچە جوانو نازەنینەکەی پاشا هات بەناو میوانەکاندا گەڕا. شەرابی پێ بوو. دەگەیشتە لای هەر کەسێ بادە شەرابێکی

پێشکەش دەکردو تەماشای هەنیەی دەکرد بۆ ئەوەی بزانێ کامەیان مۆری ئەمی پێوەیە.

کچەکە هەموو میوانەکانی بەسەرکردەوە تەنیا ئیڤان مابوو. کە گەیشتە نزیک ئیڤان دڵی داخورپا. ئیڤان هەموو لەشی لەتەنی و خۆڵەمێش هەڵکشابوو، قژی بژۆگڤ وەستا بوو.

کچە جوان و نازەنینەکەی پاشا گوتی:

–ئەتۆ کێی؟ لە کوێوە هاتی؟ ئەوە بۆچی پەڕۆت لە هەنیەت پێچاوە؟ ئیڤان وەڵامی دایەوە:

–ئەوە بەربوومەوە، ئازارم پێگەیشت.

کچی پاشا پەڕۆکەی کردەوە. یەکسەر بلاجەیەک کۆشکی پاشای رووناک کردەوە.

کچە هاواری کرد:

–ئای ئەوەتانێ مۆری من! ئای ئەمەیە دەزگیرانی من!

پاشا هاتە لای ئیڤان، تەماشایەکی کردو گوتی:

–نا، نابێ کچی نازەنینم! نابێ ئەمە دەزگیرانی تۆ بێ! ئەمە هەموو لەشی تەنی و خۆڵەمێشە. زۆر ناشیرینە!!

ئیڤان بە پاشای گوت:

–پاشا، ماوەم بدە بچم دەم و چاوم بشۆم.

پاشا ماوەی دا.

ئیڤان چوە حەوشە. بەو جۆرەی باوکی فێری کرد بوو، هاواری کرد: "کەوێتی دامەن تاری، گوێت لەمن بێ و بە قسەم بکە! وا بانگت دەکەم. یان وەرە، یان بمرە!"

کەوێتی دامەن تاری تەقلە کوت هات. زەوی لە ژێر سمەکانی دەهەژا، کونە لووتە هەراوەکانی ئاگریان لێ دەردەپەڕی، دوو کەڵ بە گەواڵە لە گوێچکەکانی دەهاتە دەرێ. ئیڤان خۆی هەڵدا چوە ناو گوێچکەی راستەی و لە گوێچکەی چەپەی هاتە دەرێ. بوو بە

گەنجێکی کۆکی وەك ئاسمانی بەربەیان. گەنجی وا کۆك نەبووەو نابێ. ئەو خەڵکەی لە کۆشکی پاشا بوون کە چاویان بە ئیڤان کەوت هەموو لەسەرسامییان دەمییان بەش بوەوە.

دەمو دەست پاشا کچە جوان و نازەنینەکەی خۆی لە ئیڤان مارەکرد. ئیڤان کچەی گواستەوەو بە بۆنەی زەماوەندەکەیان، داوەت و زیافەتێکی خۆشیان چێکرد.

*　　*　　*

(٢)

# بۆقی کچە پاشا

(هەقایەتێکی ڕووسییە)

لە زەمانی کۆن پاشایەك هەبوو سێ کوڕی هەبوو. کە کوڕەکانی پێڕاگەیشتن، ڕۆژێ پاشا بانگی کردنە لای خۆیو گۆتی:

-ڕۆڵە ئازیزەکانم! من وا پیربووم بەڵام ئاهێکم تێداماوە. پێم خۆشە تا ماوم ئێوە ژن بێننو منیش بە دیداری منداڵی ئێوەو نەوەی خۆم شادو بەختەوەرببم.

کوڕەکانی وەڵامیان دایەوە:

-بابە گیان، مادام وات پێ خۆشە ئەو چاکەیەمان لەگەڵ بکە، پێمان بڵێ حەز دەکەی کێ بێنین!؟

-باشە، کوڕم، مادام وایە، هەستن هەریەکە دەست بدەنە تیرێكو بڕۆنە دەرەوە بۆ دەشتو چۆڵەوانی.هەرکەسە باتیری خۆی باوێو تیرەکەی لەکوێ کەوتەوە بووکی چارەنووسی وا لەوێیە. کوڕەکان ئیکلامیان بۆ باوکیان کێشاو هەریەکە تیرێکی بردو چووە دەرەوە بۆ دەشتو چۆڵەوانی. هەریەکە لەبەر دانیشتو کەوانی ڕاکێشاو تیری خۆی هاویشت.

تیری کوڕی گەورە کەوتە حەوشەی ماڵی بەگێكو کچی بەگەکە تیرەکەی هەڵگرتەوە. تیری کوڕی ناوەنجی کەوتە حەوشەی ماڵی بازرگانێکی دەوڵەمەندو کچی بازرگانەکە تیرەکەی هەڵگرتەوە. بەش بەحاڵی کوڕی گچکەی پاشا کەناوی ئیڤانی شازادەبوو، تیرەکەی گڤڤەی هاتو ڕۆیشت. خۆیشی نەیزانی تیرەکەی چووە کوێ؟ ئیڤان بەدوای تیرەکەیدا چوو. هەر ڕۆیشت هەر ڕۆیشت تاگەیشتە زۆنگاوێك. بڵێچی بینی؟ بینی بۆقێك تیرەکەی بەدەمەوەگرتوە.

ئیڤانی شازادە بەبۆقەکەی گوت:

-بۆقەکە، بۆقەکە!تیرەکەم بدەوە!

بۆقەکە وەڵامی‌دایەوە:

-ئەگەر بەژنی خۆتم قبووڵ بکەی، دەتدەمەوە.

-ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ چۆن دەتوانم بۆق بەژنی خۆم قبووڵ بکەم.

-هەر دەبێ‌قبووڵ بکەی. ئاخر من بووکی چارەنووسی تۆم.

ئیڤانی شازادە پەستو شەرمەزاربوو، بەڵام چاری ناچار بوو. بۆقەکەی هەڵگرتو بردییەوە ماڵێ.

پاشا سێ زەماوەندی سازدا: کچی بەگی بۆ کوڕی گەورە هێناو کچی بازرگانی بۆ کوڕی ناوەنجی هێناو بۆقیشی بۆ ئیڤانی شازادەی بەدبەخت گواستەوە.

پاش ماوەیەکی کەم، پاشا کوڕەکانی بانگ کردە لای خۆیو گوتی:

-دەمەوێ بزانم ژنی کامەتان دورمانکەرێکی باشترە. پێیان بڵێن تا سبەینێ هەر یەکە کراسێکم بۆ بکا.

کوڕەکانی ئیکلامیان بۆ باوکیان کێشاو جێیان هێشت.

ئیڤانی شازادە چوەوە ماڵێ دانیشتو سەری دانەواند. بۆقەکە لە ژوورەوە هەڵبەزو دابەزی بوو، هاتە لای ئیڤانو لێی پرسی:

-ئیڤانی شازادە، ئەوە بۆ سەرت دانەواندوە؟ لەبەر چ سەخڵەت بووی؟

- باوکم دەیەوێ تۆ تا سبەینێ کراسێکی بۆ بکەی.

بۆقەکە گوتی:

- خەمت نەبێ ئیڤانی شازادە! تۆ بڕۆ بۆخۆت بخەوە.

ئیڤانی شازادە چوو نووست. بۆقەکە هەڵبەزی بۆ بەرهەیوانو پێستی بۆقایەتی لەبەر خۆی داکەندو بوو بە ڤاسیلیزای زرنگو

زیرەك، کچێ بوو مانەندی نەبوو! ڤاسیلیزا چەپەڵەی لێداو هاواری کرد:

-هۆ خانمینە، خاتوونینە! وەرن لەزکەن بلەزینن، بکەونە سەرئیش‌و تا سبەی سبەینێ کراسێکم بۆ بکەن وەکو کراسی باوکم بێ. سبەینێ زوو، ئیڤانی شازادە لەخەو رابوو. بینی بۆقەکە لە ژووریٚ هەڵدەبەزیٚ‌و دادەبەزێ. کراسەکەش تەواو بووەو لە بوخچەیەکی زۆر جوان پێچراوەو لەسەر مێز داندراوە. ئیڤانی شازادە هەر وەخت بوو لە خۆشییان پەڕ دەربکا. کراسەکەی هەڵگرت‌و بۆ باوکی برد. کە گەیشتە ئەوێ، باوکی خەریکی پێشوازی کردنی دیاریی دوو کوڕەکەی گەورەترێ بوو.

کوڕی گەورە کراسەکەی پان کردەوە. پاشا وەری گرت‌و گوتی:

-ئەم جۆرە کراسە تەنیا لە وەرزێری هەژارو رووتەڵە دەوەشێتەوە لەبەری بکا!

کوڕی ناوەنجی کراسەکەی خۆی پان کردەوە، پاشا پێی گوت:

-ئەم جۆرە کراسە تەنیا بۆ ئەوە باشە پێی بچیتە حەمام!

ئینجا ئیڤانی شازادە کراسەکەی پان کردەوە. سەراپای بەزێڕو زیو نەخشابوو. پاشا سەرنجێکی لە کراسەکە داو گوتی:

-ئەدی ئەمەیە کراس! ئەو کراسەی بە بۆنەی جەژن‌و ئاهەنگ لەبەر دەکرێ ئەمەیە!

دوو برای گەورەترێ چوونەوە ماڵێ‌و لەبەینی خۆیانەوە گوتیان:

-دەرکەوت ئێمە سەهووبووین گاڵتەمان بە ژنی ئیڤانی شازادە دەکرد. دەرکەوت ئەوە بۆق نییە، سیحربازە!

پاشا دووبارە کوڕەکانی بانگ کردو گوتی:

-دەمەوێ بزانم ژنی کامەتان کابانێکی باشترە. پێیان بڵێن تا سبەی سبەینێ هەر یەکە هەندێ نانم بۆ بکا!

ئیڤانی شازادە لووتی داژەندو لۆژلۆژ بەرەومالْ بوەوە. بۆقەکە

لێی پرسی:

-ئیڤانی شازادە، ئەوە بۆ وا غەمباری؟

ئیڤانی شازادە گوتی:

-باوکم دەیەوێ تۆ تا سبەی سبەینێ هەندێ نانی بۆ بکەی!

-خەمت نەبێ ئیڤانی شازادە، بڕۆ بۆخۆت بخەوە.

ئەو دوو هەوگیانەی لە هەوەڵەوە گاڵتەیان بە بۆقەکە دەکرد، ئێستا پیرەژنێکیان نارد، کە چێشتی بۆ لێدەنان، بۆ ئەوەی بچێ پێ بکەوێ داخۆ بۆقەکە بەچ جۆرێ نانەکە دەپێژێ.

بەلاّم بۆقەکە ئۆینباز بوو، زانی ئەمانە بە تەمای چین‌و پیرەژنیان بۆچی ناردووە. جا هەستا هەندێ هەویری شێلا. سەری سۆبەی لاداو ئەنگوتکە هەویری فڕێدایە ناو سۆبەکە. پیرەژن کە ئەمەی بینی، هەر رای کردەوە لای دوو هەوگیانەکەو مەسەلەکەی بۆ گێڕانەوە. ئەوانیش، بۆقەکە چی کردبوو، وایان کرد.

لەولاوەش، بۆقەکە هەڵبەزی چووە هەیوان‌و خۆی کردەوە ڤاسیلیزای زرنگ‌و زیرەك، چەپڵەی لێداو هاواری کرد:

"هۆ خانمینە، خاتوونینە! وەرن لەزکەن بلەزینن، بکەونە سەر ئیش‌و تاسبەی سبەینێ هەندێ نانی نەرم‌و سپیم بۆ بکەن وەکو ئەو نانەی لە ماڵە باوانم دەمخوارد!

سبەینێ تا ئیڤانی شازادە لە خەوڕابوو نانەکە ئامادە بوو، لەسەر مێزداندرابوو. نانەکە زۆر بە جوانی بە هەموو جۆرە شتێ رازابووەوە:

لێوارەکانی وێنەی جۆراوجۆری لەسەر دەرهاتبوو، تۆپکەکەشی شاری بە شوورەو دەروازەی لێ دروست کرابوو.

ئیڤانی شازادە لە خەنی خۆشییان شاگەشکە بوو. نانەکەی لە پریاسکەیەك پێچاو بۆ باوکی برد. باوکی خەریك بوو نانی کوڕەکانی گەورەترێی وەردەگرت.

دوو هەوگیانەکەی تر، بە قسەی پیرەژنەکە، ئەنگوتکە هەویریان فڕێ دابوە ناو سۆبەو نانەکەیان سووتابوو گرێ گرێ ببوو. پاشا نانی کوڕی گەورەی وەرگرت. تەماشایەکی کردو ڕەوانەی ژووری نۆکەرانی کرد. ئینجا نانی کوڕی ناوەنجی وەرگرت و ئەویشی هەروالێکرد، بەڵام کاتێ کە ئیڤانی شازادە نانی خۆی دایە دەست پاشا، پاشا گوتی:

–ئا ئەمەیە نان! ئەدی! ئەو نانەی هەر لە جەژن و ئاهەنگدا بیخۆی!

پاشا رایگەیاند هەرسێ کوڕەکەی بەخۆو بەژنەوە بۆ ڕۆژی پاشی داوەتی ئەو دەبن.

ئیڤانی شازادە دیسان بە سەرکزی و خەفەتباری گەڕایەوە ماڵێ.

ماوەیەکی زۆر سەری دانەواند. بۆقەکە هەڵبەزی، هاتەلایەوە، گوتی:

قیڕ، قیڕ! ئیڤانی شازادە، بۆ هێندە پەست و خەفەتباری؟ ئەوە باوکت بەقسەی ڕەق دڵی یەشاندووی؟ ئیڤانی شازادە هاواری کرد:

–بۆقەکە! خەم و خەفەت بۆمن نەبێ بۆکێ باشە!؟ پاشا بەیانی زیافەت دەکا و فەرمانی داوە دەبێ تۆش لەگەڵ خۆم ببەمە سەر زیافەت..... ئاخر بە چ چاوو ڕوویەك تۆ پێشانی خەڵك بدەم! نازانم! بۆقەکە وەڵامی دایەوە، گوتی:

–خەمت نەبێ ئیڤانی شازادە، تۆ بە تەنێ بچۆ سەر زیافەت و پاشان ئەمن دێم. کە گوێت لە ڕمبەو شریخەیەکی بەهێز بوو،

مەترسە. ئەگەر لێیان پرسی: ئەمە چییە؟ بڵێ: ئەمە بۆقەکەی منە بە سواری قووتووەکەی هاتوە.

بەم جۆرە ئیڤانی شازادە بە تاقی تەنێ چوە سەر زیافەت، کەچی براگەورەکانی بەخۆو بەژنەکانیان هاتن. ژنەکان بەرگی هەرە پۆشتەو جوانیان پۆشی بوو. برۆیان وەسمەدابوو، سووراوو سپیاویان لە رووەمەتی خۆیان دابوو. دووبراکە گاڵتەیان خستە سەر ئیڤانی شازادەو لێیان پرسی:

–ئەوە تۆ بەبێ ژنەکەت هاتووی؟ دەبوایە بیخەیتە ناو دەسرۆکێكو لەگەڵ خۆتی بێنی! تۆ ئەم دەزگیرانە جوانو بێ وێنەیەت لە کوێ دەست کەوت؟ دەبێ هەموو زەلکاوەکانی بە دوودا گەڕابی؟!

پاشاو کوڕو بووكو هەموو میوانەکانی لە دەوری مێزی داربەڕووی سەرپۆش نەخشین کەوتنە سەرزیافەت. لەپڕ رمبەو شریخەیەکی بەهێز هات. سەراپای کۆشکی پاشا هەژاو لەرزی. میوانەکان هەترەشیان چوو، هەر بابایە خۆی لەسەر کورسییەکەی فڕێدا، بەڵام ئیڤانی شازادە هیچ خۆی تێك نەدا،گوتی:

–باڤۆ، گەلۆ، بەڕێزینۆ مەترسن! ئەمە بۆقەکەی منە بە سواری قووتوەکەی هاتوە.

گالیسکەیەکی زێڕکفت کە شەش ئەسپی سپی رایاندەکێشا بە گوڕ گەیشتە بەر هەیوانی کۆشکی پاشاو ڤاسیلیزای زرنگو زیرەکی لێ دابەزی. کراسێکی لەبەر بوو لەئارمووشی شینی ئاسمانی، سەراپای ئەستێرە بەند بوو. هیلالێکی گەشی کردبوە تەوقی سەری. ئەوەندە جوان بوو، نە بەقەڵەم وێنەی دەکێشراو نە بەزار باس دەکرا، هەر زینەت بوو تەماشای بکەی!! ڤاسیلیزا دەستی ئیڤانی شازادەی گرت و بردییە سەر مێزێکی دار بەڕووی سەرپۆش نەخشین.

میوانەکان هێور بوونەوە، کەوتنە سەرخواردن وخواردنەوە، بوو بە بەزم و شادی.

ڤاسیلیزای زرنگ وزیرەك بادەی خۆی نۆشی وتلپەی بنی لە ناو قۆلێ چەپی کراسەکەی کرد. نەختێ گۆشتی قورینگی خواردو ئێسکەکانی هاویشتە ناو قولی ڕاستی کراسەکەی.

دوو هەوگیانەکەی تر دیتیان ڤاسیلیزا چی کرد، ئەوانیش وەکو ئەویان کرد... خواردیان وخواردیانەوە..

کاتی سەماو هەڵپەڕکێ هات. ڤاسیلیزای زرنگ وزیرەك دەستی ئیڤانی شازادەی گرت وسەمای لەگەڵ کرد. سەمای کردو سووڕاو خولی خوارد، خولی خواردو سووڕا .هەموو تەماشاکەران واقیان ورما. ڤاسیلیزا قۆلێ چەپی ڕاوەشاند گۆمێك پەیدا بوو، قۆلێ ڕاستەی ڕاوەشاند قورینگی سپی لەسەر گۆمەکە کەوتنە مەلەوانی. پاشاو میوانەکانی هەر تەواو سەرسام بوون.

ئینجا دوو هەوگیانەکەی تر دەستیان بەسەماو سوڕدان کرد.

قۆلێ چەپەیان ڕاوەشاند شەرابیان بەمیوانان داکرد، قۆلێ ڕاستەیان ڕاوەشاند ئێسك و پروو سکیان بەهەموو لایەکدا بلاوکردەوە. پارچە ئێسکێك بەچاوی پاشا کەوت. پاشا زۆر تووڕە بوو. هەردوو بووکەکەی دەرکرد.

لەو بێنەو بەرەیەدا بوون، ئیڤانی شازادە خۆی دزییەوە وبەغار چوەوە ماڵ. پێستەی بۆقەکەی دۆزییەوەو فڕێی دایەناو سۆبەو سووتاندی. کە ڤاسیلیزای زرنگ وزیرەك چووەوە ماڵێ. دیتی پێسە بۆقەکەی نەماوە، لەهەژمەتان لەسەر کورسییەك دانیشت و کەوتە بن باری غەمان، بەئیڤانی شازادەی گوت:

—ئاخ ئیڤانی شازادە، ئەوە تۆ چت کردووە؟ ئەگەر تەنیا سێ ڕۆژی تر راوەستابای، هەتا هەتایە دەبووم بە هی تۆ، بەڵام تازە کار لە کار ترازا، خواحافیز. ئەگەر دەتەوێ بمدۆزیتەوە، لە(سێ

جارنۆ) وڵات، لە(سێ جاردە) کیشوەر بۆم بگەڕێ کە(کوشچێ)ی ئەمری تێدا دەژی.

ئەوسا، ڤاسیلیزای زرنگ و زیرەك بوو بە قومری و لە پەنجەرەوە فڕییە دەرەوە. ئیڤانی شازادە ماوەیەکی زۆر گریا و هات و هاواری کرد، ئینجا ئیکلامی بۆ هەر چوار لاکێشا و بۆی دەرچوو، بەڵام نەیدەزانی لە کوێ بۆ ڤاسیلیزای زرنگ و زیرەکی ژنی بگەڕێ. ئەگەر ماوەیەکی زۆری بڕی، ئەگەر کەم، ئەگەر زەمانێکی زۆر ڕۆیشت، ئەگەر کەم، کەس نازانێ..... بەڵام ئەوەندە ڕۆیشت تا چەکمەکانی دڕان و قاپووتی لەبەر هەڵوەشاوە و کڵاوی لەبەر باران رزی. ئاخیری گەیشتە پیرەمێردێکی بچکۆلەی تابڵێی پیر. پیرەمێرد پێی گوت:

-ماندوو نەبی مێرخاس، ئەوە لە چ دەگەڕێی؟ بۆ کوێ دەچی؟

ئیڤانی شازادە باسی دەردی دڵی خۆی بۆ کرد. پیرەمێردە بچکۆڵەکە، کە تا بڵێی پیربوو، گوتی:

-ئیڤانی شازادە، ئەوە تۆ بۆچی پێستە بۆقەکەت سووتاند؟ خۆتۆ لەبەرت نەدەکرد؟ و هیچ ئیشت لەسەر مەعتەل نەببوو؟ کاتی خۆی کە ڤاسیلیزای زرنگ و زیرەك لە دایك بوو، لە دەیبابی زیرەکتر بوو. باوکی زۆری پێ ناخۆش بوو کچەکەی لە خۆی زرنگ و زیرەکتر بێ، بۆیە لە ڕکان بۆ ماوەی سێ ساڵ کردی بە بۆق. بەڵام تازە کار لە کارترازا، کەڵکی نییە. هانێ، ئەم کەڵەفە دەزووەت بدەمێ، تێی هەڵدە، بۆ کوێ گلۆر بوەوە، بە دوویدا بڕۆ.

ئیڤانی شازادە سوپاسی پیرەمێردە بچکۆڵەکەی کرد کە تابڵێی پیربوو، ئینجا کەوتە دوای کەڵەفە دەزووەکە. کەڵەفەکە بۆ هەر کوێ گلۆر بووەوە، ئەم چووە دوایەوە. تا لە ئاقارێکا تووشی ورچێك هات.

ئیڤانی شازادە نیشانەی لێ گرت و ویستی بیکوژێ، بەڵام ورچەکە بەزمانی بنیادەمان بەقسە هات و گوتی:

-مەمکوژە ئیڤانی شازادە، کێ دەڵێ ڕۆژێ پێویستت بەمن نابێ؟!

ئیڤانی شازادە بەزەیی بە ورچەکەدا هاتەوە. نەیکوشت. ملی ڕێگای خۆی گرت و ڕۆیشت. کاتەک تەماشای کرد وا مراوییەک بەسەر سەریدا دەفڕێ. ئیڤانی شازادە نیشانەی لە مراوییەکە گرت و ویستی بیکوژێ، بەڵام مراوییەکە بە زمانی بنیادەمان پێی گوت:

-مەمکوژە ئیڤانی شازادە، کێ دەڵێ ڕۆژێ پێویستت بەمن نابێ؟!

ئیڤانی شازادە وازی لە مراوییەکە هێناو ڕۆیشت. پاش ماوەیەک دیتی کەروێشکێك بەراکردن هات. ئیڤانی شازادە زوو نیشانەی لێ گرت و خەریك بوو بیئەنگێوێ، بەڵام کەروێشکەکە بە زمانی بنیادەمان گوتی:

-مەمکوژە ئیڤانی شازادە، کێ دەڵێ ڕۆژێ پێویستت بەمن نابێ؟!

ئیڤانی شازادە وازی لە کەرویشکەکە هێنا. ملی ڕێی خۆی گرت و ڕۆیشت. هەر ڕۆیشت تا گەیشتە سەر دەریای شین. دیتی ماسییەك لەسەر زیخەڵانی قەراخ دەریا کەوتووەو بە فشکە فشك هەناسەدەدا، ماسییەکە گوتی

-ئیڤانی شازادە، ڕەحمم پێ بکەو فڕێم دەوە ناو دەریای شین.

ئیڤانی شازادە ماسییەکەی فڕێ دایەوە ناو دەریاو بە قەراخی دەریادا ڕۆیشت. کەس نازانێ داخۆ زۆری پێچوو، یان کەم. کەڵەفە دەزووەکە گلۆرەبوەوە ناو دارستانێك. لەو دارستانەدا،

زنجێکی بچووک لەسەر لاقە مریشکان وەستابوو لە شوێن خۆی دەخولایەوە.

ئیڤانی شازادە گوتی:

-هۆ، زنجۆکە، زنجۆکە! ئەگەر یەك جار راوەستاوی، ئێستاش بۆمن راوەستە. رووت لەمن و پشتت لە دارستان کە!

زنجەکە راوەستا، رووی لە ئیڤان و پشتی لە دارستان کرد. ئیڤانی شازادە چووە ناو زنجەکە.(بابا- یۆگا)ی سیحربازی قامچیدار بە رەحەتی لەبەر سۆبە دانیشتبوو، لووتی چەلاگی گەیشتبووە ساپیتە.

بابا یۆگا پرسی:

-کوڕی خاس، ئەوە بۆ هاتوویتە ئێرە؟ عەودالی چیت؟ کوڕی خاس، وەرە قسەم بۆ بکە.

ئیڤانی شازادە گوتی:

-پیرەژنی رموورن، جارێ پێش هەموو شتێ نان و ئاوم بۆ بێنە، گەرماوم بۆ داخە، ئینجا پرسیارەکانت بکە.

(بابا- یۆگا) نان و ئاوی دایە ئیڤانی شازادەو گەرماوی بۆ داخست و خستیە ناوجێ و بالینگان. ئینجا شازادە بۆی باس کرد کە بەدوای ڤاسیلیزای زرنگ و زیرەکی ژنیدا دەگەڕێ.

(بابا- یۆگا) گوتی:

-ئەمن دەزانم ژنەکەت لە کوێیە؟ کوشچێی نەمر دەستی بەسەردا گرتوە. زەحمەتە پێت بێتەوە، چونکە بۆڕدانی کۆشچێ هەروا ئاسان نییە. کوشچێ رۆحی لەسەر نووکی دەرزییەکە، دەرزییەکە لەناو هێلکەیەکدایە، هێلکەکە لەناو سکی مراوییەکدایە، مراوییەکە لەناو سکی کەروێشکێکدایە، کەروێشکەکە لەناو سندووقێکی بەرد دایە، سندووقەکەش لەسەر

چلەپۆپەی دار بەڕوویەکی بەرزەو کوشچێ وەك بیلبیلەی چاوی خۆی دەیپارێزێ.

ئیڤانی شازادە شەوی لە زنجی(بابە- یۆگا) بردە سەرو بۆ بەیانی پێرەژن جێگای دار بەڕووەکەی پێگوت و ئیڤان رۆیشت. کەس نازانێ زۆر رۆیشت، یان کەم، ئاخیری گەیشتە داربەڕووەکە. داربەڕووەکە خشەخشی دەهات و دەهەژا. سندووقەکە لەسەر چلەپۆپەی داربەڕووەکە بوو. بەڵام کێ دەستی دەگاتێ؟

لەپڕ، ورچەکە بەغار هات. داربەڕووەکەی لەڕەگ و ریشەوە دەرکێشا. سندووقەکە بەربووەوەو شکا. کەروێشکێك لەناو سندووقەکە بازی دا دەرێ و پڕ بەپێ هەڵات. دەرحاڵ کەروێشکێکی تر پەیدا بوو. راوی کەروێشکی یەکەمی ناو پارچە پارچەی کرد. مراوییەك لەناو سکی کەروێشکەکە هاتە دەرێ، لەشەققەی باڵی داو فڕی تا تەشقی ئاسمان بەرزبووەوە، بەڵام هێندەی بڵێی یەك و دوو مراوییەکی تری لێ پەیدابوو، وەکو واشە لێیدا. مراوی یەکەم هێلکەیەکی لێ بەربووەوە، هێلکەکە کەوتە ناو دەریای شین.

ئیڤانی شازادە کە ئەمەی بینی دەستی بە گریان کردو فرمێسکی خوێنینی باراند. ئاخر چۆن هێلکەکە لەناو ئەم دەریایە دەربێنێ!؟ دەم و دەست ماسییەك هاتە کەناری دەریا هێلکەکەی بەدەمەوە بوو. ئیڤانی شازادە هێلکەکەی شکاند. دەرزییەکی تێدابوو. دەرزییەکەی دەرهێناو کەوتە بەرێ نووکەکەی چەماندەوە. تازیاتر نووکەکەی دەچەماندەوە. کوشچێی نەمر زیاتر جینگلی دەداو پێچی دەخوارد، بەڵام بێ هوودە بوو. ئیڤانی شازادە نووکی دەرزییەکەی لێ کردەوەو کوشچێ بەربوەوەو قنیاتی لەبەر برا.

ئینجا ئیڤانی شازادە چووە ناو کۆشک و سەرای کوشچێ کە سەراپای لەبەردی سپی کرابوو. ڤاسلیزای زرنگ و زیرەک بەپاکردن بەپیرییەوە هاتە دەرەوە، زاری شیرینی وەک هەنگوینی ماچ کرد. بەم جۆرە ئیڤانی شازادەو ڤاسیلیزای زرنگ و زیرەک گەڕانەوە ماڵی خۆیان و ماوەیەکی زۆر، تازۆر زۆر پیربوون، بەشادی و کەیفخۆشی پێکەوە ژیان.

*　　*　　*

(٣)

# شۆربای تەور

(هەقایەتێکی رووسییە)

جارێکیان سەربازێکی بە ساڵاچوو مادۆنی وەرگرتبوو دەگەڕایەوە ماڵێ. شەکەت و برسی بوو. گەیشتە گوندێک، لە دەرگای یەکەم ماڵی داو گوتی:

-ڕێبوارم، ئەمشەو بمحەوێننەوە!

پیرە ژنێک دەرگای کردەوەو گوتی:

-سەرباز، فەرموو وەرە ژوورەوە.

سەربازەکە داوای لە پیرەژنەکە کرد، گوتی:

-خانمی خانەدان، برسیم، پارووە خواردنێکت نییە؟!

پیرەژن هەموو شتێکی لە بڕان بوو بەڵام زۆر ڕەزیل و قرچۆک بوو. وای پیشان دەدا کە هیچی نییە.

پیرەژن بە لێوە لێوو نوزانەوە گوتی:

-وای لە خۆمێ! چاوەکەم، خوا لەسەر ڕانی ئاگا لێیە قەت هیچم نییە خۆم بیخۆم نەک تۆ! ئەوەی زاد بێ لە ماڵی من دانییە.

سەربازەکە گوتی:

-باشە، قەیدی نییە. مادام هیچت نییە، ئەوە هیچت نییە!

سەربازەکە چاوی گێڕا. چاوی بە دەمە تەورێکی بێ دەسک کەوت لەبن تەختە کەوتبوو، گوتی:

-ئەگەر هەر هیچ نەبێ دەتوانین شۆربایەک بەم تەورە لێ بنێین!

پیرە ژن لەسەر سامییان هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو گوتی:

-شۆربای تەور؟ وەی قوڕم بەسەری! کێ شتی وای بیستووە!؟

-تۆ مەنجەڵێکم بۆ بێنە. من پێت پیشان دەدەم شۆربای تەور چۆن لێ دەندرێ.

پیرەژن مەنجەڵێکی هێنا. سەربازەکە دەمە تەورەکەی جوان
جوان شووشت، خستیە ناو مەنجەڵەکە، مەنجەڵەکەی پڕ ئاو کردو
خستیە سەر ئاگر.
پیرەژن لەسەربازەکە ورد ببووەوە، چاوی لێ نەدەگواستەوە.
سەربازەکە ئاوەکەی تێک دا، کەوچکێکی لێ دەرهێناو تامی کردو
گوتی:
- هە بزانە کوڵا.... بەڵام، ئەرێ هیچ خوێ نییە تێی بکەین؟
-بەدی خوێ هەیە، زۆرە! فەرموو تێیکە!
سەربازەکە هەندێ خوێی لە مەنجەڵەکە کرد. دووبارە ئاوەکەی
تام کردو گوتی:
-وای ئەگەر هەبایە، گۆڵمە ساوارێکمان لەبەر کردبایە خۆش
دەبوو!
پیرەژن چوە ژووری ئازووقە، یەك جۆرکە ساواری هێناو گوتی:
-فەرموو چەندت دەوێ تێکە!
سەربازەکە لە چێشت لێنانی خۆی بەردەوام بوو. هەر ناو بەناو
چێشتەکەی تێك دەداو تامی دەکرد. پیرەژنیش هەر تەماشای
دەکرد. هیچ نەیدەتوانی چاوی لێ کەلەلا بکا.
سەربازەکە کەوچکە چێشتێکی تام کردو گوتی:
وای ئەم شۆربایە چەند خۆشە!! نەختێ کەرەی تێدا بایە لە
خۆی بە تامتر نەبوو!
پیرەژن هەندێ کەرەی هێناو لە شۆربایان کرد. سەربازەکە
گوتی:
خانمی خانەدان، دە ئێستاش کەوچکێك بێنە با شۆرباکەمان
بخۆین.
کەوتنە سەرخواردنی شۆرباو هەژدەر هەژدە پێیان هەڵدەگوت.
پیرەژن بە سەرسامییەوە دەیگوت:
-ئەیەڕۆ، دایێ! قەت نەمدەزانی شۆربای تەور ئەوەندە خۆش و
زەریفە!
سەربازەکەش دەیخواردو لەبنەوە بزەی سمێڵی دەهات.

(٤)

# ئیڤانی کوڕە جوتیارو سێ چودۆ- یودۆ

(هەقایەتێکی ڕووسییە)

هەبوو نەبوو، لە دێر زەمانەوە، لە وڵاتێکا، پیرەمێردێک و پیرەژنێک هەبوون، سێ کوڕیان هەبوو، گچکەکەیان ناوی ئیڤان بوو. ئەمانە بە تەمبەڵی نەدەژیان، زۆر حەزیان لە کاروکاسبی بوو: لە سۆری سبەینێوە تا درەنگی ئێوارە خەریکی زەوی کێڵان بوون.

ڕۆژێکیان دەنگ و باسێکی ناخۆش لە وڵات بڵاوبووەوە گوایە(چودۆ- یودۆ)ی دڕەندەی دڕندان بە تەمایە بێتە سەرزەوی و چی خەڵک هەیە هەمووی بکوژێ و چی ئاوەدانی هەیە هەمووی بسووتێنێ. پیرەمێرد و پیرەژن کەوتنە بن باری خەمان، بەڵام دوو کوڕەکەی گەورەتریێ دڵیان دانەوە و گوتیان:

-دایە، خەم مەخۆ! بابە، خەم مەخۆ! ئێمە بەگژ(چودۆ- یودۆ)ی دڕندەی دڕنداندا دەچین و شەڕی لەگەڵ دەکەین و دەیکوژین! جا بۆ ئەوەی ئێوە بە تەنێ نەمێننەوە و سەبووری دڵتان بێ، با ئیڤان لەلای ئێوە بمێنێتەوە، منداڵە، کەڵکی ئەوەی نییە لەگەڵ ئێمە بێتە شەڕی دڕندان.

ئیڤان هەڵیدایێ و گوتی:

-نەء، شتی وانییە! من لەماڵەوە دانانیشم چاوەڕێی ئێوە بکەم. منیش دەچمە شەڕی چودۆ- یودۆ.

پیرەژن و پیرەمێرد نەیانویست دڵی بشکێنن. هیچ قسەیان لە قسەی نەکرد. بەم جۆرە تەدارەکی سەفەری هەرسێ کوڕەکانیان ئامادەکرد.

براکان دەستیان دایە گورزی قورس و توێشە بەرەیان پڕ نان و خواردنی سووک کرد و سواری ئەسپی حدوودبوون و بۆی

دەرچـــوون. کــەس نازانـــێ زۆر ڕۆیشـــتبوون یـــان کــەم، تووشـــی پیرەمێردێك هاتن.

پرەمێردەکە گوتی:

-بەیانیتان باش، مێرخاسینە!

-بەیانی باش، باپیرە!

-ئەوە بۆ کوێ دەچن؟

-دەچین شەڕ لەگەڵ چودۆ-یودۆی دڕندەی دڕندان دەکەین‌و بەرگری لەوڵاتی خۆمان دەکەین.

-ئیشـــەکەتان زۆر مـــاقووڵ‌و بـــە جێیـــە، بـــەڵام تـــەنیا بـــە گـــورز ناوێرنە چودۆ-یودۆ، پێویستتان بە شمشێری پۆڵای شامە.

-ئەم جۆرە شمشێرە لە کوێ پەیدا بکەین، باپیرە؟

-من پێتان دەڵێم، مێرخاسینە! ئێستا یەکەو ڕاست سواربن‌و بڕۆن تا دەگەنە چیایەکی بەرز. ئەو چیایە ئەشکەوتێکی قووڵی لێیە. دەرگای بە بەردێکی زەبەللاح گیراوە. بەردەکە گلۆرکەنەوە. بڕۆنە ناو ئەشکەوتەکە. شمشێری شامتان لەوێ دەست دەکەوێ.

براکـان سوپاسـی پیرەمێردیـان کـردو چۆنی گوتبـوو ئـاوا یەکـەو ڕاست ڕۆیشتن. چیایەکی بڵندیان لێ‌دەرکەوت. بەردێکی زەبەللاحی بۆر بەلا پاڵێکییەوە نووسابوو. براکان بەردەکەیان لادا. چوونە ناو ئەشکەوتەکە. تەماشایان کرد ئەشکەوتەکە هەموو جۆرە چەکێکی تێـدابوو. ئەوەنـدەی چـەك تێـدابوو نەدەهاتـە ژمـار، هەریەکـەو شمشێرێکی هێناو سواربوون‌و ملی ڕێی خۆیان گرت‌و گوتیان:

-پیرەمێـرد چاکەیەکی گـەورەی لەگـەڵ کـردین. زۆر سوپاسـی دەکەین. بەم شمشێرانە زۆرباشتر شەڕمان پێ دەکرێ.

براکـان هاژوایـان‌و ڕۆیشـتن. ڕۆیشـتن تـا گەیشـتنە گونـدێك. تەماشایان کرد گوندەکە کەسی تێدا نەبوو. خانوو بەرەکان هـەموو سـووتابوون‌و بەسـەریەکدا تـەپی بـوون، تـەنیا یـەك زنجـی بچـووك

مابوو. چوونە ناو زنجەکە، دیتیان پیرەژنێك لەبەر ئاگردان پاڵی دابووەوە، دەینالاند. براکان گوتیان :

-ڕۆژباش، داپیرە!

-ڕۆژباش، جوامێرینە. ئەوە بۆ کوێ دەچن؟

دەچینە سەر پردی(کرانبێری) کە لەسەر ڕووباری(کورانت) دروست کراوە. دەمانەوێ بەربینگی چودۆ-یودۆی دڕندەی دڕندان بگرین و بیکوژین. نەیەڵین وڵاتەکەمان داگیربکا.

-ئۆی، جوامێرەکانم! بەڕاستی ئیشەکەتان زۆر ماقووڵ و بەجێیە! دڕندەی دڵڕەش بچێتە هەر شوێنێ دەست بە کوشتن و برین و تالان و بڕۆ دەکا، هەرچی بکەوێتە بەرێ کاول و خاپووری دەکا... ئەوەتا وڵاتی ئێمەشی بەم دەردە بردووە. دەبینن هەر تەنیا من بە زیندوویی ماوم و بەس!

براکان شەویان لە ماڵی پیرەژن کردەوە. سبەینێ زوو هەستان سواربوون و ڕۆیشتن. پاش ماوەیەك گەیشتنە ڕووباری(کورانت) و چوونە سەر پردی(کرانبێری). دیتیان دەم ڕووبارەکە پڕبوو لە کەلە و پارچەی شمشێرو کەوان و ئێسك و پروسکی بنیادەم. زنجێکی چۆڵ لەو نزیکانە هەبوو. بڕیاریاندا لەو زنجە بگیرسێنەوە.

ئیڤان گوتی:

گوێتان لێ بێ برام! ئێمە هاتووینەتە وڵاتێکی دوورو بێگانە دەبێ زۆر هوشیارو ئاگادار بین، وریای هەموو هەست و خوست و چپەیەك بین. جا دەبێ شەو بە نۆرە ئێشك بگرین نەوەکو چودۆ-یودۆی دڕندەی دڕندان بێ و لە پردی(کرانبێری) بپەڕێتەوە و دەستی خۆی پێش بخاو زەبرێکمان لێ بدا.

شەوی یەکەم برای گەورە بۆ نۆبەت گرتن چووە دەرەوە. بە دەم ڕووباری(کورانت)دا ڕۆیشت و چاوی گێڕا کەس دیار نەبوو،

دونیایەکی کش و مات بوو، هیچ دەنگ نەدەهات. ئیدی چوو لەژێر بنەزەلێك راکشاو یەکسەر خەوی لێکەوت و کردییە پرخ و هۆڕ.

لەولاوەش. ئیڤان لەناو زنجەکە راکشا، بەلام چاوترووکانێك خەوی لێ نەکەوت. هەر دەقرقرا، کە نیوە شەو رابرد هەستا دەستی دایە شمشێری پۆلای شامی و چووە سەر رووباری(کورانت). تەماشای کرد دیتی برا گەورەی لە ژێر بنەزەلێك راکشاوەو خەوێکی قووڵی لێ کەوتووە. برای بە ئاگا نەهێنا. چوو خۆی لەژێر پردی(کرانبێری) حەشارداو نۆبەتی لە هات و چۆی سەرپردەکە گرت.

لەناکاو ئاوی رووبارەکە کەوتە کوڵ و جۆش، هەڵۆی سەربەداربەڕوو کەوتنە قیژە قیژ، چودۆ-یودۆی شەش سەری دڕندەی دڕندان بە سواری هات. تا ناوەڕاستی پردی(کرانبێری) بەسواری هات، لەوێ ئەسپەکەی بنی نسکۆی هێناو قەلەڕەشەکەی سەرشانی باڵی لێکداو سەگەڕەشەکەی دواوەی خۆی گیف کرەوە.

چودۆ-یودۆی شەش سەر گوتی:

-ئەسپەکەم، ئەوە بۆ نسکۆ دێنی؟ قەلەڕەش بۆ باڵ لێك دەدەی؟ سەگە ڕەش بۆ خۆت گیف دەکەیتەوە؟ ئەوە بۆنی ئیڤانی کوڕە جوتیارتان کردووە؟ چییە؟ خۆ ئیڤان هێشتا هەر لەدایك نەبووە. ئەگەر لە دایکیش بووبێ بەرامبەر بەمن هەر هیچ نییە. بەدەستێك بڵندی دەکەم و بەدەستەکەی تر وردو خاشی دەکەم!

لەوکاتەدا، ئیڤانی کوڕە جوتیار لەبن پردەکە هاتە دەرەوەو هاواری کرد:

-چودۆ- یودۆی دڕندەی دڵڕەش! خۆت هەڵمەکێشە. هێشتا بازت نەکوشتووە پەڕی دەرمەکێشە. تۆ من ناناسی چ مێرخاسێکم، جا نەکەی گاڵتەم پێ بکەی، ها! ئەگەر دەوێری بۆم وەرە بەرێ، خۆت تاقی بکەوە. کامەمان سەرکەوت با ئەو پڕ بەدڵ

خۆی هەڵبکێشێ. ئینجا هەڵمەتیان بۆ یەکتر بردو شمشێریان لە شمشێری یەکدی دا، بەجۆرێ تێک هەنگڕژان بوون زەوی دەوروبەریان لە ژێر پێدا دەهەژا. چودۆ-یودۆ بۆری خواردو ئیڤانی جوتیار بەیەک زەبر سێ سەری پەڕاند.

چودۆ-یودۆ هاواری کرد:

-راوەستە، ئیڤانی کوڕە جوتیار، باپشوویەک بدەم!

-نەخێر، چودۆ-یودۆ! ئێستا وەختی پشوودان نییە. تۆ سێ سەرت هەیەو من تەنیا یەک. کەی تۆش تەنیا یەک سەرت ما، ئەو کاتە پشوویەک دەدەین.

دووبارە هەڵمەتیان بۆ یەکتر بردو شمشێریان لە شمشێری یەکدیدا. ئیڤانی کوڕە جوتیار هەرسێ سەرەکەی تری چودۆ-یودۆی پەڕاند. ئینجا کە لەشی ئەنجن ئەنجن کردو فڕێی دایە ناو ڕووباری(کورانت). شەش سەرەکەشی لەژێر پردی(کرانبێری) شاردەوەو گەڕایەوە ناو زنجەکەو بە خاتر جەمی لێی نووست.

سبەینێ کە برای گەورە هاتەوە، ئیڤان لێی پرسی:

-ئەرێ هیچ شتت نەدی؟

برای گەورە وەڵامی دایەوە:

-نەخێر، تەنانەت مێشێک چییە مێش، بەلامدا نەفڕی.

ئیڤان هیچ قسەی نەکرد.

شەوی دووەم، برای ناوەنجی چوو نۆبەت بگرێ. بەملاو بەولاودا گەڕاو سەیری دەوروبەری خۆی کرد، دونیایەکی کش و مات!! دزەی کرد، چووە ناو کۆمەڵە دەوەنێک و لەسەر زەوی خۆی گرمۆڵە کردو خەوی لێکەوت. بەڵام ئیڤان چەند بڕوای بە برای گەورە کرد، هەر هێندەش بڕوای بە مەیان کرد. کە نیوە شەو رابرد، ئیڤان یەکسەر خۆی کۆک و تەیار کرد، دەستی دایە شمشێرە تیژەکەی و شۆڕبووەوە بۆ دەم رووباری(کورانت). خۆی

لەژێر پردی(کرانبێری) حەشارداو چاودێری کرد. لەپڕ ئاوی رووبارەکە کەوتە کوڵو جۆش، هەڵۆی سەر دار بەڕوو کەوتنە قیژە قیژ، چودۆ-یودۆی نۆ سەری دڕندەی دڕندان بە سواری هاتو کە گەیشتە سەر پردی(کرانبێری) ئەسپی بنی نسکۆی هێناو قەلەڕەشی سەرشانی باڵی لێکداو سەگە ڕەشەکەی دواوەی خۆی گیف کردەوە. چودۆ-یودۆ قامچی قیت کردەوەو لە رەفیسکی ئەسپو پەڕەکانی قەلو گوێیەکانی سەگەکەی داو هاواری کرد:

-ئەسپەکەم، ئەوە بۆ نسکۆ دێنی؟ قەڵەڕەش بۆ باڵ لێك دەدەی؟ سەگەڕەش بۆ خۆت گیف دەکەیتەوە؟ ئایا بۆنی ئیڤانی کوڕە جوتیارتان کردوە؟ خۆ ئیڤان هێشتا هەر لە دایك نەبووە. ئەگەر لە دایکیش بووبێ، بەرامبەر بە من دەستوەکەری پێ ناکرێ. بەیەك پەنجە وردو خاشی دەکەم.

لەوکاتەدا، ئیڤانی کوڕە جوتیار لە ژێر پردی(کرانبێری) دەرپەڕییە دەرێو هاواری کرد:

راوەستە چودۆ- یۆدۆ، تا شمشێر لێك نەدەین خۆت هەڵمەکێشە... بزانین کێ کێ لەناو دەبا؟!

ئیڤان هەڵیکوتایە سەر چودۆ-یودۆ، شمشێری پۆڵای شامی باداو شمشێرێکی لێدا، دوو شمشێری لێدا، شەش سەری دڕندەی دڕندانی پەڕاند. ئەوسا چودۆ- یودۆ هاتە دەستو زەبرێکی وای لە ئیڤان دا تا ئەژنۆ لە عەردی تەڕی بردە خوارێ. ئیڤانی کوڕە جوتیار بە خێرایی دەستی لەزەوی گیرکردو چەنگە زیخێکی هەڵگرتەوەو بە چاوی ئاگرینی دوژمنەکەی داکرد.

دڕندەی دڕندان چاوی کوێر بوو. زیخی لە چاوەکانی هەڵگلۆفت. ئیڤان لێیدا هەر سێ سەرەکەی تریشی پەلدا. ئینجا کەلەشەکەی ئەنجن ئەنجن کردو فڕێی دایە ناو ڕووباری(کورانت)و هەر نۆ سەری دڕندەکەشی لەبن پردی(کرانبێری) شاردەوەو

گەڕایەوە ناو زنجەکەو بەخاتر جەمی راکشاو خەوی لێکەوت، وەك ئەوەی نەبای دیبێ و نەباران.

بۆ سبەینێ کە برای ناوەنجی هاتەوە، ئیڤان لێی پرسی:

-ئەرێ برام، ئەمشەو هیچ شتت نەدی؟

برای ناوەنجی وەلامی دایەوە:

-نەخێر. تەنانەت پێشکەیەك چییە پێشکە! بەلامدا نەفڕی.

ئیڤان بە براکانی گوت:

-برا ئازیزەکانم، مادام وایە وەرن بچین مێش و پێشکەتان پیشان بدەم.

ئیڤان براکانی بردە بن پردی(کرانبێری) و سەرەکانی هەردوو دڕندەی پیشان دان و گوتی:

-ئەمانە ئەو مێش و پێشکانەن شەو بەم ناوەدا دەفڕن. برام، ئێوە بۆ ئەوە دروست نەکراون شەڕبکەن، شەڕ بە ئێوە ناکرێ! ئێوە هی ئەوەن لەبەر ئاگردان دابنیشن و خۆتان گەرم دابپۆشن!

دووبراکەی لە شەرمەزارییان سەریان دانەواندو گوتیان:

خەتای خۆمان نەبوو، خەو پشتی لێ سەندین.

شەوی سێیەم ئیڤان خۆی ئامادەکرد بۆ نۆبەت دەربچێ، پێش ئەوەی بڕوا گوتی:

شەڕێکی گران و ترسناکم لە پێشە. برام، ئێوە نابێ بخەون! گوێ راگرن. هەر کاتێ گوێتان لە فیکەی من بوو ئەسپەکەمم بۆ رەوانە بکەن و خۆشتان خێرا فریام کەون.

ئیڤانی کوڕە جوتیار وای گوت و رۆیشت. چوە سەر روباری (کورانت) و لەژێر پردی(کرانبێری) وەستاو چاوەڕێی کرد.

هەر هێندە نیوە شەو تێپەڕی، زەوی لەرزی و هەژا، ئاوی رووبارەکە کەوتە کوڵ و جۆش، بایەکی توندو تیژ هەڵی کردو کردی بە هۆنەو گڤەگڤ. هەڵۆی سەر داربەڕوو کەوتنە قیژەقیژ،

چودۆ-یودۆی دوازدە سەری دڕندان بە سواری هات، گەیشتە سەر رووباری(کورانت). هەر دوازدەسەری چودۆ-یودۆ فیشکە یان دەکردو هەر دوازدە سەر ئاگرو غەزەبیان لێ دەباری. ئەسپەکەی چودۆ-یودۆ دوازدە باڵی هەبوو تووکی لەشی تووج و کلك و بڕی ئاسن بوو. کە چودۆ-یۆدۆ بەسواری هات گەیشتە سەر پردی(کرانبێری)، یەکسەر ئەسپی بنی نسکۆی هێنا، قەلەرەشی سەر شانی باڵی لێکدا، سەگەرەشەکەی دواوەی خۆی گیف کردەوە. چودۆ-یودۆ قامچی لە رەفیسکی ئەسپ و پەرەکانی قەل و گوێیەکانی سەگەکەی داو هاواری کرد:

-ئەسپەکەم، ئەوە بۆ نسکۆ دێنی؟ قەلەرەش بۆ باڵ لێك دەدەی؟ سەگەرەش بۆ خۆت گیف دەکەیتەوە؟ ئەوە لێرە بۆنی ئیڤانی کوڕە جوتیارتان کردوە؟ چییە؟ خۆ ئیڤان هێشتا هەر لە دایك نەبووە، ئەگەر لە دایکیش بووبێ ناتوانێ لەڕووی من بوەستێ. یەك زەبری لێ بدەم دەیکەم بە مشتە خۆڵێك و تەواو!

لەوکاتەدا، ئیڤانی کوڕە جوتیار لە ژێر پردی(کرانبێری) دەر پەڕییە دەرێ و هاواری کرد:

-راوەستە، چودۆ-یودۆ، خۆت هەڵمەکێشە نەوەك پاشان شەرمەزار دەبی.

ئۆی، ئیڤانی کوڕە جوتیار! ئەوە تۆی؟ ئەوە بۆ هاتوویتە ئێرە؟

-هاتووم چاوم بە دیداری تۆ رون و شاد بکەم، دڕندەی هیچ و پووچ. وەرە بەرێ، خۆت و ئازایەتیت تاقی بکەوە.

-بەڕاست! هاتووی نە بەردیی من تاقی بکەیتەوە؟ تۆ خۆت چیت؟ لە چاوە من وەکوو مێش وای!

ئیڤانی کوڕە جوتیار گوتی:

-من بۆ ئەوە نەهاتووم بە هەقایەتان بتخافڵێنم، یان گوێ لە چیرۆك و نەزیرۆکەی تۆ ڕابگرم، دڕندەی نەفرەتی، من هاتووم

شەڕی مەرگ و مردنت لەگەڵ بکەم و خەڵکی بێ زەرو لاشەڕ لە گێچەڵی تۆ رزگار بکەم.

ئینجا ئیڤانی کوڕە جوتیار شمشێرە تیژەکەی سووڕاندو بای داو دایهێنا خوارێ و لێی‌دا، سێ سەری چودۆ-یودۆی پەلدا، بەڵام چودۆ-یودۆ خێرا سەرەکانی لە هەوا قۆزتەوەو چڕنوکی ئاگرینی پێدا هێنان و بە ملەکانی وەنانەوە. سەرەکان بە شوێنی خۆیانەوە نووسانەوە، کەس نەیدەزانی هەر بڕاون.

ئیڤان حاڵی شڕبوو! چودۆ-یودۆ بە فیشکە فیشک کەڕو کاسی کردبوو، بە زمانە ئاگرینەکانی داغی کردبوو، بڵێسەی بەسەردا دەباراند، تا ئەژنۆ لە عەردی تەڕی بردبووە خوارێ.

دڕندەکە گاڵتەی خستە سەر ئیڤان و گوتی:

-ئیڤانی کوڕە جوتیار، بۆ خۆت پشوویەك بدەو نەختێ بحەسێوە! ئیڤان وەڵامی دایەوە:

-باسی پشووو حەسانەوە مەکە! من ئیشم پەل دان و فڕێدانە.

ئیڤان فیکەیەکی قایمی کێشاو دەستکێشی راستەی فڕێ دایە سەر ئەو زنجەی براکانی تێدا بوون... دەستکێشەکە هەموو پەنجەرەکانی شکاند، بەڵام براکانی بەئاگا نەهاتن. گوێیان لە هیچ نەبوو.

ئیڤانی کوڕە جوتیار هەموو هێزو توانای خۆی کۆکردەوە. شمشێری سووڕاندو بایدا، بادانێکی وا، نەبووەو نابێ، دایوەشاندو شەش سەری چودۆ-یودۆی پەلدا، بەڵام چودۆ-یودۆ خێرا سەرەکانی لەهەوا قۆزتەوەو چڕنوکی ئاگرینی پێدا هێنان و بە ملەکانی وەنانەوە. سەرەکان بە شوێنی خۆیانەوە نووسانەوە، کەس نەیدەزانی هەر بڕاون، ئینجا خۆی کۆکردەوەو زەبرێکی وای لە ئیڤانی کوڕە جوتیاردا تا پشتێنی لە عەردی تەڕی بردە خوارێ.

ئیڤان تێگەیشت کەوتۆتە تەنگانەو چ ئومێدێکی وای نەماوە. دەستکێشی چەپەی لە دەست کردەوەو فڕێی دایە سەر زنجی براکانی. دەستکێشەکە بانی زنجەکەی کون کردو کەوتە ناو ژووریێ، بەڵام دوو براکەی هەر بە خەبەر نەهاتن... گوێیان لە هیچ نەبوو.

ئیڤانی کوڕە جوتیار بۆ جاری سێیەم شمشێری باداو لێیدا، نۆ سەری چودۆ-یۆدۆی پەڕاند. بەڵام چودۆ-یودۆ خێرا سەرەکانی لە هەوا قۆزتەوەو چڕنوکی ئاگرینی پێدا هێنانو بە ملەکانی وەنانەوە. سەرەکان بە شوێنی خۆیانەوە نووسانەوەو کەس نەیدەزانی هەر بڕاون. ئینجا خۆی گورج کردو هەڵمەتی بۆ ئیڤانی کوڕە جوتیار بردو زەبرێکی وای لێدا تا ئەسکورد لە عەردی تەڕی بردە خوارێ.

ئەمجارە ئیڤان شەپقەی لەسەر کردەوەو بۆ زنجەکەی هاویشت. کە شەپقەکە بەزنجەکە کەوت، زنجەکە قرچ و هۆڕ هەژاو دەلاهات، هەر وەخت بوو لەگەڵ زەوی تەخت بێ. تازە بە تازە براکانی ئیڤان بەخەبەر هاتن، گوێیان لێ بوو ئەسپی ئیڤان بەهەموو هێزی خۆیەوە دەیحیلاندو سمکۆڵی دەکردو پڕکێشی بوو سندمو زنجیری پێی بپسێنێ.

غاریان دایە تەویلەو ئەسپەکەیان بەرەڵاکردو خۆشییان بەغار کەوتنە دوایەوە.

ئەسپی ئیڤان بەغار خۆی گەیاندە لای خودانیو بە چەپۆکان وەرگەڕاسەر چودۆ-یۆدۆ. چودۆ- یودۆ فیشکاندیو ئاگری بەسەر ئەسپەکە داباراند. ئیڤانی کوڕە جوتیار خۆی لەناو زەوی راتەکاندو هاتە دەرەوە. بە تەردەستی چڕنوکی ئاگرینی چودۆ- یودۆی بڕی... ئینجا کەوتە بەرێ هەموو سەرەکانی پەل داو

هیچی نەهێشت! پاشان کەلەشەکەی ئەنجن ئەنجن کردو فڕێی دایە ناو روباری(کورانت).

دوو براکەشی هاتن و گەیشتنە لای.

ئیڤان گوتی:

-ئەرێ ئێوە برای چەند کەمو بێ کەڵکن! لەسەرینی ئەو خەوە قورسەی ئێوە هەر وەخت بوو سەرم بە فەتارەت بچێ!

براکانی ئیڤان، ئیڤانیان بردەوە ناو زنجەکە. شووشتیان و خواردن و خواردنەوەیان دایێ و خستیانە ناوجێ.

بۆ بەیانی ئیڤان زوو بەخەبەر هات و جلی کردە بەرو خۆی ئامادەکرد.

براکانی پرسیان:

-ئەوە بۆ وا زوو لەخەو رابووی؟ پاش ئەو شەڕەگرانە تۆ پێویستت بە پشوویەکی باشە.

ئیڤان گوتی:

-نەخێر، ناتوانم لەوە زیاتر پشوو بدەم. پشتێنەکەمم لەدەم روباری(کورانت) بزرکردووە، دەچم بۆی دەگەڕێم.

براکانی وەڵامیان دایەوە:

-پێویست ناکا. دەچینەوە شار لەوێ پشتێنێکی نوێ بۆخۆت بکڕە.

نەخێر، دەمەوێ پشتێنە کۆنەکەی خۆم بدۆزمەوە.

ئیڤان بە تەنیا شۆڕبووەوە دەم روباری(کورانت)، بەڵام لەوێ نەگیرسایەوە بۆ پشتێنەکەی بگەڕێ. پەڕییەوە کەناری ئەوبەر. چووە سەر رێگای پردی(کرانبێری). بە پەنادزە چووە کۆشکی بەردینی چودۆ-یودۆ. خۆی خزاندە ناو پەنجەرەیەکی کراوەو خۆی تێدا مات کردو گوێی رادێرا بۆ ئەوەی بزانێ داخۆ لەوێ چ پلانێکی بەدیوم و شەڕاوی دادەنێنەوە. تەماشای کرد دیتی هەر

سێ ژنـی هـەر سـێ چـودۆ-یـودۆ لـە ژوورەوە دانیشـتوون، پـیرە ئەژدەری دایکیشیان لەلایە. دانیشتوون لـە بـەینی خۆیانـەوە قسـەو راوێژ دەکەن.

ژنی یەکەم گوتی:

-ئـەمن تۆڵـەی خـۆم لـە ئیڤـانی کـوڕە جوتیـار دەکەمـەوە. کە بە خۆو بە براکانی گەڕانەوە، بەڕاکردن بە پێشیان دەکەوم، دەیکەم بە رۆژێکـی ئەوەنـدە گـەرم کـەس لـە گـەرمان نەحەوێتـەوە. خۆیشـم دەکـەم بە بیرێك. ئـەوان لەبـەر گـەرما تینـوو دەبن، بـۆ چـۆڕە ئاوێك شێت‌و هار دەبن. یـەك قومـە ئـاوی بیرەکـە بخۆنـەوە، وەردەپلێن‌و دەمرن.

پیرە ئەژدەری دایك گوتی:

-تەگبیرێکی باشە!

ژنی دووەم گوتی:

-منـیش هـەر رادەکـەم، بـە پێشـیان دەکـەوم‌و خـۆم دەکەمـە دارسێو. هەریەکـە حـەزدەکا سێوێك لێ بکاتـەوە، بـەڵام هـەر یەکـەم قەپاڵیان لێدا قنیاتیان لەبەر دەبڕێ‌و دەمرن.

پیرە ئەژدەری دایك دیسان گوتی:

-ئەمەش تەگبیرێکی باشە!

ژنی سێیەم گوتی:

-من سیحری خەویان لێدەکەم. بەغار بە پێشیان دەکەوم‌و خۆم دەکەمـە مـافووری نـەرم‌و بـالیفی ئاوریشـم. براکـان مانـدوون، حەزدەکـەن پـاڵ بدەنـەوەو پشـوو بـدەن، بـەڵام هـەر هێنـدە راکشـان دەسووتێن‌و دەبنە خۆڵەمێش.

پیرە ئەژدەری دایك گوتی:

-ئەمەی تۆش تەگبیرێکی باشە! لەوانەی دی خراپتر نییە! بەڵام ئەگەر ئێوە بە هەرسێکتان پێتان نەکوژران، ئەو حەلە من خۆم دەکەمە مالۆسێکی کەتەی زل، دەیانگرمو هەرسێکیان هەڵدەدڕم.

ئیڤانی کوڕە جوتیار گوێی لە قسەکان بوو. رایکردەوە لای براکانی.

براکانی لێیان پرسی:

-پشتێنەکەت دۆزییەوە؟

-ئا، دۆزیمەوە!

-ئەوەندەی دەهێنا ئەو هەموو کاتەی لێ خەسار بکەی؟

-ئا، ئەوەندەی دەهێنا! برام، دەیهێنا!

ئینجا هەرسێ برا خۆیان کۆکردەوەو بەرەو ماڵ بوونەوە. رێیان کەوتە ناو دەشتو مێرگوزارێک. رۆژەکە گەرمی کرد، تینوێتی زۆری بۆ هێنان، هەستیان کرد هەندێ ئاو نەخۆنەوە لە تێنوان دەخنکێن. سەیری ئەملاو ئەولایان کرد، بیرێکیان کەوتە بەرچاو باڵندەیەکی زیوینی بەسەرەوە بوو. دووبرای گەورەترێ بە ئیڤانیان گوت:

ئیڤان بالێرە بوەستین، هەندێ ئاو لەم بیرە بخۆینەوەو ئەسپەکانیشمان ئاو بدەین.

ئیڤان وەڵامی دانەوە:

-کێ دەڵێ ئاوی ئەم بیرە بۆگەنی نییە؟

ئینجا خۆی لەسەر ئەسپەکەی هەڵدایە خوارێ. بە شمشێر کەوتە گیانی بیرەکە، لێیداو شەقو پەقی کرد. زریکەیەکی تۆقێنەر لەناو بیرەکە بەرزبووەوە. لەپڕ تەمێکی ناوەخت پەیدا بوو. ئەوەی گەرما بێ نەماو ئەوانیش تینوێتیان شکا. ئیڤان گوتی:

براینە! بینیتان بیرەکە چ جۆرە ئاوێکی تێدابوو؟

سواربوون و ڕۆیشتن. کەس نازانێ داخۆ ماوەیەکی زۆری پێچوو، یان کەم، گەیشتنە دارسێوێك، سێوی زل و لاسووری گرتبوو.

دووبرای گەورەترێ لە ئەسپ دابەزین بۆ ئەوەی سێو لێبکەنەوە، بەڵام ئیڤان لەوان چاپووکترو چالاکتر بوو، بە خێرایی دابەزیو بە شمشێر کەوتە جەنگی دارسێوەکەو لە ڕەگ و ریشەوە دەریهێنا. دارسێوەکە زریکەو شریخژنی لێوەهات. ئیڤان گوتی:

–براینە: بینیتان ئەمە چ جۆرە دارسێوێك بوو؟ سێوی ئەم دارە لەزاری ئێمە خۆش نایە.

هەر سێ برا سواری ئەسپ بوونەوەو ڕۆیشتن. ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن، زۆر شەکەت و ماندوو بوون. سەیری ئەملاو ئەولایان کرد، دیتیان مافوورێکی نەرم و جوان لەسەر زەوی ڕاخرابوو. بالیفی ئاوریشمی لەسەر داندرابوو. دوو برای گەورەترێ، گوتیان: وەرن با لەسەر ئەم مافورە پاڵ دەینەوەو نەختێ شەکەتی لەشمان دەرکەین.

ئیڤان پێی گوتن:

–نەخێر، براینە، ئەم مافوورە نەرم نییەو بە کەڵکی ئێمە نایە.

دووبرای گەورەترێ زۆر تووڕەبوون و گوتیان:

–چییە هەر ئامۆژگاریمان دەکەی!.. نابێ ئەمە بکەن و نابێ ئەوە بکەن!!

ئیڤان هیچ وەڵامی نەدانەوە. پشتێنی لە پشت کردەوەو فڕێی دایە سەر مافوورەکە. پشتێنەکە گڕی سەند، سووتاو بوو بە خۆڵەمێش.

ئیڤان بە براکانی گوت:

–ئێوەش ئاوهاتان لێدەهات.

ئینجا هەڵمەتی بردو بە شمشێر کەوتە دڕاندن و هەڵزڕاندنی مافوورو بالیفەکان، هەمووی زیوار بە زیوار کردن و فڕێی دان و گوتی:

-براینە، ئێوە نەدەبوو لەمن بێزار بن! ئەو بیرو دارسێوو مافوورەی بینیتان بیرو دارسێوو مافووری راستەقینە نەبوون. ئەمانە هەر سێ ژنی(چودۆ-یودۆ)کان بوون، خۆیان گۆڕی بوو بۆ ئەوەی بمانفەوتێنن، بەڵام بۆیان نەچووە سەرو خۆیان تێ چوون.

هەر سێ برا سواربوون و رۆیشتن. ئەگەر زۆر رۆیشتن، ئەگەر کەم، لەناکاو ئاسمان تاریك داهات، بوو بە تۆزو گەردەلوول، زەوی کەوتە هەژان، ئاوڕیان دایەوە، دیتیان مالۆسێکی کەتەو زل بە دوایانەوەیە. مالۆسەکە لالغاوەی لێك کردبووەوە، هێندەی نەمابوو ئیڤان و براکانی هەڵلوشێ. بەڵام ئەو سێ برایە خەشیم نەبوون، هەر یەکە باتمانێك خوێی لە توێشە بەرەکەی دەرهێناو هەڵیاندایە ناو ورگی مالۆسەکە. مالۆسەکە خەنی بوو، وای زانی ئەوەی کەوتە ناو سکی ئیڤانی کوڕە جوتیارو براکانیەتی. راوەستا، خوێیەکەی تام کرد زانی خوێیە، دووبارە بەڕاکردن کەوتە شوێنیانەوە. رایدەکرد ئەمما راکردن ها! تیسکەکانی هەموو زیك ببوونەوە، کەڵبەی چیڕکردبوەوە. هەرزوو گەیشتە سەریان و خەریك بوو بیانگرێ. ئیڤان کە چاوی بە مالۆس کەوت، بە براکانی گوت هەریەکە بەلایەکدا رابکات. یەکێ چوە لای دەستە راست و یەکێ چوە لای دەستەچەپ و ئیڤانیش خۆی راست و راست رۆیشت.

مالۆسەکە، کە ئەمەی بینی رەق راوەستا، نەیزانی یەکەم جار راوی کامەیان بنێ. دوو دڵ بوو، لمووزی بەملاو بەولادا وەرسووڕاند، دەق لەوکاتەدا ئیڤان پەلاماریدا، گرتی و بڵندی کردو بە هەموو هێزی خۆیەوە لە عەردی کوتا. مالۆس تەقی و

هەپڕون بە هەپڕون بوو، بوو بە تۆزو بەدەم باوە پەرت و بڵاو بوەوە.

لەو سا بەدواوە، نەدڕندەیەک، نە ئەژدەرێک، نە مارێک لەو وڵاتەدا نەما. خەڵك کەوتنە هێمنایەتی و هیچ ترسیان نەما.

ئیڤانی کوڕە جوتیارو دوو براکەی گەڕانەوە ماڵێ بۆلای دایک و باوکیان. لەوە بەدواوە کەوتنە ژیانێکی خۆش و بەختەوەر-زەویان دەکێڵاو گەنمیان دەچاندو خواردنی باشیان لەمشەبوو.

* * *

( ٥ )

# دادگایەکی بێ وێنە

(هەقایەتێکی رووسییە)

هەبوو نەبوو، دووبرا هەبوون. یەکێکیان هەژارو ئەویدی دەوڵەمەند بوو. رۆژێ برای هەژار داری قەڵاشکەری نەما، هیچی نەبوو سۆبەی پێ دابخا، زنجەکەی زۆر ساردو سڕبوو، ناچار بوو چووە ناو لێڕەوارو هەندێ داری کرد، بەڵام هیچ ئەسپی نەبوو دارەکەی پێ بێنێتەوە ماڵێ، لە دڵی خۆیدا گوتی:

-دەچمە لای برام ئەسپێکی لێ دەخوازم!

چووە لای برای، بەڵام برای زۆر بە ساردی بەخێری هێناو گوتی:

-ئەمجارە قەیدی ناکا ئەسپێك ببە بەڵام وریابە بارێکی گرانی لێ بار نەکەی، جارێکی تریش نەکەی بۆ هیچ شتێك بێیتە لام. ئەمڕۆ شتێ، سبەی شتێ، وا بڕوا ئاخیری دەمکەیتە دەرۆزەکەری کووچەو کۆڵانان!!

برای هەژار ئەسپەکەی بردو چووەوە ماڵێ. کە گەیشتەوە ماڵێ ئەوسا بە بیری هاتەوە هەوساری نەهێناوە. لە دڵی خۆیدا گوتی:

-تازە کەڵکی نییە بچم داوای هەوساری لێبکەم، براکەم نامداتێ!

هەستا عارەبانەکەی توند توند لە کلکی ئەسپەکە بەستو بەرەو ناو لێڕەوار هاژوای. لە گەڕانەوەدا عارەبانەکە لە کۆتەرەی درەختێك جەڕا. برای هەژار چاوی لێ نەبوو، وای زانی سووچی ئەسپەکەیە، ناڕوا. قامچییەکی لە ئەسپەکەدا. ئەسپی سەرکێش لە خۆی هەڵداو راچڵەکی، کلکی لە کلێنجەوە پچڕا.

کاتێ کە برای گەورە بینی ئەسپەکەی کلکی بڕاوە، تێری جوێن بە برای هەژاری داو هاواری کرد:

–ئەسپەکەت فەوتاندووم، قەت لەسەرت ناچێ!

ئەوەبوو چوو لە دادگا شکاتی لە برای کرد.

ئەگەر ماوەیەکی کەمی پێ چوو، ئەگەر زۆر، هەردووبرا بانگ کران بچنە دادگا. هەستان بەرەو شار کەوتنەڕێ. ڕۆیشتن ڕۆیشتن... برای هەژار لە دڵی خۆیدا گوتی:

–هەژارێك لەسەر شکاتی دەوڵەمەندێك ڕاکێشرێتە دادگا، وەکو ئەوە وایە کابرایەکی بێ هێز زۆرانبازی لەگەڵ کابرایەکی بەهێزدا بکا.. نە هەژارەکە لە دادگا دەباتەوەو نەبێ هێزەکە لە زۆرانبازی.. لێم مسۆگەرە بە تاوانبارم دەردێنن!!

لەوکاتەدا، بەسەر پردێکدا دەپەڕینەوە. پردەکە مێردڕەوی نەبوو، برای هەژار خلیسکی بردو بەربووەوە. ڕێکەوت وا هات، دەق لەو کاتەدا، بازرگانێك لەژێر پردەکە بە سواری عارەبانە بەسەر ڕووباری شەختە بەندا دەڕۆیشت، پیرەبابی نەخۆشی دەبردەکن دختۆر. برای هەژار یەکەو ڕاست بەسەر پیرەمێردەکەدا بەربووەوە کە لەناو عارەبانەکە ڕاکشابوو. یەکسەر پیرەمێردی کوشت، بەڵام خۆی هیچ بەڵای نەگەیشتێ.

بازرگانەکە پڕی دایە کابرای هەژارو توند گرتیو لێ نەگەڕا بڕوا، هاواری کرد:

هەر ئێستا، دەتبەمە لای قازی!

بەم جۆرە هەرسێکیان–هەر دووبراو بازرگانەکە–بەرەو شار کەوتنە ڕێ. برای هەژار زۆر هەستی بە خەمو ناخۆشیو شەرمەزاری دەکرد، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

لێم مسۆگەرە، ئێستا بە تاوانبارم دادەنێن!

لەپڕ بەردێکی زلی لەدەم ڕێگاکە بینی، هەڵی گرتەوەو لە پەڕۆیەکی پێچاو لەبن کورتەکی شاردییەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی:

–کە لەسەر درا، چ بۆ مەڕێك بێو چ بۆ بەرخێك هەریەکە! ئەگەر قازی بەبێ دادی حوکم دەربکاتو من بە تاوانبار دابنێ، شەرت بێ منیش بیکوژم.

چوونە بەردەم قازی. کابرای هەژار لەباتی یەك شكات، دوو شكاتی لێ كرابوو... قازی دەستی بەدادوەری كردو كەوتە پرس و جۆ.

برای هەژار جاروبار چاوی لە قازی دادەگرت، ئەو بەردەی لە پەڕۆی پێچابوو دەری دەهێناو بە چرپە دەیگوت:

-قازی بەم لاوە، قازی بەم لاوە! سەیركە، چیم لەگەڵ خۆم هێناوەتە دادگا.

كابرای هەژار، جارێك وای گوت، دووجار وای گوت، سێ جار وای گوت... قازی تێی راماو لە دڵی خۆیدا گوتی:

لەوانەیە ئەمە پارچە زێڕبێ ئەم مسكێنە پیشانم دەدا!

جارێكی تریش سەیری كرد، ئیدی فریوی خواردو لە دڵی خۆیدا گوتی:

-ئەگەر زیویش بێ هەر باشە، باجە پارەیەكی باش دەكا. دوای نەختێ، حاكم حوكمی خۆی دەركردو بڕیاریدا: ئەسپی بێ كلك بدرێتە برای هەژارو تا كلكی وەكو جاران دێتەوە هەر لەلای ئەو بێ. ئینجا رووی كردە بازرگانەكەو گوتی:

-لەسزای كوشتنی باوكی تۆش، ئەم پیاوە دەبێ بچێ لەسەر شەختە، لەژێر پردەكە، لە شوێنی باوكت بوەستێ..تۆش بچۆ لەسەر پردەكەڕا خۆتی بەسەردا بەربدەوە، چۆن ئەو باوكی تۆی كوشت، تۆش ئاوا ئەو بكوژە.

دادگا تەواو بووو هەڵگیرا.

برای دەوڵەمەند بەبرا هەژارەكەی گوت:

-دە قەیدی نییە! ئەسپەكەم بدەوە، بەبێ كلك لێت وەردەگرمەوە!

برای هەژار وەڵامی دایەوە:

نابێ، برام! شتی وا چۆن دەبێ!؟ قازی بڕیاری چی داوە دەبێ وابێ. ئەسپەكەت تا كلكی دێتەوە دەبێ لای من بێ.

برای دەوڵەمەند ما لە برای هەژار بپاڕێتەوە، پێی گوت:

-سی(٣٠) رۆبلت دەدەمێ هەر هێندە ئەسپەکەم بدەوە.

برای هەژار رازی بوو:

-باشە، مادام وایە، چۆنت پێ خۆشە با وابێ!

برای دەوڵەمەند پارەکەی ژماردو مەسەلەی بەینی ئەوان بڕایەوە. مایەوە بازرگانەکە. ئەویش دەستی بە تکاو پاڕانەوە کردو گوتی:

-دۆستی ئازیزو بەڕێز، وەرە واز لەمەسەلەکە بێنین!... ئەوا من لێت خۆش بووم، خۆ ئەگەر لێت خۆش نەبم باوکم زیندوو نابێتەوە!!

-نا، نا، نابێ...دەبێ بچین قازی چی گوت جێبەجێی بکەین.. دەبێ تۆ لەسەر پردەکەڕا خۆت بەسەرمندا بەربدەیتەوە.

بازرگانەکە لێی پاڕایەوە:

-من نامەوێ تۆ بکوژم! وەرە لەمەودوا ببین بە دۆستو برادەر... سەد روبلیشت دەدەمێ.

کابرای هەژار سەد رۆبلەکەی وەرگرتو خەریک بوو بڕوا، قازی بانگی کردو گوتی:

-وەرە، بزانم، بەڵێنی چیت دابوو، بێنە بمدەرێ!

کابرای هەژار پریاسکەکەی لەبن کورتەکی دەرهێنا، کردییەوەو بەردەکەی پێشانی قازی داو گوتی:

-ئەمە بوو نیشانم دەدایو دەمگوت: "قازی بەم لاوە، قازی بەم لاوە، سەیری کە چیم لەگەڵ خۆم هێناوەتە دادگا"، ئەگەر حوکمت وا نەکردبا بەم بەردە دەمکوشتی!

قازی لە دڵی خۆیدا گوتی:

-هەر چابوو چا حوکمەکەم وا دا، ئەگەر نا ئێستانەما بووم.

کابرای هەژار بە کەیفو شادی رێگایماڵەوەی گرتە بەرو رێو رێ تا هێزی تێدابوو هەر گۆرانی دەچڕی.

* * *

(٦)

# پاقلەی خولاوە
# (پۆکاتی- گۆڕۆشەك)

(هەقایەتێکی ئۆکرانییە)

هەبوو نەبوو، کابرایەك هەبوو، شەش کوڕو یەك کچی هەبوو. کچەکە ناوی (ئەلیۆنکا) بوو. ڕۆژێ کوڕەکان چوونە جووتو بە خوشکیان گوت خواردنیان بۆ ببا. کچەکە گوتی:

–پێم بڵێن ئێوە لە کوێ دەبن تا بێمە ئەوێ!

براکانی گوتیان:

–کە ڕۆیشتین، لێرەوە، لەکن زنجەکەمانەوە دێرە جووتێك لێ دەدەین تا سەر ئەو پارچە زەوییەی دەیکێڵین، شوونی دێرە جووتەکە هەڵبگرە، وەرە، دەماندۆزیتەوە!

ئەمەیان گوتو بۆی دەرچوون.

عەزیایەك لە جەنگڵستانی تەنیشت زەوییەکە هەبوو. عەزیاکە هات دێرە جووتی براکانی پڕکردەوەو خۆی دێرەجووتێکی تری لێداو گەیاندییە بەردەرگای ماڵی خۆی. ئەلیۆنکا کەویستی خواردن بۆ براکانی بەرێو لە زنجەکەیان چووە دەرێ چاوی بە شوونی جووتەدێرێك کەوت، لەگەڵ جووتە دێرەکە ڕۆیشت تا گەیشتە ناو حەوشەی ماڵی عەزیاکە، عەزیاکە گرتیو گلی دایەوە.

براکانی ئێوارە هاتنەوە ماڵێ، بە دایکیان گوت:

–ئەمڕۆ تا ئێوارێ بە برسێتی جووتمان کردووە، ئەوە بۆچی خواردنت بۆ نەناردین؟

دایکیان وەڵامی دانەوە:

-چۆن خواردنم بۆ نەناردوون؟ خواردنم بە ئەلیۆنکا بۆ ئێوە ناردە سەر زەوی، بەڵام نەهاتەوە. کە نەهاتەوە وام زانی لەگەڵ ئێوە دێتەوە. دیارە وێڵ بوە.

براکان گوتیان:

-دەبێ بچین بۆی بگەڕێین.

بەم جۆرە هەر شەش برا بۆی دەرچوون. بەدوای شوونی دێرەجووتی عەزیاکەدا چوون تا گەیشتنە ناو حەوشی ماڵی عەزیا. چوونە ژوورەوە، تەماشایان کرد خوشکیان وا لە وێیە!

ئەلیۆنکا قیژاندی:

-براشیرینەکانم، لە کوێتان بشارمەوە، عەزیا بێتەوە هەمووتان هەڵدەلووشێ.

لەو دەمەدا عەزیا هاتەوە، وەك ئەژدەر دەیفیشکاند. عەزیا هاواری کرد:

-بۆن دێ، بۆنی بێگانان دێ، لە عەردو بانان دێ. ئەوە ئێوەن، دۆستە خاسەکانم؟ شەڕتان دەوێ، یان ئاشتی؟!

براکان هاواریان کرد:

شەڕمان دەوێ.

-کەواتە بابچینە سەر جێ جۆخینی ئاسن!

چوونە سەر جێ جۆخینی ئاسن، بەڵام شەڕەکە زۆری نەخایاند. هەر زوو عەزیاکە بەیەك زەبر هەمووی لە عەردی غارا بردنە خوارێ، ئینجا دەری هێنان، هەر ئەوەتە رۆحیان لەبەردا مابوو، بردنی فڕێی دانە ناو زیندانێکی قووڵ.

لەولاوەش دایكو باوکەکە چاوەڕێی کوڕەکانیان بوون بگەڕێنەوە بەڵام چاوەڕوانیان بێ هوودە بوو!

رۆژێکیان دایکە بۆ کوڵو قەسار چووە سەر رووبار، تەماشای کرد بینی دنکە پاقلەیەکی بچووك لەدەم رێگاوە گلۆر بوەوە لای...

دنکە پاقلەکەی هەڵگرتەوەو خواردی. سکی بوو، کە هاتە سەر ڕۆژو سەعاتی خۆی کوڕێکی بوو ناویان نا(پۆکاتی- گۆڕۆشەك)، واتە(پاقلەی خولاوە).

(پاقلەی خولاوە) زوو ڕسکاو گەورەبوو. هەر چەندە بەتەمەن بچووك بوو، بەڵام بە شاقەوباقەو بە هێزو تاقەت بوو.

ڕۆژێکیان، (پاقلەی خولاوە) لەگەڵ باوکی بیریان لێ دەدا. هەر لێیان دا، لێیان دا تا گەیشتە بەردێکی زل. باوکە چوو زەلامان بێنێ یارمەتی بدەن بەردەکە هەڵکەنێو دەری بێنێ... کە باوکی ڕۆیشت، پاقلەی خولاوە خۆی بەردەکەی هەڵگرتو تووڕی هەڵدا... زەلام هاتن تەماشایان کرد پاقلەی خولاوە چی کردووە هەر سەرسام بوون. کە زانییان پاقلەی خولاوە لەوان بەهێزترە زۆر ترسان. ئەوەندە لە پاقلەی خولاوە ترسان بڕیاریان دا بیکوژنو لە کۆڵ خۆی بکەنەوە. پاقلەی خولاوە هەر بە کەیف بەردە زلەکەی بڵندکردو هەڵیدایە ئاسمانو گرتیەوە. زەلامەکان کە ئەم هێزو تاقەتەیان لێدی، پڕ بەپێ هەڵاتن.

باوكو کوڕ کەوتنە سەر بیرلێدانی خۆیان. لێیان دا تا پارچە ئاسنێکی زلیان دۆزییەوە. پاقلەی خولاوە پارچە ئاسنەکەی دەرهێناو شاردییەوە.

ڕۆژێ پاقلەی خولاوە لە دایكو باوکی پرسی:

-ئەری من چ خوشكو برام نییە؟

وەڵامیان دایەوە:

-بەدی کوڕم، هەتبوو! خوشکێكو شەش برات هەبوو... بەڵام...

ئینجا سەربردەکەیان لەسەری هەتا بنی بۆ گێڕایەوە. پاقلەی خولاوە گوتی:

-دەچم سۆراغێکیان دەکەم.

دایك و باوکی زۆر پاڕانەوە نەچێ، گوتیان:
کوڕم، مەچۆ. براکانت چوون هەر شەشیان فەوتان. تۆ بە تەنیای، بچی تۆش سەرت تێ دەچێ.
پاقلەی خولاوە گوتی:
-نەخێر، هەر دەچم! دەبێ براکانم ڕزگار بکەم!
دەستی دایە ئەو پارچە ئاسنەی کە لەناو بیرەکە دەری هێنابوو، هەڵی گرت، چووە لای ئاسنگەرو پێی گوت:
-شمشێرێکم لەم ئاسنە بۆ دروست بکە، بەڵام تا گەورەتر بێ باشترە!
ئاسنگەر شمشێرێکی ئەوەندە گەورەو گرانی بۆ دروست کرد، کەس لە دوکانی ئاسنگەر پێی نەدەهاتە دەرێ بەڵام پاقلەی خولاوە هەر پڕی دایە شمشێرەکەو بای داو سووڕاندی و هەڵیدایە ئاسمان، ئینجا بە باوکی گوت:
-باوکە، ئێستا من دەنووم، ماوەیەکی زۆر خەوم لێ دەکەوێ پاش دوازدە ڕۆژی تر کە شمشێرەکە لە ئاسمان هاتە خوارەوە، بە ئاگام بێنە!
پاقلەی خولاوە چوو نووست. دوازدە ڕۆژ خەوی لێ کەوت ڕۆژی سێزدەم شمشێرەکە هاتە خوارێ. کە شریخەی هات هاتە خوارێ، باوکی بەخەبەری هێنا. پاقلەی خولاوە بازێکی لە خۆی هەڵدا، مشتی قیت کردەوە. شمشێرەکە بە مشتی کەوت و بەربووەوەو بوو بە دوو کەرت. پاقلەی خولاوە گوتی:
-ناتوانم بە تەمای ئەم شمشێرە بچمە سۆراغی خوشکەو براکانم. دەبێ شمشێرێکی‌تر پەیدا بکەم.
شمشێرەکەی بردە لای ئاسنگەرو گوتی:
-ها لەم شمشێرە، شمشێرێکی نوێم بۆ دروست بکە شمشێرێکی وابێ لە هێزو تاقەتی من بوەشێتەوە.

ئاسنگەر شمشێرێکی بۆ دروست کرد لە شمشێری یەکەم گەورەترو پتەوتر بوو. پاقلەی خولاوە شمشێرەکەی تێ هەڵدا بۆ ئاسمان و چوو نووست. دوازدە ڕۆژی تر خەوی لێکەوت. ڕۆژی سێزدەم شمشێرەکە هاتە خوارەوە. کە دەهاتە خوارەوە شریخەی دەهات و دەسووڕا، زەوی لەگەڵ دەهەژایەوە. دایك و باوکی، پاقلەی خولاوەیان بە ئاگا هێنا. ئەویش کە بە ئاگا هات، یەکسەر قیت بوەوە سەرپێ. مشتی ڕاست ڕاگرت. شمشێرەکە هات بە مشتی کەوت بەڵام نەشکا، تەنیا نەختێ فیچایەوە.

پاقلەی خولاوە گوتی:

–بەڕاستی ئەمە شمشێری چاکە! ئێستا دەتوانم بچمە دوای تاقیبی خوشك و براکانم. دایە، هەندێ نانم بۆ بپێژەو هەندێ کولێرەم بۆ ببرژێنە، دەڕۆم!

پاقلەی خولاوە دەستی دایە شمشێرەکەو توێشە بەرەی هەڵگرت و ماڵاوایی لە دایك و باوکی خواست و بۆی دەرچوو. پاقلەی خولاوە شوونی دێرە جووتی عەزیاکەی هەڵگرت، کە تا ئێستا هەر ئەوەتە دیار بوو. چووە ناو جەنگەلستانەکە، بەناو جەنگەلەکەدا هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە حەوشەیەکی گەورەی بەتەیمان. چووە ناو حەوشەکەو لەناو حەوشەکەچووە ناو ماڵێکی خۆش و بەتەنتەنە. ئەلیۆنکای خوشکی دی بەڵام عەزیا هیچ دەنگ و ڕەنگی نەبوو.

پاقلەی خولاوە گوتی:

–ڕۆژباش، کچی جوان!

–ڕۆژباش، گەنجی بوێرو گەڕناس! ئەوەتۆ بۆ هاتووی؟ هەبزانە عەزیا هاتەوەو بێتەوە هەڵتدەلووشێ.

–حەددی نییە هەڵم بلوشێ! ئەی تۆ کێی، کچی جوان؟

-من کچی تاقانەی دایکو باوکی خۆم بووم. عەزیا فڕاندمی. شەش برام هەبوو. زۆریان هەوڵدا رزگارم بکەن هیچیان پێ نەکرا.

-ئەدی کوا براکانت؟

-عەزیا فڕێی داونەتە ناو زیندان. نازانم ماون، یان نەماون.

پاقلەی خولاوە گوتی:

-لەوانەیە من بتوانم رزگاریان بکەم.

-چۆن دەتوانی؟ برای من شەش بوون، بە هەر شەشان هیچیان پێ نەکرا، تۆ بە تاقی تەنێ چت پێ دەکرێ؟

پاقلەی خولاوە وەڵامی دایەوە:

-ئەمە بۆ من هەر هیچ نییە.

پاقلەی خولاوە لەتەک پەنجەرە دانیشتو چاوەڕێی کرد. لەو دەمەیدا عەزیا بەهاشو هووش هاتەوە. کە گەیشتەوە ناو ماڵێ، توند کونە لووتی خۆی گرتو هاواری کرد:

-بۆن دێ، بۆنی بێگانان دێ، لە عەردوبانان دێ.

پاقلەی خولاوە وەڵامی دایەوە:

-دیارە بۆنی بنیادەمت کردووە! بنیادەمەکە منم، ئەوەتام!

-ئۆۆ، هاوڕێ بچکۆلەم! چت دەوێ؟ شەڕ، یان ئاشتی؟

پاقلەی خولاوە وەڵامی دایەوە:

بێگومان شەڕ!

-کەواتە با بچینە سەر جێ جۆخینی ئاسن!

-زۆر باشە!

چوونە سەرجێ جۆخینی ئاسنو عەزیا گوتی:

-یەکەمجار تۆ زەبری خۆت بوەشێنە!

پاقلەی خولاوە گوتی:

نەء، تۆ!

شمشێریان لێك خشاند. عەزیا زەبرێکی وا توندی لە پاقلەی خولاوە دا تا قولەپێ لە جێ جۆخینی ئاسنی بردە خوارێ، بەڵام پاقلەی خولاوە، تەکانی دایە خۆیو هاتە دەرێ. شمشێری باداو زەبرێکی وای سرەواندە عەزیا تا چۆکان لە جێ جۆخینی ئاسندا بردیە خوارێ، بەڵام عەزیا خۆی راتەکاندو هاتە دەرێ. دووبارە هەڵمەتی بۆ پاقلەی خولاوە بردو زەبرێکی تری لێدا تا چۆکان لە عەردی بردە خوارێ. پاقلەی خولاوە خۆی رەها کردو زەبرێکی تری خێواندە عەزیاو تا پشتێنی لە عەردی بردە خوارێ. ئەمجارە لێنەگەڕا پەل بزافتیان بکا سێیەم زەبری لێداو دەست بەجێ تۆپاندی.

ئینجا چووە ناو زیندان، زیندانێکی قووڵو تاریك بوو! براکانی ئازادکرد کە هەموو نیوە رۆح ببوون. ئەلیۆنکای خوشکیو براکانی بەگەڵ خۆیداو هەموو زێڕوزیوی ماڵی عەزیای بردو بەرەوماڵ بووەوە، بەڵام بە براکانی نەگوت کە ئەویش برای خۆیانە.

کەس نازانێ داخۆ ماوەیەکی زۆر رۆیشتن، یان کەم! لەرێگادا لایان دایە ژێر دار بەڕوویەکی ساوا بۆ ئەوەی پشوویەك بدەن. پاقلەی خولاوە ئەوەندە لەشەڕ ماندوو ببوو، یەکسەر خەوی لێ کەوت. هەر شەش براکانی قسەیان کردەیەكو گوتیان:

-(خەڵك بزانن ئێمە بە هەر شەشمان باری عەزیامان نەبردووە کەچی ئەم منداڵە دەمڕووتە بەتەنێ عەزیای تۆپاندووە، ڕسوا دەبینو دەبینە گاڵتە جاڕی خەڵك. بێجگە لەمەش ئەم هەموو سامانەی عەزیا بەتەنێ بۆ ئەم منداڵە دەبێ)

پاقلەی خولاوە نووستبوو، ئاگای لە هیچ نەبوو، بڕیاریان دا بە کندڕ لە دار بەڕووەکەی ببەستنەوەو لەوێ جێی بێڵن، جانەوەر

هەڵی بدرن. دەست بەجێ تەگبیرەکەیان بەجێ هێناو پاقلەی خولاوەیان لە دارەکە بەستەوەو لەوێ بەجێیان هێشت و ڕۆیشتن.

پاقلەی خولاوە نووستبوو، ئاگای لە هیچ نەبوو. شەوو ڕۆژێك نووست ئەوسا بە ئاگا هات. کە بەئاگا هات دیتی لەدار بەڕووەکە شەتەك دراوە. تەکانێکی دایە خۆی، دار بەڕووەکەی لە ڕەگو ریشەوە دەرکێشا، خستییە سەرشانی و ملی ڕێی ماڵەوەی گرت.

لە زنجەکەی خۆیان نزیك بووەوە، گوێی ڕاگرت، براکانی قسەیان بۆ دایکیان دەکرد. لە دایکیان پرسی:

-دایە، بێجگە لە ئێمە تۆ چ منداڵی ترت بووە؟

دایکە وەڵامی دانەوە:

-ئەدی کوڕم، کوڕێکی ترم بوو ناوی پاقلەی خولاوە بوو. هاتبوو ئێوە رزگار بکا.

براکان گوتیان:

-کەواتە دیارە ئەوەی ئێمە لە داربەڕوومان بەستەوە، پاقلەی خولاوەی برامان بووە، با بچین ئازادی بکەین. بەڵام پاقلەی خولاوە داربەڕووی سەرشانی باداو ئەوەندە بە توندی لە بانی زنجەکەیدا، هەر وەخت بوو زنجەکە لەگەڵ زەوی تەخت بکا، هاواری کرد:

-مادام ئێوە ئەم جۆرە پیاوەن، بۆ خۆتان لە شوێنی خۆتان بن... من دەڕۆم... دەچم بە دونیای فراواندا دەخولێمەوە.

پاقلەی خولاوە شمشێری کردە شانی و بۆی دەرچوو. هەر ڕۆیشت، ڕۆیشت تا گەیشتە دوو چیا- یەکێ کەوتبووە لای چەپەو یەکێ کەوتبووە لای ڕاستە. کابرایەك لە بەینی هەردوو چیاکان وەستابوو دەست و پێی لە چیاکان کردبووە ڕکە، پاڵی دەدان بۆ ئەوەی لێکیان دوور بخاتەوە. پاقلەی خولاوە گوتی:

-کاکە ماندوو نەبی!

خۆش بی!

-ئەوە چ دەکەی؟

-ئەم چیایانە لێك دوور دەکەمەوەو ڕێگایەك دەکەمەوە

-ئەدی دەچیتە کوێ؟

-هەر جێیەکی شتێکم لێ دەست بکەوێ.

-منیش هەروا! ئەدی ناوت بەخێر؟!

-(سڤێرنی گۆرا)- شاخبزوێن! ئەدی تۆ ناوت چیە؟

-(پۆکاتی- گۆڕۆشەك)- پاقلەی خولاوە. مادام وایە با پێکەوە بڕۆین.

-فەرموو! با پێکەوە بڕۆین.

بە دوو قۆڵی ڕۆیشتن. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە لێڕەوارێك. کابرایەکیان بینی دار بەڕووەکانی لە ڕەگەوە دەردەکێشا. ئەوەندە بەهێزبوو، یەك جار دەستی بجووڵاندبایە یەك داربەڕووی لەڕێ و پیکەوە دەردەهێنا

پاقلەی خولاوەو شاخبزوێن بانگی کابرایان کرد:

-کاکە، ماندوو نەبی!

خۆش بن!

-ئەوە تۆ خەریکی چی؟

-ئەم درەختانە هەڵدەکەنم تا ڕێی هاتو چۆ خۆش بکەم!

-ئەدی دەچیتە کوێ؟

-هەر جێیەکی شتێکم لێ دەست بکەوێ.

-ئێمەش هەروا، ئەدی ناوت بەخێر؟

-(ڤێرتی-دوب)- بەڕوو هەڵکەن- ئەدی ئێوە ناوتان چیە؟

-(پۆکاتی گۆڕۆشەك)- پاقلەی خولاوەو (سڤێرنی گۆرا)- شاخبزوێن. کەواتە با پێکەوە بڕۆین!

-فەرموو با پێکەوە بڕۆین.

هەرسێکیان پێکەوە رۆیشتن. هەر رۆیشتن رۆیشتن تا تووشی کابرایەکی سمێڵ بابڕ هاتن لەسەر رووبارێك وەستا بوو. ئەگەر یەك لاسمێڵی بابدایە، ئاوی رووبارەکە شەق دەبوو، رێگایەکی وشك دەبووەوە بۆ ئەوەی خەڵك پێدا بپەڕێتەوە. بانگی کابرایان کرد:

-کاکە، ماندوو نەبی!

-خۆش بن!

ئەوە تۆ خەریکی چی؟

-ئاو شەق دەکەم بۆ ئەوەی بپەڕمەوە.

-ئەدی دەچیتە کوێ؟

-هەر جێیەکی شتێکم لێ دەست بکەوێ.

ئێمەش هەروا! ئەدی ناوت بەخێر؟

-(کروتی پوس)- ئاو بڕکەرە- ئەدی خۆتان ناوتان چییە؟

-(پۆکاتی گورۆشەك)- پاقلەی خولاوەو (سڤێرنی گۆرا)- شاخبزوێن-و (ڤێرتی-دوب)- بەڕوو هەڵکەن. دەبا پێکەوە بڕۆین.

-فەرموو با پێکەوە بڕوین.

هەموو پێکەوە رۆیشتن. بێ گیروگرفت دەرۆیشتن چونکە شاخبزوێن چیایەکانی لێك دوور دەخستەوەو بەڕووهەڵکەن لێڕەوارەکانی ریشەکێش دەکردو ئاوبڕکەرە رووبارەکانی شەق دەکرد. هەر رۆیشتن رۆیشتن رێگایان کەوتە ناو لێڕەوارێکی گەورە. زنجێکی بچووکیان دی. چوونە ناو زنجەکە. دیتیان چۆڵ و هۆڵە، کەسی تێدا نییە.

پاقلەی خولاوە گوتی:

-با ئەمشەو لەم زنجە بەسەر بەرین!

شەویان لە زنجەکە بەسەر بردو بۆ سبەینەی پاشی پاقلەی خولاوە گوتی:

-شاخبزوێن! تۆ لەماڵەوە بمێنەوەو چێشتمان بۆ لێ بنێ. ئێمەش هەرسێکمان دەچینە راوو شکار.

ئەوان بۆ راوو شکار دەرچوون و شاخبزوێن لە ماڵەوە کولاندی و برژاندی و زۆر شتی خۆشی لێنا. ئینجا پاڵی دایەوەو نووست.

لەپڕ لە دەرگا درا. یەکێ بانگی کرد:

-ئەم دەرگایە بکەوە

شاخبزوێن وەڵامی دایەوە:

من نۆکەری تۆ نیم دەرگات لێ بکەمەوە!

دەرگا بووەوە. هەمان دەنگ دووبارە هاواری کرد:

-وەرە هەڵمگرەو بەسەر کۆسپەی دەرگام بخە!

شاخبزوێن وەڵامێ دایەوە:

-تۆ ئاغای من نی! جا چیتر فەرمانم بەسەردا مەکە!

ئەو حەلە، لە هیکڕا، پیرەمێردێکی بچکۆلەی تا بڵێی بچووک بازی هەڵدایە سەر کۆسپەی دەرگا. ردێنی زۆر درێژ بوو، پێنج پێ لەزەوی دەخشا. پیرەمێردی بچکۆڵە کاکۆڵی شاخبزوێنی گرت و بە بزمارێك لە دیوارەوە هەڵیواسی. ئینجا کەوتە سەرێ چی خواردن هەبوو هەمووی ماشییەوە، چی خواردنەوە هەبوو هەمووی فڕکرد. زوێڵە چەرمێکی درێژی لە پشتی شاخبزوێن کردەوەو بۆی دەرچوو.

شاخبزوێن تەکانی داو پەلی کوتا. بە بزمارەکەدا خولی خواردو سووڕا تا کاکۆڵی پچڕاو ئازادبوو. ئەوسا دووبارە کەوتە سەر چێشت لێنان. هێشتا لە چێشت لێنان نەبووبوەوە، هاورێکانی هاتنەوە. بەسەرسامییەوە لێیان پرسی:

-ئەوە بۆ وا درەنگ چێشتت پێراگەیشت؟

شاخبزوێن وەڵامی دانەوە:

-نەختێ خەوم لێکەوت. چێشت لێنانم هەر لەبیرنەبوو.

تێروپڕیان خواردو نووستن. سبەینێ پاشی پاقلەی خولاوە گوتی:

-بەڕووهەڵکەن! ئەمڕۆ تۆ لەماڵەوە بە. ئێمە دەچینە ڕاوو شکار.

ئەوان ڕۆیشتن. بەڕووهەڵکەن لە ماڵەوە مایەوە، کولاندی‌و برژاندی‌و زۆر شتی خۆشی لێنا. ئینجا راکشاو خەوی لێکەوت. لەپڕ لە دەرگادرا. یەکێ هاواری کرد:

-ئەم دەرگایە بکەوە!

بەڕوو هەڵکەن وەڵامی دایەوە:

-من نۆکەری تۆنیم دەرگات لێ بکەمەوە!

دەرگا بووەوە. هەمان دەنگ دووبارە هاواری کرد:

-وەرە هەڵمگرەو بەسەر کۆسپەی دەرگام بخە!

بەڕوو هەڵکەن وەڵامی دایەوە:

-تۆ ئاغای من نی. چیتر فەرمانم بەسەردا مەکە!

ئەوسا پیرەمێردێکی بچکۆڵەی تا بڵێی بچووک بازی دایە ناو زنجەکە. ڕدێنی زۆر درێژ بوو، پێنج پێ لەزەوی دەخشا. پیرەمێردی بچکۆڵە کاکۆڵی بەڕوو هەڵکەنی گرت‌وبە بزمارێک هەڵیواسی، ئینجا کەوتە سەرێ چی خواردن هەبوو هەمووی ماشییەوەو چی خواردنەوە هەبوو هەمووی فرکرد. زۆێڵە چەرمێکی درێژی لە پشتی بەڕوو هەڵکەن کردەوەو بۆی دەرچوو.

بەڕوو هەڵکەن بەملاو بەولادا جینگڵی خواردو وەک ماسییەک لە ئاو هاتبێتە دەرەوە کەوتە پەلەقاژە. ئاخیری خۆی ڕەها کردو

بەربووەوە. دووبارە دەستی بە چێشت لێنان کردەوە! هاوڕێکانی بەسەرداهاتنەوە، بەسەرسامییەوە پرسیان:

-ئەوە بۆ درەنگ چێشت لێدەنێی؟

بەڕووهەڵکەن گوتی:

-خەوم لێکەوتبوو.

شاخبزوێن دەیزانی مەسەلە چییە، بەڵام هیچی نەگوت.

ڕۆژی سێیەم ئاوبڕکەرە لە ماڵەوە مایەوە. ئەویش هەمان شتی بەسەرهات. پاقلەی خولاوە گوتی:

-بەڕاستی ئێوە خەمساردن. درەنگ چێشت ئامادە دەکەن. سبەی ئێوە بڕۆنە ڕاوو شکار من خۆم لە ماڵەوە دەمێنمەوە.

وایان کرد. بۆ سبەینێ هەر سێ برادەری چوونە ڕاوو شکارو پاقلەی خولاوەش لە ماڵەوە بەجێ ما. پاقلەی خولاوە کەوتە بەرێ کوڵاندی‌و برژاندی‌و زۆر شتی خۆشی لێنا. ئینجا ڕاکشا بۆ ئەوەی بخەوێ. لەناکاو لەدەرگا دراو دەنگێك هاواری کرد:

-ئەم دەرگایە بکەوە!

پاقلەی خولاوە وەڵامی دایەوە:

نەختێ سەبرت هەبێ، هاتم

پاقلەی خولاوە دەرگای کردەوە. تەماشای کرد پیرەمێردێکی بچکۆڵەی تا بڵێی بچووك لەبەر دەرگابوو. ردێنی زۆر درێژ بوو، پێنج پێی تەواو لە زەوی دەخشا. پیرەمێردی بچکۆڵە گوتی:

هەڵمگرەو بەسەر کۆسپەی دەرگام بخە!

پاقلەی خولاوە پیرەمێردی هەڵگرت‌و بردییە ناو زنجەکە. پیرەمێرد بە وردە بازان لە پاقلەی خولاوە چووە پێش. پاقلەی خولاوە لێی پرسی:

-چیت دەوێ؟

پیرەمێردی بچکۆڵە گوتی:

-ئێستا دەزانی چم دەوێ.

پیرەمێرد دەستی بۆ کاکۆڵی پاقلەی خولاوە درێژکردو ویستی بیگرێ. پاقلەی خولاوە بەسەریدانەڕاند:

-ئۆی! ئۆی! چما تۆ ئەو جۆرە کەسەی شتی وا بکەی!؟

پاقلەی خولاوە توند ردێنی پیرەمێردی گرت. رایکێشا بردییە لای دار بەڕوویەك‌و دار بەڕووەکەی بە تەورێك شەق کردو ردێنی پیرەمێردی بچکۆلەی خستە بەر درزی دار بەڕووەکە. پیرەمێرد ردێنی تێدا عاسێ بوو. ئینجا پاقلەی خولاوە بە پیرەمێردی بچکۆڵەی گوت:

-مادام تۆ ئەوەندە هیچ‌و پووچ بووی. سەرباری ئەوەی یارمەتیم دایت، ویستت کاکۆڵم بگری، تا دێمەوە دەبێ ئێرە جێگات بێ!

پاقلەی خولاوە گەڕایەوە ناو زنجەکە. هاوڕێکانی لە ڕاووشکار هاتنەوە، پرسیان:

-چێشت ئامادەیە؟

پاقلەی خولاوە وەڵامی دانەوە:

-ئا... دەمێکە پێڕاگەیشتوە!!

چێشتیان خواردو لێبوونەوە. پاقلەی خولاوە گوتی:

-وەرن بچین دیمەنێکی زۆر سەیرو عاجباتیتان پیشان بدەم.

هاوڕێکانی بردە لای دار بەڕووەکە، بەڵام هەیهو! نە دار بەڕوو مابوو، نە پیرەمێردی بچکۆڵە. تەمەز پیرەمێردی بچکۆڵە دار بەڕووەکەی لە ڕەگەوە دەرکێشا بووو لە دوو خۆی راکێشابووو بردبووی.

ئینجا پاقلەی خولاوە چی بەسەرهاتبوو هەمووی بۆ هاوڕێکانی گێڕایەوە. ئەوانیش دانیان پێدانا کە پیرەمێردی بچکۆلە بە کاکۆڵ هەڵیواسیون‌و زوێڵە چەرمی لە پشت کردوونەتەوە.

پاقلەی خولاوە گوتی:

-مادام ئەم جۆرە کەسەبێ، دەبێ بچین بیدۆزینەوە.

پیرەمێردەکە داربەڕووەکەی لە دوای خۆیەوە بە کێش کردبوو، جێی دارەکە ئاشکرا دیار بوو. هەر چوار هاوڕێ بەدوای شوونی راکێشانی دارەکەدا چوون. رۆیشتن تا گەیشتنە کونێکی قووڵ. ئەوەندە قووڵ بوو، بنی دیار نەبوو. پاقلەی خولاوە گوتی:

-شاخبزوێن، شۆڕبەوە ناو ئەم کونە!

-ئەمن ناچم.

بەڕوو هەڵکەن، تۆ بڕۆ!

بەڵام نە بەڕوو هەڵکەن رازی بوو بچێ و نە ئاوبڕکەرە.

پاقلەی خولاوە گوتی:

-زۆر باشە، مادام وایە من خۆم شۆڕ دەبمەوە خوارێ. ڕابن، با گوریسێك بهێنینەوە.

گوریسێکیان هێنییەوە. پاقلەی خولاوە سەرێکی لەدەستی خۆی بەست و گوتی:

-ئێستا دامهێڵن!

پاقلەی خولاوەیان شۆڕکردەوە خوارێ. ماوەیەکی زۆری پێ چوو، چونکە کونەکە ئەوەندە قووڵ بوو تا دەگەیشتیتە بنی، دەگەیشتیتە بنی دونیا. ئاخیری پاقلەی خولاوە گەیشتە بنی کونەکە. لەوبن عەردە هەر رۆیشت، رۆیشت. تەماشای ئەملاو ئەولای کرد. کۆشکێکی گەورەی بینی. چووە ناو کۆشکەکە. کۆشکەکە سەراپا لە زێڕو بەردی بەهادار دروست کرابوو. هەموو دەبریقایەوەو دەبریسکایەوە. بەژوورەکاندا گەڕا. لەپڕ دۆتمێرێك بە غار هاتەلایەوە، ئەوەندە جوان بوو نە بەقەڵەم وەسف دەکرا، نەبەزار پەسن دەدرا. پرسی:

-ئۆ! گەنجی مێرخاس، ئەوە بۆ هاتوویتە ئێرە؟

پاقلەی خولاوە وەڵامی دایەوە:

-لە پیرەمێردی بچکۆڵەی ردێن درێژو بژ دەگەڕێم.

دۆتمێر گوتی:

-ئەو پیرەمێردە بچکۆڵەی تۆ دەڵێی ردێنی لە درزی دار بەڕوو جەڕاوە، وا خەریکە ردێنی دەردێنێ. مەچۆ لای نەوەك دەتکوژێ، ها! زۆر کەسی کوشتووە.

پاقلەی خولاوە گوتی:

-منی پێ ناکوژرێ. من بووم ردێنیم خستە بەر داربەڕووەکە. بەڵام وەرە پێم بڵێ تۆ کێیت؟ و لێرە چ دەکەی؟

-من دۆتمێرم. پیرەمێردی بچکۆڵە منی فڕاندووەو لێرە دیلی کردووم.

-خەمت نەبێ من رزگارت دەکەم. ئێستا وەرە پیشانم بدە لە کوێیە؟

دۆتمێر پاقلەی خولاوەی بردە لای پیرەمێردی بچکۆڵە. پاقلەی خولاوە تەماشای کرد کچە راست دەکا پیرەمێردی بچکۆڵە دانیشتووە تازە ردێنی لە درزی دار بەڕووەکە دەرهێناوە. پیرەمێرد کە چاوی بە پاقلەی خولاوە کەوت نەڕاندی:

-ئەوە تۆ بۆ هاتووی؟ شەڕت دەوێ، یان ئاشتی؟

پاقلەی خولاوە وەڵامی دایەوە:

-من ئاشتیم لەگەڵ تۆ ناوێ. بۆ شەڕ هاتووم!

شمشێریان لێکدا. شەڕێکی گرانیان کرد. زۆر یەکتریان هێناو برد. پاقلەی خولاوە زەبرێکی وای لە پیرەمێردی بچکۆڵەدا ورگ و ریخەڵۆکی بەگۆڕێ وەرکردو کوشتی.

ئەوسا پاقلەی خولاوەو دۆتمێر هەموو زێڕو بەردە بەهادارەکانیان هەڵگرت. سێ تەلیسیان لەو گەنجینەیە داگرت و چوونە لای ئەو کونەی پاقلەی خولاوە پێدا شۆڕببووەوە ژێرزەوی.

کە گەیشتنە ئاست کونەکە، پاقلەی خولاوە بانگی برادەرەکانی کرد:

-هۆ برام، هۆ! ئێوە لەوێ ماون؟

هاوڕێکانی وەڵامیان دایەوە:

-ئا، ئا ... ماوین!

پاقلەی خولاوە تەلیسێکی لە گوریسەکە گرێ داو بانگی برادەرەکانی کردو گوتی: هەڵیکێشن. ئینجا هاواری کرد:

-ئەمە بەشی ئێوەیە!

هاوڕێکانی تەلیسەکەیان هەڵکێشاو دووبارە گوریسەکەیان شۆڕکردەوە. پاقلەی خولاوە تەلیسی دووەمی لێ گرێ داو دیسان هاواری کرد:

ئەمەش بەشی ئێوەیە!

تەلیسی سێیەمیشی هەر پێشکەش بەوان کرد. هەر چییەکی لە ماڵی پیرەمێردی بچکۆڵە هێنابووی، هەمووی دایە ئەوان. پاشان دۆتمێری لە گوریسەکە بەست و هاواری کرد:

بەڵام ئەمە بەشی خۆمە!

سێ هاوڕێکە دۆتمێریان هەڵکێشا. پاقلەی خولاوە بەتەنێ لەبنی بیرەکە مایەوە. ئەمەش هاوڕێکانی خستە غایەڵەو گوتیان:

-وەرن پاقلەی خولاوە هەڵنەکێشینەوە! ئەگەر لەوێ لێیگەڕێین دۆتمێریش بۆ خۆمان دەبێ... با نەختێ هەڵیکێشین و بەری بدەینەوە. بەربێتەوە قنیاتی لەبەر دەبڕێ.

پاقلەی خولاوە سۆسەی کردبوو هاوڕێکانی لەبەر شتێك دان، هەستا بەردێکی زلی لە گوریسەکە بەست و هاواری کرد:

-دە، منیش هەڵکێشن!

هاوڕێکـــانی بەردەکـــەیان نـــەختێ بـــەرزکردەوە، ئینجـــا گوریسەکەیان بەرداو بەردەکە ڕمبەی هات بەبنی کونەکە کەوتو هووردو هەڕا بوو.

پاقلەی خولاوە لە دڵی خۆیدا گوتی:

-ئێ، ئێ! دیارە برادەرەکانی من ئەو جۆرە کەسەن!

پاقلەی خولاوە ڕۆیشتو لەبن دونیادا کەوتە گەڕان و سووڕان. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت، لەناکاو گەواڵەیەکی وەك قیری هێنا، هەور ئاسمانی داپۆشی و دایکردە تەرزەو بارانێکی وا هەر مەپرسە. پاقلەی خولاوە خۆی دایە پەنا داربەڕوویەك و لەپڕ سەری بەرزکردەوە دیتی سیمرغ هێلانەی لەسەر ئەو درەختە کردووەو بێچووەکانی جریوە جریویانە... پاقلەی خولاوە بەسەر داربەڕووەکە هەڵگەڕاو چاکەتی گەرم و نەرمی خۆی داکەندو بەسەر بێچووە سیمرغەکانی دادا. باران وەك کوتکی دەونخون دەهاتە خوارێ. سیمرغ بە تەنگاوی ورشەی هات و خۆی گەیاندەوە لای زەڕنەقووتەکانی، بینی بێچوەکانی جوان جوان داپۆشراون. پرسی:

-بێچووەکانم، ئەوە کێ داپۆشیون؟

بێچووەکان وەڵامیان دایەوە:

-پێت دەڵێین بەڵام بەو مەرجەی نەیخۆی!

-هیچ مەترسن! نایخۆم.

-ئەو کابرایە دەبینی لەژێر درەختەکەمان دانیشتووە، ئەو داپۆشین.

سیمرغ دابەزی بۆلای پاقلەی خولاوەو گوتی:

-ئەوە یەکەم جارە خۆم لێرە نەبم بێچووەکانم بکەونە بەر تاوە باران و تەرزەی ئاوها توندو هیچێکیان لێ نەخنکێ. زارت بکەوە، بخوازە، هەر چیت دەوێ بۆت جێ بەجێ دەکەم.

پاقلەی خولاوە گوتی:

-هەڵمگرەو بمگەیەنەوە سەر دونیای ڕۆشن!

سیمرغ وەڵامی دایەوە:

-داوای کارێکی گەورەو سەختتت لێ کردووم، بەڵام چارەم نییە. چیت دەوێ دەبێ بۆت جێ بەجێ بکەم. شەش کەلەشە حەیوان و شەش کوندە ئاو لەگەڵ خۆمان دەبەین. لەڕێگادا، هەر جارێ ئاوڕم لەلای ڕاستە دایەوە، پارچە گۆشتێك بخەرە ناو زارم و هەر جارێ ئاوڕم لەلای چەپە دایەوە، قومە ئاوێکم بدەرێ بیخۆمەوە... ئەگەر چی دەڵێم وانەکەی، ناتوانم بگەمە سەر دونیای ڕۆشن و لەڕێگاوە بەردەبمەوە.

شەش کەلەشە حەیوان و شەش کوندە ئاویان برد. پاقلەی خولاوە سواری پشتی سیمرغ بووو گۆشت و ئاوەکەشی لێ بارکرد.

سیمرغ لە شەققەی باڵی داو فڕی! هەر کاتێ بەسەر ملی ڕاستەدا ئاوڕی دەدایەوە، پاقلەی خولاوە هەندێ گۆشتی لەزاری دەناو هەر جارێ بەسەر ملی چەپەدا ئاوڕی دەدایەوە قومە ئاوێکی بە دەمیەوە دەکرد.

ماوەیەکی زۆریان بڕی. زۆری نەمابوو بگەنە سەر دونیای ڕۆشن، دونیای بنیادەمان، سیمرغ ئاوڕی لەلای ڕاستەدایەوە بۆ گۆشت، بەڵام هیچ پارچە گۆشت نەمابوو. پاقلەی خولاوە پارچە گۆشتێکی لەڕانی خۆی کردەوەو لەزاری سیمرغی نا. گەیشتنە سەر دونیای ڕۆشن، سیمرغ پرسی:

-ئەوەی ئاخر جار چ بوو داتە من بیخۆم؟ زۆر خۆش و بەتام بوو.

پاقلەی خولاوە دەستی بۆ ڕانی خۆی درێژ کردو وەڵامی دایەوە:

-پارچە گۆشتێکی ڕانی خۆم بوو!

سیمرغ پارچە گۆشتەکەی یەق کردەوە. چوو هەندێ ئاوی سیحری هێنا. پارچە گۆشتەکەی لەسەر ڕانی پاقلەی خولاوە دانایەوەو نەختێ ئاوی لێ پرژاند. یەکسەر ڕانی چاك بووەوە.

ئینجا سیمرغ فڕی، گەڕایەوە وڵاتی خۆیو پاقلەی خولاوەش چووە دوای سۆراغی سێ هاوڕێکانی.

سێ برادەرەکەی چووبوونە کۆشكو سەرای باوکی دۆتمێرو لەوێ دەژیان. هەمیشە لە ناوخۆیاندا شەڕو دەعوایان بوو. لەبەینی خۆیان پێك نەدەهاتن. هەر کەسە دەیویست دۆتمێر بۆ ئەو بێو ڕازی نەدەبوو بۆ ئەوانی تربێ.

پاقلەی خولاوە هاوڕێکانی لە کۆشکی پاشادا دۆزییەوە. کە هاوڕێکانی چاویان پێکەوت، لەترسان زەندەقیان چوو، چونکە دەیانزانی هەموویان دەکوژێ.

پاقلەی خولاوە پێی گوتن:

-من برای خۆم تەفرەی داوم، تەمای چیم بە ئێوە هەبێ؟! بڕۆن ئەوە لێتان خۆش بووم.

پاقلەی خولاوە لە هاوڕێکانی خۆش بووو دۆتمێری بۆ خۆی گواستەوەو ماوەیەکی زۆر بەشادیو بەختەوەری لەگەڵیا ژیا.

* * *

(٧)

# چاكو خراب

(هەقايەتێكی ئۆكرانییە)

هــەبوو نــەبوو دووبــرا هــەبوون. یــەكێ دەوڵەمەنــدو یــەكێ دەستكورت بوو. ڕۆژێ تووشی یەك هاتن، برای دەستكورت گوتی:

-برام، ڕاستە ژیـان سـەختو بەزەحمەتـە، بەڵام هـەر چاكە لـە خراپە باشترە.

برای دەوڵەمەند هاواری كرد:

-وای لـەم قسـەیە! ئـەم زەمانـە چاكە لـە دونیـادا هـەر نـەماوە. تەنیا خراپە هەیە.

برای دەستكورت سوور بوو لەسەر قسەكەی خۆیو گوتی:

-نـەخێر بـرام، مـن بـڕوام وایـە كـە چـاكە هەیـەو چاكەكردن سوودی زۆرە.

برای دەوڵەمەند گوتی:

-باشە، وەرە گرەو بكەین. بچین یەكەم جار تووشی كێ بووین، تـا سـێ كـەس، پرسـیاریان لێ بكـەین داخـۆ ڕایـان چییە! ئەگـەر گوتیان تۆ ڕاستی شەرت بێ هەرچیم هەیە بتدەمێ، بەڵام ئەگەر گوتیان من ڕاستم، ئەوە هەر چیت هەیە لێت دەسێنم.

برای دەستكورت ڕازی بوو:

-باشە، چۆنی دەڵێی با وابێ!

ملی ڕێیان گرتو ڕۆیشتن. ڕۆیشتن تا گەیشتنە كابرایەك. كابرا شەرتە ئیشێكی تەواوكردبوو دەگەڕایەوە ماڵێ. ماندوو بوونیان لێ كردو گوتیان:

-برا، ماندوو نەبی!

-خۆش بن، خۆتان ماندوو نەبن!

-پرسیارێکمان هەیە بەڵکو وەڵاممان بدەیتەوە.

-فەرموون!

بەڕای تۆ پیاو چۆن بژی باشترە- بە چاکەکردن، یان بە خراپەکردن؟

کابرا وەڵامی دانەوە:

-مێرخاسینە! لەم زەمانەدا کوا چاکە لە کوێ هەیە؟ کەس نا، با باسی خۆمتان بۆ بکەم. من ماوەیەکی زۆر ئیشێکی گرانم کرد، کرێکەم هەر هیچ نەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا ئاغاکەم بەشێکی کرێکەی لێ زەوت کردمو نەیدامێ. خراپەکردن لە چاکە باشترە!

برای دەوڵەمەند گوتی:

-ها، چم گوت برام! دەبینی من لەسەر راستمو تۆ بەهەڵەدا چووی!

برای دەستکورت ورەی هاتە خوارێ، بەڵام هیچ چارەی نەبوو. هەردووکیان کەوتنە ڕێو ڕۆیشتن. ئەمجارە تووشی بازرگانێک بوون، گوتیان:

-ڕۆژباش، بازرگانی دەستپاک!

بازرگان وەڵامی دانەوە:

-خۆش بن!

-پرسیارێکمان هەیە بەڵکو وەڵاممان بدەیتەوە!

-فەرموون!

-بەڕای تۆ ژیان بە چ جۆرێ باشترە- بە چاکەکردن یان بە خراپەکردن؟

-مێرخاسینە! ئەمەش بوو بە پرسیار!؟ چاکە هیچ خێری پێوە نییە. ئەگەر بتەوێ شتێ بفرۆشی دەبێ سەد درۆو دەلەسەی بەدەمەوە بکەی... وا نەکەی هیچ شتت پێ نافرۆشرێ!

بازرگانەکە وای گوتو ڕۆیشت.

برای دەوڵەمەند گوتی:

-ها، برام؟ ئەوە دووجار من راست دەرچووم!

برای دەستکورت ئەوەندە پەست و غەمبار بوو نەبێتەوە، بەڵام هیچ چارەی نەبوو.

دووبارە ملی رێیان گرت و رۆیشتن. رۆیشتن تا گەیشتنە ئاغایەك.

-ئاغا، رۆژ باش!

-رۆژباش.

-پرسیارێکمان هەیە بەڵکو وەڵاممان بدەیتەوە!

-فەرموون.

بەڕای جەنابت، ژیان چۆن بڕوا باشترە- بە چاکەکردن یان بە خراپە؟

-مێرخاسینە! ئەمە چتۆ پرسیارە ئێوە دەیکەن! ئەم زەمانە چاکە لە دونیادا هەر نییە. ژیانی راست و دۆغری هەر نەماوە. کەس نا، من ئەگەر رێگای چاکەم بگرتایەتە بەر، ئێستا وای...

ئاغا بێ ئەوەی قسەکەی تەواو بکا بە جێی هێشتن و رۆیشت.

برای دەوڵەمەند گوتی:

-ئێستا برام خۆ دیتت! فەرموو بچینەوە ماڵێ و هەرچی هەتە دەبێ بیدەیتە من!

برای هەژار چووەوە ماڵێ تا بڵێی پەست و غەمبار بوو. هەرچی کەلوپەلی ناوماڵی سادەو ساکاری هەبوو برای دەوڵەمەندی دەستێکی پێداهێناو هەمووی برد، تەنیا زنجەکەی بۆ هێشتەوەو گوتی:

-قەیدی نییە جاریٚ بۆ خۆت لەناو زنجەكە بە، ئیٚستا پیٚم ناویٚ، بەڵام زوو تەگبیریٚكی حاڵی خۆت بكەو جیٚو ڕیٚیەك بۆ خۆت بدۆزەوە.

برای دەستكورت بەخۆو بە خیٚزانەوە ترنجانە ناو زنجیٚكی رووتو قووتو بەتاڵ. نە پارچە نانیٚكیان هەبوو بیخۆن، نەهیچ. ساڵەكەی گرانی بوو. هیچ ئیشوكار نەبوو. برای دەستكورت كاسبییەكی نەبوو پارەی پیٚ پەیدابكا. هەوڵیدا بەرگە بگریٚ، ماوەیەكیش بەرگەی گرت، بەڵام منداڵەكانی لە برسان زیڕەیان دەهات. برای دەستكورت ناچاربوو دەستی دایە فەردەیەكو چووە لای برای دەوڵەمەندی بۆ ئەوەی هەندیٚ ئاردی لیٚ بخوازیٚ. بە برای گوت:

-برام، خۆم هاویشتە سەر تۆڕو بەختت. منداڵم لە برسان سكیان بە پشتیانەوە نووساوە. ئەوەی زاد بیٚ لە ماڵمدا نییە، بەڵكو ڕبە ئاردیٚك، یان ڕبە گەنمیٚكم بدەیتیٚ، هەر كامەیان بیٚ فەرقی نییە.

برای دەوڵەمەند گوتی:

-بیٚنە چاویٚكت دەربیٚنم، ربە ئاردیٚكت دەدەمیٚ.

برای هەژار داما. بیری كردەوە. زانی هیچ چارەی نییە غەیری رازی بوون، گوتی:

-باشە، برام، فەرموو چاویٚكم دەربیٚنە، هەر هیٚندە بۆ خاتری خواو پیٚغەمبەر نەختیٚ ئاردم بدەریٚ.

برای دەوڵەمەند چاویٚكی برای دەستكورتی دەرهیٚناو ربە ئاردیٚكی درشتی دایێ. برای دەستكورت ربە ئاردەكەی بردو چووەوە ماڵیٚ. ژنەكەی سەرنجیٚكی لیٚدا، چاوی زەقو دەمی بەش بوەوەو لیٚی پرسی:

-ئەیەرۆ، پیاویژگە! ئەوە چت بەسەر هاتووە؟ ئەدی کوا چاوەکەت؟

کابرا گوتی:

-حورمێ، چت لێ بشارمەوە، براکەم دەری هێنا.

ئینجا حاڵو مەسەلەی بۆ ژنەکەی گێڕایەوە. ماوەیەك گریانو کڕووزانەوە، پاشان بەناچاری ئاردەکەیان خوارد، چونکە لەو ئاردە بەدەر هیچ زادیان لە ماڵێدا نەبوو.

چەند ڕۆژێکی پێچوو ئاردەکە تەواو بوو. برای دەستکورت دەستی دایەوە.فەردەو چووە لای برای دەوڵەمەندیو گوتی:

-برای ئازیزم، خۆم هاویشتە ماڵت هەندێ ئاردی ترم بدەرێ. ئەو ئاردەی جارەکەی دی داتە من تەواو بوو.

برای دەوڵەمەندی وەڵامی دایەوە:

-ئەگەر لێ بگەڕێی چاوەکەی ترت دەربێنم، ربە ئاردێکی ترت دەدەمێ.

-برام، تۆزێ بەزەییت هەبێ. چاوێکت دەرهێنام قەیدی نییە، هەردوو چاوم دەربێنی، چۆن بەبێ چاو دەژیم؟! چ دەبێ ئەگەر بێ ئەوەی کوێرم بکەی، ربە ئاردێکم پێ کەرەم بکەی!؟

-نەخێر، شتی وانابێ. تا لێ نەگەڕێی چاوەکەی دیشت دەربێنم، ئاردەکەت نادەمێ.

برای دەستکورت چارەی نەما، گوتی:

-فەرموو، خوا دەوامی عومرت بدا،چاوەکەی تریشم دەربێنە!

برای دەوڵەمەند دەستی دایە چەقۆو چاوەکەی تریشی دەرهێناو فەردەکەی بۆ پڕ ئاردکرد.

کوێرە ئاردەکەی وەرگرتو بەرەوماڵ بووەوە. زۆر بەزەحمەت ڕێی دەکرد. پەلی دەکوتاو ساتمەی دەکردو ڕەپە ڕوو دەچوو. دەستی بە دیوارو قسپی کۆتانانەوە دەگرت. ئاخری گەیشتەوە

ماڵێ و ئاردەکەی دانا. ژنەکە چاوی پێ کەوت، لەشروان رەنگی سپی هەڵگەڕاو لە زریکژنی دا:

-کوڕە، هەی فەقیر، بەدبەخت، خەفەتخان، تۆ چۆن بە کوێری دەژی؟ بۆ رازی بووی؟ بەڵکو هەندێ ئاردمان لە شوێنێکی دی دەستکەوتبا... ئێستا.....

ژنەی کلۆڵ و هەش بەسەر لەبەر قوڵپی گریان قسەی پێ تەواو نەکرا.

کابرای کوێرە گوتی:

-حورمێ، مەگری. لەم دونیایەدا هەر تەنیا من کوێر نیم. زۆر کوێری وەکو من هەن و دەتوانن بەبێ چاو بژین.

بەڵام فەردە ئاردێك بۆ خێزانێك هیچ نییە. زۆری پێ نەچوو ئەویش تەواو بوو.

کابرای کوێرە گوتی:

-ئافرەت، چیدی ناچمە لای برام. دەستم بگرەو بمبە لە بن دار ئەسپیندارە گەورەکەی سەر ڕێ دام بنێ و جێم بێڵە. ئێواریێ وەرە دووم بمهێنەوە. ئەو ڕێگایە زۆر سوارەو پیادەی پێدا دێ، یەکێ هەر دەبێ رەحمی ببزوێ و لەتە نانێکم بداتێ!

ژنەکە کوێرەی مێردی بردە ئەو شوێنەی گوتبووی. لەژێر دار ئەسپیندارەکە داینا و گەڕایەوە ماڵێ. کوێرە دانیشت و دەستی پان کردەوە. یەك دوو عانە خێریان پێ کرد... بەڵام بوو بە بەرەبەری رۆژئاوا ژنەکەی نەهات بیباتەوە، رۆژئاوا بوو هەرنەهات، کابرای کوێرە کامی کرد. بڕیاری دا خۆی بچێتەوە ماڵێ، بەڵام هەڵەتەبوو، بە ماڵێ نەکەوتەوە. هەر رۆیشت رۆیشت، خۆیشی نەیدەزانی کێوە دەچێ. لەناکاو گوێی لە خشە خشی گەڵاو چڵی دارو درەخت بوو، زانی وێڵی ناو دارستان بووەو تازە دەبێ شەو لەو دارستانە بکاتەوە. لەترسی دڕندان چووە سەر درەختێك، بەڵام بەسەد

زەحمەتو مشەقەقەت بەسەركەوت. لەسەر درەختەكە دانیشتو هەستو خوستی لە خۆی بڕی.

كە بوو بە نیوە شەو، لەپڕ كۆمەڵێ شەیتان(ڕۆحی بەد) بە شەقەی باڵ هاتنو لەژێر هەمان درەخت گیرسانەوە. سەرۆكەكەیان لێی پرسین داخۆ چییان كردووە؟

یەكێ گوتی:

–من وام كرد برایەك بۆ خاتری دوو ڕبە ئارد برای خۆی كوێر بكا.

سەرۆكی شەیتانەكان گوتی:

–ئیشێكی باشت كردوە، بەڵام باشیەكەت نەگەیشتۆتە پۆپە.

–بۆ نەگەیشتۆتە پۆپە؟

–چونكە ئەگەر برا كوێرەكە شەونمی ژێر ئەم درەختە لە چاوی خۆی بدا، چاوی چاك دەبێتەوە.

–بەڵام نەكەس ئەمەی بیستووەو نەكەس بەمە دەزانێ... بۆیە كوێرە هەر بە كوێری دەمێنێتەوە.

سەرۆكی شەیتانەكان ئاوڕی لە یەكێكی تر دایەوەو گوتی:

–ئێستا تۆ پێم بڵێ چیت كردووە؟

–ئاوی گوندێكم بەتەواوی وشك كرد. یەك پشكم نەهێشت. ئێستا خەڵكی گوندەكە دەبێ چل میل ڕێ ببڕن تا دەگەنە سراوێ. تەنانەت زۆریان لە ڕێگادا دەمرن.

–ئیشێكی باشت كردووە، بەڵام باشییەكەت نەگەیشتۆتە پۆپە.

–بۆ نەگەیشتۆتە پۆپە؟

–بەردێكی زل لە شارەكەی نزیك ئەو گوندە هەیە. ئەو بەردە لابدرێ ئاوێكی ئەوەندە زۆری لەبن دەردەبێ بایی هەموو كەس دەكا.

-بەڵام نەكەس ئەمەی بیستووەو نەكەس بەمە دەزانێ... بۆیە ئاوەكە هەر لە شوێنی خۆی دەبێ.

سەرۆكی شەیتانەكان لە یەكێكی تری پرسی:

-ئەدی تۆ؟ چیت كردووە؟

-كچە تاقانەكەی پاشای وڵاتێكم كوێركرد. دختۆرو حەكیمیش هیچیان پێ ناكرێ.

-ئیشێكی باشت كردوە، بەڵام باشییەكەت نەگەیشتۆتە پۆپە.

-بۆ نەگەیشتۆتە پۆپە.

-هەر كەسێ شەونمی ژێر ئەم درەختە لە چاوی كچەكە هەڵسوێ، كچەكە چاوی چاك دەبێتەوە.

بەڵام نەكەس ئەمەی بیستووەو نەكەس بەمە دەزانێ. بۆیە كچە هەر بە كوێری دەمێنێتەوە.

كابرای كوێرە لەسەر درەختەكە دانیشتبوو گوێی لە هەموو قسەكان بوو. كە شەیتانەكان فڕین و ڕۆیشتن، كابرای كوێرە لەسەر درەختەكە هاتە خوارێ. شەونمی ژێر درەختەكەی لە چاوەكانی خۆی داو چاوەكانی چاك بوونەوە. لەدڵی خۆیدا گوتی:

-ئێستا دەچم یارمەتی خەڵكی تر دەدەم.

شووشەیەكی پێ بوو، هەندێ شەونمی تێ كردو ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت. گەیشتە ئەو گوندەی ئاوی تێدا نەمابوو. پیرەژنێكی دی دوو سەتڵی بەم سەرو بەوسەری دارێكەوە هەڵواسی بووو بەشانی خۆی دادا بوو... كابرا ئیكلامی بۆ كێشاو گوتی:

-داپیرە، قومە ئاوێكم بدەرێ بیخۆمەوە.

پیرەژن وەڵامی دایەوە:

ئاخ کورم، چل میل ڕێم بڕیوه بۆ سراوێ، ئەوەندکۆکە ئاوەم هێناوه، نیوەی ڕێ و ڕێ ڕژاوه. خاوو خێزانێکی زۆریشمان هەیه. بێ ئاو دەخنکێن.

کابرا به پیرەژنی گوت:

-من بۆ گوندی ئێوه دێم. هەر هێنده بگەمه گوندەکەتان، هەرکەسه بایی خۆی ئاوی دەبێ.

پیرەژن قومه ئاوێکی دایێ. بەو خەبەره خۆشەوه زۆر شادو کەیفخۆش بوو. هەیپەی لێکرد بۆ گوندو مزگێنی هاتنی کابرای بەخەڵکی گوند گەیاند. گوندییەکان نەیانزانی پێی بڕوا بکەن، یان نا؟! لەگەڵ ئەوەشدا به پیر کابراوه چوون. ڕێزێکی زۆریان لێناو گوتیان:

-ئەی لایەدەی چاکەکارو میهرەبان، مەرگێکی سەختو ناخۆشمان له پێشه. لەو مەرگه ڕزگارمان بکه!

کابرا گوتی:

-ڕزگارتان دەکەم، بەڵام دەبێ ئێوەش یارمەتیم بدەن. نزیکترین شار لەم گوندەتانەوه کامەیه پێشانم بدەن.

خەڵکەکه کابرایان برده شارەکه. کابرا چاوی گێڕا، ئەو بەردەی دیتەوه که سەرۆکی شەیتانەکان باسی کردبوو.

خەڵکەکه بەیەکەوه لەبەردەکه نەوینو بەیەك تەکان بلندیان کردو لایان دا. دەمو دەست ئاو لەژێر بەردەکەوه فیچقەی کرد. بوو به جۆگەیەکی گەوره، هەموو کانییەکان تەقینەوەو گۆمو ڕووبارەکان پڕ ئاو بوونەوه.

خەڵکەکه خەنی بوون. زۆر سوپاسی کابرایان کرد. پارەیەکی باشو دیارییەکی زۆریان پێشکەش کرد.

کابرا سواری ئەسپێك بوو بە یەك غار هاژوای. لەرێگا تووشی هەر کەسێ دەهات سۆراغی ئەو وڵاتەی دەکرد کە کچی پاشایان کوێر ببوو وەکو شەیتانەکان باسیان دەکرد.

ماوەیەکی زۆری بڕی، یان کەم!؟ کەس نازانێ. ئاخیری گەیشتە ئەو وڵاتەو چووە بەردەم کۆشکی پاشاو بە نۆکەرانی گوت:

-بیستوومە کچی پاشا نەخۆشە، لەوانەیە من بتوانم چاکی بکەمەوە.

-بەتۆ چاك نابێتەوە. باشترین دختۆرو حەکیم هیچیان پێ نەکراوە، تۆ چیت پێ دەکرێ؟ پێویست ناکا هەر خۆشت تاقی بکەیتەوە.

-قەیدی نییە! ئێوە خەبەری پاشا بدەن کەمن هاتووم. لەهەوەڵەوە نۆکەرەکان رازی نەبوون خەبەر بدەنە پاشا، بەڵام کابرا لەوان سورتر بوو، وازی نەهێنا تا چوون خەبەریان دایە پاشا. پاشا یەکسەر بانگی کردە ناو کۆشکی خۆیو گوتی:

-بەڕاستی دەتوانی چارەی کچەکەم بکەی؟!

-بەڵێ دەتوانم.

-ئەگەر چاکی بکەیتەوە، هەرچی بخوازی دەتدەمێ.

کابرایان بردە ژووری کچی پاشا. ئەو شەونمەی هێنابووی لە چاوی کچەکەی هەڵسوی. کچە یەکسەر چاوی چاك بووەوە.

پاشا کە ئەمەی دی ئەوەندە کەیفخۆش بوو بەزار ناگوترێ... ئەوەندەی سامان بەکابرا بەخشی بە کاروانە عارەبانەو قەتارێك هەڵنەدەستا.

لەولاوەش ژنی کابرا لەماڵەوە هەر پیشی دەخواردەوەو ئاخینکی هەڵدەکێشاو خەمی دەخوارد. نەیدەزانی مێردەکەی کەوتۆتە کوێ! دەیگوت: ئێستا مردووەو نەماوە. لەپڕ شەوێ کابرا هاتەوە. تەپ تەپ لەپەنجەرەی داو گوتی:

-كچێ ئافرەت، وەرە دەرگام لێ بكەوە!

ژنە دەنگی ناسییەوە. لە خۆشییان شاگەشكە بوو. دەرپەڕی دەرگای لێ كردەوە. ویستی دەستی بگریو بیهێنێتە ناو زنجەكەیانەوە" چونكە وایدەزانی هێشتا هەر كوێرە. كابرا گوتی: چرایەك بێنە!

ژنە چرایەكی هێنا. سەیری مێردی كرد}هەوە؟ هەو نییە؟{.

لە عاجباتیان دەستی بەرزكردەوە... خۆیەتیو چاوی چاك بۆ تەوە! ژنە زریكاندی.

-ئەلحەمدولیللا خوایە، بەرەكەتت بەزێدە بێ! پیاویژگە پێم بڵێ ئەوە تۆ ئەو ماوە دوورو درێژە لە كوێ بوویتو چیت بەسەرهاتو چۆن چاوت چاك بووەوە؟!

-راوەستە، نەختێ سەبرت هەبێ.... با جارێ ئەوەی هێناومە بیهێنمە ژوورێ.

چی هێنا بوو هەموویان راكێشایە ژوورێ.

ئێستا ئەوەندە دەوڵەمەند بوو سامانی برا دەوڵەمەندەكەی هەر هیچ نەبوو لەچاو هی ئەم.

بەم جۆرە ئەوانیش بوون بە خاوەنی خانوویەكی رێكو پێكو ماڵێكی خۆشو ژیانێكی بە تەنتەنە. برای دەوڵەمەندی بەمەی زانیو بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە لایانو پرسی:

-برام، ئەوە چۆن چاوت چاك بووەوە؟ چۆن وا دەوڵەمەندبووی؟

برای هیچی لێ نەشاردەوە. چی دی بوو چی بەسەر هاتبوو هەمووی بۆ گێڕایەوە.

برای دەوڵەمەند چاوی بە هیچ تێر نەدەبوو. حەزی دەكرد هێشتا دەوڵەمەندتر بێ... بۆیە كە شەو داهات. بەدزە دزە چووە ناو دارستانو بەكپی چوو لەسەر هەمان درەخت خۆی مات كرد.

کەنیوە شەو داهات. لەپڕ هەندێ شەیتان بە شەققەی باڵ هاتن. سەرۆکەکەیان بە پێش کەوتبوو. شەیتانەکان گوتیان:

-ئەمە یانی چی؟ نەکەس هیچی زانیوەو نەکەس هیچی بیستووە، لەگەڵ ئەوەشدا برای کوێر هەردوو چاوەکانی چاك بوونەوە. ئاوی ژێر بەردەکە رەها کرا، کچی پاشا چاوی چاك بووەوە. لەوانەیە یەکێ خۆی لێ گرتبێ و قسەکانی بیستبێ! با بگەڕێین بزانین کەس نابینینەوە!!

گەڕان، چوونە سەر درەختەکە. دیتیان کابرای دەوڵەمەند خۆی لەوێ مات کردووە. پەلاماریان داو پارچە پارچەیان کرد.

*　　　*　　　*

(٨)

# گورگ و سەگ و پشیلە

(هەقایەتێکی ئۆکرانییە)

هەبوو نەبوو جوتیارێك هەبوو سەگێکی هەبوو. تا سەگەکە لەسەر شەنگ و تاقەتی خۆی بوو زۆر بە چاکی پاسەوانی ماڵی ئاغاکەی دەکرد، بەڵام کە کەوتە ساڵانەوە ئاغاکەی خوێڕی کرد. ئیدی سەگەکە لە دەشت و چۆڵەوانی دەگەڕا، ئەگەر مشکێ، یان گیاندارێکی بچووکی بدۆزیبایەوە دەیگرت و دەیخوارد و قنیاتی پێ دەکرد.

شەوێکیان، سەگەکە بینی گورگێ هاتە لایەوەو گوتی:

–شەو باش، سەگەکە!

سەگەکە بە ئەدەبەوە وەڵامی دایەوە:

–شەو باش!

گورگ لێی پرسی:

–سەگەکە، ئەوە کوێوە دەچی؟!

سەگەکە بۆی باس کردو گوتی:

–تا گەنج بووم ئاغاکەم زۆر خۆشی دەویستم، چونکە ماڵەکەم بۆ پاس دەکرد، بەڵام ئێستا کە پیرو زورهان بوویم، دەبینی خوێڕی کردووم.

گورگ گوتی:

–سەگەکە، لەوە دەکا ئێستا برسیت بێ؟

سەگەکە وەڵامی دایەوە:

-زۆر!

-دە کەواتە فەرموو لە گەڵم وەرە، خواردنت بدەمێ!

سەگەکە بەگەڵ گورگ کەوت و رۆیشتن. رێیان کەوتە دەشت و چۆڵەوانییەك. گورگ مێگەلە مەڕێکی لە پاوانێك دی، بە سەگی گوت:

-بڕۆ بزانە ئەو ماڵاتانە چین لەوێ دەلەوەڕێن!!

سەگەکە چوو تەماشای کردو بە هەڵەداوان هاتەوە، گوتی:

-مەڕن!

-پەتایان تێ کەوێ! ئەگەر بیانخۆین ددانمان پڕ خوری دەبێ، تەنیا سك بەتاڵیمان بۆ دەمێنێتەوە. سەگەکە باهێشتا بڕۆین.

رۆیشتن. ئەمجارە گورگ رەوە قازێکی بینی لە ئاقاری دەلەوەڕان، بەسەگی گوت:

-بڕۆ بزانە ئەو پەلەوەڕانە چین لەوێ دەلەوەڕێن!

سەگەکە چوو تەماشای کردو بەهەڵەداوان هاتەوە، گوتی:

-قازن!

-پەتایان تێ کەوێ! ئەگەر بیانخۆین ددانمان پڕ پەڕووتووك دەبێ، تەنیا سك بەتاڵیمان بۆ دەمێنێتەوە. سەگەکە، با هێشتا بڕۆین.

رۆیشتن. ئەمجارەیان گورگ ئەسپێکی لەناو پاوانێکدا بینی، بە سەگی گوت:

-بڕۆ بزانە ئەو گیاندارە چییە لەوێ دەلەوەڕێ!

سەگەکە چوو تەماشای کردو بە هەڵەداوان هاتەوە، گوتی:

-ئەوە ئەسپە!

گورگ گوتی:

--ئێ باشە. ئەمەیە بەشی ئێمە!

هەر رایان کردو خۆیان گەیاندە لای ئەسپەکە. گورگ چەپۆکی لەزەوی داو کەڵبەی چیڕ کردەوە بۆ ئەوەی تووڕەیی خۆی بجۆشێنێ، بەسەگی گوت:

-سەگەکە، پێم بڵێ کلکم دەجوولێ؟

سەگەکە سەیری کردو گوتی:

-بەڵێ، کلکت دەجوولێ.

گورگ گوتی:

-ئێستا تەماشای چاوەکانم بکە، چاوم لێڵ بوونە؟

سەگەکە وەڵامی دایەوە:

-بەڵێ، چاوەکانت لێڵ و پێڵ بوونە.

ئەوسا گورگ تەکانی دایە خۆی، خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەو توند بڕی گرت و بەعەردی داداو پارچە پارچەی کرد. ئینجا بەخۆو بە سەگەکە کەوتنە سەر کەلاکی ئەسپەکە. گورگەکە گەنج بوو هەر زوو تێری خوارد، بەڵام سەگەکە پیر بوو، دان و کەڵبەی نەمابوو، بە کاوەخۆ دەیخوارد. هێشتا تێری نەخوارد بوو سەگی تر هاتن پێیان وەرکردو ئەمیان دەرکرد.

سەگەکە ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت. تەماشای کرد پشیلەیەکی وەکو خۆی پیر بەرەو ڕووی دەهات. پشیلەکە لەو ئاقارە بەدوای مشکاندا دەگەڕا.

سەگەکە گوتی:

-ڕۆژ باش، پشەی برا، ئەوە دەچیتە کوێ؟

-ئەم ڕێگایەم گرتوە کوێوەم ببا دەچمە ئەوێ. تا گەنج بووم مشکم بۆ ئاغاکەم دەگرت و ئاغاکەم بە خێوی دەکردم، کەچی ئێستا کە پیرو کە نەفت بووم و چاوم کزبووە ئاغام خواردنی لێ

بڕیومو دەری کردووم. ئیدی وا سەری خۆم هەڵگرتووەو بە دونیادا دەگەڕێم.

سەگەکە گوتی:

-پشەی برا، فەرموو لەگەڵم وەرە، خواردنت دەدەمێ!

ئاخر سەگەکە بڕیاری دابوو وەکوو گورگەکە بکا.

سەگو پشیلە پێکەوە دایانهێلاو ڕۆیشتن.

سەگ مێگەلە مەڕێکی لە پاوانێك دی، بە پشیلەی گوت:

-پشەی برا، بڕۆ بزانە ئەو ماڵاتانە چین لەوێ دەلەوەڕێن.

پشیلە چوو تەماشای کردو بەهەلەداوان هاتەوە، گوتی:

-مەڕن!

-پەتایان تێ کەوێ! ئەگەر بیانخۆین ددانمان پڕخوری دەبێ، تەنیا سك بەتاڵیمان بۆ دەمێنێتەوە، با هێشتا بڕۆین!

ڕۆیشتن. ئەمجارە سەگەکە ڕەوە قازێکی بینی لە ئاقاری دەلەوەڕان، بە پشیلەی گوت:

-پشەی برا، بڕۆ بزانە ئەو پەلەوەرانە چین لەوێ دەلەوەڕێن!

پشیلە چوو تەماشای کردو بەهەلەداوان هاتەوە، گوتی:

-قازن!

-پەتایان تێ کەوێ! ئەگەر بیانخۆین ددانمان پڕ پەڕو تووك دەبێ، تەنیا سك بەتاڵیمان بۆ دەمێنێتەوە!

بەم جۆرە هەردووکیان ملی ڕێیان گرتو ڕۆیشتن. ئەمجارەیان سەگەکە ئەسپێکی لە پاوانێکدا بینی، گوتی:

-پشەی برا، بڕۆ بزانە ئەو گیاندارە چییە لەوێ دەلەوەڕێ.

پشیلە چوو تەماشای کردو بە هەڵەداوان هاتەوە، گوتی:

-ئەسپە!

سەگ گوتی:

-ئی باشە، ئێستا دەیکوژین، بایی خۆمان دەکاو لەبەریشمان دەمێنێتەوە.

ئەوسا سەگەکە چەپۆکی لەزەوی دا بۆ ئەوەی تووڕەیی خۆی بجۆشێنێ و بە پشیلەکەی گوت:

-پشەی برا، بزانە کلکم دەجوولێ؟

پشیلە وەڵامی دایەوە:

-نەء ناجوولێ.

سەگ دووبارە چەپۆکی لە زەوی دا بۆ ئەوەی هەر بەڕاستی تووڕەیی خۆی بجۆشێنێ، ئینجا بە پشیلەکەی گوت:

پشەی برا، ئێستاش هەر کلکم ناجوولێ؟ بڵێ دەجوولێ، ها!

پشیلە تەماشای کردو گوتی:

-باشە، بابە باشە، دەجوولێ! بەڵام بە ئاستەم!

سەگ گوتی:

سەیرکە، ئێستا ئەسپەکە دەبەزێنین و بەسەریدا زاڵ دەبین.

دیسان چەپۆکی لە زەوی داو دوای نەختێ گوتی:

-پشەی برا، سەیرکە بزانە چاوەکانم لێڵ بوونە!

پشیلە وەڵامی دایەوە:

-نەء، لێڵ نەبوونە.

-درۆ دەکەی! بڵێ لێڵ بوونە، ها!

پشیلە گوتی:

-زۆر باشە، مادام وادەڵێی و وات پێ خۆشە، قەیدی نییە، دەڵێم چاوەکانت لێڵ بوونە!

ئیدی سەگەکە تووڕەو شێتگیربوو. پەلاماری ئەسپەکەی دا، بەڵام ئەسپەکە زوو هاتە دەست و لووشکەیەکی لە تەپڵی سەری سەگەکەداو تخێڵی عەردی کرد. سەگ چاوەکانی لەگەڵ دەرپۆقین.

پشیلە رای کردە سەری و گوتی:

-کاکە سەگ، ئێستا بەڕاستی چاوەکانت لێڵ و پێڵ بوونە!

*          *          *

(٩)

# چۆن مسکێنێك لەگەڵ ئاغایەکی لووتبەرز چووە سەر خوان

(هەقایەتێکی ئۆکرانییە)

هەبوو نەبوو ئاغایەك هەبوو، دەوڵەمەندو لووتبەرزو لە خۆبایی بوو. سەروکاری لەگەڵ کەسدا نەبوو. خۆ جارێ مسکێنە هەژارەکانی هەر بە بنیادەم دانەدەنا، دەیگوت:

-ئەمانە بۆنێکی زۆر ناخۆشیان لێ دێ. بۆنی خاك و زەوییان لێ دێ. ئەگەر یەکێ زاتی بکردایە لە ماڵەکەی نزیك بێتەوە، بە نۆکەران هەڵی دەبڕی!

رۆژێ، مسکێنەکان گردببوونەوە باسی ئاغاکەیان دەکرد، یەکێ دەیگوت:

-زۆر لە نزیکەوە ئاغام بینی. لەسەر زەوی تووشی هاتم.

یەکێکی تر دەیگوت:

-منیش دوێنێ لەسەر دیواری حەوشەوە دیم ئاغا لە شانشین قاوەی دەخواردەوە. لەو کاتەدا، مسکێنێکی لەهەموویان هەژارتر هات. کە گوێی لە قسەکان بوو، پێکەنی و گوتی:

-جا ئەمە چییە!؟ هەموو کەس دەتوانێ لەسەر دیوارەوە سەر لە ئاغا هەڵبکێشێ. ئەگەر من بمەوێ دەتوانم فراوینی لەگەڵ بخۆم!

دوو مسکێنەکەی پێشوو دایانە قاقای پێکەنین:

-چ؟ چ؟ ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ دەتوانی هەر بەڕاستی فراوین لەگەڵ ئاغا بخۆی؟ پەح! پەح! ئاغا هەر چاوی پێت بکەوێ وەدەرت دەنێ، لێ ناگەڕێ هەر تخوونی ماڵی بکەوی.

بەم جۆرە دوو مسکێنەکە تیزیان بە مسکێنی سێیەم کردو قسەیان پێ گوت:

-درۆزنی! خۆهەڵکێشی!

-نەخێر درۆزن نیم. خۆهەڵکێش نیم.

-باشە، ئەگەر تۆ توانیت فراوین لەگەڵ ئاغا بخۆی، شەرت بێ سێ فەردە گەنمو دووگات دەدەینێ، بەڵام ئەگەر نەتتوانی، هەرچی ئێمە بڵێین دەبێ بیکەی!

مسکێن وەڵامی دانەوە:

-زۆر باشە!

مسکێن چوو خۆی گەیاندە ناو حەوشەی ماڵی ئاغا. کە نۆکەرانی ئاغا چاویان پێ کەوت، هەموو لێی دەرپەڕینو تاویان دایێ بۆ ئەوەی دەری کەنە دەرەوە.

مسکێن گوتی:

-راوەستن، خەبەرێکی خۆشم بۆ ئاغا پێیە.

-خەبەری چی؟

-بە ئاغا خۆی نەبێ، بە کەس ناڵێم.

نۆکەران چوونە لای ئاغاو گوتیان:

-مسکێنێك هاتووە قسەیەکی ئاوها دەکا.

ئاغا مەراقی گرت، چونکە مسکێنەکە نەهاتبوو داوای هیچی لێ بکا، هاتبوو خەبەرێکی هێنابوو. لەوانەش بوو خەبەرێکی باشو بەسوود بێ.

ئاغا بە نۆکەرەکانی گوت:

-مسکێنەکە بێننە ژوورەوە:

نۆکەران مسکێنەکەیان بردە ژوورەوە. ئاغا هاتە لایەوەو لێی پرسی:

-بڵێ بزانم ئەو خەبەرە چییە هێناوتە؟

مسکێن تییە چاوێکی دایە نۆکەرەکانو گوتی:

-ئاغام خۆش بێ. دەمەوێ هەر تەنیاو بە تایبەتی بە خۆتی بڵێم.

ئاغا هەر تەواو مەراقی گرت. باشە، دەبێ مسکێن چ قسەیەکی پێ بێ!؟

ئاغا فەرمانی‌دا نۆکەرەکان چوونە دەرەوە. کە ئاغاو مسکێن بە تەنێ مانەوە، مسکێن سەری بردە بن گوێی ئاغاو بە دەنگێکی نزم گوتی:

-ئەرێ ئاغای گەورەو مەزن، پێم بڵێ پارچە زێڕێکی بەقەد سەری ئەسپێك چەند پارە دەکات؟

-بۆچی دەتەوێ بزانێ؟

-ئیشی خۆم پێیە.

-ئاغا چاوی کوسکە کوسکی کردو دەستی لەرزی‌و لە دڵی خۆیدا گوتی:

-بەلاش نییە مسکێن ئەم پرسیارەم لێ دەکا. دیارە گەنجینەیەکی دۆزیوەتەوە. ویستی قسەیەك لە مسکێنەکە دەربێنێ. دووبارە لێی پرسی:

-کاکی جوامێر، پێم بڵێ بۆچی دەتەوێ بزانی؟!

مسکێن بەدەم ئاخ هەڵکێشانەوە گوتی:

-هیچ، ئەگەر حەزناکەی پێم بڵێی پێویست ناکا. با هەستم بڕۆم. ئێستا فراوینم بۆ داندراوە.

ئاغا بایی بوون‌و لووتبەرزی خۆی لەبیر نەما. لە تەماعییان دەلەرزی.

لەدڵی خۆیدا گوتی:

-دەبێ پشتی ئەم مسکێنە بدەم بەزەویداو زێڕەکەی لەدەست دەربێنم.

ئینجا بە مسکێنی گوت:

-کاکی جوامێر، پەلەی چیتە بۆ ماڵەوە! ئەگەر برسیتە فەرموو فراوین لەگەڵ من بخۆ. نۆکەرینە، وەرن زوو خوان داخەن‌و قۆدکاش لەبیرنەکەن.

نۆكـەران دەسـت بـەجێ خوانیـان داخسـت- خـواردنو ڤۆدكـا ڕیزكرا. ئاغا پەشتە پەشتی لەبەر مسكێنەكە دەكرد. ئەم خواردنو ئەو خواردنی بۆ ڕادەگرتو دەیگوت:

-كاكی جوامێر، گوێ بە دابو نەریت مەدە! تا تێرو پڕ دەبی بخۆو بخۆرەوە!

مسـكێن بـێ قسـەی ئاغـای نـەدەكرد. ئاغـا هـەر قـاپی بـۆ پڕ خواردن دەكردو پەرداخی بۆ پڕ خواردنەوە دەكرد، ئەویش هەر دەیخواردو دەیخواردەوە.

مسكێن تێرو پڕی خواردو كە دەستی كێشایەوە، ئاغا گوتی:

-دەوجا ئێستا بڕۆ ئەو پارچە زێڕەتم بۆ بێنە كە بەقەد سەری ئەسپێك دەبێ. من لەتۆ باشتر پێم ساغ دەبێتەوە. بۆ پاداشتیش یەك ڕوبڵت دەدەمێ.

مسكێن گوتی:

-نەخێر، ئاغام. زێڕەكەت بۆ ناهێنم.

-بۆ نایهێنی؟

-چونكە نیمە، كە نەمبێ لە كوێی بێنم؟

ئەدی بۆ ویستت بزانی نرخی چەندە؟

-هەروا، مەراقم بوو!

ئاغا زۆر تووڕەبوو. ڕەنگی سوور هەڵگەڕا. پێی لەزەوی كوتاو نەڕاندی:

-هەی شێتو وێت، بڕۆ دەرەوە!

مسكێن وەڵامی دایەوە گوتی:

-ئاغای گەورەو مەزن، من ئەو شێتە نیم تۆ تێم گەیشتووی! من لەسـەر حیسـابی تـۆ گاڵتـەی خـۆم كـردو گـرەوی خـۆم بردەوەكـە سـێ فـەردە گـەنمو دووگـای شـاخ بـە گـەوە. ئـەم جـۆرە نیشەش ئەقڵی دەوێ.

وای گوتو بۆی دەرچوو.

(١٠)

# کەمانچەی سیحری

(هەقایەتێکی ئۆکرانییە)

هەبوو نەبوو کوڕێك هەبوو، هەر لە منداڵییەوە نای لێ دەدا. کە دەچووە بەرگاڕان لکە قامیشێکی دەبڕیەوەو نایەکی لێ دروست دەکردو نای لێ دەدا. کە نای لێ دەدا گایەکان لە لەوەڕ دەبوون، گوێیان مووت دەکردەوەو گوێیان رادەگرت. کە باڵندەی ئاسمان گوێیان لێ دەبوو کپ و بێ دەنگ دەبوون، بگرە بۆقی ناو گۆمانیش لە قیرە قیڕ دەکەوتن.

کوڕە شەو دەچووە بەر ڕەوەو لە مێرگ و میرغوزارەکان دەبوو بە بەزم و هەراو قریوە. کوڕی گەنج و کچی عازەب گۆرانیان دەچڕی و گەمەو لاقرتیان دەکرد... شەوەکە دەبوو بە شەوێکی گەرم و خۆش، زەوی هەڵم و بووغی دەدایەوە.

لەپڕ کوڕە دەستی بە نای لێدان دەکرد، یەکسەر هەموو کوڕو کچەکان کپ و بێ دەنگ دەبوون. هەست و خوستیان لە خۆیان دەبڕی. هەریەکە وای هەست دەکرد ئاوازی نایەکە جۆرە دەرمانێکە و سوکنایەتی بە دڵی برینداری دەدا، وای هەست دەکرد هێزێکی نهێنی بەرزی دەکاتەوەو بەرەو ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی شین و بێ کۆتایی دەبات.

ڕەوەوانی شەو، بەبێ جووڵە، کڕ دادەنیشتن. ئاگایان لە پەل و پۆی شەکەت و سکی برسی خۆیان نەدەما، دادەنیشتن گوێیان رادەگرت. هەریەکە هەستی دەکرد حەزدەکا تا دەمرێ هەر دابنیشێ و گوێ لەو ئاوازە سیحراوییە بگرێ.

ئاوازەکە دەوەستا بەڵام کەس نەیدەوێرا لە شوێنی خۆی بجوولێتەوە نەوەك ئەو دەنگو سەدا سیحراوییە بتارێنێ کە وەکو بولبولی ناو دارستانو ئاسمانی دوور گۆرانی بڵاو دەکردەوە.

کوڕەکە دووبارە نای لێ دەدا. ئەمجارە ئاوازێکی غەمگینی لێ دەدا، خەمو کەسەری بەسەر هەموو کەسدا دەباراند... پاڵەو گیشەکەر کە ئێوارێ وەختی زەردەپەڕ لەسەر پەرێزی ئاغاکانیان دەهاتنەوە دەوەستانو گوێیان لە ئاوازەکە دەگرت، بەڵام قەت لێی تێر نەدەبوون. ژیانیان لەبەرچاو بەرز هەڵدەکشا - هەژاریو ئەشکەنجە، ئاغای دڵڕەقو قازیو سەرکار... غەم بەجۆرێ دایدەگرتن حەزیان دەکرد بە ئاهو ناڵەوە غەمیان دەربڕن وەکو ئەوەی گوزارشت لە مەرگی خۆشەویستێك، یان چوونە شەڕی کوڕێکیان بدەنەوە.

لەناکاو ئاوازە غەمگینەکە دەگۆڕاو دەبوو بە ئاوازێکی خۆش: گوێگرەکان هەموو داسو شەنەو ڕنەیان تووڕهەڵدەدا، دایاندەبەستە شاییو هەڵپەڕکێ. پیاو، ژن، ئەسپ، درەخت، ئەستێرە، هەوری ئاسمان، هەموو هەڵدەپەڕین. سەراپای جیهان دەبوو بە سەماو بەزمو شایلۆغان.

هێزی سیحریی نەیژەنەکە بە جۆرێ بوو هەر چۆنی بویستایە بەو شێوەیە کاری لەدڵو دەروونی خەڵك دەکرد.

کاتێ کە نەیژەنی بچکۆلە گەورە بوو بووبە پیاو، کەمانچەیەکی بۆ خۆی دروست کرد. بەخۆو بە کەمانچەوە بەدونیادا دەگەڕا. دەچووە هەر شوێنی کەمانچەی لێ دەداو خەڵك خواردنو خواردنەوەیان پێشکەش دەکردو وەکو میوانێکی بەڕێز لەگەڵی دەجوولانەوە کە ماڵاوایشی دەکرد زۆر دیارییان پێشکەش دەکرد. کەمانچەژەن ماوەیەکی زۆر بە دونیادا گەڕا. خۆشی بوو بۆ خەڵکی باشو دەردوبەڵا بوو بۆ ئاغا نەگریسەکانو چڵ بوو بۆ تەنگەی

سەرداران، چونکە بچووبایە هەر شوێنێ ئیدی بەندەو کۆڵەواری ئەو شوێنە چیتر سەریان بۆ ئاغاکان دانەدەنواند.

ئاغاکان بڕیاریان دا کەمانچەژەن لەناو ببەن. یەک دووجار زەلامیان نارد بۆ ئەوەی بیکوژن، یان بیخنکێنن، بەڵام کەس زاتی نەدەکرد دەستی بۆ ببا، چونکە هەموو جوتیارەکان کەمانچەژەنیان خۆش دەویست و سەرکارەکان بە سیحربازیان دەزانی و لێی دەپرینگانەوە. ئینجا ئاغاکان دێوی بن دونیایان بانگ کردن، بەیەکەوە دانیشتن و پلانیان لەدژی کەمانچەژەن دانایەوە، دیارە هەموو کەس دەزانێ ئاغاو دێو بەیەک فلچە بۆیە کراون.

ڕۆژێکیان کەمانچەژەن بەناو دارستاندا دەڕۆیشت. دێوەکان دوازدە گورگی برسییان تێ بەردا. گورگەکان ڕێیان لە کەمانچەژەن گرت. دانیان چیڕکردەوەو چاویان وەک پشکۆ زەق کردەوە. کەمانچەژەن هیچ چەکی پێ نەبوو. تەنیا یەک توورەگەی پێبوو ئەویش کەمانچەکەی تێدابوو. کەمانچەژەن لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە، گوتی:

-"تازە فەوتام!"

حەزی کرد پێش ئەوەی بمرێ جارێکی تریش ئاوازێکی بە دڵی خۆی لێ بدا. ئیدی کەمانچەکەی لەناو توورەگە دەرهێنا، پشتی بەدرەختێک داو کەوانی بە ژێیەکانی کەمانچە داهێنا. کەمانچەکەی وەک ڕۆح لەبەر بەدەنگ هات. زایەڵەی ئاوازی کەمانچەکە لەناو دارستانەکەدا دەنگی دایەوە. یەکسەر هەموو دارو دەوەن لە جووڵە کەوتن. یەک گەڵا چییە نەدەهەژایەوە.. گورگەکان، کە لالغاوەیان کردبووەوە، برسێتیان هەر بەبیرنەما. لە شوێنی خۆیانەوە ڕەق وەکو پەیکەر ڕاوەستان و گوێیان ڕاگرت.

کە ئاوازەکە ڕاوەستا، گورگەکان وەک ئەوەی لەخەودا بووبن، ملیان نابۆ ناوجەرگەی دارستان و ڕۆیشتن. کەمانچەژەن ملی ڕێی

خۆی گرت و رۆیشت. رۆژ لە پەنا دارستانەکەوە چووبووە سەر ئاوا بوون، تیشکی زێرینی زەردەپەڕ بەسەر چڵەپۆپەی درەختەکانەوە دەتریسکایەوە، دونیا ئەوەندە کش و مات بوو تەنانەت دەنگی هەناسەش نەدەهات.

کەمانچەژەن لەسەر لێوی رووبارێک دانیشت. کەمانچەکەی دەرهێناو دەستی بە ئاواز لێدان کرد. ئەوەندە خۆشی لێ دەدا عەردو عاسمان گوێیان رادێرابوو، حەزیان دەکرد هەتا هەتایە هەر گوێ رادێرن. ئینجا نەوای گۆڕی و ئاوازی پۆلکا(سەمای بوهیمی)یەکی وا بە تەئسیری لێ دا، هەرچی لە دونیادا هەبوو کەوتە سەما- ئەستێرە وەك زریانی زستان کەوتنە خول و سوڕدان، هەور بە ئاسماندا کەوتە جم وجووڵ، ماسی خۆیان لەناو ئاو هەڵداو کەوتنە پەلەقاژە، ئاوی رووبار وەکو ئاوی کوڵاو جۆشی سەندو هەڵچوو، بگرە شای زەریانی ئاویش ئاگای لەخۆی نەماو چووە گەڕیا دیلانێ و ئەوەندە هەڵپەڕی تا ئاوی رووبارەکە بەسەر کەنارەکانیدا وەربوو، دێوەکان ترسان و مەکۆیان چۆڵ کرد، چونکە ئەو دێوانە هەر چەندە لەڕق و تووڕەییان دانیان لە کەمانچەژەن چیڕ دەکردەوە، بەڵام نەیاندەتوانی هیچی لەگەڵ بکەن.

کەمانچەژەن کە بینی شای زەریانی ناو ئاو لافاوی بەردایەوە سەرزەوی و باخچەو بەراوی خەڵك، دەستی لە کەمانچەژەنینی هەڵگرت و کەمانچەکەی خستەوە ناو توورەگەکەی و چووە رێی خۆی و رۆیشت، لەناکاو تووشی دوو ئاغای گەنج بوو، گوتیان:

-کەمانچەژەن، ئەمشەو ئاهەنگمان هەیە، وەرە کەمانچەمان بۆ لێدە، کرێیەکی باشت دەدەینێ.

کەمانچەژەن بیری کردەوە: چ بکا؟ چ نەکا؟ شەو تاریك و ئەنگوستە چاوە. چ جێ نییە لێی بخەوێ، پارەشی نییە.. جا گوتی:

-باشە، دێم کەمانچەتان بۆ لێ دەدەم.

ئاغا گەنجەکان کەمانچەژەنیان بردە کۆشکێك ئەوەندەی ئاغای گەنج و خانم و خاتوون تێدابوو هەر مەپرسە!

لەگەنێکی گەورە لەسەر مێزێك دانرابوو. ئاغاو خانمەکان یەك لە دوای یەك دەچوونە سەری و هەریەکە بەنۆرە پەنجەی لە لەگەنەکە هەڵدەکێشا و بەچاوی خۆی دادەهێنا. کەمانچەژەنیش تەبای ئەوان چووە سەر لەگەنەکەو پەنجەی لەناو راکردو بە چاوی خۆی داهێنا. هەر هێندە پەنجەی بە چاوی داهێنا دیتی ئەوە کۆشك نییە تێیدان بەڵکو بنی دونیایە. ئەوانەی لەوێشن ئاغاو خانم نین، بەڵکو دێوو سیحربازن.

کەمانچەژەن لە دڵی خۆیدا گوتی:

-ئۆی! کەواتە ئەمەیە ئاهەنگەکە! باشە، بوەستن ئێستا ئاوازێکی خۆشتان بۆ لێ دەدەم.

کەمانچەژەن کلیلی کەمانچەکەی رێکخست. کەوانی بە ژێیە زیندووەکان داهێنا. ئەو ناوە هەمووی وردو خاش بوو، بوو بە تۆزو غوبار. دێوو سیحربازەکان پەرتان پووتانیان پێ کەوت، بزربوون و جارێکی تر دەرنەکەوتنەوە.

*        *        *

## (١١)

# بۆچی جورجه كوێرەو ڕێوی لە كوندا دەژین؟

(هەقایەتێكی بێلە رووسییە)

دەڵـێن(ئۆبـاڵ بـە ملـی ئـەو مامۆسـتایەی گـوێم لێ بـووە)، لەسـەردەمی هـەرە كـۆن نەگیانـداری كێـویو نەگیانـداری مـاڵی كلكیان نەبوو، تەنیا شێری شای دڕندان كلكی هەبوو.

گیاندارەكان بەبێ كلك ژیانیان زۆر ناخۆش بوو... هەر چۆن بێ، زستان دەقـەتا، بـەڵام كـە هـاوین دادەهـات مـێشو پێشـكە هەراسانیان دەكردن. ئاخر وایە خۆیان بە چی پاس بكەن؟ زۆر گیانـدار بـەهۆی پێوەدانی مێشـەكەرانەو شـتی تـرەوە دەتـۆپین كـە پێیانەوە دەنووسانو نەیاندەتوانی لە خۆیانیان دەربكەن.

كاتێ كە شێری شـای دڕنـدان بەمـەی زانـی، ویسـتی لـەم دەردو بەڵایە یارمەتییان بدا. فەرمانیدا هەموو گیاندارەكان بێنە لای بۆ ئەوەی یەكەو كلكیان پێشكەش بكا.

جاڕچی پاشا بە سەراپای دونیادا بڵاوبوونەوە. وەكو(با) تێیان تەقاندو كـەڕەنایان لێداو تـەپ تـەپ تـەپڵیان كوتا. گەیشتنە گورگ فـەرمانی پاشـایان پـێ ڕاگەیانـد. (گـا)و جورجـە كوێرەیـان دی بەوانیشیان گوت، ڕێوی، پەڕەسێلكە، كەروێشـك، شـوور، یەكانـەو ئەوانەی تریشیان هەموو بانگ كرد. بە هەمووانیان ڕاگەیاند تـەنیا ورچ نەبێ. ماوەیەكی زۆر بەدوای ورچدا گەڕان. ئاخیری لەلانەكەی خۆی دۆزیانەوە لە شیرین خەودا بوو.. جووڵاندیانـەوە، بە ئاگایـان هێنا. پێیان گوت لەز بكا بچێ كلك بۆ خۆی وەربگرێ.

بەڵام كێ دیویە ورچ خۆی تـەنگاو بكا؟! ورچ وارە وارە بە تەپـە تـەپ كـەوتـە ڕێ. پێیـەكی بڵـند دەكـرد، پێیـەكی دادەنـا، چـاوی

بەدەروبەری خۆیدا دەگێڕا، بۆنی بە هەواوە دەکرد بەڵکو لەلایەکەوە بۆنی هەنگوینی بکەوێتە بەر کەپوو. لەپڕ تەماشای کرد، شانە هەنگوینێکی لەناو کەلەنە دار لیمۆیەك بەدی کرد. ورچ لە دڵی خۆیدا گوتی:

-(کۆشکی پاشا دوورە. واچاکە شتێ بخۆم ئینجا بکەومەڕێ).

بەم جۆرە ورچ بە درەختەکە هەڵگەڕاو دیتی درزی دارەکە تا دەرك و لێوان پڕە لە هەنگوین. لە خۆشییان مرەیەکی لێوەهات و دەستی پێ کرد هەنگوینی ناو درزەکەی دەرهێناو خواردی. کەتێربوو، سەیرێکی خۆی کرد دیتی هەموو لەشی پەڵە هەنگوین و پارچە قەرقەشانە. لەدڵی خۆیدا گوتی:

-"چۆن دەبێ بەم جۆرە بچمە بەردەم پاشا!"

چووە دەم روبارو تیسکی خۆی جوان شووشت. لە تەلانی راکشاو خۆی دایە بەرخۆر بۆ ئەوەی وشك بێتەوە. رۆژەکە زۆر گەرم بوو خێرا خەوی لێکەوت و کەوتە پرخ و هۆڕ.

لەولاوەش هەموو گیاندارەکان لەبەردەم کۆشکی پاشا کۆببوونەوە. یەکەم جار ڕێوی هات. تەماشای کرد یەك قۆپەنە کلکی لە پێش کۆشکدا بینی- کلکی درێژو کلکی کوڕت، کلکی رووت و کلکی تووکن. ڕێوی ئیکلامی بۆ پاشا کێشاو گوتی:

-پاشای زرنگم سەلامەتداربێ، من یەکەم کەس بووم بەدەم بانگەوازی تۆوە هاتم. جا تکات لێ دەکەم ماوەم بدە باشترین کلك بۆ خۆم هەڵبژێرم.

بێگومان پاشا هیچ باکی پێ نەبوو داخۆ ڕێوی کام کلك هەڵدەبژێرێ، بۆیە گوتی:

-زۆر باشە، تێ کەوە کلکێکی بە کەیفی دڵی خۆت هەڵبژێرە!

ڕێوی فێڵباز کەوتە ناو کلکەکان کلکێکی درێژو تووکنی لە هەموو کلکان جوانتری بۆ خۆی هەڵبژاردو ڕۆیشت. شێر هێشتا نەیدەزانی چتۆ سەخاوەتی لەگەڵ نواندوە.

دوای ڕێوی، سمۆرە بە قوونە بازان هات. ئەویش کلکێکی بۆ خۆی دۆزییەوە، دەق وەکو کلکی ڕێوی وا جوان بوو، بەڵام نەختێ لەو بچووکتر بوو.

پاش ئەوان پەڕەسێلکە هات. ئەویش کلکێکی جوانو بۆری بۆ خۆی هەڵبژارد.

شوور کلکێکی زۆر درێژی سەربەگۆڤکی چڕی بۆ خۆی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی مێشەکەرانەو شتی تری پێ لەخۆی پاس بکا.

جورجە کوێرە کەنۆرەی هات هەڵمەتی بۆ کلکێکی پانو ئەستوور برد. ئەسپ کلکێکی وەرگرت سەراپای موو بووو هیچی تر. کلکەکەی بەخۆیەوە لکاند، بەلاڕەفیسکی ڕاستەی داهێنا، بەلاڕەفیسکی چەپەی داهێنا، کەدیتی کلکی زۆر چاک مێشەکان دەپێکێ لە خۆشییان حیلەیەکی بۆ کردو گوتی:

–ئەمە، واتە نەمانی مێش!

ئینجا بایداوەو بەرەو مێرگو پاوانی خۆی تێی تەقاند.

دوا دواییەکەی کەروێشك بە غار هات، پاشا لێی پرسی:

–ئەوە لە کوێ بووی؟ تەنیا یەك کلکی بچووکم لەلاماوە.

کەروێشك بە شادومانییەوە گوتی:

–مەمنوونم. بۆ من زۆرباشە. سەرو زێدەیە. کلکی کورتیش وەکو کلکەکانی دی سوودی هەیە. کە گورگو سەگ ڕاوم دەنێنو لەبەریان هەڵدێم، لە پێم نائاڵێ. کەورێشك کلکە قوتەی لە خۆی چەسپاندو توندی کرد. یەك دووبازی هەڵداو بە شادومانییەوە ڕایکردەوە ماڵێ.

شێر پاش ئەوەی هەموو کلکەکانی بەخشییەوە، چوو نووست. لەولاوەش ورچ تا بەرەبەری ڕۆژئاوا بەخەبەر نەهات. کە خەبەری بووەوە ئەوسا بیری کەوتەوە دەبێ نەختێ پەلە بکا بۆ ئەوەی بچێتە کۆشکی پاشاو کلکێك بۆ خۆی وەربگرێ. ڕۆژ خەریك بوو لە پەنا دارستانەکە دەچووە خوارێ. ورچ بە تەپ و تەوەزلی لەسەر هەر چوار پەلان گلۆربووەوە. رایکرد. بەستەزمانەی هێند بەزەحمەت و مشەققەت رایدەکرد هەموو گیانی نیشتبووە سەر ئارەقە. بەهەر جۆرێ بوو خۆی گەیاندە بەردەم کۆشکی پاشا. تواهوو!! هیچ کلك لەوێ نەبوو. نەهیچ کلك هەبوو، نەکەسیش لەوێ بوو. ورچ لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"باشە ئێستا ئەمن چ بکەم؟ هەموو کەس دەبێ بە خاوەنی کلکی خۆی تەنیا من نەبێ."

ورچ گەڕایەوە. بە تەپە تەپ، بە تووڕەیی ڕوویی کردەوە دارستانی خۆی. هێدی هێدی دەڕۆیشت. لە ڕێگادا چی دی؟ چی نەدی؟ جورجە کوێرەی دی لەسەر کۆتەرەدارێك دەسووڕاو یاری بە کلکی خۆی دەکردو شانازی پێوە دەکرد. ورچ گوتی:

-هۆ جورجە کوێرە! گوێت لێ بێ پێت بڵێم. تۆ کلکت بۆ چییە؟ وەرە بیدە بە من.

جورجە کوێرە راچڵەکی و بەرپەرچی قسەی ورچی دایەوە:

-ورچەکە، ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ کەس هەیە کلکی وا جوان لەدەست خۆی بدا؟

ورچ چەپۆکی قورسی خستە سەر کلکی جورجە کوێرەو بۆڵاندی:

-ئەگەر بە ئارەزووی خۆت نەمدەیتێ، بە خورتی لێتی دەسەنم!

جورجە کوێرە هاواری کرد:

-نایبەی!

ئینجا بە هەموو هێزی خۆیەوە، خۆی لە ژێر چەپۆکی ورچ ڕاپسکاندو دەرپەڕی هەڵات.

ورچ تەماشای کرد پارچە تیسکێکی جورجە کوێرەو سەری کلکی لەناو چەپۆکی بەجێ مابوو. پارچە تیسکەکەی فڕێدا، سەرە کلکەکەی لە خۆی قایم کردو چوو ئەو هەنگوینە تەواو بکا کە لە درزی درەختەکەدا مابوو.

کەچی جورجە کوێرە زەندەقی چوو. نەیزانی لەترسان چ بکاتو بچێتە کوێ؟ بچووبایە هەر شوێنێ وای دەزانی ئێستا نا ئێستا ورچ دەگاتە سەریو ئەوەندە کلکەی مایەتی لێی دەسەنێو دەیبا، جا هەستا کونێکی گەورەی لە زەوی هەڵکۆڵیو کردی بە ماڵو لێی داکوتا. برینی پشتیشی ساڕێژ بوو، تەنیا جێی پچڕانی تیلمە پێستەکەی پشتی، خەتێکی ڕەشی پێوەما. ڕەشاتیەکەی نەچووەوە!

ڕۆژێ، ڕێوی لەو ناوە دەخولایەوە. چاوی بەکونێك کەوت لە زەوی لێ درابوو. پرخو هۆڕێکی بەرزی لێدەهات. وەکو سەرخۆشان چوە ناو کونەکە. دیتی جورجە کوێرەیەو خەوێکی قووڵی لێ کەوتووە.

ڕێوی بەسەر سامی لێی پرسی:

–جیران، ئەوە لەسەر زەوی جێت نابێتەوە؟ چییە؟ هاتووی لێرە خۆت لەژێر زەوی شاردۆتەوە؟!

جورجە کوێرە ئاخنکێکی هەڵکێشا:

–نەخێر، ڕێوی گیان، جێم نابێتەوە. ئەگەر لەبەرخواردن ناچار نەبوومایە دەربچم بۆ ڕاو، شەویش ئەم کونەم جێ نەدەهێشت.

ئینجا جورجە کوێرە بۆ ڕێوی باس کرد بۆچی جێی لەسەر زەوی نابێتەوە.

ڕێوی لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"ئێ هێ! مادام ورچ ویستبێتی كلك له جورجه كوێره بسەنێ، دیاره منیش مەترسی كلك له دەستدانم له پێشه! كلكی من سەد قات له كلكی ئەو جوانتریشه."

بەم جۆره ڕێوی رای كرد بۆ ئەوەی شوێنێك بدۆزێتەوه خۆی له ورچ بشارێتەوه. شەو تا بەیانی گەڕا بەڵام هیچ شوێنی وای نەدۆزییەوه. بەرەبەری بەیانی بوو، كونێكی وەكو كونی جورجه كوێرەی بۆ خۆی لێ دا. خۆی تێدا ئاخنی و كلكه تووكنەكەی بەسەر خۆی‌دا داو به دڵنیایی لێی نووست.

لەوساوه جورجه كوێرەو ڕێوی له كوندا دەژین. ورچیش تا ڕۆژی ئەمڕۆ تەنیا قوته كلكێكی وردو بچووكی پێوەیەو بەس!

*           *           *

(١٢)

# ڤاسیل چۆن عەزیای بەزاند؟

(هەقایەتێکی بێلە رووسییە)

وابێ یان وانەبێ، راست بێ یان درۆبێ، با گوێ بگرین بزانین هەقایەتەکە چ دەڵێ. هەقایەتەکە دەڵێ:

جارێکیان عەزیایەکی زۆر ترسناك و تۆقێنەر هاتە وڵاتێك و لە دامێنی چیایەك و لە ناوەندی لێرەوارێك کونێکی قووڵی بۆ خۆی لێ داو تێیدا راکشا بۆ ئەوەی بحەسێتەوە.

عەزیا ماوەیەکی زۆر حەسایەوە یان کەم، کەس بە بیری نایە، بەڵام کە دوای نووستنێکی زۆر بەخەبەر هات، تا هێزی تێدابوو نەڕاندی بۆ ئەوەی هەموو کەس گوێی لێ بێ:

-هۆ خەڵکینە! پیاوینە، ژنینە، پیرینە، گەنجینە! وەرن، دەبێ هەر یەکەتان رۆژێ خاوەیەکم بداتێ. دەبێ یەکێ مانگام بۆ بێنێ، یەکێ مەڕ، یەکێ بەراز... ئەوەی بە قسەم بکا سەری خۆی دەکڕێتەوەو دەژی، بەڵام ئەوەی بە قسەم نەکا تێکی دەشکێنم و لەناوی دەبەم.

خەڵکەکە زۆر ترسان. عەزیاکە داوای هەرچی خاوەیەکی لێ کردن پێشکەشیان کرد. ئەمە ماوەیەکی زۆری خایاند. تا رۆژێ داهات هیچ نەما پێشکەشی بکەن... بەڵام عەزیای چاو بە خوێن دڕندەیەکی وابوو هیچ رۆژێ بێ کوشتن و خواردنی گیاندارێك نەدەحەوایەوە. ئیدی ورشەی دەهات لەم گوندەوە دەفڕی بۆ ئەو

گوندو هەر کەسێکی بکەوتایە بەردەستی دەیگرت‌و دەیبردە ناو کونەکەی خۆیەوە.

خەڵکەکە وەکو وێڵ‌و سەرگەردان بن ئاوا دەکرووزانەوە، دەگەڕان دەرەتانێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە چنگ عەزیای دڵڕەق رزگار بکەن، بەڵام بێ هوودە بوو.

لەو سەرو بەندەدا، کابرایەکی ڤاسیل ناو لەوناوە پەیدابوو. تەماشای کرد خەڵکەکە هەموو عاجزو غەمبارن، ئاهی سارد هەڵدەکێشن‌و بە کوڵ دەگرین، پرسی:

–ئەوە چ خێرتانە؟ بۆچی دەگرین‌و دەناوڕێنەوە؟

خەڵکەکە باسی دەردی خۆیان بۆ کرد. ڤاسیل دڵی دانەوەو گوتی:

–هێور بنەوە، خەمتان نەبێ. من لەعەزیا رزگارتان دەکەم!

ڤاسیل دەستی دایە گورزێکی گران‌و چوە ئەو لێڕەوارەی عەزیاکەی تێدا دەژیا. کە عەزیا چاوی بە ڤاسیل کەوت، چاوە زلەو سەوزەکانی سووڕاندو پرسی:

–ئەوە بۆچی بەخۆت‌و بەو گورزەوە هاتووی؟

ڤاسیل وەڵامی دایەوە:

–هاتووم تۆ بتۆپێنم!

–ئۆی! ئۆی! چەند ئازایە! تا زووە بۆ خۆت راکەو رۆحی خۆت قوتارکە! ئەوەك یەك فووت لێ دەکەم سێ میل فڕێت دەدەمە ئەولاوە.

ڤاسیل زەردەیەکی هاتێ:

–خۆت هەڵمەکێشە پیرەداوەڵ، من دڕندەی لەتۆ خراپترم دیوە!

ئێستا دەبینین کامەمان فووی بە هێزتر دەکا. فەرموو تۆ فووی خۆت بکە!

ئەوسا عەزیا فووی کرد. فوویەکی ئەوەندە بە هێزی کرد گەلای درەختەکانی لەگەڵ هەڵوەرین، ڤاسیل بە چۆکدا چوو بەڵام یەکسەر قیت بووەوە سەرپێ و گوتی:

-ئەمە هەر هیچ نییە، گەمەی منداڵانە! ئێستا نۆرەی منە! بەڵام دەبێ لە پێشا چاوت ببەستیتەوە نەوەك چاوت لەگەڵی دەرپۆقێ!

عەزیا دەسرۆکێکی لە چاوی بەست. ڤاسیل خۆی خێواندێ، گورزێکی وای لە تەوقی سەریدا ئاگری لە چاوان هەستاند.

عەزیا گوتی:

-چۆن دەبێ تۆ لەمن بە هێزتربی؟! وەرە دووبارە خۆمان تاقیبکەینەوە. بائەمجارە بزانین کامەمان بەهێزترەو بەردی پێورد دەکرێ.

ئەوسا عەزیا دەستی دایە بەردێکی ١٠٠باتمانی. بەچرنوکەکانی رایگوشی، ئەوەندە بەتوندی رایگوشی کردی بەگەردو تۆز بەری ئاسمانی گرت.

ڤاسیل پێکەنی و گوتی:

- ئەمە هەر هیچ نییە! ئەگەر ئازای رایگوشەو ئاوی لێ بێنە!

عەزیا ترسا. هات بێتە رایێ کە ڤاسیل لەو بەهێزترە. تەماشایەکی گورزەکەی ڤاسیلیکردو گوتی:

- فەرموو! هەرچی دەخوازی بتدەمێ!

ڤاسیل وەڵامی دایەوە:

- مـن هیچـم نـاوێ. لەماڵـەوە هـەموو شـتێکم لەبڕانـە. هەمووشتێکم لەتۆ زیاترە!

عەزیا بە دڕدۆرنگی گوتی:

- بەڕاستیتە!؟

- ئەگەر باوەڕ ناکەی، وەرە خۆت بیبینە!

بـەم جـۆرە هـەردووکیان سـواری گالیسـکەیەك بوون وهاژوایـان عـەزیا زۆر برسـی‌بوو. لەپەڕگـەی دارسـتانێکدا گـاڕانێکی دی، بەڤاسیلی گوت:

- بڕۆ گایەك بگرە، بیهێنە بیکەینە پاروویەك و بیخۆین!

ڤاسـیل چـووە نـاو دارسـتانەکەو خـۆی بەچـنینی ریشـاڵی دارلیمۆوە خەریك کرد. عەزیا هەر چاوەڕێی کرد، چاوەڕێی کرد... ئاخیری بەدووایدا چوو، لێی پرسی:

- ئەوە بۆ هێندە دوا کەوتی؟

ڤاسیل وەڵامی دایەوە:

- نابینی ریشاڵی دار لیمۆ دەچنم؟

- جا ریشاڵت بۆچییە؟

- دەمەوێ پەتێکی لێ بهۆنمەوەو بەیەك جار پێنج(گا)ی پێ جەلە بکەم و بۆ فراوین بیانهێنم!

- پێنج(گا)مان بۆچییە؟ یەکمان بەسە!

عەزیا پشتی ملی گایەکی گرت و رایکێشا بۆ لای گالیسکەکەو بەڤاسیلی گوت:

- ئێستا بڕۆ هەندێ دار بێنە. (گا) کە ببرژێنین!

ڤاسیل چوە ناو دارستانەکەو لەژێر دار بەڕوویەك دانیشت. جگەرەیەکی تێکردو دەستی بەجگەرەکێشان کرد.

عەزیا ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی کرد. ئاخیری دیقیکرد، بەدوو ڤاسیلدا چوو، لێی پرسی:

- ئەوە بۆچی هێندە درەنگت بەسەردا هات؟

- دەمەوێ دە دوازدە دار بەڕوو بێنم. بۆیە دەمەوێ چڕوپڕترین دار بەڕوو هەڵبکەنم.

- عەزیا گوتی:

- دە دوازدە دار بەڕوومان بۆچییە؟ یەکمان بەسە.

عەزیا داربەڕوویەکی هەرە چڕی گرت و یەك جار بای داو لەبن و بۆتکەوە هەڵی کێشا.

چوو گاکەی برژاندو گازی ڤاسیلی کرد بچێ لەگەڵی بخوا. ڤاسیل گوتی:

فەرمووخۆت بخۆ! من لەماڵەوە خواردنم بۆ هەڵگیراوە. گایەك بۆمن هیچ نییە. دەکاتە یەك پاروو.

عەزیا گاکەی خواردو لچی لستەوە.

عەزیاو ڤاسیل سواری گالیسکە بوونەوەو ڕۆیشتن. گەیشتنە ماڵی ڤاسیل. منداڵەکانی ڤاسیل لەدوورەوە دیتیان باوکیان هاتەوە، بەشادومانی هاواریان کرد:

- باوکمان هاتەوە! باوکمان هاتەوە!

بەڵام عەزیا لەقسەیان نەگەیشت. پرسی:

- ئەوە منداڵ هاوار دەکەن، چ دەڵێن؟!

- ئـەوە خۆشـی خۆشـییانە کـە تۆیـان بـۆ دەکەمـە فـراوین چونکە زۆر برسین.

- عەزیا، کە ئەمـەی بیسـت بـە جاریٚ زەنـدەقی چـوو. لەسـەر گالیسـکەکە بـازی داو هـەڵات... ڕێگـا بەلـەد نـەبوو، هەڵەتـە بـوو، کەوتــە نــاو زەنــەکێك، زەنــەکێکی ئەوەنــدە قــووڵ بــوو کــەس نەدەگەیشتە بنی. عەزیا لەو زەنەکە نقووم بووو خنکا.

*　　　　*　　　　*

## (١٣)
# پیلیپکا

(هەقایەتێکی بێلە رووسییە)

هەبوو نەبوو، ژنو مێردێك هەبوون. هیچ منداڵیان نەبوو. ژنەکە هەمیشە هەناسەی ساردی هەڵدەکێشاو خەمی دەخوارد، چونکە کەسی نەبوو لەناو بێشکەی بنێ و رایبژەنێ و ماچی بکاو ژێری بکاتەوە.

رۆژێ، کابرا چووە ناو دارستانو چڵە دارجاوێکی بڕیەوەو هێنایەوە ماڵێ، دایە ژنەکەیو پێی گوت:

-حورمێ، هانێ ئەم چڵە دارە بخە ناو بێشکەو رایژەنە! ژنەکە چلە دارەکەی لەناو بێشکە ناو رایژەنیو لایلایەی بۆ گوت:

-لایەلایە کوڕی گچکەم لایلایە!

لایلایە سپی پێستە چاوڕەشەکەم، لایلایە!

ژنەکە رۆژێك چڵەدارەکەی راژەنی، دوو رۆژ رایژەنی، رۆژی سێیەم بینی چڵەدارەکەی ناو بێشکە بۆتە کۆرپەیەکی نێرینە. ژنو مێردەکە لە خەنی خۆشییان شاگەشکەبوون. ناویان لە کۆرپەکە نا(پیلیپکا)و زۆر بە دڵو داو بەخێویان کرد.

کە پیلپیکا فراژی بوو، بە باوکی گوت:

-باوکە، بەلەمێکی زێڕو سەوڵێکی زیوم بۆ دروست بکە، دەچمە راوە ماسی.

باوکە بەلەمێکی زێرو سەوڵێکی زیوی بۆ دروست کردو رەوانەی گۆلێکی کرد راوەماسی بکات.

پیلیپکا زۆر بە پەرۆشەوە کەوتە راوەماسی. رۆژو شەو راوە ماسی دەکرد. ماسییەکان ئەوەندە بە ئاسانی چەشەیان دەخواردو پێوە دەبوون کە پیلیپکا دەرفەتی چوونەوە ماڵی بۆ رێک نەدەکەوت. دایکی فراوینی بۆ دەبرد. دەچووە دەم گۆلەکەو بانگی دەکرد:

-پیلیپکا، کورم، نیوەڕۆیە. ها ئەم پارچە کولێرەیە بخۆ!

پیلیپکا دەچووە کەنار وچی ماسی گرتبوو لەوێ فڕێی دەداو کولێرەکەی لە دایکی وەردەگرت و دەیخوارد، سەوڵی لێ دەداو دەگەڕایەوە ناو گۆلەکە.

(بابا- یاگا)ی پیرەژنی عەییاری قامچی بەدەست، رۆژێ گوێی لێ بوو دایکە چۆن بانگی پیلیپکای کرد، بڕیاری دا ئەویش بچێ بەم جۆرە بانگی بکات و کە هات بیفەوتێنێ.

ئیدی فەردەیەک و شیشەیەکی هێناو هاتە دەم گۆلەکەو بانگی کرد:

-پیلیپکا، کورم، نیوەڕۆیە. ها ئەم پارچە کولێرەیە بخۆ!

پیلیپکا وایزانی ئەمە دایکی خۆیەتی بانگی دەکا. بەسەوڵ لێدان بەرەو کەنار هات. بابا- یاگا شیشەی لە بەلەمەکە گیرکردو رایکێشا سەر کەنار. پیلیپکای گرت و خستییە ناو فەردەکەو هاواری کرد:

-تازە ماسی گرتنت چوو! چیدی راوەماسی ناکەی!

فەردەکەی بەشانی داداو بە چڕترین شوێنی دارستانەکەدا بردی. بەڵام ماڵی دوور بوو. هەر زوو شەکەت و ماندوو بوو. دانیشت بۆ ئەوەی پشوویەک بدا. یەکسەر خەوی لێکەوت. پیلیپکا

لەناو فەردەکە هاتە دەرەوە. فەردەکەی پڕ بەردی گەورەو گران کردو خۆی گەڕایەوە ناو گۆلەکە.

بابا- یاگا بە خەبەر هات و فەردەکەی بە کۆڵی داداو بە پرتەوبۆڵە بردییەوە ماڵێ و بە کچەکەی گوت:

-هانێ ئەم ماسیگرەم بۆ فراوین بۆ ببرژێنە.

ئینجا دەرکی فەردەکەی کردەوە. بنی هەڵتەکاندو رۆی کردە سەر زەوی، چ رۆ بکا؟ تەنیا بەردی گەورەو گرانی لێ هاتە دەرێ و هیچی تر. بابا- یاگا زۆر تووڕە بوو. بە هەموو هێزی خۆیەوە نەڕاندی:

-پێت نیشان دەدەم. قەیدی نییە تەفرەم بدە!

هەر رایکرد بۆ کەناری گۆلەکەو بانگی پیلیپکای کرد:

-پیلیپکا، کوڕم، نیوەڕۆیە. ها ئەم پارچە کولێرەیە بخۆ!

پیلیپکا گوێی لە دەنگی بووو وەڵامی دایەوە:

-چاکت دەناسم! تۆ دایکی من نی. تۆ بابا- یاگای! دایکی من دەنگی زۆر لە دەنگی تۆ ناسکترە.

ئەوەندەی بابا- یاگا بانگی کرد، ئەم بەدەنگییەوە نەچوو.

بابا- یاگا لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"گرنگ نییە. دەچم دەنگی خۆم ناسک دەکەم.

هەر رایکرد چووە لای ئاسنگەرو گوتی:

-ئاسنگەر! زمانم تیژو ناسکتر بکە!

-باشە، وەرە زمانت بخەسەر زندانەکەم!

بابا- یاگا زمانی درێژی دەرهێناو خستییە سەر زندان. ئاسنگەر دایە بەر چەکوچان تا تەنك تەنکی کرد.

ئەوسا بابا- یاگا رایکرد چووەوە لای گۆلەکە. ئەم جارە بە دەنگێکی نەرمو ناسك بانگی پیلیپکای کرد

-پیلیپکا، کوڕم، نیوەڕۆیە. ها ئەم پارچە کولێرەیە بخۆ!

پیلیپکا گوێی لێ بوو، وای زانی ئەمجارە دایکی خۆیەتی بانگی دەکا. بەسەوڵ لێدان چووە سەر کەنار. بابا-یاگا پڕی دایەو خستییە ناو فەردەکەو بردی.

بابا- یاگا خەنی بوو، هاواری کرد:

-تازە ناتوانی جارێکی دی تەفرەم بدەی!

یەکسەر بردی‌و بێ وەستانو پشوودان گەیاندییەماڵەوە. لەوێ فەردەکەی کردەوە، هەڵی تەکاندو پیلیپکای فڕێ دایە دەرێو بە کچەکەی گوت:

-ئەمە بوو خاپینۆك! خێرا سۆبەیەك داخەو بۆ فراوین بیبرژێنە.

وای گوتو چووە دەرەوە.

کچەکەی سۆبەی داخست. خاکە ناسێکی هێناو بە پیلیپکای گوت:

-لەسەر ئەم خاکەناسە راکشێ تا بتخەمە ناو سۆبەکە.

پیلیپکا لەسەر پشت لەسەر خاکە ناسەکە راکشاو لاقەکانی بەرزکردەوە.

کچی بابا- یاگا هاواری کرد:

-ئاوها نا، نا! ئەگەر لاقت بەرزکەیتەوە ناتوانم بتخەمە ناو سۆبەکە.

پیلیپکا لاقـەکانی بەردایـەوەو لەسـەر خاکەناسـەکە شـۆڕی کردنەوە. کچی بابا- یاگا دیسانەوە هاواری کرد:

-ئەوها نا، نا!

پیلیپکا پرسی:

-ئەدی چۆن؟ دەتۆ پیشانم بدە.

کچی بابا- یاگا سەرسام و مەندەهۆش بوو، گوتی:

-کوڕە تۆ چەندگێل و کەودەنی! تەماشاکە، ها ئەوها دەبێ!

کچە خۆی لەسەر خاکەناسـەکە پان کردەوە. پیلیپکا بە پەلە دەستی دایە خاکەناسـەکەو رووی کـردە نـاو سـۆبەی داگیرسـاوو سەری سۆبەکەی قەپات کردو شیشەی بابا- یاگای لەسەر دانا بۆ ئەوەی کچەکە نەتوانێ باز بداتە دەرەوە.

پیلیپکا لـە زنجی بابا- یاگا رای کـردە دەرەوە. سـەیری کـرد بابا- یاگـا وا بـەرەو مـاڵ دێتـەوە. بـەدار هـەنجیرێکی بـەرزو چڕ هەڵگـەڕاو خـۆی لـەناو گەڵاوچـڵ و چێودا شـاردەوە. بابـا- یاگـا گەیشتەوە نـاو زنجەکـەی. بـۆنێکی کـرد. بـۆنی گۆشـتی بـرژاو لـە کەلـلـەی دا. گۆشـتەکەی لەسـۆبە دەرهێنـا. هـەمووی خـواردو ئێسکەکانی فڕێ دایە حەوشە. بەدەوری ئیسـەکەکاندا دەسووڕاو دەیگوت:

کەوتم، کەوتمە سەر ئێسکان!
دەگەوزم، دەگەوزم لەسەر ئێسکان!
گۆشتی پیلیپکام خواردووە!
خوێنی پیلیپکام نۆشیوە!

پیلیپکا لە حەشارگەی خۆیەوە دەنگی لێوە هەستاو گوتی:

بکەوە، بکەوە سەر ئێسکان!

بگەوزە، بگەوزە لەسەر ئێسکان!

گۆشتی کچی خۆت خواردووە!

خوێنی کچی خۆت نۆشیوە!

بابا- یاگا گوێی لێ بوو. لەڕکان ڕەش و شین هەڵگەڕا. غاری دایە دار هەنجیرەکەو دایە بەر قەپ و کەڵبە. ددانی شکا، بەڵام درەختەکە لە شوێن خۆی نەبزووت. بابا- یاگا رایکرد، چووە لای ئاسنگەرو گوتی:

-ئاسنگەر، تەورێکی پۆڵام بۆ دروست کە نەوەك هەموو منداڵەکانت دەخۆم.

ئاسنگەر ترسا. ناچار بوو تەورێکی بۆ دروست کرد.

بابا- یاگا دەست بە تەور رایکردەوە لای دار هەنجیرەکەو بە تەوران وەری گەڕایێ بۆ ئەوەی بیبڕێتەوە.

پیلیپکا گوتی:

-لە دار مەدە، لەبەر دە!

بابا- یاگا گوتی: لەبەرد مەدە، لەدار دە!

پلیپکا دووبارەی کردەوە:

-لە دار مەدە! لەبەرد دە!

لەناکاو تەورەکە بە بەردێك کەوت. دەمی پارچە پارچە بوو. بابا- یاگا لە ڕکان مڕاندی. پڕی دایە تەورەکەو گەڕایەوە لای ئاسنگەر بۆ ئەوەی تەورەکە تیژ بکاتەوە.

پیلیپکا هەستی کرد دار هەنجیرەکە خەریکە بەلایەکدا لار دەبێتەوە. بابا- یاگا نزیکەی تا نیوەی بڕیبووەوە. بیری کردەوە تا

زووەو کار لە کار نەترازاوە خۆی رزگار بکا. لەوکاتەدا رەوە قازێك بەسەر سەریدا تێپەڕین، ئەویش بانگی کردن:

-هۆ قازینە، قازینە، مەقیڕێنن!

یەکەو پەڕم بۆ بەردەنەوە

تا لەگەڵ ئێوەدا بفڕم

بچمەوە لای دەیبابم

لەوێ هەقتان چی بوو دەتاندەمێ!

قازەکان یەکەو پەڕیان بۆ بەردایەوە. پیلیپکا نیو باڵی لە پەڕەکان بۆ خۆی دروست کرد. رەوە قازێکی دی هاتن. پیلیپکا بانگی ئەوانیشی کردو گوتی:

-هۆ قازینە! قازینە! مەقیڕێنن!

یەکەو پەڕم بۆ بەردەنەوە.

تا لەگەڵ ئێوەدا بفڕم

بچمەوە لای دەیبابم

لەوێ هەقتان چی بوو دەتاندەمێ.

رەوە قازی دوەمیش یەکەو پەڕیان بۆ بەردایەوە.

رەوە قازی سێیەم هاتن، رەوە قازی چوارەم هاتن. هەموو قازەکان یەکەو پەڕیان بۆ پیلیپکا بەردایەوە.

پیلیپکا دوو باڵی بۆ خۆی دروست کردو بەدوای قازەکاندا فڕی. لەوکاتەدا، بابا- یاگا بە تەنگاوی لە دوکانی ئاسنگەر هاتەوەو دار هەنجیرەکەی دایە بە تەوران. تەوری وا توندی دەوەشاند پەلرز دەکەوتنە هەوا. هەر لێی داو بڕی، لێی داو بڕی،

تا لە پڕ دار هەنجیرەکە هاششەی هات و بەسەر سەریدا بەربووەوەو تێکی تڕپاندی.

پیلیپکا لەگەڵ قازەکان بە فڕین چووەوە ماڵی خۆیان. کە دەیبابی چاویان پێکەوت، وەخت بوو لە خۆشییان پەڕ دەربکەن... لەسەر خوان دایانناو چی خواردنی پێ خۆش بوو لەبەریان دانا. دانەوێڵەیەکی زۆر یشیان بە بەر قازەکان وەرکرد.

ئەمە بوو ئەنجامی ئەم هەقایەتە کورت و درێژە.

* * *

(١٤)

# پیرە شەختەو شەختەی ساوا

(هەقایەتێکی لیتوانییە)

هەبوو نەبوو باوە شەختەیەکی پیر هەبوو. کوڕێکی هەبوو. کوڕەکەی شەختەی ساوا بوو. شەختەی ساوا تا بڵێی بە لاف و گەزاف و خۆ هەڵکێش بوو. کە گوێت لێ دەگرت وات دەزانی لە سەراپای دونیادا کەسی لەو زیرەکترو بە وەجتر نییە.

ڕۆژێ، شەختەی ساوا لە دڵی خۆیدا گوتی:

"باوکم پیرەزوورهان بووە. بەزەحمەت ئیشی خۆی پێ دەکرێ. کەچی من گەنج و بە هێزم. باشتر دەتوانم خەڵک بڕچێنم. کەس ناتوانێ خۆی لە دەست من دەرباز بکا. کەس ناتوانێ لە من بباتەوە. من بە هەموو کەس دەوێرم."

شەختەی ساوا بۆی دەرچوو بۆ ئەوەی یەکێ بدۆزێتەوەو بیڕچێنێ. فڕی، چووە سەر ڕێگایەک. ئاغایەکی بینی سواری گالیسکەیەک ببوو، ئەسپێکی تێروتەسەڵ و لووسی وەک شووشە رایدەکێشا. ئاغا کابرایەکی کەتەو زلی بەخۆوە بوو. فەروەیەکی گەرمی لە خۆی لوول دا بوو، پەڕۆیەکی لە لاقی پێچابوو. شەختەی ساوا ئاغای بەسەرنج دابێژت و پێکەنی و گوتی:

-دەتوانی باش خۆت لە فەروە لوول بدەی، بەڵام ئەمە دادت نادا. لەوانەیە پیرە شەختەی باوکم دەرەقەتی تۆ نەیێ، بەڵام من بارت دەبەم و هەر ئێستا تا مۆخی ئێسقان دەتڕچێنم. خۆت بگرە هاتم! باش بزانە نەفەروەکەی بەرت و نە پەڕۆکەی لاقت دادت نادەن!

شەختەی ساوا فڕی. چووە ویزەی گیانی ئاغاو سەخڵەت و هەراسانی کرد- خزایە ژێر فەروەکەی، خشییە ناو قۆڵەکانی، داچۆڕایە ژێر یاخەی و لووتی چزاند.

ئاغا فەرمانی بە لێخوڕەکە کرد ئەسپەکە دەنگ بداو لیسی لێ بخەتە کار، نەڕاندی:

-کوڕە، ڕچیم، قەسریم، مردم!

شەختەی ساوا بەردەوام بوو لە ئازاردانی ئاغا- ئەوەندە لووتی چزاند تا وەژان هات، دەست و پێی ڕچاند و هەناسەی بڕی.

ئاغا بەملاو بەولادا دەلا دەهات، لەسەر کوڕسییەکەی دەهەژایەوە، لەرزی گرت و لەسەرمان کوڕیشکەی کرد. بەسەر لێخوڕەکەیدا نەڕاند:

-خێراتر باژۆ، خێراتر!

بەڵام پاش نەختێ هێزی هاوارکردنیشی نەما. دەنگی نووسا بوو، دەرنەدەهات.

کە گەیشتەوە ماڵێ، بە نیوە مردوویی لەناو گالیسکە دایانگرتە خوارێ.

ئەوسا شەختەی ساوا فڕی، گەڕایەوە لای پیرە شەختەی باوکی و کەوتە لاف لێدان و خۆ ڕانان و گوتی:

-باوکە، سەیرم کە، چەند بەهێزم! تۆقەت ناتوانی شان لە شانی من بدەی. دەبینی چتۆ ئاغای کەتەو زلم ڕچاند؟! خزامە ژێر چتۆ فەروەی گەرم؟! تۆ بای شتی وات پێ دەکرا؟ کەسی وا کە تەو زلت پێ دەڕچا؟!

پیرە شەختە بەزەردەخەنەوە گوتی:

-خۆ هەڵکێشی وردیلە! وا زوو بە هێزو توانای خۆت مەنازە. ڕاستە تۆ ئەو ئاغا قەڵەوەت ڕچاندو خزایتە ژێر فەروەکەیەوە، بەڵام ئەمە هەر هیچ نییە. تۆ سەیری ئەولاکە. ئەو مسکێنە لەڕە دەبینی کورتەکێکی دڕا دڕای لەبەرەو سواری ئەسپێکی لەڕ بووە؟

-ئا، دەیبینم!

-ئەوە بۆ دارکردن دەچێتە دارستان. ئەگەر ئازای بڕۆ ئەو بڕچێنە. ئەگەر توانیت بیڕچێنی پێت بڕوا دەکەم بەهێزی.

شەختەی ساوا وەڵامی دایەوە:

-ئەمە هەر هیچ نییە. هەر ئێستا دەچم دەیڕچێنم!

شەختەی ساوا بەرزبووەوە ئاسمان. فڕی، چوو بۆ ئەوەی کابرای مسکێن بڕچێنی. کە گەیشتە لایەوە توند خۆی پێ دادا، ئازاری داو سەخڵەتی کرد. جارێ لەملاوە بۆی دەچووو جارێ لەولا... بەڵام مسکێنەکە هەر ڕۆیشت و رانەوەستا... ئینجا شەختەی ساوا پێیەکانی تەزاند. مسکێن کە پێی تەزی لە ئەسپەکەی دابەزی و جڵەوی ئەسپەکەی گرت و بەپێ ڕۆیشت.

شەختەی ساوا بیری کردەوە:

-راوەستە!! لێرەش نەبێ، لەناو دارستان دەتڕچێنم!

مسکێنەکە گەیشتە ناو دارستان. تەوری دەرهێناو کەوتە بڕینی دار کاژو دارجاو. تەوری وای دەوەشاند پەلزڕ بە هەموو لادا دەفڕین.

شەختەی ساوا بێزاری کرد. بەدەست و پێی هەڵگەڕا. خزایە ناو یەخەی. بەڵام تا شەختە زیاتر هەوڵی دەدا بیڕچێنی، ئەم خێراتر تەوری دەوەشاند و زیاتر داری دەبڕی. لە ئەنجامدا ئەوەندە گەرم داهات، لەگەرمان دەستکێشەکەی داکەند.

شەختەی ساوا تا تەواو شل و شەکەت بوو خۆی بە ئازاردانی مسکێنەکەوە ماندوو کرد، لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"قەیدی نییە! هەر دەتبەزێنم، کوێوە دەچی؟! کە بەرەماڵ بوویتەوە تا مۆخی ئێسقان دەتڕچێنم.

شەختەی ساوا رایکردە لای ئەسپەکە، کە چاوی بە دەستکێشەکە کەوت چووە ناوی، بە پێکەنینەوە لێی داکوتاو لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"بزانم مسکێنەکە چۆن چۆنی دەستکێشەکانی دەکاتەوە دەست. ئەوەندە رەقم کردوون کەس ناتوانێ پەنجەیان بخاتە ناو.

شەختەی ساوا لەناو دەستکێشی جوتیارەکە پاڵی دایەوە. مسکێن خەریکی داربڕینی خۆی بوو. ئاگای لە هیچ نەبوو. هەر داری بڕی تا یەک باری تەواو کرد. ئینجا گوتی:

-"ئێستا با بگەڕێمەوەماڵێ!"
دەستی دایە دەستکێشەکان بۆ ئەوەی لە دەستیان بکا، دیتی وەك بەرد رەق هەڵاتوون.
شەختەی ساوا بە پێکەنینەوە لە دڵی خۆیدا گوتی:
-"ئێ! ئینجا چ دەکەی؟!"
مسکێنەکە کە دیتی دەستکێشەکانی پێ لە دەست ناکرێ.
دەستی دایە تەورەکەی و وەرگەڕا دەستکێشەکان. تەپ تەپ بە تەور لە دەستکێشەکانی دەدا. شەختەی ساواش لەناوەوە هەر دەیگوت:
-ئاخ! ئۆف!
مسکێن دکرێکی وای بە شەختەی ساوا کرد، شەختەی ساوا بە پڕەپڕو بە نیوە مردوویی لەبەردەستی هەڵات.
مسکێن دارەکەی بارکردو بەرەو ماڵەوە هاژوای. بە دەنگێکی بەرز ئەسپەکەی دنەدەدا.
شەختەی ساوایش بە ناڵە ناڵ و تەپو کۆ گەڕایەوە لای باوکی.
کە باوە شەختەی پیر، چاوی بە شەختەی ساوا کەوت، دایە قاقای پێکەنین و لێی پرسی:
-کوڕم، مەسەلە چییە؟ بۆ وا تەلەس بووی، دەلادێی؟
-ویستم مسکێنەکە بڕچێنم، بەڵام چیم پێ لەگەڵ نەکرا. ئەو منی بەزاند.
-ئەدی بۆ وا بەسۆزەوە دەناڵی؟
-هەر کەسێکی تریش لە جێی من بایە ناڵە ناڵی پێ دەکەوت. مسکێنەکە هەموو تەنکێش و تەرۆکی بە قامچی گرواندووم.
-کوڕم، ئەمە بکە بە دەرزو پەندی لێ وەربگرە! زۆر ئاسانە ئاغای بێ ورە ببەزێنی، بەڵام کەس بە مسکێن ناوێرێ و ناتوانێ ببەزێنێ... ئەمەت لە بیرنەچێ، ها!

*　　*　　*

(١٥)

# ئاغا چۆن بوو بە ئەسپ

(هەقايەتێکی لاتڤییە)

لە زەمانی کۆن ئاغایەکی زاڵم و بەدکار هەبوو، قەت بەزەیی بە مسکێنەکانیدا نەدەهاتەوە، تا نیوەمر دەبوون دەیڕەتاندن و ئیشی پێ دەکردن، بگرە ڕۆژی جەژن و بۆنەکانیش لێ نەدەگەڕا بحەسێنەوە.

سبەینەیەکی، جەژنێکی گەورە بوو، هیچ کەس نەچوو بووە سەرئیش، لەگەڵ ئەوەشدا ئاغا مسکێنەکانی خۆی ناردە سەر خەرمان بۆ ئەوەی دەغڵ بکوتن. ئەو ڕۆژە تا ئێواری و ئێواری تا سبەینی دەغڵیان کوتا و ئەوەندە شەکەت بوون خۆیان لەسەر پێ ڕانە دەگرت.

کە دەستیان بە ئیش کرد، ئاغا ڕایکردە سەر خەرمان، دار دەستێکی بەدەستەوە بوو. کە دیتی مسکێنەکان بەسستی ئیش دەکەن هەڕەشەی لێ کردن و جوێنی پێدان، داردەستەکەی باداو نەڕاندی:

-خوێڕی و توێڕینە! تا هەموو دەغڵەکە نەکوتن نابێ خەرمان جێ بێڵن!

مسکێنەکان داوای ئەسپێکیان لێ کرد لەبن جەنجەڕی بکەن بۆ ئەوەی ئیشەکە خێراتر بڕوا. ئاغا کە ئەمەی بیست، هاواری کرد:

-چی؟ چی؟ من ئەسپتان بدەمێ! جارێکیتر داوای شتی وا بکەن بەم دەستانەی خۆم دەتانخنکێنم. خوێڕینە! بە تەمای من بن چاوتان بە ئەسپ ناکەوێ. ئەسپ با بۆ خۆی بحەسێتەوە، خۆتان ئیشەکە بکەن.

ئاغا وای گوت و خەرمانی جێ هێشت و رۆیشت. ئاخر تۆز قووتدان شتێکی ئەوەندە خۆش نییە.

هەر هێندە ئاغا بزر بوو، مسکێنەکان گوێیان لێ بوو یەکێ هاواری کرد:

-وۆش! راوەستە! وۆش!

دەنگی حیلەی ئەسپێك و زرنگەی لغاوێك هات. دیاربوو ئەسپێکیان لغاو دەکرد بەڵام کێیە ئەسپ لغاو دەکا؟

لەپڕ پیرەمێردێك لەسەر خەرمان پەیدا بوو. پیرەمێردێکی زۆر زۆر پیربوو، ڕدێنێکی درێژی بەردابووەوە، چاوی وەکو برووسکە دەترووسکایەوە، توند جڵەوی ئەسپێکی حدوودی گرتبوو لە دوای خۆیەوە دەیهێنا.

پیرەمێرد ماندووبوونی لە مسکێنەکان کردو گوتی:

-فەرموون! ئەم ئەسپەم بۆ ئێوە هێناوە. لەبن جەنجەڕی کەن و گرانترین ئیشی پێ بکەن. کە بۆ دارچوونە دارستان، دار بە عارەبانە مەهێنن، درەخت ببڕنەوە، سەری لەم ئەسپە ببەستن با درەختەکە بە چڵ و چێوەوە بۆماڵی ئاغا رابکێشێ. ئەگەر سەرکێشی کردو ملی نەدا، بێ رەحمانە قامچیکێشی بکەن. سکتان بە قامچی نەسووتێ. لە پشت و لاتەرۆکی بدەن، بەڵام ئاگادارین لەسەری مەدەن. هیچ ئالیکیشی مەدەنێ. ئێوارە کە بردتانە تەویلە بە پەتێك بە ساپیتەوە هەڵیواسن. دوای ئیش و ماندووبوونی رۆژ، شەو بە ساپیتەوە هەڵواسرێ باشترە بۆ ئەو.

پیرەمێرد ئەمەی گوت و بزر بوو.

ئەسپەکە تا هێزی تێدابوو حیلاندی. ئاوازێکی لە حیلەدا بوو زۆر لە ئاوازی دەنگی ئاغا دەچوو مسکێنەکان زانیان چ جۆرە ئەسپێکە کەوتۆتە بەردەستیان، گوتیان:

-هەبێ و نەبێ ئەمە(پێرکۆن)ی سەرداری بروسکەو چەخماخەیە ئەم ئەسپەی بۆ هێناوین. دەبێ فەرمانی پێرکۆن جێ بەجێ بکەین. چی گوت وا لەم ئەسپە بکەین.

ئەسپی کەوێتیان لەبن جەنجەڕکرد. ئەسپ لامل و کەللە شەق بوو. دایە سەرکێشی. کەوتە سمکۆڵ و پڕمەو حیلاندن... دیار بوو نەیدەویست ئیش بکا بەڵام ئەوان گوێیان پێ نەدا. لێدانێکی باشیان بۆ کرد بۆ ئەوەی چیدی سەرکێشی نەکا.

ئەو ڕۆژە بەم جۆرە رابرد. چی ئیشی گران بایە ئەسپی کەوێتیان لەبن دەکردو ئەگەر سەرکێشی بکردایە، بێ بەزەییانە قامچیکێشیان دەکرد.

بەم جۆرە ئەسپەکە ڕۆژتا ئێواریێ هەدادانی نەبوو. دەیانڕەتاندو ماندوویان دەکرد. کە شەویش دا دەهات دەیانبردە ناو تەویلەو تا سبەینێ بە ساپیتەوە هەڵیاندەواسی. هیچ ئالیکیان نەدەدایێ. خۆراکی هەر ئەوەندە بوو لە کاتی ئیش کردندا، ئەگەر زستان بایە بەدزی قەپی لە قرشەی ناو عارەبانە دەگرت و ئەگەر هاوین بایە لە ژێر دارو دیوارەکان قەپی لە حوشترالووک دەگرت و بڕایەوە.

لەو ڕۆژەوە کە ئەسپی کەوێت پەیدا بوو، ئاغا بێ سەرو سۆراغ بزر بوو. خانمی ئاغا زۆر زۆری بە دوادا گەڕا بەڵام بۆی نەدۆزرایەوە.

ساڵ وەرسوڕایەوە. ئەو ئەسپەی ڕۆژی یەکەم بە هێزو لووس و خورت بوو، ئێستا دوای ساڵێك داوەشابوو- چاوەکانی بە قووڵدا چوو بوون، لچی شۆڕببووەوە، دەندەکانی دەرزۆپی بوون، پشتی کۆما بووەوەو تووکی بە خاوی شۆڕببووەوە.

ڕۆژێکیان، خانم لە حەوشەدا چاوی بە ئەسپەکە کەوت و بە مەیتەری گوت:

-کە سەیری ئەم پیرە یەختەیە دەکەم بێزم دەبێتەوە. بیبە ناو دارستان، بیکوژەو لە کۆڵی کەوە.

بێگومان مەیتەر دەیزانی ئەمە چ جۆرە ئەسپێکە، بۆیە نەیکوشت. سبەینەیەك، جەژن بوو. کەس نەچوو بووە ئیش. ئەسپی کەوێت بە شێنەیی لە تەوێلە چووە دەرەوە. سەری بەناو مدبەقدا کردو کەوتە سەرخواردنی کەلەم.

خانم چووە ناو مدبەق. چ ببینێ باشە؟ ئەسپی کەترە هاتۆتە ناو مدبەق‌و بە تامەزرۆیی پەلکە کەلەم لوول دەداو قووتی دەدا.

خانم تووڕە بوو. زریکاندی:

-جانەوەری مفتەخۆری بێ کەلك، بوەستە ئێستا دەردێکت پێ بکەم دەرمانی نەبێ.

دەستی دایە خوتورمەیەك‌و لە تەپڵی سەری ئەسپەکەی دا. ئەوەندەی چاو بنوقێنی‌و بیکەیتەوە، ئەسپ نەماو ئاغا لەوێ پەیدا بوو.

ئاغا بە دەنگێکی نەرم‌و پڕ بەزەیی گوتی:

-هاوسەرە ئازیزەکەم، بۆچی لێم دەدەی؟ ئەم چەند پەلکە کەلەمەت لەمن چاوە؟ ساڵێکە برسێتی دەچێژم‌و ئەم پەلکە کەلەمانەم بەلاوە لە خۆشترین چێشت بە تامترە.

خانم ئاغای ناسییەوە. کەوتە ئاخ‌و ئۆف.

ئاغانە ئاغای جاران- لەڕولاواز، دەم‌و چاو ڕەش، ڕدێن‌و نینۆك درێژ، سەراپای لەشی زام‌و برین، ڕووت‌و ڕەجاڵ، ئەوەی بوزگوڕبێ لەبەریدا نەبوو. تەنیا هەندێ پینەو پەڕۆی لەبەربوو هیچی تر. خانم دەستی گرت‌و بە کپ‌و بێ دەنگی بردییە ناو ماڵێ بۆ ئەوەی کەس بەم حاڵە شڕەوە نەیبینێ.

لەوساوە بەدواوە، ئاغا بوو بە پیاوێکی ساکارو نەرم‌و حەلیم.

* * *

(١٦)

# هەر کەسە بە ئیشی خۆی

}هەقایەتێکی ئیستوونییە{

ڕۆژێکیان ڕێبوارێکی پیرو نەداربەڕێگایەکدا دەڕۆیشت. ڕۆژئاوا بووو تاریک کەوتە عەردی. پیرەمێرد بڕیاری دا لابداتە ماڵێک. لەپەنجەرەی خانوویەکی گەورەی داو گوتی:

-خێرتان دەگاتێ ئەمشەو بمحەوێننەوە.

خاتوونی ماڵەکە، کە ژنێکی دەوڵەمەند بوو، لە کابرای هاتە دەرەوەو تێی ڕاخوڕیو بەسەریدا قیژاند:

-نا ماقووڵیت کرد شەو بتحەوێنمەوە. قسەی وا بکەی سەگت تێ بەر دەدەم. بڕۆ لێرە ڕانەوەستی.

پیرەمێرد ڕۆیشت. خانوویەکی بچووك‌و بێ نموودی دی. لە پەنجەرەی داو گوتی:

-خێرتان دەگاتێ ئەمشەو بمحەوێننەوە.

خاتوونی ماڵەکە بە دەنگێکی ئاشناو دۆستانە وەڵامی دایەوە:

-فەرموو کەرەم کە، وەرە ژوورەوە. شەو میوانی من بە. بەڵام ماڵمان بە هەراو هۆریایەو جێگەشمان زۆر نییە. هیوادارم لێم نەگری.

کابرای لایدە چووە ژوورەوە. دیتی خێزانێکی هەژارن. یەك کۆشە منداڵیان هەیە. هەموو بەرگیان دڕاو پینەو پەڕۆیە. کابرای لایدە پرسی:

-ئەوە بۆچی منداڵت وا ڕووت و ڕەجاڵ‌و بێ ڕەنگن؟ بۆچی بەرگی نوێیان بۆ ناکەی؟

ژنە وەڵامی دایەوە:

-بەرگیان بە چ بۆ بکەم؟! مێردم نەماوە. ئەم منداڵانە بە بێوەژن کۆشی بەخێو دەکەم. پارەمان بایی خواردن نییە، چ جای جلو بەرگ.

کابرای لایدە گوێی دایە قسەکانی ژنەکە بەڵام هیچی نەگوت. خانمی ماڵێ چێشتی لەسەر خوان داناو فەرمووی لە کابرای کرد نانیان لەگەڵ بخوا، بەڵام پیرەمێرد گوتی:

-سوپاس. برسیم نییە. لە مێژنییە نانم خواردوە.

کابرا توێشە بەرەی خۆی کردەوەو چی خواردنی تێدا بوو لەبەر منداڵەکانی دانا. ئینجا راکشاو یەکسەر خەوی لێ کەوت.

-سبەینێ پیرەمێرد هەستا. سوپاسی خانمی کرد بۆ ئەو میوانداریيەو کە رۆیشت گوتی:

-ئەوەی سەر لە سبەینێ کردت، تا ئێوارێ بیکەی!

ژنەکە لە قسەی کابرا نەگەیشتو بایەخی پێ نەدا. تا دەرگای حەوشە لەگەڵی چوو. بەرێی کردو گەڕایەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"ئەگەر ئەم کابرا هەژارە بڵێ منداڵت بێ بەرگن. ئاخۆ دەبێ خەڵکی دی چ بڵێن؟!

پارچە قوماشێکیان لە ماڵەوە هەبوو. بەشی زۆر کراسی نەدەکرد. بڕیاری دا یەك کراسی لێ دروست بکا. چووە ماڵی دراوسێ دەوڵەمەندەکەیان. گەزی هێنا بۆ ئەوەی قوماشەکەی پێ بپێوێ، بزانێ بایی کراسێك دەکا، یان نا؟

ژنە هەژارەکە، کە لە ماڵی دراوسێ دەوڵەمەندەکەی هاتەوە، یەکسەر چووە ئەو ژوورەی قوماشەکەی لێ بوو. قوماشەکەی لەسەر تەقچەکە هێنایە خوارێو دەستی پێ کرد پێوای. هەر پێوایو هەڵیکردەوەو قوماشەکە هەر تەواو نەبوو... ئەو رۆژە تا ئێوارێ ژنەکە هیچ ئیشی نەکرد هەر قوماشی پێواو هەڵیکردەوە. درەنگی ئێوارێ ئینجا قوماشەکە تەواو بوو.

ژنەکە دڵی‌دا کەوت. ئاخر قوماشەکە ئەوەندە زۆر بوو تا مابوون بایی خۆی‌و هەموو منداڵەکانی دەکرد. لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"ئێ! ئێ! کابرای لایدە مەبەستی ئەمە بوو!

ئێوارێ ژنە گەزەکەی بۆ ماڵە دراوسێ دەوڵەمەندەکەی بردەوە.. بێ ئەوەی هیچیان لێ بشارێتەوە، بۆی باس کردن چۆن بە قسەی کابرای لایدە یەك ژووری پڕ قوماشی دەست کەوت.

ژنە دەوڵەمەندەکە لە دڵی خۆیدا گوتی:

-وای لە خۆم بەخت ڕەشێ! بڵێ بۆچی ئەمن شەو نەمحەواندەوە؟

ئەوسا بانگی نۆکەرەکەی کردو گوتی:

-کابرا، زوو ئەسپ زین کە، سواربەو بڕۆ ئەو کابرا نەدارەم بۆ بدۆزەوەو بەهەر جۆرێ بێ بیهێنەوە. من هەمیشە گوتوومە دەبێ بێ حیساب یارمەتی هەژاران بدەین.

نۆکەرەکە سوار بوو تەقڵە کوت هاژوای. کەوتە تاقیبی پیرەمێردەکە، ڕۆژی پاشی تووشی هات، بەڵام ئەوەندەی هەوڵی لە گەڵدا پیرەمێرد ڕازی نەبوو بگەڕێتەوە.

نۆکەرەکە زۆر پەست‌و عاجز بوو، گوتی:

-بەڕاستی تووشی بەڵایەکی گەورە هاتووم! ئەگەر ئێستا تۆڵەگەڵم نەیەیتەوە لای خانم، خانم دەرم دەکاو کرێشم ناداتێ.

پیرەمێرد گوتی:

-برام دڵت عاجز مەکە! مادام وایە لەگەڵت دێم.

سواربوون‌و گەڕانەوە لای خانم.

خانمی دەوڵەمەند، بەبێ ئۆقرە لەبەر دەرگای حەوشە چاوەڕێی دەکرد... بە خەندەو چەمانەوە پێشوازی لە پیرەمێرد کردو بردییە

ژوورەوە. خـواردن و خواردنـەوەی لەبـەردانا. جـێ و بالینگـانێکی نەرمی بۆ راخست و گوتی:

-راکشێ باوکە، بۆ خۆت ئیسراحەت بکە!

پیرەمێرد، رۆژێك و دوان و سێیان لـه مـاڵی خـانمی دەوڵەمەند مایەوە. هەر دەیخواردو دەنووست و قەنەی دەکێشا. خـانمی ماڵێ خواردن و خواردنەوەی دەدایێ و قسەی خۆشی بۆ دەکرد، بەڵام لە دڵەوە لێی پەست و تووڕە بوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

-"ئەم پیرەمێردە کەترەو بێ کەڵکە کەی دەڕوا!!"

بەڵام زاتی نەدەکرد پیرەمێرد دەربکا نەوەك ئەو هـەموو رەنجەی لەگەڵی کێشاوە بەفیڕۆ بڕوا.

ژنە بەختی باشی هێنا. رۆژی چوارەم پیرەمێرد سبەینێ زوو خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوەی بڕوا. ژنە دەوڵەمەندەکە تا بەر دەرگای حەوشـە بەڕێی کـرد. پیرەمێرد بـەبێ دەنگی بـۆی دەرچـوو. ژنـە دەوڵەمەندەکە خۆی پێ نەگیرا، گوتی:

-پێم بڵێ من ئەمڕۆ چ بکەم؟

پیرەمێرد تەماشایەکی کردو گوتی:

-ئەوەی کە لە سبەینێ کردت تا ئێوارێ بیکەی!

خانمی دەوڵەمەند هەر رایکردەوە ژوورێ. دەستی دایە گەزەکە بـۆ ئـەوەی قوماشـی پـێ بپێـوێ، بـەڵام لـەناکاو بـە قـایم پـژمی. پـژمینێکی هێنـدە قـایم پـژمی هـەموو مریشـکەکانی حەوشـە زەندەقیان چوو بەملاو بەولادا هەڵفڕین.

ژنـه ئـەو رۆژە تا ئێوارێ یـەك لەسـەر یـەك هـەر پژمی: ئاتشوو ئاتشوو ئاتشوو!

خـانم ئـەو رۆژە نـەیتوانی نـەهیچ بخـوا، نـەهیچ بخواتـەوە، نـەوەڵامی هـیچ پرسـیارێك بداتـەوە. هـەر ئەوەنـدەی لـەزار دەهاتـە دەرەوە: ئاتشوو ئاتشوو ئاتشوو!!

کـە رۆژ ئـاوا بـووو دونیـا تاریـك داهـات، ئەوسا پژمینەکـەی وەستا.

(١٧)

# بەرداشی هێسی

(هەقایەتێکی کاریلییە)

هەبوو نەبوو دووبرا هەبوون. یەکێکیان هەژارو ئەوەی تریان دەوڵەمەند بوو. برا دەوڵەمەندەکە لەگەڵ دراوسێکانی باش بوو، هەمیشە بە دەنگیانەوە دەچووو دڵی خۆش دەکردن بەڵام لەگەڵ برای خۆی وانەبوو. وای پیشان دەدا هەر نایناسێ، چونکە دەترسا نەوەك برای داوای شتێکی لێ بکا.

برای هەژار هەتا پێی بکرایە داوای هیچ شتی لە برا دەوڵەمەندەکەی نەدەکرد.

جارێکیان، جەژن هات. برای هەژار هیچی لەماڵێدا نەبوو. ژنەکەی پێی گوت:

-پیاویژگە! ئەم جەژنە چۆن بکەین؟ هیچمان نییە. برۆ لای براکەتو داوای نەختێ گۆشتی لێ بکە. دوێنێ مانگایەکیان سەربڕیوە!

برای هەژار نەیدەویست بچێتە لای براکەی و داوای شتی لێ بکا. هەرواشی بەژنەکەی گوت. بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ کەسی تری شك نەدەبرد ناچار بوو چووە لای برا دەوڵەمەندەکەی و گوتی:

-برام، بۆ جەژن هیچمان لە ماڵێدا نییە، نەختێ گۆشتمان پێ کەرەم کە!

برای سمێکی مانگای هەڵدایە پێش و گوتی:

-ها بگرە، برۆ لای هێسی!

برای هەژار لە ماڵی برای دەوڵەمەندی رۆیشتو لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"برام ئەم سمەی نەداوەتە من. داویەتە هێسی دێوی ناو دارستان. دەبێ بۆ هێسی ببەم"

برای هەژار ملی رێگای دارستانی گرتو رۆیشت. کەس نازانێ زۆر بەناو دارستانەکەدا رۆیشت، یان کەم! تووشی چەند دار کەرێك هات. دارکەرەکان لێیان پرسی:

-ئەوە ئۆغربی

کابرای هەژار وەڵامی دانەوە:

-دەچمە لای هێسی دارستانان. ئەم سمە مانگایەی دەدەمێ. ئەرێ زنجەکەی لە کوێیە؟

دارکەرەکان گوتیان:

-راست برۆ. ئەم رێگایە بگرەو بەری مەدە. دەتباتە بەردەم زنجەکە، بەڵام گوێت لێ بێ: ئەگەر هێسی ویستی لەهەقی ئەم سمە مانگایە زیوت بداتێ لێی وەرمەگرە، زێرت بداتێ لێی وەرمەگرە! بڵێ بەرداشەکەت نەبێ هیچم ناوێ. کابرای هەژار سوپاسی دارکەرەکانی کرد بۆ ئەم ئامۆژگارییە چاکەو خاتری خواستو رۆیشت. ئەگەر زۆر رۆیشت، ئەگەر کەم، گەیشتە بەردەم زنجەکە. چوە ژوورەوە، هێسی تێدابوو. هێسی تەماشایەکی کردو گوتی:

-زۆر جار خەڵك بەڵێنم پێ دەدەن دیاریم بۆ بێنن، بەڵام بەدەگمەن دەیهێنن!

ئەی تۆ هیچ دیاریت بۆ نەهێناوم؟

-با، سمە مانگایەکم بۆ هێناوی.

هێسی خەنی بوو، گوتی:

-سی(٣٠) ساڵە تامی گۆشتم نەکردوە. زوو سمەکەم بدەرێ!

سمەکەی وەرگرتو خواردی. ئینجا گوتی:

-ئێستا دەبێ هەقەکەت بدەمێ. هەقت چەندە؟ زۆرە! فەرموو ئەم دوو چنگە زیوەت بدەمێ!

کابرای هەژار گوتی:

-زیوم ناوێ.

هێسی هەندێ زێڕی دەرهێناو دوو گۆڵمە زێڕی پێشکەش کرد.

کابرای هەژار گوتی:

-زێڕیشم ناوێ.

-ئەدی چت دەوێ؟

بەرداشەکەت!

-نابێ! ئەمەت نادەمێ چەندت پارە دەوێ دەتدەمێ، بەڵام ئەمە نا.

کابرای هەژار رازی نەبوو، گوتی:

-بەرداشەکەت نەبێ، نامەوێ.

هێسی گوتی:

-من تازە سمە مانگاکەم خواردوە. دەبێ هەقەکەی بدەم... قەیدی نییە بەرداشەکەم ببە، بەڵام ئایا دەزانی چی لێ دەکەی؟

-نەء، نازانم... پێم بڵێ.

هێسی گوتی:

-ئەم بەرداشە بەرداشێکی ئاسایی نییە. داوای هەر شتێکی لێ بکەی دەتداتێ... هەر هێندە رووی تێ بکەو بڵێ: (بهاڕە، بەرداشەکەم، بهاڕە!). ئەگەر ویستیشت رایبگری بڵێ: (بەسە، تەواو!) بەرداشەکە دەوەستێ. دە هەستە، بڕۆ.

کابرای هەژار سوپاسی هێسی کردو گەڕایەوە. ماوەیەکی زۆر بەناو دارستاندا رۆیشت، شەوی بەسەرداهات، دایکردە بارانێکی بەخوڕو بوو بە گڤەگڤی با. کە دەڕۆیشت گەڵاو چڵی درەختەکانی

بەدەمو چاو دەکەوت. تا گەیشتەوە ماڵێ سبەینە داهات. ژنەکەی لێی پرسی:

-ئەرێ پیاویژگە، ئەوە شەوو ڕۆژێکە لە کوێ دەسووڕایتەوە؟ وەخت بوو هیویت لێ دابنێم. گوتم تازە نایبینمەوە.

کابرای هەژار وەڵامی دایەوە:

-چووبوومە ماڵی هێسیی دێوی دارستانان. تەماشاکە، چی داومەتێ!

بەرداشەکەی دەرهێناو گوتی:

-بهاڕە، بەرداشەکەم، بهاڕە. خواردنی خۆشمان بۆ جەژن بۆ بێنە!

بەرداشەکە کەوتە خولانەوە. هەر خولایەوەو ئاردو دانو شەکرو گۆشتو ماسیو هەرچی دڵ حەزبکا لەبەرداشەکەوە کەوتە سەرخوان. ژنی کابرای هەژار فەردەو لەگەنی هێنا. پڕیکرد لە خواردنو زەخیرە. ئینجا کابرای هەژار پەنجەی لەبەرداشەکەداو گوتی:

-بەسە، تەواو!

بەرداشەکە یەکسەر وەستا.

ماڵی کابرای هەژاریش وەکو هەموو ماڵەکانی دی جەژنێکی خۆشیان کرد. لەوساوە ژیانیان گۆڕاو کەوتنە خۆشگوزەرانی. لە ماڵەوە بایی خۆیانو لە خۆشیان زیاد هەبوو. ژنو منداڵی جلو پێڵاوی نوێیان هەبوو. هەموو شتێکیان لە بڕان بوو. لە هیچیان کەم نەبوو.

ڕۆژێکیان، کابرای هەژار داوای لە بەرداشەکە کرد هەرزن بۆ ئەسپەکەی بێنێ. بەرداشەکە سووڕاو هەرزنی فڕێ دا. ئەسپەکەی لەبەرماڵێ کەوتە سەر هەرزن خواردن.

لەو کاتەدا، برای دەوڵەمەندی کرێکارێکی نارد ئەسپەکانی ببا لە گۆمێك ئاویان بدا. کرێکارەکە ئەسپەکانی بۆ سەر گۆماوەکە دەبرد، ڕێی کەوتە لای ماڵی برای هەژار. کە ئەسپەکان گەیشتنە کن ئەسپی برای هەژار لەگەڵ ئەسپی ئەوا کەوتنە سەر هەرزن خواردن.

برای دەوڵەمەند لە ماڵی خۆیەوە چاوی لێ بوو. هاتە بەر بێڵاییو بانگی کرێکارەکەی کرد:

-کوڕە، هۆ کابرا، هۆ! زوو ئەو ئەسپانە لێخوڕە، دەریان کە، با زبڵو زاڵ نەخۆن.

کرێکارەکە ئەسپەکانی بردەوەو گوتی:

-ئاغا، ئەسپەکان زبڵو زاڵیان نە دەخوارد. هەرزنێکی زۆر باشیان دەخوارد. براکەت هەرزنو هەموو شتێکی لە بڕان هەیە.

برای دەوڵەمەند مەراقی کرد، گوتی:

=بابچم بزانم ئەوە چ موعجیزەیەك ڕووی داوە، برام وا لەناکاو دەوڵەمەند بووە. چووەلای برایو لێی پرسی:

-برام ئەوە چۆن واکتو پڕ دەوڵەمەند بووی؟ ئەم شتە نایابانەت لە کوێ بوو؟

برای هەژار هیچی لێ نەشاردەوە، گوتی:

-هێسی دەوڵەمەندی کردم.

برای دەوڵەمەندی پرسی:

-مەبەستت چییە؟

-مەبەستم ئەوەیە کە پێم گوتی... ڕۆژی پێش جەژن هاتمە لات نەختێ گۆشتم بۆ مندالان بدەیتێ، تۆ سمە مانگایەکت دامێو پێت گوتم بۆ هیسیی ببەم. منیش بۆ هیسیم بردو ئەویش بەرامبەر بەو سمە بەرداشێکی سیحری پێ بەخشیم. بەرداشێکی وایە داوای هەرچی لێ بکەم دەمداتێ.

-کوا پێشانم دە!

-باشە، فەرموو!

برای هەژار فەرمانی بە بەرداشەکە کرد خۆشترین خواردنیان بداتێ. بەرداشەکە یەکسەر کەوتە خول خواردن- کێك و گۆشتی برژاوو خواردنی خۆشی تری لەسەر خوان کەلەکە کرد.

برای دەوڵەمەند لە بەخیلیو سەرسامییان چاوی زەق بووەوە، داوای لە برای کرد:

-ئەم بەرداشەم پێ بفرۆشە!

برای هەژار وەڵامی دایەوە:

-نەخێر، شتی وا نابێ. من خۆم پێویستم پێیەتی!

بەڵام برای دەوڵەمەند بە ئاسانی بەرۆکی بەرنەدا. سەری لەسەر هەڵنەگرت و گوتی:

-چەندت دەوێ بڵێ، هەر هێندەیە پێمی بفرۆشە!

-ئاخر فرۆتەنی نییە.

برای دەوڵەمەند زانی هەر چەندە سوور بێ بە قسەی خۆش هیچی دەستگیر نابێ، ئیدی رێگایەکی تری گرتە بەر. ئەمجارە هاواری کرد:

-کەس هەیە هێندەی تۆ سپڵەو نانکوێر بێ؟ ئەی من نەبووم سمە مانگاکەم دایە تۆ؟

-با.

-ئەی کەواتە چۆن ئەم بەرداشەت لەمن چاوە؟ قەیدی نییە ئەگەر ناشیفرۆشی، بۆ ماوەیەکی کەم بە ئەمانەت بمدەرێ.

برای هەژار بیری کردوە، گوتی:

-چۆنی دەڵێی باوابێ. بیبە با ماوەیەك لەلات بێ.

برای دەوڵەمەند کەیفی هەستا. پڕی دایە بەرداشەکەو یەک رکێب گەیاندییەوە ماڵێ... بەڵام لە برای هەژاری نەپرسی ئەگەر بیەوێ بەرداشەکە رابگرێ، چۆن رادەوەستێ.

سبەینەی پاشی، برای دەوڵەمەند سواری بەلەمێك بووو چوە ناو دەریا. بەرداشەکەشی لەگەڵ خۆی برد. لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"ماسی دەبێ خوێ بکرێ. خوێ دەست ناکەوێ. بۆ خۆم خوێفرۆشی دەکەم.

ماوەیەکی زۆر لە کەناری دەریا دوورکەوتبووەوە. رووی کردە بەرداشەکەو گوتی:

بهاڕە، بەرداشەکە، بهاڕە! خوێم دەوێ خوێ. تا زۆرتریش بێ باشترە!

بەرداشەکە کەوتە خولانەوەو خوێی سپیو سافی دەردا. برای دەوڵەمەند زۆر شادو کەیفخۆش بوو. حسێبی قازانجی خۆی دەکرد. کەوەختی راگرتنی بەرداشەکە داهات، نەیزانی بڵێ چی! هەر ئەوەندە بوو ناو بە ناو دووبارەی دەکردەوەو دەیگوت:

-بهاڕە، بەرداشەکەم، بهاڕە، مەوەستە!

خوێیەکە هەر زیادی کردو قورس بوو. وردە وردە بەلەمەکەداکەوت. ئاو لە تەنیشتەکانەوە ورشەی کردێ. بەڵەم کەوتە حەلاوەلای نقوم بوون. ئەو کاتە برای دەوڵەمەند هاتەوە هۆش خۆیو هاواری کرد:

-چیتر مەهاڕە، بەرداشەکە، چیتر مەهاڕە!

بەڵام بەرداش لە هاڕینی خۆی نەکەوت.

برای دەوڵەمەند دووبارە هاواری کرد:

-بەرداشەکە، چیتر مەهاڕە، چیتر مەهاڕە!

بەڵام بەرداش لە هاڕینی خۆی نەکەوت.

کابرای دەوڵەمەند ویستی پڕ داتە بەرداشەکەو فڕێی داتە دەرەوە، بەڵام بەرداشەکە دەتگوت بە تەختی بنی بەلەمەکەوە نووساوە. ئەوەندەی کردی پێی بڵند نەکرا.

برای دەوڵەمەند هاواری کرد:

-هاوارە فریام کەون! هاوارە رزگارم کەن!

بەڵام کەس نەبوو رزگاری بکا. کەس نەبوو فریای بکەوێ.

بەلەمەکە نقووم بوو برای دەوڵەمەندی لەگەڵ خۆی نقووم کرد بۆ بنی دەریاو دەریا لوولی داو شوون بزری کرد.

-ئەی بەرداشەکە چی لێ هات؟

دەڵێن بەرداشەکە لە بنی دەریاش لە هاڕینی خۆی نەکەوت. ئەوساو ئێستاش هەر لێ دەکاو خۆی فڕێ دەدا. هەر بۆیەشە، بڕوا بکەی یان بڕوا نەکەی، کە ئاوی دەریا سوێرە.

*　　*　　*

(١٨)

# چۆن سێ برا گەنجینەی باوکیان دۆزییەوە

(هەقایەتێکی مۆلداڤییە)

هەبوو نەبوو کابرایەك هەبوو، سێ کوڕی هەبوو. کابرایەکی زۆر چاپووك‌و ئیشکەر بوو، هیچ تەمبەڵی نەدەزانی. لە کازیوەی بەیانییەوە تا درەنگی شەو هەر ئیشی دەکرد. هیچ ماندوو نەدەبوو. هەموو ئیشێکی بە پوختەیی لەوەختی خۆی دەکرد. بەڵام کوڕەکانی، کە هەر سێکیان گەنجی کۆك‌و بەخۆوە بوون، هیچ هەوەسیان بە ئیش نەدەهات.

باوکە لەناو زەوی‌و لە باخچەو لە ماڵەوەو لە هەموو شوێنێ ئیشی دەکرد، کەچی کوڕەکانی بەتەپ‌و تەوەزەلی لەبەر سێبەری درەخت دادەنیشتن‌و چەنەیان لێ دەدا. یان دەچوونە راوەماسی.

دەرو دراوسی بە سەرکۆنەوە بە منداڵەکانیان دەگوت:

-ئەرێ ئێوە بۆچی هیچ ئیش ناکەن‌و یارمەتییەکی باوکتان نادەن؟

کوڕەکان وەڵامیان دەدانەوە:

-بۆچی ئیش بکەین؟ باوکمان بە چاکی بەخێومان دەکا. خۆی هەموو ئیشێك بە پوختەو روختەیی دەکا!

ساڵ هات‌و ساڵ چوو. کوڕەکان بوون بە زەلام‌و باوکەش کەوتە ساڵانەوە. تاقەتی ئیش کردنی جارانی نەما. باخچەی دەورووبەری ماڵی لە گیاکەڵە خنکا. بژار زەوی داپۆشی. کوڕەکان ئەم دیمەنەیان دەدی، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر رقیان لە ئیش دەبووەوە هیچیان نەدەکرد. باوکیان پێی دەگوتن:

-کوڕم، ئێوە بۆچی دەستەوەستان دانیشتوونو کاتی خۆتان بە فیڕۆ دەدەن. کە گەنج بووم من ئیشم دەکرد، ئێستاش ئێوە گەنجنو نۆرەی ئێوەیە ئیش بکەن.

کوڕەکان وەڵامیان دەدایەوە:

-پێی ناوێ خۆمان بۆ ئیش سەخڵەت بکەین.

پیرەمێرد کە دەیدی کوڕەکانی ئەم جۆرە تەوەزەلو بەڕەڵلایەن، زۆر ناڕەحەت دەبوو. ئەوەندەی خەم لێ خواردن تا لە داخان نەخۆش کەوتو کەوتە ناوجێ.

خێزانەکەیان کەوتە تەنگانە. گوزەرانیان خراپ بوو. دڕکو داڵ بەجۆرێ لە باخچەکەیان ڕسکا بوو هەر ئەوەتە خانووەکەیان لەناودا دیار بوو. ڕۆژێکیان، پیرەمێرد کوڕەکانی بانگ کردە سەرینگانی خۆیو پێی گوتن:

-کوڕەکانم، من دوامینی عومرمە. ئێوە چۆن بەبێ من دەژین؟ نە حەز لە ئیش دەکەنو نە چ ئیشێك دەزانن!

کوڕەکان دڵتەنگ بوونو دەستیان بەگریان کرد.

کوڕی گەورە ناورایەوە:

-باوکە، پێمان بڵێ وەسیەتت چییە بۆ ئێمە؟

باوکە، وەڵامی دایەوە:

-زۆر باشە، کوڕم! نهێنییەك هەیە دەمەوێ پێتان بڵێم.. خۆتان دەزانن منو دایکتان گەلێ ئازارو چەرمە سەریمان چەشتو چیمان لەدەست هات کردمان. بەماوەی چەند ساڵێك وردە وردە گەنجینەیەکی باشمان بۆ ئێوە پاشەکەوت کرد. یەك کووپە زێڕمان پاشەکەوت کرد. کووپەکەم لە نزیك ماڵەوە لەژێر زەوی شاردۆتەوە، بەڵام جێگاکەم بەبیرنەماوە. بڕۆن ئەو گەنجینەیە بدۆزنەوە قەت تووشی نەبوونی نابنو تاماون پێویستتان بە هیچ نابێ. پیرەمێرد ئەم قسانەی تەواوکردو کەوتە بەر ئاوزینگان.

کوڕەکان پیرەبابیان ناشت. کە تازی و خێر هەڵگیرا، برای گەورە گوتی:

-براینە، بەراستی ئێمە هەژارو دەستکورتین. پارەمان نییە نانی پێ بکڕین. لەبیرتانە باوکمان لەسەرە مەرگدا چی گوت؟ وەرن لەو کووپە زێڕە بگەڕێین بەڵکو بیدۆزینەوە.

دەستیان دایە بێڵ و پاچ و لە نزیك ماڵەوە قۆرتی بچووك بچووکیان هەڵکەند، بەڵام هیچ زێڕیان نەدۆزییەوە.

برای ناوەنجی گوتی:

-براینە، ئەگەر بەم شێوەیە قۆرتی بچووك هەڵکەنین گەنجینەکەمان پێ نادۆزرێتەوە. وەرن با زەوی دەوروبەری ماڵەوە هەموو هەڵگێڕینەوە.

براکانی رازی بوون. دەستیان دایە بێڵ و پاچ و زەوی دەوروبەری ماڵەوەیان هەموو هەڵگێڕایەوە، بەڵام دیسان هیچ کووپە زێڕیان نەدۆزییەوە.

برای گچکە گوتی:

-با پێیدا بێینەوە جارێکیتریش زەوییەکە هەڵگێڕینەوە، بەڵام قووڵتری بکەین. لەوانەیە باوکمان کووپە زێڕەکەی لە جێیەکی قووڵ شاردبێتەوە.

براکان بەمەش رازی بوون، چونکە زۆر بە پەرۆشەوە بوون گەنجینەی باوکیان بدۆزنەوە.

ملیان لەبەرنا. برای گەورە، دوای ماوەیەکی زۆر زەوی هەڵگێڕانەوە، لە پڕ هەستی کرد بێڵەکەی بە شتێکی زل و رەق کەوت. لە خۆشییان دڵی دا خورپاو بانگی براکانی کرد.

-راکەن، وەرن، گەنجینەی باوکمانم دۆزییەوە!

برای ناوەنجی و برای گچکە بە راکردن هاتن لەگەڵ برای گەورە خەریك بوون. زەوییان هەڵکۆڵی، بەڵام ئەوەی لە قۆرتەکە دەریان هێنا کووپە زێڕ نەبوو، بەردێکی زل بوو.

براکان زۆر نائومێد بوون، گوتیان:

-چ لەبەرد بکەین! بەکەڵك نایە لێرە جێی بێڵین، با فڕێی دەینە کەندرێك.

بەردەکەیان برد فڕییانداو کەوتنە سەر زەوی کێڵان. رۆژ تا ئێوارێ بێ پشووودان و نان خواردن هەر ئیشیان دەکرد تا سەراپای باخچەکەیان هەڵگێڕایەوە. خۆڵەکەیان بە بێڵ هەموو خاو کردەوە بەڵام کووپە زێڕیان هەر نەدۆزییەوە.

برای گەورە گوتی:

-ئێستا مادام هەموو خۆڵەکەمان هەڵگێڕایەوە. با بەڕووتی جێی نەهێڵین. وەرن مێوی لێ بچینین.

برای ناوەنجی و برای گچکە رازی بوو، گوتیان:

-زۆر بەجێیە. هەر هیچ نەبێ ماندووبوونەکەمان بە فیڕۆ ناچێ.

ئەوەبوو مێویان لە باخچەکە چاندو بە دڵ و داو پەروەردەیان کرد. پاش ماوەیەك باخچەکە بوو بە رەزێکی گەورەو جوان، هێشوە ترێی تەڕو شیرینی گرت. براکان ترێیەکی زۆریان لێ بەدەست هێنا. ئەوەندەی خۆیان پێویستیان پێ بوو گلیان دایەوە، ئەوەی تریشیان بە پارەیەکی باش فرۆشت.

برای گەورە گوتی:

-بەهەرحاڵ، زەوی هەڵگێڕانەوەکەمان بەلاش نەچوو. ئەو گەنجینەیەمان دۆزییەوە کە باوکمان لەسەرە مەرگدا بۆی باس کردین.

* * *

(١٩)

# رەیحانە گەنجی قۆزو ئیلانای خوشکی رۆژ

(هەقایەتێکی مۆلداڤییە)

راستی راستییەو هەقایەت هەقایەتە.
جێگایەك كەسی پێدانەڕوا شوون پێی پێوە دیار نابێ
شتێك نەچێنرێ، بەری نابێ
شتێك نەقەومێ، دەنگ پەیدا نابێ.

هەبوو نە بوو، ژن و مێردێك هەبوون، كچێكیان هەبوو. سپێدەی بەیان چەند گەش و پرشنگدارە، كچە ئەوەندە ناسك و نازدار بوو، تا بڵێی كچێكی چالاك و دەست رەنگین بوو. چوست و رۆح سووك بوو، دەتگوت شنەی بەهارانە. هەر كەسێ یەك جار چاوی بە پەنجە نەرم و ناسكەكانی بكەوتایە، بە چاوە گەش و پرشنگدارەكانی بكەوتایە، بەروومەتە سوورو تەرەكانی بكەوتایە، دڵی بۆ دا دەخوریا.

رۆژێكی خۆش، ئەو كچە شۆخ و شەنگە بوو گۆزەی هەڵگرت و چووە سەر بیرێ ئاو بێنێ. گۆزەكانی پر ئاوكردو لەسەر لێوی بیرەكە دانیشت پشوویەك بدا. سەیرێكی ناو بیرەكەی كرد، دیتی لێواری ناوەوەی رەیحانی لێ رواوە. بێ لێكدانەوە تاڵە رەیحانێكی قرتاندو بۆنی كرد. لە بۆنی رەیحانەكە منداڵێكی بە سكی كەوت.

كە دایك و باوكی كچەكە زانییان كچەكەیان سكی هەیە، هەرەشەیان لێ كردو فەزاعەتیان پێكرد. كچە سەری دونیای لێ وێك هاتەوە. خۆشی لە ژیانیدا نەما. بڕیاریدا رابكات، بەلام خۆیشی نەیدەزانی بچێتە كوێ؟ بەدزی خۆی پێچایەوەو بە كپ و

بێ دەنگی لە ماڵەوە بۆی دەرچووو بە ماوەیەکی کەم لە بیرکراو هیچ دەوسی نەما.

لەولاوەش کچە بە ترس و ئازار هەر رۆیشت رۆیشت تا گەیشتە دارستانێکی چڕ. ئەشکەوتێکی دۆزییەوە. بیری کردەوە لەو ئەشکەوتە پشوویەك بدا. کە چووە ناو ئەشکەوتەکە پیرەمێردێکی زۆر پیر بە کۆخە کۆخ و هێنکە هێنکەوە بە پیریەوە هات. پیرەمێردەکە پشتی کۆما بووەوە، لاقی چوویڕ ببوو، ردێنی گەیشتبوە سەر چۆکی. قەفی سمێڵی گەیشتبوە سەر شانی. قژی گەیشتبوە سەر پاژنەی پێی.

پیرەمێرد بە داروەکازی دەستی بڕۆی پڕو پەیوەستی هەڵدایەوە کە هاتبووەوە سەرچاوی، پرسی:

-تۆ کێی؟ ئەوە چۆن گەیشتیتە ئێرە؟

کچە لە پرمەی گریانی دا، بەڵام پاشان چی رووی دابوو، هەمووی بۆ گێڕایەوەو پێی گوت چۆن بەرێکەوت رێی کەوتە ناو ئەم ئەشکەوتە.

پیرەمێرد بەبێ دەنگی گوێی بۆ بەسەرهاتی کچەکە شل کرد. ئینجا کچەی لەسەر سەکۆیەکی بەرد داناو بە قسەی خۆش دڵی دایەوە.

چۆن دوای گەرمای سووتێنەری رۆژ، هەندێ جار باران زەوی ساردو فێنك دەکاتەوە، قسەی پیرەمێردانیش ئاوها دەرمانی دەردی گیانی گەنجانە لە کاتی تەنگانەدا. هەست و سۆزی گەرمی پیرەمێردەکە گیانی داڕوخاوی کچەی بەرزکردەوە. کچە رازی بوو لەگەڵیا لەو ئەشکەوتەدا بمێنێتەوە.

بەم جۆرە هەر دووکیان ماوەیەك بەیەکەوە لەو ماڵە بردیانە سەر. کچە دڵی بە هاوڕێتی پیرەمێرد دەکرایەوەو پیرەمێردیش نۆخژنی دڵی بە دیداری کچەدا دەکەوت.

هەموو سبەینان سێ بزن دەهاتنە ناو ئەشکەتەکە. پیرەمێرد بزنەکانی دەدۆشی. کچەو پیرەمێرد شیرەکەیان دەخوارد. زۆر بەو بەشە رازی بوون. رۆژگار هات و چوو. کچە کوڕێکی بچکۆلانەی بوو. کوڕە ئەوەندە خڕین و خشکۆك بوو، رۆژ کە چاوی پێ دەکەوت زەردەی دەهاتێ. پیرەمێردی کلۆڵیش زۆری کەیف پێ دەهات. هەر لە خۆوە دەکەوتە سەماو دڵی وەکو سەردەمی گەنجێتی شادی تێدا دەگەڕا.

کە کوڕەکە لە دایك بوو، بەخوناوی بەرەبەیان شووشتیان بۆ ئەوەی هیچ شتی شووم و بەدیۆمی پێوە نەنووسێ. بەنەبەردی لە بەڵاو تەنگانە خۆی دەربباو هەمیشە وەکو رۆژ پاك و پرشنگدار بێ.

ئینجا دایکە هەندێ وشەی ئەفسووناوی بەسەردا خوێند بۆ ئەوەی ئازاو چاو نەترس بێ. پیرەمێردیش لە کون و قوژبنە تاریکەکانی ئەشکەوتەکە گەرا، تۆبزێك و شمشێرێکی پانی سەردەمی گەنجێتی خۆی دۆزییەوەو دەقەبەر کۆرپەکەی کرد بۆ ئەوەی دوا رۆژ سوودیان لێ وەربگرێ.

لە رۆژی ئاهەنگی ناونانی کوڕەکە خواردن و خواردنەوەیان زۆر نەبوو، بەڵام بەزم و تریقانەوەیان بێ سنوور بوو. هیوای بەختەوەری و تەندروستیان بۆ کوڕەکە خواست و پیرەمێرد ناوی نا(رەیحان)، بەناوی ئەو چڵە رەیحانەی کە دایکی لەسەر بیرەکە قرتاندبووی و بۆنی کردبوو. دایکەش نازناوی(گەنجی قۆز)ی بۆ زیاد کرد چونکە کوڕە نازیزەکەی زۆر بەلاوە قۆز بوو.

رۆژگار خێرا تێپەڕی. پیرەمێرد مردو کورە پێراگەیشت. کورە دەچووە راووشکار. دایکی هەرچی دڵی بیویستایە ئەم بۆی دەهێنایەوە. تا کورەکە گەورەتر دەبوو، دایکی شادو دڵخۆشتر دەبوو" چونکە کورەکە بەقسەو بە کردەوە خۆشیو دڵنیایی بەدایکی دەبەخشی.

کاتێ کە رەیحانی"گەنجی قۆز" بوو بە پیاوێکی تەواو، بۆ راووشکار لەماڵ دووردەکەوتەوە. دەچووە دارستانو لێرەواری چڕگەن. تا چاو بردەکا دووردەکەوتەوە.

رۆژێکیان، رەیحانی گەنجی قۆز چووە زارگەلێیەك، لەدوورەوە شتێکی کەوتە بەرچاو لە گۆمێکی گەورەی سەوز دەچوو رۆژ مەلەی تێدا بکا... کەنزیك کەوتەوە دیتی گۆم نییە، بەڵکو کۆشکێکە لە زێری سافو مرواری دروست کراوەو لەناوەراستی دارستانێکی سەوزو بێ سنوور دەبریقێتەوە.

کورەکە لەوەتەی هەبوو شتی وا جوانی نەدی بوو. تۆبزو شمشێری بەرکەمەری رێك خستو یەکسەر چاوی دایە کۆشکەکە. پاش ماوەیەکی کەم گەیشتە کۆشکەکە. دەرگاو پەنجەرەکانی کۆشکەکە کرابوونەوە، بەڵام کەس دیار نەبوو، نە لەناو کۆشکەکەو نەلە دەوروبەری. رەیحانی گەنجی قۆز چووە ناو کۆشکەکەو لەو ژوورەوە چووە ئەو ژوور، سەراپای کۆشکەکە گەڕا. هاتە دەرەوە بۆ ناو حەوشە، لەحەوشەیش ئەملاو ئەولا گەڕا، کەسی نەدی. ئینجا لەناکاو گوێی لە هاشە هاشو لرفەلرفێکی گەورە بوو، گوێی لە قرچە قرچی شکانی چڵە درەخت بوو. حەفت عەزیای تۆقێنەر لە ناو دارستانەکەوە هاتن. هەریەکە:(سەری بزنو سمی کەرو کاژیری گورگو چاوی پڕ ژەهر) بوو. بە قەلەمبازو تیتیلە سەما دەهاتن. سێ زەلامیان لەسەر شان بوو. زەلامەکان دەستو پێیان

بەسرا بوو. چوونە ناو کۆشکەکە. مەنجەڵێکی گەورەیان پڕ ئاو کردو خستیانە سەر ئاگر. کە ئاوەکە وەکوڵ هات، لەسێ زەلامەکە یەکێکیان فڕێ دایە ناو مەنجەڵەکە. کردیانە چێشتو هەر زوو بە ئێسکەوە هەڵیانلووشی. ئینجا دوو زەلامەکەی تریشیان بە هەمان دەردبرد. هێندە بە تامەزرۆیی دەیانخوارد، کاژێریان بەدەم خواردنەوە جیڕەی دەهات. رەیحانی گەنجی قۆز لەپەنا دەرگاوە خۆی حەشاردابوو تەماشای دەکردن، بڕوای بە چاوی خۆی نەدەکرد. عەزیاکان هەموو خواردنەکەیان تا دوا تڵی ماشییەوە، ئینجا یەکێکیان ئاوری دایەوە، چاوی بە رەیحانی گەنجی قۆز کەوتو راچڵەکی دەتگوت نەقیزەیان تێ ژەندووە، هاواری کرد:

-راکەن بۆ حەوشە راکەن! یەکێکی تر وا لە حەوشەیە. بابیگرینو بیخەینە ناو مەنجەڵەوە.

هەموو عەزیاکان بازیان هەڵداو روویان کردە دەرگا بۆ ئەوەی بچنە حەوشە بەڵام رەیحانی گەنجی قۆز شمشێری هەڵکێشاو هەر عەزیایەکی لە کۆسیەی دەرگاوە پێی هاویشتە دەرەوە شمشێرێکی لە ملی داو سەری پەڕاند. سەرەکان وەکو کەلەم گلۆربوونەوە سەر زەوی. رەیحانی گەنجی قۆز شەش عەزیای یەك لە دوای یەك کوشت بەڵام هیچی پێ لەگەڵ عەزیای حەوتەم نەکرا، چونکە شمشێرەکە ئەو عەزیایەی نەبڕی، دەمی شمشێری بە ملی عەزیادا کێشا، بە پانتایی شمشێری لە تەوقی سەریدا، نووکی شمشێری لەدڵی راکرد بەڵام بێ هوودە بوو.. ئینجا رەیحانی گەنجی قۆز بێ یەكو دوو دەستی دایە تۆبزەکەی. بایداو ئەوەندە بە توندی لەلاجانگی عەزیای دا، عەزیا دونیای لەبەرچاو تاریك داهات، سووڕاو گینگڵی داو کشایەوە، لە کشانەوەدا سەری بەداروديوارەکان دەکەوت. گەیشتە ئاخر ژووری کۆشکەکە.

قەپاغی لەغەمێکی هەڵدایەوەو چووە خوارێ. هەمووی قەوزەو تەونە داپیرۆچکە بوو. ڕەیحانی گەنجی قۆز سلی نەکردەوە. بەدوایدا چوو. بەناو دوازدە دەرگای ئاسندا تێپەڕین گەیشتنە بنی زندانەکە. عەزیاکە خۆی لە بن دیوار گرمۆڵە کرد. کەڵبەی چیرکردبووەوە، چاوی دەسووراند، لەترسان و لە هەژمەتان هەروەخت بوو دڵی شەق ببا، بەڵام ڕەیحانی گەنجی قۆز خۆی تێ نەگەیاند، دەرگای لەسەر پێوەداو لە پشتەوە چلمێرەی دەرگای ڕەپێش کرد. بە پلیکانەدا سەرکەوتەوە. هەر دوازدە دەرگای گارەدا. دوا دەرگای قوفل داو کلیلەکەی خستە گیرفانی و بەرەو ماڵ گەڕایەوە. زۆر شادو بەختەوەر بوو کە کردەوەیەکی وا گەورەی نواندووە. بەسەر گەرمی گەڕایەوە ناو ئەشکەوتی خۆیان و بە دایکی گوت:

-دایە، کۆشکێکی گەورەو خۆشم دۆزیوەتەوە. لەمەودوا دەچین لەوێ دەژین. دایکە خەنی بوو. بەخۆو بە ڕەیحانی گەنجی قۆزی کوڕی ئەشکەوتەکەیان جێ هێشت و چوونە ناو کۆشکی زێڕو مرواری و ماڵیان لێ دانا.

ڕەیحانی گەنجی قۆز گوتی:

-دایە، ئەم کۆشکە هەمووی هی خۆمانە. هەرچی دەکەی تێیدا بیکە تەنیا ئەوەندەیە بەهیچ جۆرێ دەرگای ئاخیر ژوور نەکەیتەوە، چونکە ئاخیر عەزیای تێدایە.

دایکی وەڵامی دایەوە:

-کوڕم لەمن خاتر جەم بە! ئەو عەزیایە ویستوویەتی تۆ بخوا، من خۆم دەزانم چۆن چۆنی ئاگاداری قوفلی دەرگاکەی دەبم.

دایکە کلیلەکەی وەرگرت. لە دەسرۆکێکی پێچا. دە گرێی لێ دا. لە جێگایەکی وای دانا هەتا هەتایە بۆی بگەڕابان بەکەس نەدەدۆزرایەوە.

دایكو کوڕە ئەوەندە لە خۆشی دابوون هەر دەتگوت هەموو خۆشیو نیعمەتی دونیایان لە کلاوڕۆژنەوە بەسەرداباریوە. ئەو کۆشکەی تێیدا دەژیان تا بڵێی بە تەنتەنە بوو. دەوروبەری ئەوەندە جوانو خۆش بوو مانەندی نەبوو. ڕاویش لە مشە بوو.

نەك یەك ساڵو دووساڵ بگرە ساڵانێکی زۆر بەم جۆرە ژیانیان بەسەر برد.

چۆن دەشێ بەهار لە پڕ جێ بۆ گەرمای هاوین چۆڵ بکات، کە باگەڕ هەڵدەکاتو هەموو شتێ تێكو پێك دەشکێنێ، ئاوهاش ئەمانە خۆشییان لێ بوو بەناخۆشی.

ئەو حەفت عەزیایە لەوڵاتێکی ترەوە هاتبوون. (کلۆوانتسا) پەروەردەی کردبوون کە سیحربازێکی پیر بوو، ڕووی ڕەش وەکو قیر وابوو. دڵی ئەوەندە کرمێو چاوی ئەوەندە پیس بوو، یەك نیگای بەس بوو بۆ ئەوەی سەراپای زەوی بکاتە خۆڵەمێش.

کلۆوانتسا چاوەڕێی دەکرد عەزیاکان بچنە سەردانی، بەڵام کە ماوەیەکی زۆری پێ چووو هەر نەهاتن، ئەوەندەی بیرو غایەڵەی پیسو شووم بەدڵداهات هەموو هەناوی سووتا. کلۆوانتسا وەکو ماری سەر ئاگر کەوتە گینگڵدان. شێتانە بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە کۆشکەکە بۆ ئەوەی بزانێ چ قەوماوە.

کە کلۆوانتسا بە چارەنووسی عەزیاکانی زانی، توند سەری خۆی گرتو ماوەیەك تاسا. ئینجا ناڵاندیو لەرزی گرت. ئەوەندە تووڕە ببوو لە تورەییان شێتگر ببوو. هەر پەلاماری دایکی ڕەیحانی گەنجی قۆزی داو کلیلەکەی لێ سەند. ئەوی تووڕ هەڵدایە

بنی زیندانەکەو عەزیاکەی ئازاد کرد. ئینجا هەر دوازدە دەرگای قوفڵ دایەوە.

کلۆوانتساو عەزیا دانیشتن‌و راوێژیان کرد چۆن تۆڵە لە رەیحان بکەنەوەو لەناوی ببەن.

سیحربازەکە بە عەزیای گوت:

-دەبێ تۆ مەیدانبازی لەگەڵ بکەی!

عەزیا وەڵامی دایەوە:

-نەخێر، ناوێرم، چاوترسێنی کردووم. دەست‌و بازووی لەمن بە هێزترە. واباشە، تا زووە برۆین‌و خۆمان دەربازکەین. ئەگەرنا بمانبینی خراپترمان بەسەر دێنێ.

کلۆوانتسا گوتی:

-مادام تۆ هەست‌و بیروڕات وایە، بۆمنی لێ گەرێ. ئەوەندەی نەقێزە تیوە دەژەنم تا وای لێ دەکەم بە ئارەزووی خۆی بچێتە کونە مارێك‌و خۆزگە بەمردن بخوازێ.

کلۆوانتسا وای گوت‌و عەزیای شاردەوە. وەك مزراح خولی‌دا، جل‌و بەرگی دایکی رەیحانی گەنجی قۆزی کردەبەر. خۆی زۆر نەخۆش کردو چاوەرێی هاتنەوەی رەیحانی گەنجی قۆزی کرد.

ئەگەر رۆژێکی پێ چوو، ئەگەر دوو، رەیحانی گەنجی قۆز لە راو هاتەوە. هەر هێندە پێی لەسەر کۆسیەی دەرگا هاویشتە ژوورێ، کلۆوانتسا دەستی بە ناڵە ناڵ کرد. بەدەم هەنسکەوە گوتی:

-وای کورم دەردم گرانە. رۆیشتی‌و بە تەنێ جێت هێشتم قەت نەتگوت ئەو پیرە دایکەم پێویستی بە من دەبێ. نەخۆشییەکی گرانم لێیە. کەس نەبوو بەدەنگمەوە بێ. ئەگەر دلۆپە شیرێکی

باڵندە هەبێ، تەنیا یەك دڵۆپ بخۆمەوە هیچ بەڵام لێ نامێنێ و وەکو جاران بەسەر پێ دەکەومەوە.

ڕەیحانی گەنجی قۆز بە دڵتەنگی گوێی لە قسەکان گرت و دەستی دایە مەنجەڵێك و بە کلۆوانتسای گوت: دڵنیا بە، هەر ئێستا دەچم بۆت دێنم و دێمەوە.

ڕەیحانی گەنجی قۆز چووە سۆراغی شیری باڵندە. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت. چەندەها چیاو چۆڵی بڕی. گەیشتە خانوویەك شوورەیەکی بەرزی بە دەورەدا کرابوو. لەدەرگای حەوشەیدا. دەنگی کچێك لە ژوورەوە هات:

-ئەگەر پیاوی چاکی وەرە ژوورەوە. ئەگەر پیاوی خراپی بڕۆ ڕێی خوت نەوەك سەگەکانم لەت و پەتت دەکەن.

ڕەیحانی گەنجی قۆز وەڵامی دایەوە:

-خاتوونی نازدار، ئەوەی لە دەرگات دەدا پیاوی چاکە.

دەرگاکە کرایەوە. ڕەیحانی گەنجی قۆز دیتی خانووبەرەیەکی خۆش و باسەفایە. دەرگاو پەنجەرەکانی خانووەکە کرانەوە. چووە ژوورەوە، گوتی.

-ئێوارە باش

کچە وەڵامی دایەوە:

-ئێوارە باش.

کچێکی ئەوەندە جوان بوو، ڕۆژو مانگ و گەزەنگی بەیانی لەچاو جوانی ئەو بێ شەوق بوون.

ڕەیحانی گەنجی قۆز بۆی چەمایەوەو گوتی:

-ڕێگایەکی دوورم بڕیوە، ڕێگایەکی دووریشم لە پێشە، ئەمشەو داڵدەم بدە.

کچە وەڵامی دایەوە:

-بەسەر چاو.

ئینجا وەکو خانەخوێیەکی رووخۆش و میوانپەروەر رایەخێکی نەرمی بۆ راخست و هەموو جۆرە خواردنێکی خۆشی لەبەر دانا.

کە بە دووقۆلی لەسەر خوان دانیشتن، رەیحانی گەنجی قۆز بۆ کچەکەی باس کرد کە عەودالی چیبووەو بۆچی ئەو ماوە دوورە لە مالی خۆی دوور کەوتۆتەوە. ئینجا لێی پرسی:

-ئەرێ تۆ نازانی شیری بالندەم لە کوێ دەست دەکەوێ؟

کچە وەلامی دایەوە:

-لەوەتەی لەسەر ئەم زەویەم گوێم لە خواردنی واو دەرمانی وا نەبووە، بەلام لەبەر ئەوەی تۆ پیاوێکی چاکی، ئەو چاکەیەت لەگەل دەکەم و هەولێ دەدەم بۆت پێ بکەوم. پاش کەمێکی تر دەچمە لای برام-(رۆژی پرشنگدار) برای منە. ئەم پرسیارەی لێ دەکەم. ئەگەر هیچ کەس نەزانێ ئەو هەر دەزانێ. چونکە ئەو دەزانێ لەم سەر زەوییەدا چ هەیەو لە کوێیە؟

بەم جۆرە رەیحانی گەنجی قۆز(ئێلانا کۆسینزانا)ی خوشکی رۆژی ناسی. دوای نەختێ، کە میوانی شەکەت خەوی لێ کەوت، ئێلانا چووە لای برای و لێی پرسی شیری بالندە لەکوێ دەست دەکەوێ.

رۆژی پرشنگدار وەلامی دایەوە:

-زۆر دوورە، خوشکم، زۆر دوورە چەند حەفتە رێیەک بەلای رۆژهەلاتدا لەودیو کێوی پاقرە، بەلام ئەو بالندە شیردەرە وەگیر ناکەوێ چونکە درو بزۆزێکە تاکی نییە. هەر بالێکی بەقەد پەلە هەورێک دەبێ. هەر کەسێکی لێی نزیک ببێتەوە، تێی روو دێو دەیفرێنێ و دەیباتە هێلانەکانی خۆی، لەوێ پارچە پارچەی دەکات و دەرخواردی بێچووەکانی دەدا.

ئێلانا کوسینزانای خوشکی ڕۆژ زۆر ترساو تووڕەش بوو کە زانی ڕەیحانی گەنجی قۆز ئەو چارەنووسەی لە پێشەو بەرەو پیری مردنێکی مسۆگەر دەچێ. بڕیاریدا یارمەتی بدا. سبەینەی پاشی ئەسپێکی دوازدە باڵی لە تەویلەکەی دەرهێناو پێشکەشی ڕەیحانی گەنجی قۆزی کردو گوتی:

-کوڕی باش، ئەم ئەسپە ببە زۆر بە کەڵکت دێ و لە مەترسی دەتپارێزێ، بەڵام چارەنووست باش بێ یان خراپ، دەبێ لە گەڕانەوەدا لابدەیتە ماڵم.

ڕەیحانی گەنجی قۆز، کە لە دڵەوە حەزی دەکرد دڵی بخاتە ژێر پێی ئەم خاتوونە جوان و ڕووخۆشە، سوپاسێکی گەرمی کردو خۆی هەڵدایە سەر خانەی زینی ئەسپەکەو تێی تەقاند.

هەر هاژوای و هاژوای

بەسەر زەوی و شیودا،

بەسەر لێرو مێرگدا،

بەسەر دەشت و چۆڵدا.

لەدوورەوە شتێکی لێ دەرکەوت وەکو دیواری پاقژ دەینواند. کە نزیکتربووەوە دیوارەکە هەر بڵند بوو تا بوو بە گرد....

زیاتر چووە پێش، بوو بە چیایەکی گەورە، کە گەیشتە دامێنی چیای پاقژ دیتی ترۆپکی گەیشتۆتە کەشکەشانی ئاسمان. چیای وا بڵندو سەخت و عاسێ هەر زۆر دەگمەنە!

ڕەیحانی گەنجی قۆز چاک لە چیاکە وردبووەوە. لە دامێنەوە تا دوند بەسەرنج دایبێژت. لە تەشقی ئاسمان باڵندەیەکی کەوتە بەرچاو، باڵەکانی زل و ڕەش وەکو گەواڵە هەوری تیر وابوون. باڵندەکە خولێکی خواردەوەو لەچاو ون بوو.

رەیحانی گەنجی قۆز دەست و جڵەوی توندکرد. ئەسپ ملی بە چیاوە نا. تەپ. تەپ ئەسپ بەقەڵەمباز رایدەکرد. لە رەوەزێکەوە بازی دەدایە رەوەزێکی تر تا رەیحانی گەنجی قۆزی گەیاندە سەر هەورازترین تەپکە شاخ. رەیحانی گەنجی قۆز سەیری دەوروبەری خۆی کرد دیمەنێکی زۆر سەیری بینی. بێچوەکانی باڵندە درەکە لەناو هێلانە یاقرەکان خۆیان مات کردبوو. هەر چەندە هێشتا زەرنەقووتە بوون، بەڵام هەریەکە بە قەد گایەك دەبوو. لەبرسان سەریان دنگەی لێوە دەهات.

رەیحانی گەنجی قۆز سەیرێکی ئەو ناوەی کرد. کەلەنێکی لە چیای یاقر دۆزییەوە. بەخۆو بە ئەسپەوە خۆی تێدا شاردەوە. پاش نەختێ باڵندەی داکانە هاتەوە... هێلانە بە هێلانە گەرا. شیری دایە بێچووەکان. کەچووە سەر هێلانەکەی نزیك حەشارگەی رەیحانی گەنجی قۆز، رەیحانی گەنجی قۆز هەرچی زات و غیرەتی هەبوو کۆی کردەوەو مەنجەڵۆکەکەی راگرت. باڵندەکە هیچ ئاگای لێ نەبوو. شیری لە گوانی چۆڕایەوە ناو مەنجەڵۆکەکە. ئینجا رەیحانی گەنجی قۆز خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی و لە ترسی رۆحی خۆی، تێی تەقاند و رۆیشت. لەوساتەدا یەکێ لە بێچووەکان قیژاندی. باڵندەی داکانە ئاوری لەملاو لەولا دایەوە رەیحانی گەنجی قۆزی بینی، وەکو عفریتی دۆزەخ راوی نا بەڵام لەیگەیشتێ چونکە تەنیا یەك جووتە باڵی پێوە بوو کەچی ئەسپی رەیحانی گەنجی قۆز شەش جووت باڵی پێوەبوو" خێراتر دەفری.

رەیحانی گەنجی قۆز لە گەرانەوەدا دیسان:

هەر هاژوای و هاژوای

بەسەر زەوی و شیودا

بەسەر لێرو مێرگدا

بەسەر دەشت و چۆڵدا

تا گەیشتەوە ماڵی ئیلانا کۆسینزانا. ئیلانا بەڕوویەکی خۆش پێشوازی لێ کرد. داوای لێ کرد لابداو تەختێ بحەسێتەوە. ڕەیحانی گەنجی قۆز نانی خواردو نووست. ئیلانا کۆسینزانا دەیزانی چ دەبێ و چ نابێ، بەڵام باسی نەکرد، بۆیە شیری باڵندەکەی شاردەوەو مەنجەڵۆکی ڕەیحانی گەنجی قۆزی پڕ شیری مانگاکرد.

پاش نەختێ ڕەیحانی گەنجی قۆز بەخەبەر هات. مەنجەڵۆکی خۆی وەرگرت و گوتی:

–خوشکم بەڕاستی چاکەیەکی گەورەت لەگەڵ کردم. هەق وایە لە ماڵی تۆدا بمێنمەوە بەڵام ناچارم دەبێ بڕۆم چونکە دایکی نەخۆشم چاوەڕێم دەکا.

ئیلانا وەڵامی دایەوە، گوتی:

–مادام دەڕۆی گەنجی بوێرو ئازا، بڕۆ ئۆغرت خێربێ! بەڵام لەبیرت نەچێ سەرم لێ بدەوە.

ڕەیحانی گەنجی قۆز بۆی چەمایەوە، خاتری خواست و ڕۆیشت. چوو گەیشتەوە کۆشکی خۆی. کە کلۆوانتسا هەستی کرد ڕەیحانی گەنجی قۆز نزیک کەوتەوە کەوتە پێچ و خول، تەقڵەیەکی لێرەبوو، تەقلەیەکی لەوێ بوو، دەتگوت تیری ژەهراوی بەسەر دڵی کەوتووە.. چووە ناو جێ و دەستی بە فینگە فینگ و ناڵە ناڵ کردو خۆی هێنایە سەر مردن و زریکاندی:

–وای لە خۆمی، مردم!

کە ڕەیحانی گەنجی قۆز پێی لە کۆسیە نایە ژوورەوە، کلۆوانتسا پێی گوت:

-کوڕی شیرینم، چەندم حەزکرد هاتیتەوە! زۆرم چاوەڕێ کردی؟ شیرەکەت بۆ هێنام؟

ڕەیحانی گەنجی قۆز وەڵامی دایەوە:

-ئا، هێنام.

وای گوت و مەنجەڵۆکەکەی دایێ.

کلۆوانتسا دەمی بە مەنجەڵۆکەکەوە ناو هەموو شیرەکەی فڕکردو گوتی:

-سوپاس کوڕی ئازیزم. هەست دەکەم باشترم!

کلۆوانتسا ڕاکشاو وای پێشان دا خەوی لێ کەووتوە بەڵام چاوی نەچووە خەو. نەیدەزانی ئەم جارە ڕەیحانی گەنجی قۆز بۆ کوێ بنێرێ بۆ ئەوەی چوونی هەبێ و هاتنەوەی نەبێ... ڕاکشاو بیری کردەوە. لەپڕ دەستی بەناڵەو گینگڵدان کرد. وای پیشان دا زۆر لە جاران خراپترە، زریکاندی:

-ئای، کوڕی شیرینم دیسان نەخۆشی زۆری بۆ هێنام. بەڵام لەخەودا دیم ئەگەر گۆشتی بێچووە بەرازێکی کێوی بخۆم، چاک دەبمەوە.

ڕەیحانی گەنجی قۆز گوتی:

-دەچم گۆشتی بەرازی کێویت بۆ دێنم، چونکە هەموو ئاواتم چاک بوونەوەی تۆیە!

ڕەیحانی گەنجی قۆز سواری ئەسپ بووو بۆی دەرچوو. ماوەیەک ڕۆیشت گەیشتە ماڵی ئیلا کۆسینزاناو گوتی:

-ماڵێ، بەخێرم دێنن!

ئیلانا وەڵامی دایەوە:

-ئەی چۆن! فەرموو! بەدڵ بەخێرت دێنین.

رەیحانی گەنجی قۆز دانیشت بۆ ئەوەی پشوویەك بدا. باسی بەدبەختی تازەی خۆی بۆ ئێلانا کرد. باسی ئەو ئەرکەی کرد کە پێیەوە گلابوو، گوتی:

-ئەریٚ تۆ نازانی بێچووە بەرازی کێویم لە کویٚ دەست دەکەویٚ!

دایکم دیسان نەخۆش کەوتووە، دەڵیٚ گوایە بە گۆشتی بێچووە بەرازی کێوی نەبیٚ بەهیچ شتێك چاك نابێتەوە

ئێلانا وەڵامی دایەوە:

-نەخێر، من نازانم! بەڵام نەختیٚ! لێرە خۆت گیرکەو بحەسێوە.

ئێواریٚ هەمووت لە(رۆژ)ی برام بۆ پیٚ دەکەوم. بیٚ گومان ئەو دەزانیٚ، چونکە لە ئاسمان کە لەسەر کورسی خۆیەوە تەماشای زەوی دەکا هەموو شتێك دەبینیٚ و هیچی لیٚ بزر نابیٚ.

رەیحانی گەنجی قۆز لە ماڵی ئێلانا مایەوە. کە ئێوارە داهات، (رۆژ)ی برای ئێلانا تیشکی خۆی پێچایەوەو هاتە ماڵی خوشکی پشوویەك بدا. ئێلانا لە برای پرسی:

-کاکە، باسی بەرازی کێوی دەکەن. ئەریٚ ئەوە لە چ لایەکی دونیادا هەیە؟

رۆژ وەڵامی دایەوە:

-زۆر دوورە، خوشکم، زۆر دوورە! لەلای باکوورەوە، لەو دیو دەحڵو بێشەو میرگ، لەناو جەنگەلێکی چڕو گەورەی دار کاژ دایە.

-ئەدی بێچووە بەراز چۆن بەیدەست دەبیٚ بۆ برژاندن و خواردن!؟

-شتی واناکریٚ، خوشکم، بەکەس ناکریٚ! دار کاژەکانی ئەو جەنگەڵە ئەوەندە چڕن تەنانەت تیشکی منیان بە نێودا ناچیٚ، چ

جای مرۆڤ. تەنیا کاتی نیوەرۆ دەبینم بەرازەکان لە پەرگەی جەنگەڵەکە دێنە دەرەوە خۆیان لە زەلکاوەکان دەگەوزێنن. کەڵبەیان تیژە هەر کەسێ لێیان نزیك بێتەوە پەل پەلی دەکەن.

ئێلانا قسەکانی برای بە رەیحانی گەنجی قۆز گوت. رەیحانی گەنجی قۆز کەزانی دەبێ بچێتە کوێ‌و چ مەترسییەکی لە پێشە، سواری ئەسپەکەی بووو رۆیشت:

بەسەر گردو دۆڵدا هاژوای

بەسەر چەم‌و روباردا هاژوای

لە دەحلی پرو مێرگی کوڵووکان تێپەری. گەیشتە جەنگەڵی دار کاژی تاریك‌و بێ سنوور. هاژوایە ناو جەنگەڵەکە. ئەوەندە تاریك بوو دەتگوت تاریکستانی بنی دونیایە. ئەسپە دوازدە باڵییەکەی باڵی گرت‌و لەبەرزترین دار کاژ بەرزتربووەوە. رەیحانی گەنجی قۆز ئەو زەلکاوانەی دی کە ئێلان بۆی باس کردبوو. دەوری نیوەرۆ لرمەیەکی گەورە لەناو دارستانەکە هات. بەرازەکان بەراکردن هاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی لەناو قورو لیتەی زەلکاوەکان بگەوزن.

رەیحانی گەنجی قۆز بێچووە بەرازێکی جوانی دەست نیشان کرد. پری دایێ‌و خستیە سەر تەرکی ئەسپەکەی‌و لە ترسی رۆحی خۆی تا هێزی تێدابوو ئەسپی تاوداو هەڵات. بەرازەکان راویان نا. لمووزیان لەزەوی خشاند، بەڵام ئەسپەکەی رەیحانی گەنجی قۆز زۆر چوست‌و چایووك‌و بە بەزبوو نەوەك رەیحان بە فەتارەت دەچوو. چاپووکی ئەسپەکە سەری کرییەوەو لە کەڵبە تیژەکانی درندە دڕەکان رزگاری کرد. ئەسپەکە هەڵدەبەزی‌و باڵی لێك دەدا، رەیحانە گەنجی قۆزیش گۆرانی دەگوت‌و تا بڵێی شادو بەختەوەر بوو کە ئەم هەوڵەشی سەری گرت.

ڕەیحانی گەنجی قۆز، وەکو جاری پێشوو، لەگەڕانەوەدا لای دایە مالّی ئێلانا کۆسینزانا. لەو کاتەدا کە ئەم سەرگەرمی خواردن‌و خواردنەوەو خەوی تەوەزەلانە بوو، ئێلانا کۆسینزانا بێچووە بەرازەکەی بە بێچووە بەرازێکی ئاسایی گۆڕییەوەو لێ نەگەڕا ڕەیحانی گەنجی قۆز هەر هەستیشی پێ بکا، ئینجا بە ڕوویەکی خۆش‌و دۆستانە بەڕێی کرد.

کە کلۆوانتسا چاوی بە ڕەیحانی گەنجی قۆز کەوت بەرەو مالّ بووەوە، بە جۆری دانی جیرکردەوە کە پروشکی لە زار دەردەپەڕی، بەلاّم دانی بە خۆیدا گرت‌و وای پێشان دا کە بەڕاستی دەردی مەرگییەتی. کە ڕەیحانی گەنجی قۆز گەیشتە ژوورەوە، کلۆوانتسا پێی گوت:

-ئای، کوڕم! کوڕی شیرینم! بەخوای چابوو هاتیتەوە. نەمردم جارێکی تر بەدیدارت شادبوومەوە. هەر نەختێکی تر دوا کەوتبای بەزیندوویی بەسەرم ڕانەدەگەیشتی. زووبە بێچووە بەرازەکەم بۆ سەر ببڕە باگۆشتەکەی بخۆم.

ڕەیحانی گەنجی قۆز بێچووە بەرازەکەی سەربڕی. لەسەر پشکۆ برژاندی‌و دەرخواردی کلۆوانتسای دا. کلۆوانتسا وای پێشان دا کە چاک بۆتەوەو گوتی:

-ئێستا هەست دەکەم باشترم، چاوم ڕەشکەو بێشکە ناکا. بەلاّم کە هەموو گۆشتەکەی خواردو تەواو بوو، دووبارە کەوتە نالّە نالّ‌و بە غەمبارییەوە گوتی:

-ئۆی، کوڕی شیرینم، کوڕی کلۆڵم! زۆرت ئازارو دەردەسەری بۆ من کێشا، زۆر ولاّتی دوور بۆ من گەڕای! بەلاّم ئەگەر دەتەوێ بەڕاستی چاک ببمەوە دەبێ سەفەرێکی تریش بکەی، چونکە

هەست دەکەم لە جاران نەخۆش ترم. ئەگەر نەختێ ئاوی حەیاتم بۆ پەیدا نەکەی دەمرم.

ڕەیحانی گەنجی قۆز وەڵامی دایەوە:

-مادام وایە، دەچم دایە!

ڕەیحانی گەنجی قۆز گەشتەکەی دەست پێ کرد. ماوەیەکی زۆری بڕی. دڵی ژانی دەکرد، زۆر پەست و دڵتەنگ بوو. ئاخر داواکاری دایکی لە کوێ دەست بخا! بە نائومێدی و هەناسە ساردی گەیشتەماڵی ئیلانا کۆسینزانا. بە ناڕەزایی گلەیی لە بەختی خۆی کرد و بە ئیلانای گوت:

-خوشکی شیرینم، چارەم ناچارە. ڕەوانەی ڕێگایەکیان کردووم کەسی پێدا نەڕۆیشتووە. هیچ دەرمانێك دادی دایکم نادا. ئێستاش وا لەسەری کردووم ئاوی حەیاتی بۆ پەیدا بکەم... ئەرێ تۆ نازانی ئاوی حەیات لە کوێ هەیەو چۆن دەتوانم پەیدای بکەم؟

-جارێ لادەو نەختێ بحەسێوە، ڕەنگە بتوانم ئەمجارەش یارمەتییەکت بدەم.

تازە دونیا تاریك داهاتبوو، ئیلانا چووە لای(ڕۆژ)ی برای. برای تازە لە گەڕانی دووروو درێژ هاتبووەوە، دانیشتبوو بۆ ئەوەی پشوویەك بدات،

ئیلانا پێی گوت:

-ئەرێ ڕۆژی گەش، برام! تۆ کە لە ئاسمانی بەرز، لەسەر کورسی خۆت دادەنیشی سەراپای زەویت لەبەر چاو ڕاکشاوە، نازانی ئاوی حەیات لەچ لە وڵاتێکە؟

ڕۆژ وەڵامی دایەوە:

-زۆر دوورە، خوشکم! زۆر دوورە! لەو دیو سێ جار نۆ وڵات و سێ جار نۆ دەریا، لە وڵاتی(خاتوونی زەوی)یە. بەڵام تا ئێستا

هەر کەسێ بۆ ئاوی حەیات چووبێ، نەگەڕاوەتەوە، چونکە عەزیایەکی دڕ لەسەر سنووری ئەو وڵاتە نۆبەتدارە. ڕێ دەدا خەڵك بچێتە ناو وڵاتەکە، بەڵام ڕێ نادا کەس بێتە دەرەوە- عەزیاکە ئاوی حەیات دەخواتەوەو ئەو جوامێرانە دەخوا کە بۆ ئاوی حەیات دەچن... ماوەیەکە من هەر پێم دەکرێ ئێسکیان ووشك بکەمەوە.

ڕەیحانی گەنجی قۆز زانی دەبێ بچێتە کوێو تێگەیشت چ مەترسییەکی لە پێشە، بەڵام نەیهێشت ترس بەسەریدا زاڵ بێ. شمشێرەکەی ڕێك خستو تۆبزەکەی لەبەر کەمەری راکردو ماڵاوایی لە ئێلانا کۆسینزانا کردو خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەیو ڕۆیشت. ڕێگایەکی دووری لە پێش بوو. یەك نەفەس بەبێ وەستان ڕۆیشت. چەند زەویو کەوشەنی بڕی! بەدەوری چەند روبارو دەریادا سووڕایەوە! تا ئەو دیو سێ جار نۆ وڵاتو سێ جار نۆ دەریا ڕۆیشت. گەیشتە وڵاتێکی ئەوەندە خۆش قەت شتی وای نەدی بوو. سروشت ئەوەندە جوان بوو لە هەموو جوانییەکی تێپەڕاندبوو. نەچڵێکی وشكو نەکەڵە گیایەکی وشکی تێدا نەبوو. گیاوگۆڵ هەمووی تەڕو سەوز بوو، دارو درەخت هەمووی پشکۆژەو میوەی دابوو. ڕەیحانی گەنجی قۆز بەسەراپای ئەو وڵاتەدا گەڕا. دڵی بەو دیمەنانە کرایەوە. گەیشتە لای دوو بەرد. هەر یەکەو کانییەکی لێ هەڵدەقوڵا.

ڕەیحانی گەنجی قۆز بیری کردەوە، گوتی:

-"هەبێو نەبێ ئەمە ئاوی حەیاتە!"

جا بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە ئەمە ئاوی حەیاتە، پەپوولەیەکی گرت پارچە پارچەی کردو لەناو ئاوی یەکێ لە کانییەکانی هەڵکێشا، یەکسەر پارچەکان بەیەکەوە نووسانەوەو پەپوولەکە

وەکو جارانی لێ هاتەوە، ئینجا لە ئاوی کانی دووەمی هەڵکێشاو پەپوولەکە گیانی چووەوە بەرو زیندوو بووەوە.

رەیحانی گەنجی قۆز شادو کەیفخۆش بوو. دوو کوندەی لە ئاوی کانییەکان پڕ کردو گەڕایەوە، بەڵام هەر هێندە گەیشتە سەر سنووری وڵاتەکە، درەختەکان وەکو کەوتبنەربەر رەشەبا کردیانە خشە خش‌و ئاسمان تاریك داهات، عەزیایەکی دە سەر لەبەردەمی حازر بووو بە تووڕەیی کلکی بادا.

رەیحانی گەنجی قۆز بە دەستێك تۆبزو بە دەستێك شمشێری گرت‌و کە عەزیا ملی بۆ لای ئەم لارکردەوە.، تۆبزێکی لەسەرەکە داو بە شمشێر پەلی‌دا. سەری دووەم‌و سێیەمیشی بڕی. کە عەزیا زانی مەرگی نزیك بۆتەوە فڕی بۆ ئاسمان، بەڵام ئەسپەکەی رەیحانی گەنجی قۆزلەویش بەرزتر فڕی. رەیحانی گەنجی قۆز هەر دەسەری عەزیاکەی پەڕاندو عەزیا بەربووەوە. ئەوسا نەوەستا رۆیشت تا گەیشتەوە ماڵی ئێلانا کۆسینزانا. دوای ئەو شەڕە سەخت‌و ئەو سەفەرە دوورە پاڵی دایەوە بۆ ئەوەی بحەسێتەوە، ئێلانا کۆسینزانا دوو کوندە ئاوەکەی بۆ خۆی گێڕایەوەو دوو کوندە ئاوی ئاسایی لە جێ دانا. بێگومان رەیحانی گەنجی قۆز هەرگیز بە مێشکی دانەدەهات ئێلانا کە ئەوەندە جارە یارمەتی داوە، شتی وای لەگەڵ بکا. پشوویەکی باشی‌دا، ئینجا ئەسپی زین کردو سواربووو بەرەوماڵ بوەوە.

کاتێ کلۆوانتسا چاوی بە رەیحانی گەنجی قۆز کەوت هاتەوە، لەڕکان رەش هەڵگەڕا. دڵی بوو بە هیزە زەهر. هەندێ ئاوی خواردەوەو نەختێ هۆشی هاتەوە سەر. دووبارە بیری کردەوە چۆن چۆنی رەیحانی گەنجی قۆز لەناو ببا.

کلۆوانتسا لێی گەڕا پاش ئەم سەفەرە سەختە نەختێ پشووبدا، ئینجا بانگی کردە لای خۆی‌و بە ناسکی ماچێکی لێ کردو گوتی:

-کوڕی شیرینم، ڕەیحان! سەفەرێکی سەختت کردووەو زۆر ڕێگاو بانت کوتاوەتەوە. شەرت دەکەم هیچ شەنگ‌و تاقەتت لەبەردا نەماوە. وەرە بزانم دەتوانی ئەم داوە ئارمووشە بپسێنی؟

داوە ئارموشێکی دەرهێنا. لە کەمەری ڕەیحانی گەنجی قۆزی بەست‌و گوتی:

-دەی، کوڕی شیرینم، تاقەتی خۆت تاقی بکەوە. بزانین کەبە دونیای سەختدا گەڕاوی‌و ڕێچکەی نوێت شکاندوە، هەموو تاقەتی خۆت خەرج کردووە؟ یان هێشتا تاقەتت ماوە؟

ڕەیحانی گەنجی قۆز هێزی خۆی کۆکردەوەو خۆی ڕاپسکاندو داوەکەی پارچە پارچە کرد.

سیحربازەکە گوتی:

-بابزانم دوو داوت پێ دەپچڕێ؟

ئەمجارە دوو داوی لە کەمەری بەست، بەڵام ڕەیحانی گەنجی قۆز چۆن داوی یەکەمی پساند ئاواش ئەم دوو داوەی پچڕاند!

سیحربازەکە گوتی:

-باشە، هێزی ڕاستەقینەی پاڵەوانێتیت تێداماوە، تەنیا کەمێکت لێ خەرج کردوە.

ئەم جارە بەسێ داوە ئارمووش ڕەیحانی گەنجی قۆزی بەستەوە. ڕەیحانی گەنجی قۆز ماسوولکەکانی گرژکردەوە، تەکانی دایە خۆی، بەڵام داوەکانی پێ نەپسا. دووبارە تەکانی دایە خۆی، دیسان سوودی نەبوو. کەوتە پەلە قاژە، بەڵام تا زیاتر خۆی ڕادەپسکاند، داوەکان زیاتر لە گۆشتی ختم دەبوون‌و توندتر

شەتەکیان دەدا. بۆ جاری سێیەم چی تاقەتی هەبوو کۆی کردەوەو هەوڵیدا داوەکان بپسێنێ بەڵام داوەکان نەک هەر نەپسان بەڵکو تا ئێسقان گۆشتیان بڕی.

کلۆوانتسا لە خۆشییان وەکو مزراح لەسەر یەک پێ دەخولایەوەو سووڕی دەدا، قیژاندی:

-وەرە، عەزیا وەرە، خۆت لە کوێ شاردۆتەوە؟ زوو وەرە ڕەیحانی گەنجی قۆز لەناو ببە.

عەزیا لە خۆشییان فیشکاندی، لە حەشارگەی خۆی هاتە دەرێ، دەستی دایە شمشێرو ڕەیحانی گەنجی قۆزی وەك سەرکەلەم پارچە پارچەکرد. ئینجا پارچەکانی کۆکردەوەو لەناو دوو خورجینەی کردو خورجینەکانی هاویشتە سەر زینی ئەسپەکەو ئەسپەکەی بەرەڵڵاکردو گوتی:

-هەچچە بڕۆ! ئەسپی شووم! بەزیندوویی بردتە کوێ بە مردوویش بیبە ئەوێ!

ئەسپەکە ملی بە غارەونا، وەك قەرەنتو تێی تەقاند، زەوی لەژێر سمەکانی چرتەی دەهات و ئاورنگی دەهاویشت... چوو سەری بە ماڵی ئێلانا کۆسێنزانادا کرد، چونکە لەوێ لەدایك ببووو هەر لەوێش پەروەردەکرابوو. لەبەردەرگای حەوشە ڕاوەستا.

ئێلانا کۆسینزانا هاتە بێلایی تەماشای کرد ئەسپەکە هیچ سواری لەسەر نەبوو لە سەفەری دوور بێتەوەو داوای داڵدە بکا... ئەسپەکە ئەسپی خۆی بوو، هەموو لەشی لە کەف هەڵاتبوو، پەڵە خوێنی پێوە بوو... ئێلانا کۆسینزانا دڵی داخورپا، هەر ڕایکردە لای ئەسپەکەو خورجینەکانی لێ هێنایە خوارێ و کردنیەوە کە چاوی بە کەلەو پارچەی لاشەی ڕەیحانی گەنجی قۆز کەوت، لەزریکژنی دا:

-وای بەستەزمان ڕەیحانی گەنجی قۆز، بەستە زمان! ئەوە ئاوهایان لێ کردووی!؟

پارچەکانی وەکو جاران یەك یەك پێکەوە نووساندەوە. ئینجا چوو ئاوی حەیات و بێچووە بەرازو شیری باڵندەی هێنا. لەکوێ پارچە گۆشتێکی ڕەیحانی گەنجی قۆز کەم بوو لە گۆشتی بێچووە بەرازەکە بۆی لێنایەوەو ئاوی حەیاتی لێ پرژاند. پارچەکان پێکەوە لکانەوە... ئینجا دووبارە بەئاوی حەیات شووشتی، ڕەیحانی گەنجی قۆز زیندوو بووەوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

-وای باش نووستم!

ئێلانا کۆسێنزانا مەنجەڵۆکی شیری باڵندەی بە دەمییەوە کردو گوتی:

-دڵەکەم، ئەگەر ئەمن نەبام چۆن نووستبووی هەر ئاوا دەنووستی، قەت لەو خەوە قووڵە بەخەبەر نەدەهاتی!

ڕەیحانی گەنجی قۆز شیرەکەی خواردەوە. لەگەڵ هەر فرێکدا هێزێکی تازەی بەبەردا دەچوو. کە هەمووی خواردەوە گەڕایەوە سەر شەنگ و تاقەتی خۆی و لەجارانیش بەهێزتر بوو. وای لێ هاتبوو تۆبزی لەبەردەستێ بدایە دەیکردە تۆزو خۆڵ. ڕەیحانی گەنجی قۆز قیت بووەوە، شەکەتی لە خۆی تەکاندو بیری کەوتەوە عەزیا چی بەسەر هێنا، دەستی دایە تۆبزەکەی و تا هێزی تێدابوو بەرەو کۆشکی گۆڕین ڕای کرد.

ڕێژنەباران چۆن لە ئاسمان دادەکا، هەستی تۆڵە سەندنەوە ئاوها لەسنگی ڕەیحانی گەنجی قۆزدا هەڵدەقەڵا. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە کۆشکەکە. عەزیاو سیحربازەکە لەسەر خوان دانیشتبوون زیافەتیان دەخوارد، دایکیشی لەولاوە وەستابوو

خزمەتی دەکردن. لەپڕ دیتیان ڕەیحانی گەنجی قۆزیان لێ بەژووری کەوت. هەر دەتگوت زەویان لەژێر پێدا کێشراوەتەوە. بەڵام ڕەیحانی گەنجی قۆز دەرفەتی ترسانی نەدان، بەدەستێك سیحربازەکەو بە دەستێك عەزیاکەی گرت و رایکێشانە دەرەوەو لەحەوشە لەت و پەتی کردن. ئینجا سۆبەیەکی پاقڕی سوورکردەوەو هەردووکی سووتاندن بۆ ئەوەی هیچ دەوسیان لەسەر زەوی و لەناو ئاوو لەناو مێرگی هەراوو لەناو دەریای پڕ مرواری و لە هیچ شوێنێکی تری ژێر ئاسمانی شینی جەولانگەی هەڵۆیان دا، نەمێنێ.

ڕەیحانی گەنجی قۆز کە ئەمەی کردو لێ بووەوە، بە میهرەبانی دایکی گرتە باوەش و ماچی کردو دڵی دایەوە. ڕەیحانی گەنجی قۆز چووە داخوازی ئێلانا کۆسینزانا، ئەویش دەستی بە ڕووەوە نەناو مێردی پێ کرد...ئیدی نۆرەی شادومانیان هات، خوندی بێ ژمار لە هەموو لایەکەوە هاتن، بەزم و زەماوەندێکی راستەقینە یان سازدا. (ڕۆژ)یش لەسەری مەجلیس دانیشتبوو، بادەی شەرابی هەڵدەدا. ئاواتی شادومانی بۆ هەموو ئازیزان و هەموو بەشدارانی خۆشیی من و تۆ دەخواست.

دوای زەماوەند، ڕەیحانی گەنجی قۆزو ئێلانا کۆسینزانا بەخۆشی و بە بەختەوەری پێکەوە ژیان و ئەگەر هەجەلیان نەهاتبێ ئێستاش هەرماون.

* * *

(٢٠)

# چیرۆکی زەرنیاری زیرەك

(هەقایەتێکی ئازەربێجانییە)

ئەرێ باسی چیتان بۆ بکەم؟

ئێ، ئێ، زانیم!! باسی(مەمەد)بازرگانیی خەڵکی شاری(مسار)تان بۆ دەکەم کە بەسەفەر دەچووە وڵاتی بێگانان و بازرگانی بە هەموو جۆرە کەل وپەل و کوتاڵێك دەکرد.

ڕۆژێکیان، ئەو بازرگانە بڕیاری دا بچێتە وڵاتێکی دوور. کاڵا و کەلو پەلێکی زۆری کڕی و نۆکەری بەکرێ گرتن و ماڵاوایی لە ماڵەوەکردو کاروانی خستە ڕێ.

بازرگانەکە زۆر جێگا گەڕا، ئاخیری گەیشتە شارێك کە پێشتر ناوی نەبیستبوو. بڕیاریدا دوای ئەو سەفەرە سەخت و دوورە لەو شارە لابداو نەختێ بحەسێتەوە. بەخۆ و بە نۆکەرەکانی کاروانەکەیان لە کاروانسەرایەك خست. لەسەر خواردن بوون، کابرایەکی نەناسیاو هاتە لایەوەو گوتی:

-کاکی بازرگان، دیارە لە وڵاتێکی دوورەوە هاتووی، بۆیە شارەزای دەستووری ئەم شارە نیت!

مەمەد پرسی:

-دەستووری ئەم شارە چییە؟ پێم بڵێ!

-دەستووری ئەم شارە ئەمەیە: هەر بازرگانێکی بێتە ئەم شارە دەبێ بەدەست و دیارییەکی بە نرخەوە بچێتە خزمەت پاشا. بەرامبەر بەمەش پاشا داوەتی دەکاتە کۆشکی خۆی و دامەی لەگەڵ دەکا.

مەمەد چ بکا؟ خۆشی بێ و ترشی بێ دەبوو بچێتە خزمەت پاشا. ئەوەبوو لەناو قوماشەکانی بە نرخترین پارچەی هەڵبژاردو لەسەر سینییەکی زێڕی داناو چووە کۆشک و پێشکەشی پاشای کرد.

پاشا دیارییەکەی وەرگرت و لە بازرگانەکەی پرسی لە چ شارێکەوە هاتووە و کاروانی بازرگانیەکەی چییە؟ و چۆتە کوێ؟

مەمەد بەڕاستی وەڵامەکانی دایەوە. پاشا گوێی بۆ راگرت و گوتی:

-ئەمشەو وەرە کۆشکی من....من و تۆ دامە دەکەین!

ئێواری مەمەد چووە کۆشکی پاشا. کە چوو پاشا تەختەی دامەی لە پێش بوو چاوەڕێی ئەمی دەکرد. پاشا گوتی:

-بازرگان، گوێ بگرە باسی دەستووری دامەکردنی خۆمت بۆ بکەم: من پشیلەیەکی مەشقدراوم هەیە. ئەو پشیلەیە دەتوانێ لە ئێوارێ تا سبەینێ، بە درێژایی شەو، حەفت چرای داگیرساو لەسەر کلکی رابگرێ... ئێستا من و تۆ یاری دەکەین، ئەگەر بەدرێژایی ماوەی یاری کردنی ئێمە پشیلەکەم توانی چراکان رابگرێ، هەموو سامان و کەل و پەلی بازرگانی تۆ دەبێ بەهی من و ئەمر دەکەم زنجیرت بکەن و فڕێت بدەنە ناو زیندان، بەڵام ئەگەر پشیلەکەم بە ئاستەم لە جێی خۆی جولایەوە، هەموو خەزێنەی من دەبێ بەهی تۆو چیشم لێ دەکەی لێم بکە!

بازرگان چ بکا؟ رادەکا، ناکرێ. مل پێچی دەکا، نابێ... بە ناچاری مەرجەکانی پاشای قبووڵ کرد. لە دڵی خۆیدا سەد تف و لەعنەتی لە خۆی کرد کە هاتۆتە ئەم شارە، لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"لێرەدا دۆڕاندنی سەر، هەر زۆر ئاسانە چ جای سەر و سامان!"

پاشا بانگی پشیلەی مەشقدراوی کرد. پشیلە هات کلکی قیت کردەوەو لە پێش پاشا هەڵتووترکا. پاشا فەرمانیدا:

-چراکان بێنن!

نۆکەران دەرحاڵ حەفت چرایان هێناو لەسەر کلکی پشیلە دایاننان.

پاشا بەردەکانی ڕیزکردو یاری دەستی پێ کرد.

بازرگان، کە بەردەکانی دەجوڵاندەوە، تییە چاوێکی هەر لەلای پشیلە بوو. پشیلەش وا هەڵتووترکا بوو دەتگوت بۆتە بەرد. پرزەی لە خۆی بڕی بوو، هیچ جوولەی نەدەکرد.

شەوو ڕۆژێك بەم جۆرە ڕابرد، دوو شەوو دوو ڕۆژی تر ڕابرد، مەمەد هەر دامەی لەگەڵ پاشاکردو پشیلە هەر وەکو خۆی هەڵتووترکا.

لەئەنجام دا مەمەد چیدی بەرگەی نەگرت و گوتی:

-چیدی یاریم پێ ناکرێ. پاشا، تۆ بردتەوە!

پاشا چاوەڕێی ئەمەی دەکرد. بانگی نۆکەرانی کردو گوتی:

-بڕۆن هەموو کەل و پەلی بازرگانی و هەموو زێڕی ئەم بازرگانەم بۆ بێنن.

بازرگانەکەش زنجیرکەن و فڕێی دەنە ناو زیندان.

نۆکەرەکانی پاشا، مەمەدیان گرت و پاشا چی فەرموو وایان لێ کرد.

مەمەد، کە کەوتە ناو زیندان، تووك و نەفرەتی لە خۆی کرد کە چۆن ئەوەندە ئەقڵەی نەبوو لانەداتە ئەم شارەو لە ژێرەوەش خەشمانی لە پاشاو پشیلە مەشقدراوەکەی دەکێشا.

ئێستا مەمەد لێرە جێ دێڵین، با بچین بزانین زەرنیاری ژنی مەمەد چ دەکا!

زەرنیار لەماڵەوە بەبێ دەنگی چاوەڕێی مێردی دەکرد، بەڵام مێردی هەر نەهاتەوە، هیچ دەنگو سەداشی نەبوو، لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"دیارە شتێکی لێ قەوماوە!"

ماوەیەکی زۆر بوو ژنە بەدەم ئەم بیرو لێکدانەوەیە دەتلایەوە، لەپڕ، رۆژێکیان نۆکەرێکی مەمەد بازرگان بە ڕوویەکی پیسو بە جلو بەرگێکی دڕا دڕای، بەڕاکردن هاتەوەو هاواری کرد:-خانم، خانم! پاشای شارێکی دوور ئاغای خستە زیندانو دەستی بەسەر هەموو کەلو پەلو زێڕەکەی داگرت، هەر تەنیا من دەربازبووم‌و هاتمەوە. ئێستا تەگبیرمان چییە؟ چ بکەین؟

زەرنیار داوای لە نۆکەرەکەی کرد چ قەوماوە، بەوردی هەمووی بۆ بگێڕێتەوە... ئینجا فەرمانی دا ژمارەیەکی زۆر مشکیان گرتو سندووقێکی گەورەیان پڕ مشك کرد. ئەوسا هەندێ زێڕو زیوی هەڵگرتو بەرگی پیاوانی کردە بەرو قژی درێژی خۆی لەژێر تەپلەیەکی قیت شاردەوەو بەپێش کاروان کەوت، چوو مێردی رزگار بکا.

زەرنیار، بەبێ وەستانو خۆگنخاندن رۆیشت. رۆیشت تا گەیشتە ئەو شارەی مێردەکەی لە زینداندا ئەشکەنجەی دەکێشا. فەرمانی دا چەند نۆکەرێك لە کاروانسەرا بمێننەوەو نۆکەرەکانی تر لەگەڵی بچنە کۆشکی پاشا.

ئینجا سینییەکی زێڕی نەخشینی گەورەی هێنا. پڕی دیاری بەنرخی کردو چووە کۆشکی پاشا. نۆکەرەکانیش سندووقە پڕ مشکەکەیان پێ بوو لە دووی دەڕۆیشتن.

کە لە کۆشکی پاشا نزیك کەوتنەوە، زەرنیار بەنۆکەرەکانی گوت:

-کەمن لەگەڵ پاشادا دەستم بەیاری کرد، ئێوە یەک لە دوای یەک مشکەکان بەرەڵای ژوورەوە بکەن.

نۆکەرەکان بەخۆو بە سندووقەوە لەبەر دەرگا مانەوە. زەرنیار چووە ژوورەوەو بەپاشای گوت:

-شاهەنشای گەورەو مەزن، هەر پایەدارو بەردەوام بن! من وابە پێی دەستووری شارەکەتان دیارییەکی بەنرخم بۆ هێناون.

پاشا زەرنیار بە پیاو تێگەیشت. زۆر بەرێزەوە پێشوازی کرد. باشترین خواردنی لەبەر داناو داوای کرد دامەی لەگەڵ بکا.

زەرنیار پرسی:

-باشە، مەرجت چییە، شاهەنشا؟

پاشا گوتی:

-تا پشیلە مەشقدراوەکەم لە جێی خۆی نەجوڵێتەوە نابێ لە یاری بوەستین!

زەرنیار پرسی:

-ئەی ئەگەر پشیلە مەشقدراوەکەت جوولایەوە، چ دەبێ؟

-ئەو حەلە دان پێدا دەنێم من دۆڕاندوومە، جا چیم لێ دەکەی لێم بکە.

زەرنیار گوتی:

-باشە، چۆنی دەڵێی با وابێ.

پاشا پشیلەی مەشقدراوی خۆی بانگ کرد. پشیلە هاتە ژوورەوە، توند لەبەردەمی پاشا هەڵکونجا. نۆکەرانی پاشا هاتن، حەفت چرایان لەسەر کلکی پشیلە دانا.

پاشا لەگەڵ زەرنیار دەستی بەدامە کرد. بەدەم یاری کردنەوە زەردەی دەهاتێ. چاوەڕێ بوو ئەم بازرگانە گەنجەش بۆڕ بخواتو دان پێدا بنێ دۆڕاوە.

لەولاوەش، نۆکەرانی زەرنیار سندووقیان کردەوەو مشکێکیان بەڕەڵڵای ژووری پاشا کرد. کە پشیلەکە چاوی بەو مشکە کەوت چاوی کوسکەی کرد. ویستی لە شوێنی خۆیەوە بجووڵێتەوە، بەڵام پاشا چاوی لێ زەق کردەوە، پشیلەکە هاتەوە سەرخۆی و لە جێی خۆی رەق راوەستا.

بە ماوەیەکی کەم، نۆکەرانی پاشا چەند مشکێکیان بەردایە ژوورێ. مشکەکان لە ژوورێ کردیانە جلیتبازی، لەبن دیوارەکان غار غارێنیان دەکرد. ئەمەش کەم نەبوو بۆ پشیلە مەشقدراوەکە. پشیلە میاوەیەکی کردو لەپڕ بازێکی هەڵداو راوی مشکەکانی نا.

ئەوەندەی پاشا هات و هاواری کرد، پشیلەی مەشقدراو گوێی پێ نەدا. ئەوسا زەرنیار نۆکەرەکانی خۆی بانگ کرد. هاتن بەژوورێ وەربوون. توند دەست و پێی پاشایان بەست و دایانە بەر قامچیان. پاشا کەوتە پاڕە پاڕێ، هاواری کرد:

-هەموو حەپسەکان ئازاد دەکەم. چیم لێ سەندوون دەیاندەمەوە، هەر هێندە مەمکوژن!

نۆکەرەکانی زەرنیار هەر لە پاشایان دەداو پاشا تا هێزی تێدابوو هاواری دەکرد. هەر چەندە خەڵکی شار گوێیان لە هات و هاواری پاشا بوو، بەڵام کەس نەهاتە هاواری چونکە هەموو لە مێژبوو لە بەدخوویی و نیازپیسی پاشا گەیشتبوون، زۆر لەدەستی بێزار بوون، خوا خوایان بوو لە کۆڵیان ببێتەوە.

ئینجا زەرنیار فەرمانی دا مێردەکەی و هەموو ئەوانەی لەگەڵ مێردەکەی گیرابوون، بەردران و پاشایان فڕێ دایە ناو زیندان. ئەوسا زەرنیارو مەمەد بازرگانی مێردی گەڕانەوە شاری(مسار)ی خۆیان و لەوێ بە ئاشتی و بەختەوەری ژیان. چی خۆش بوو ئەویان دەخواردو دەخواردەوە، یاخوا ئەوەش بەنسیبی ئێوەمانان بێ.

سێ سێو لە ئاسمان بەربوونەوە- یەک بۆ ئێوە، یەک بۆ هەقایەتخوان، یەکێکیش بۆ گوێڕادێران.

## (٢١)

# شه‌هیدولای به‌ره‌لا

(هه‌قایه‌تێكی ئازه‌ربێجانییه‌)

زۆر زۆر له‌ مێژه‌، له‌زه‌مانی هه‌ره‌ زوو، كابرایه‌ك هه‌بوو، ناوی شه‌هیدولا بوو. كابرایه‌كی به‌ره‌ڵڵاو بێ كه‌ڵك بوو، ژن و منداڵی هه‌میشه‌ برسی و ڕووت و ڕه‌جاڵ بوون، نه‌ده‌وێران ته‌نانه‌ت خه‌ونیش به‌ جل و به‌رگی نوێوه‌ ببینن. ژنه‌كه‌ی شه‌هیدولا هه‌موو جارێ سه‌ركۆنه‌ی مێردی ده‌كرد بۆچی ئیشێك ناكات، ئه‌ویش ده‌یگوت:

-گوێ مه‌دێ! خه‌می لێ مه‌خۆ! ڕاسته‌ ئێستا هه‌ژارین به‌ڵام هه‌بزانه‌ ئێمه‌ش ده‌وڵه‌مه‌ند بووین!

ژنه‌كه‌ی ده‌یگوت:

-ئه‌یه‌ڕۆ، ئه‌وه‌تۆ چ ده‌ڵێی؟ كه‌ تۆ هه‌ر دابنیشی و په‌نجه‌یه‌ك نه‌جووڵێنی به‌ چ ده‌وڵه‌مه‌ند ده‌بی؟!

شه‌هیدولا دووباره‌ی ده‌كرده‌وه‌:

-ده‌تۆ سه‌برت هه‌بێ! وه‌ختێ دێ ئێمه‌ش ده‌وڵه‌مه‌ند ده‌بین!

ژنه‌كه‌ سه‌بری گرت و چاوه‌ڕێی كرد، منداڵه‌كانی چاوه‌ڕێیان كرد، به‌ڵام هیچ نه‌بوو. هه‌ر به‌ هه‌ژاری مانه‌وه‌.

ژنه‌كه‌ گوتی:

-چاوه‌ڕوانی سوودی نییه‌. كار وا بڕوا هه‌موومان له‌برسان ده‌مرین. شه‌هیدولا بڕیاری‌دا بچێته‌ لای كابرایه‌كی ژیرو داوای ئامۆژگاری لێ بكا چۆن له‌م هه‌ژارییه‌ ڕزگاری ببێ.

شەهیدولای خۆی کۆکردەوەو بەڕێ کەوت. سێ شەوو سێ ڕۆژ ڕۆیشت. تووشی گورگێکی لەڕولاواز هات. گورگ لێی پرسی:

-هاوڕێی باش، ئەوە دەچیتە کوێ؟

شەهیدولا وەڵامی دایەوە:

-دەچمە لای کابرایەکی ژیر بەڵکو ئامۆژگاریم بکا چۆن دەوڵەمەند ببم.

گورگ گوێی لێ گرت و گوتی:

-مادام هەر دەچی، چاکەیەکم لەگەڵ بکە. بۆم بپرسە ئەمە سێ ساڵە تووشی ژانە سکێکی گران هاتووم، شەوو ڕۆژ حەجمانی لێ بڕیوم، داخۆ چارەم چییە؟ لەوانەیە کابرای ژیر بزانێ چۆن چاک دەبمەوە!

شەهیدولا وەڵامی دایەوە:

-زۆر باشە بۆت دەپرسم!

ئینجا ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت. سێ شەوو سێ ڕۆژی تر ڕۆیشت. گەیشتە دار سێوێك لەدەم ڕێگادا ڕوابوو. دارسێوەکە لێی پرسی:

-هاوڕێی باش، ئەوە دەچیتە کوێ؟

-دەچمە لای کابرایەکی ژیر، داوای ئامۆژگاری لێدەکەم چۆن بەبێ ئەوەی هیچ ئیش بکەم گوزەرانم باش دەبێ.

دارسێوەکە گوتی:

-ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکە، بۆم لە کابرای ژیر بپرسە داخۆ هۆی چییە هەموو بەهاران گوڵ دەردەکەم بەڵام هەر هێندە گوڵەکانم پشکوتن، دەژاکێن و هەڵدەوەرێن، هیچ بەر ناگرم.... بە کابرای ژیر بڵێ ئەمە بۆ وایە؟

شەهیدولا وەڵامی دایەوە:

-زۆر باشە، پرسیاری لێ دەکەم!

شەهیدولا دووبارە کەوتەوەڕێ. سێ شەوو سێ ڕۆژی تر ڕۆیشت گەیشتە سەر گۆڵێکی گەورەو قووڵ. لەناکاو ماسییەکی گەورە سەری لەئاو دەرهێناو پرسی:

-هاوڕێی باش، ئەوە دەچیتە کوێ؟

-دەچمە لای کابرایەکی ژیر. داوای ئامۆژگاریو یارمەتی لێ دەکەم!

-ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکە. لە باتی من لێی بپرسە ئەوە حەفت ساڵە گەرووم ژان دەکا، چۆن چاک دەبمەوە؟

شەهیدولا گوتی:

-زۆر باشە! لێی دەپرسم!

شەهیدولا ملی ڕێی گرتەوە. سی شەوو سێ ڕۆژی تر ڕۆیشت. گەیشتە گوڵزارێك. تەماشای کرد دیتی پیرەمێردێکی ردێن سپیو درێژ لەژێر بنە گوڵێك دانیشتووە. پیرەمێردەکە، چاوی بەشەهیدولا کەوت، گوتی:

-شەهیدولا چت دەوێ؟

شەهیدولا لەسەر سامییان ڕاچڵەکی. پرسی:

-ئەگەر بزانی ناوم شەهیدولایە دەشزانی چیم دەوێ. لەوانەیە تۆ ئەم کابرا ژیرەبی کەمن بۆی دەگەڕێم!؟

پیرەمێردەکە وەڵامی دایەوە:

-بەڵێ، ئەوم. پێم بڵێ چت دەوێ؟

شەهیدولا بۆی باس کرد بۆچی هاتووەو چی دەوێ. کابرای ژیر گوتی:

-باشە، جگە لەوە هیچ پرسیاری ترت نییە؟

شەهیدولا گوتی:

-با، هەمە!

ئەوسا گورگ و دارسێوو ماسییەکە داوای چییان کردبوو، یەک یەک لە کابرای ژیری پرسی. کابرای ژیر گوتی:

-مرواریییەکی زل لە گەرووی ماسییەکە گیربووە. ئەگەر مرواریییەکە دەربێ ماسییەکە چاک دەبێتەوە. کووپە زێڕێک لە ژێردارسێوەکە شاردراوەتەوە. ئەگەر ئەو کووپەیە دەربێ، گوڵەکانی دارسێوەکە کە پشکووتن چیدی ناژاکێن و هەڵناوەرێن و دارەکە سێوی باش دەدا. بەش بە حاڵی گورگەکەش، ئەگەر بیەوێ ئەو ژانە سکەی نەمێنێ دەبێ یەکەم کەسی خوێڕی و بەرەڵای هاتە پێش، هەلیلوشێ.

شەهیدولا پرسی:

-ئەدی داواکاری من؟

-ئەوەی تۆ دەتەوێ هاتۆتە دی. بڕۆ!

شەهیدولا خەنی بوو. بێ ئەوەی هیچ پرسیاری تر لە کابرای ژیر بکا بەرەوماڵ بووەوە. ڕۆیشت تا گەیشتە ئەو گۆلەی ماسییە زلەکەی تێدابوو.

ماسییە زلەکە بەپەرۆشەوە چاوەڕێی دەکرد. ماسی لێی پرسی:

-ها، کابرای ژیر لەبارەی منەوە چی گوت؟

شەهیدولا گوتی:

-مرواریییەک لە گەرووت گیر بووە. ئەگەر ئەو مرواریییە دەربێ تۆ چاک دەبیتەوە.

شەهیدولا ڕۆیشت، ماسییەکە بانگی کرد:

-هاوڕێی باش" بەزەییت بەحاڵمدا بێتەوە. وەرە مرواریییەکە لە گەرووم دەربێنە. هەم چارەی من دەکەیت و هەم مرواریییەکە بۆ خۆت دەبەی!

شەهیدولا گوتی:

-نا، نا. بۆچی خۆم سەخڵەت بکەم. تازە بێ ئەوەی یەک پەنجەم بجووڵێنم دەوڵەمەند دەبم!

شەهیدولا ئەمەی گوت و ڕۆیشت. گەیشتە لای دار سێوەکە. کە دار سێوەکە چاوی پێکەوت چڵەکانی جوولانەوەو گەڵاکانی کەوتنە خشە خش. دارسێوەکە لێی پرسی:

-ئەرێ لە کابرای ژیر پێکەوتی دەرمانی دەردی من چییە؟

شەهیدولا وەڵامی دایەوە:

-ئا. کووپە زێڕێکی گەورە لە ژێر ڕەگەکانت شاردراوەتەوە. بۆ ئەوەی چیدی گوڵەکانت نەژاکێن و سێو بگری، دەبێ ئەو کووپە زێڕە دەربهێنرێ.

شەهیدولا ئەمەی گوت و ڕۆیشت.

دارسێوەکە بە پاڕانەوە بانگی کردو گوتی:

-شەهیدولا تکایە کووپە زێڕەکە لەژێر ڕەگەکانم دەربێنە. هەم من چاک دەبمەوە، هەم تۆش کووپە زێڕەکە بۆخۆت دەبەی!

شەهیدولا وەڵامی دایەوە:

-نا، نا. خۆم بەشتی وا سەخڵەت ناکەم. کابرای ژیر پێی گوتووم من هەموو شتێکم بۆ دەبێ.

شەهیدولا لێی دا ڕۆیشت. ڕۆیشت تا گەیشتە لای گورگە لاوازەکە. کە گورگەکە شەهیدولای بینی، لە بێ سەبرییان موچڕکی بەلەشدا هات، پرسی:

-ئەرێ کابرای ژیر ئامۆژگاری بۆ من چی بوو؟ زوو پێم بڵێ، دڵم تەقی!

شەهیدولا گوتی:

-یەکەم کەسی خوێڕیو بەرەڵات تووش هات هەلیلووشە، یەکسەر چاک دەبیتەوە.

گورگ سوپاسی شەهیدولای کردو لێی پرسی لەرێگا چی دیوەو چی بیستووە. شەهیدولا بۆ گورگی باس کرد لە رێگا تووشی ماسیو دارسێو هاتو داوای چییان لێ کرد ئینجا گوتی:

-بەڵام من خۆم سەخڵەت نەکرد. چونکە هەر دەوڵەمەند دەبم.

گورگ زۆرباش گوێی بۆ شل کردو وەخت بوو لە خەنی خۆشییان پەڕ دەربکات، لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"پێی ناوێ بچم بە دوای یەکێکی خوێڕیو بەرەڵادا بگەڕێم. ئەوا یەکێکی خوێڕیو بەرەڵا خۆی بۆم هاتووە. لە دونیادا کەس نییە لە شەهیدولا تەمبەڵو تەوەزەڵو بێکارەو بەرەڵاتربێ.

گورگ پەلاماری شەهیدولای داو جێی پێ کردە ئەو جێ. دەست بەجێ بە ساغی قلووفی کرد. ئەمە بوو سەرەنجامی شەهیدولای بەرەڵا.

سێ سێو لە ئاسمان بەربوونەوە- یەك بۆ هەقایەتخوان، یەك بۆ گوێڕادێران، یەکێکیش بۆ هەموو ئەوانەی تر.

(٢٢)

# ئەنایت

## (١)

(هەقایەتێکی ئەرمەنییە)

سەر لەبەیانییەکی بەهار(ڤاچەکان)ی گەنجی کوڕە تاقانەی(ڤاش) پاشا چووە شانشین. هەموو جۆرە باڵندەیەك لە باخچە دەیانخوێند، بەڵام وەکو بولبول بە جوانی نەیاندەخوێند. کە بولبول دەستی بە خوێندن کرد هەموو باڵندەکانی دی کپ و بێ دەنگ بوون، بەوردی گوێیان راگرت و ویستیان لەنهێنی خوێندنەکەی بگەن- یەکێك لاسایی جووکەی کردەوە، یەکێك لاسایی چریکەی کردەوە، یەکێك لاسایی فیکەی کردەوە. ئینجا هەرسێکیان بەیەکەوە ئەو ئاوازەیان چڕی کە فێری ببوون، بەڵام ڤاچەکان گوێی لێ نەگرتن چونکە دڵی خۆش نەبوو.

(ئاشخەن)ی شابانووی دایکی هاتەلایەوەو گوتی:

-کوڕی ئازیزم، تۆ لەبەر خەم و خەفەت داوە شاوی. لێمان مەشارەوە، بڵێ هۆی غەمباریت چییە؟

ڤاچەکان وەڵامی دایەوە:

-دایەگیان، من هیچ خۆشی لەم دونیایە نابینم! وام پێ خۆشە بەتەنێ بچمە شوێنێکی لاچەپ، بچمە گوندێکی وەکو(ئاتسیك).

-بەڕاستیتە؟ ئەوە بۆیە دەچیتە ئاتسیك چونکە(ئەنایت)ی زرنگی لێیە؟

-دایە، ئەوە چۆن ناوت زانی؟

-بولبولەکانی ناو باخچە پێیان گوتم.

-ڤاچەکانی ئازیز، لەبیرت نەچێ تۆ کوڕی پاشای ئەفغانیت. کوڕە پاشا دەبێ کچە پاشایەك یان دۆتمیرێك بێنێ نەك کچە جوتیارێکی سادە! پاشای(جۆرجیا) سێ کچی هەیە. دەست لەسەر هەر کامیان دادەنێی بۆت دێنم. میری(گوگار) کچێکی ناسكو نازداری هەیە تاکە میراتگری زەوییە بەپیتو بەرەکەتەکانی باوکیەتی. کچی میری(سونیك)یش لە جوانیدا لەو کەمتر نییە... ئەمەش(ڤارسەنیك)ی کچی سوپا سالاری خۆمان. پەروەردەی دەستی منو پاشایە. ئەویش شایەنی ئەوەیە ببێ بەهاوسەری تۆ.

-دایە، لە ئەنایت بەولاوە کەسم ناوێ.

ڤاچەکان ئەمەی گوتو رایکردە ناو باخچە.

(٢)

ڤاچەکان تازە لە بیست سالی هەڵی بوارد بوو. گەنجێکی لاوازو رەنگ زەرد!

باوکی پێی دەگوت:

-ڤاچەکان، کوڕم، تاکە هیوام تۆی، دەبێ ژن بێنی چونکە ژن هێنان یاسای ژیانە.

بەڵام ڤاچەکان، گوێی بە پاشا نەدەدا. سبەینان زوو بۆ راووشکار دەچووە شاخو شەو درەنگ دەهاتەوە. زۆر میر حەزیان دەکرد دۆستایەتی بکەن بەڵام ئەم خۆی لێ لادەدان.(ڤاگیناك)ی بوێرو ئەمەکداری نۆکەری و(زەنگی)ی سەگیی دڵسۆزی نەبێ کەسی لەگەڵ خۆی نەدەبردە راو. کە بۆ راو دەردەچوون، کەس نەیدەزانی کامەیان میرەو کامەیان نۆکەرە، چونکە یەکەو دەستە بەرگی ساکاری راوی وەکو یەکیان لەبەر بوو. هەر یەکە تیروکەوانێکی لەشانو خەنجەرێکی دەم پانی لەبەر کەمەر بوو.

ئەم گەشت و گەڕانەی دەشت و دەر بەچاك بۆ ڤاچەكان گەڕا. هێزو تاقەتی هاتەوە بەرو لەشی ساغ و تۆكمە لێ هات و بوو بە مرۆڤێكی پتەو.

ڕۆژێ لە ڕۆژان، ڤاچەكان و ڤاگیناك ڕێیان كەوتە گوندی ئاتسیك. لەسەر كانییەك دانیشتن بۆ ئەوەی پشوویەك بدەن. لەو كاتەدا تاقمە كچێكی گوند هاتنە سراوێ. ڤاچەكان زۆر تینوی بوو. داوای ئاوی لە كچەكان كرد. یەكێ لە كچەكان بادییە ئاوێكی پڕ ئاو كردو بۆی ڕاگرت، بەڵام كچێكی تر لەولاوە بە تەپڕدەستی پڕی دایە بادییەكەو لەدەستی دەرهێناو ئاوەكەی ڕشت. دووبارە بادییەكەی پڕ ئاوكردو دیسان ڕشتی. ڤاچەكان ئەوەندە تینوی بوو گەرووی دەگڕا. هەر دەتگوت كچەكە گاڵتەی پێ دەكا، چونكە هەر بادییەكەی پڕ ئاو دەكردو ئاوەكەی دەڕشت... جاری شەشەم كە بادییەكەی پڕ ئاوكرد بۆ ڤاچەكانی درێژكرد.

ڤاچەكان بەپەلە ئاوەكەی وەرگرت و خواردییەوە. ئینجا لە كچەكەی پرسی:

-ئەوە بۆچی لەیەكەم جارەوە ئاوەكەت نەدامێ؟ دەتەویست گاڵتەم پێ بكەی، یان تووڕەم بكەی؟

كچەكە وەڵامی دایەوە:

-ئێمە عادەتمان نییە گاڵتە بە بێگانان بكەین، بەڵام تۆ زۆر ماندووبووی، گەرماشت بوو. لەوانەبوو ئاوی سارد ئازارت پێ بگەیەنێ، بۆیە ماوەیەك تاخیرم كردی ئەوسا ئاوەكەم پێ دای.

ڤاچەكان لە وەڵامی كچە سەر سام بوو. جوانییەكەشی لەولاوە بوەستێ كە شێتی كردبوو. لێی پرسی:

-ناوت بەخێر؟

كچە وەڵامی دایەوە:

-ئەنايت!

-كچی كێی؟

-كچی شوانی ئەو گوندەم. باوكم ناوی(ئاران)ە. بۆ دەپرسی؟

-هەروا. پرسین گوناحە؟

-مادام پرسین گوناح نییە، دەبێ پێم بڵێی خۆت كێیتو خەڵكی كوێی؟

-درۆت لەگەڵ بكەم، یان راستت پێ بڵێم.

-چۆن بۆ تۆ باشە، وابكە!

-بێگومان راستی باشترە! راستیش ئەوەیە ئێستا ناتوانم پێت بڵێم من كێم؟ بەڵام بەڵێنت دەدەمێ بەم زوانە پێت بڵێم.

-زۆر باشە. دە بادییەكەمم بدەوە!

ئەنايت خاتری لە میر خواستو بادییەكەی وەرگرتو رۆیشت. راوكەرەكان گەڕانەوە ماڵی خۆیان. ڤاگیناكی نۆكەری دڵسۆز چوو سەر لەبەری مەسەلەكەی بۆ شابانوو گێڕایەوە..

بەم جۆرە بوو كە دایكی ڤاچەكان بە رازی ڤاچەكان زانی.

(٣)

ڤاچەكان لە ئەنايت بەولاوە بەكەس رازی نەبوو. لە ئەنجامدا، پاشاو شابانوو بە ناچاری سەریان بۆ خواستەكەی داهێناو ڤاگیناكو دوو پیاو ماقووڵی خۆیان بۆ داخوازی ئەنايت ناردە ئاتسیك.

ئارانی شوان زۆر بەگەرمی بە خێری هێنانو قاڵییەكی بۆ راخستنو لەسەری دانیشتن.

ڤاگیناك گوتی:

-ئەم قاڵییە زۆر جوانە! لەوەدەکا خاتوونی ماڵێ دروستی کردبێ؟

ئاران گوتی:

-من ژنم نەماوە. دەساڵە مردووە. ئەنایتی کچم ئەم قاڵییەی بەدەستی خۆی چنیوە.

پیاو ماقووڵەکان گوتیان:

-قالی وا جوان لە کۆشکی پاشاشدا نییە. زۆر مان پێ خۆشە کە کچەکەت ئەو تەونکەرە دەست رەنگینەیە. پاشا ناوبانگی کچی تۆی بیستووەو ئەوەتا ئێمەی ناردووە داخوازی کچەکەت بکەین بۆ کوڕە تاقانەکەی کە میراتگری تەختو تاجی پاشایە.

پیاو ماقووڵەکان، وایان رەچاو دەکرد کە ئاران، یان لە دڕدۆنگییان سەربابدا، یان لە خۆشییان لەخۆی هەڵبدا، بەڵام شوانە کە هیچ خۆی تێك نەدا. سەری دانەواندو پەنجەی بە نەخشەکانی قاڵییەکەدا هێنا.

ڤاگیناك گوتی:

-ئاران، برام، بۆ پەستو بێدەنگ بووی؟ ئێمە کە هاتووین خۆشیمان بۆ هێناوی نەك ناخۆشی. ئێمە نەهاتووین کچەکەت بە خورتی رابکێشین. مێرد دەکا، یان ناکا کەیفی تۆیە.

ئاران وەڵامی دایەوە:

-میوانە بەڕێزەکانم، من خورتی لە کچی خۆم ناکەم. ئەگەر ئەو رازی بێ مێرد بە شازادە بکا، من هیچ قسەم نییە.

لەوکاتەدا، ئەنایت هاتە ژوورەوە. سەبەتە میوەیەکی پێ بوو. بۆ میوانەکان چەمایەوە. میوەکانی خستە سەر سینییەكو لە پێش میوانەکانی گێڕا، ئینجا چوو لەسەر دەزگای تەونەکەی دانیشتو

خەریکی تەونکردن بوو. پیاو ماقووڵەکان سەیریان کرد، سەریان لە دەستو پەنجە نەرمو ناسکەکانی سوڕما. ڤاگیناك لێی پرسی:

-ئەنایت، ئەوە بۆ بەتەنێ ئیش دەکەی؟ بیستوومە شاگردت زۆرە.

ئەنایت وەڵامی دایەوە:

-بەڵێ، زۆرم شاگرد هەن، بەڵام ناردوومن ترێ لەرەز بڕنن!

-بیستوومە شاگردەکانت فێرە خوێندەواریش دەکەی؟

ئەنایت وەڵامی دایەوە:

-بەڵێ، فێری خوێندەوارییان دەکەم. ئێستا وای لێ هاتووە شوانەکانیش لەبەر مەڕ دەخوێننو یەکدی فێری خوێندەواری دەکەن. قەدی درەختەکانی دارستانەکانمان هەمووی یەك پارچە نووسینە. دیواری قەڵاکان، تاتە بەردەکان، تیشە شاخەکان هەموو بەرەڕوو لەسەریان نووسراوە. یەکێك دەچێ وشەیەك دەنووسێ، یەکێکی دی وشەیەکی بۆ زیاد دەکاو یەکێکی دی وشەیەکی دیو بەم جۆرە بەردەوام دەبێ... هەموو شاخو شیوەکانمان بوونەتە نووسین....

ڤاگیناك گوتی:

-ئێمە بەقەد ئێوە قەدری خوێندەواری نازانین. خەڵکی شار تەمبەڵن! بەڵام ئەگەر تۆ بێی لەگەڵ ئێمە بژی هەموو کەس فێری وردەکاری دەکەی. ئەنایت، نەختێ لەسەر تەون هەستە، وەرە شتێکت پێشان بدەم. سەیرکە پاشا دیاری چەند جوانی بۆ ناردووی؟

ڤاگیناك زۆر گەوهەری بەهادارو کراسی ئاوریشمی بۆ دەرهێنا. ئەنایت سەرنجێکی پەلەی لە شتەکان داو پرسی:

-باشە، پاشا بۆ هێندە بەتەنگ منەوەیە؟

-ڤاچەکانی کوڕی پاشا تۆی لەسەر کانی دیوە. تۆ ئاوی خواردنەوەت داوەتێ و ئەو ئەشقت بووە. ئێستا وا ئێمە لەسەر داوای پاشا هاتووین تۆ مێرد بە ڤاچەکان بکەی. ئەم ئەڵقەیە، ئەم ملوانکەیە، ئەم بازنە، ئەمانەی تر هەموو بۆ تۆن!

-ئێ ی! کەواتە ئەو راوکەرەی لە سراوێ تووشی هاتم کوڕی پاشا بوو!

-ئا. خۆی بوو!

-کوڕێکی کۆکە، بەڵام ئایا هیچ پیشەیەک دەزانێ؟

-ئەوە تۆ چی دەڵێی ئەنایت! ئەو کوڕە پاشایەو هەموو قەڵەمڕەوی پاشا بەردەستی ئەون. ئەو چ پێویستی بە پیشە هەیە.

-با واش وابێ، چارەنووس شتی وا نازانێ، تەپکەی خۆی لە هەموو کەس دادەنێتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ پاشایە رەنگە سبەی نۆکەر بێ. دەبێ هەموو کەس پیشەیەک بزانێ- چ پاشابێ و چ ئەمیربێ و چ مرۆڤی ئاسایی.

پیاو ماقووڵەکان لە قسەی ئەنایت سەرسام بوون، بەڵام ئارانی شوان زۆری هەوەس بە کچەکەی هات. پیاو ماقووڵەکان گوتیان:

-کەواتە تەنیا لەبەر ئەوەی شازادە هیچ پیشەیەک نازانێ، تۆ مێردی پێ ناکەی؟!

-راستە. تکایە چیتان هێناوە، بیبەنەوە! بە شازادەش بڵێن زۆرم خۆش دەوێ، بەڵام تکای لێ دەکەم واز لەمن بێنێ، چونکە من پەیمانم داوە مێرد بە پیاوێکی وانەکەم هیچ پیشەیەک نەزانێ.

قاسیدەکانی پاشا زانییان ئەنایت سوورە لەسەر بڕیاری خۆی، ئیدی بە بەری‌دا نەچوون و زۆریان لێ نەکرد. کە گەڕانەوە کۆشکی پاشا، هەموو شتێکیان بۆ پاشا گێڕایەوە.

کاتێ کە پاشاو شابانوو بە بڕیاری ئەنایتیان زانی زۆر کەیفخۆش بوون، چونکە لەو باوەڕەدا بوون تازە ڤاچەکان وازی لێ دێنێ، بەڵام ڤاچەکان گوتی:

-ئەنایت راست دەکا. پێویستە منیش وەکو هەر کەسێکی دی فێری پیشەیەك ببم.

پاشا پیاو ماقووڵانی کۆکۆدەوە. هەموو بەیەك دەنگ گوتیان باشترین و ماقوولترین پیشە بۆ شازادە، چنینی قوماشی نەخشینە!

دەرحاڵ وەستایەکی کارامەیان لە ئێران هینا. بەماوەی ساڵێك ڤاچەکانی فێری پیشەکە کرد. ڤاچەکان پارچە قوماشێکی نەخشینی گرانبەهای لە دەزووی زێڕ چنی و بە ڤاگیناك بۆ ئەنایتی نارد.

ئەنایت وەری گرت و گوتی:

-وەکو پەندەکە دەڵی: ئیتر با بێ ترس بەرەو چارەنووسی خۆی بچێ. ئەوەی پیشەیەك بزانێ هەژاریی توخنی ناکەوێ. بە شازادە بڵێ ئێستا رازیم شووی پێ بکەم. هانێ ئەم قاڵییەیشی لەمنەوە بەدیاری بۆ ببە!

یەکسەر تەدارەکی زەماوەندیان رێك خست. شایی و گۆوەند حەفت شەوو حەفت رۆژ دەوامی کرد.

(٤)

دوای زەماوەند، یەکسەر ڤاگیناکی دۆست و نۆکەری دڵسۆزی ڤاچەکان شوون بزربوو. زۆرگەڕان نەیاندۆزییەوە. هیوایان لێ دانا... لەو ماوەیەدا پاشاو شابانوو کە تەمەنێکی باشیان بردبووە سەر، کۆچی دواییان کردو ڤاچەکان بوو بە پاشا.

رۆژێ، ئەنایت بە مێردی گوت:

-پاشا، وەکو من بزانم تۆ باش شارەزای وڵاتەکەت نی. خەڵك هەموو شتێکت بەڕاستی پێ ڕاناگەیەنن. وات تێ دەگەیەنن کە هیچ کەم و کوڕییەك نییە، بەڵام لەوانەیە وانەبێ، واچاکە ناو بەناو خۆت بگۆڕی و بەناو وڵاتدا بگەڕێی و خەڵك بەسەر بکەیتەوە- جارێ بە بەرگی دەروێشی و جارێ بە بەرگی بازرگانی.

ڤاچەکان وەڵامی دایەوە:

-ڕاست دەکەی ئەنایت، ئەو کاتەی لە دەشت و دەر ڕاوم دەکرد خەڵکم باشتر دەناسی. بەڵام چۆن دەربچم؟ من لێرە نەبم کێ حوکم دەگێڕی؟

ئەنایت گوتی:

-من! پێویست ناکا کەسیش بزانێ تۆ لێرەنیت و دەرچووی.

-زۆر باشە. کەواتە لە سبەینێوە دەچمە گەڕان، بەڵام ئەگەر تا بیست ڕۆژ نەهاتمەوە، بزانە یان نەماوم، یان تووشی بەڵایەك هاتووم.

(٥)

ڤاچەکان پاشا بەرگی ئاسایی کردەبەرو بەناو وڵاتدا کەوتە گەڕان. زۆر شتی دی و زۆر شتی بیست. دوای ماوەیەك چووە شاری(پەپۆژ). گۆڕەپانێکی گەورە لەناوەڕاستی شار هەبوو. بازاڕێکی لێ بوو دەوراندەوری دوکانی بازرگانی و پیشەسازی بوو.

ڕۆژێ، ڤاچەکان لەو گۆڕەپانە دانیشتبوو، دیتی حەشیمەتێکی زۆر لە دوای کابرایەکی زۆر پیر دەڕۆیشتن. پیرەمێرد هەر ئەوەتە دەجووڵایەوە. ڕێگای بەردەمی چۆڵ کرابوو، کەرپووچی لێ ڕیزکرابوو بۆ ئەوەی پێی لەسەر دابنێ و بڕوا.

ڤاچەکان پرسیاری لە ڕێبوارێك کرد:

-ئەم پیرەمێردە کێیە؟

کابرا گوتی:

-ماقوولە نەیناسی؟ ئەمە سەرۆکی قەشانە. ئەوەندە بەدینو لەخواترسە، ناوێرێ تەنانەت پێ لەسەر زەوی دابنێ نەوەك زیندەوەرێك بکوژێ. رایەخیان لە گۆڕەپانەکە راخست. سەرۆکی قەشان لەسەر رایەخەکە چۆکی دادا بۆ ئەوەی پشوویەك بدا. ڤاچەکان بەناو حەشیمەتەکەدا چوو، لە پیرەمێردەکە نزیك کەوتەوەو گوێی لە قسەکانی راگرت. سەرۆکی قەشان چاوی تیژ بوو. کە چاوی بە ڤاچەکان کەوت زانی کابرایەکی لایدەیە، لێی پرسی:

-تۆ کێیت؟ و چ کارەیت؟

ڤاچەکان وەڵامی دایەوە:

-من کرێکارم. لە وڵاتێکی دوورەوە هاتووم، بەڵکو ئیشێکم دەست بکەوێ.

-باشە، لەگەڵ من وەرە. ئیشت دەدەمێ و کرێیەکی باشیشت بۆ حسێب دەکەم.

ڤاچەکان سەری رەزامەندی دانەواند. سەرۆکی قەشان شتێکی چرپاندە گوێی یاریدەدەرەکان کە ئەوانیش وەکو خۆی قەشەبوون، یەکسەر هەموو پەرتەیان کرد. پاش نەختێ هاتنەوە هەندێ حەمباڵیان لەگەڵدا بووو هەموو جۆرە کەرەستەیەکیان پێ بوو. ئینجا سەرۆکی قەشان هەستاو گۆڕەپانەکەی جێ هێشت. ڤاچەکان بەبێ دەنگی چووە دووی.

رۆیشتن تا گەیشتنە بەر دەروازەی شار. گەیشتنە لای دیوارێکی بڵند، دەروازەیەکی تێدابوو. سەرۆکی قەشان کلیلێکی گەورەی دەرهێناو دەروازەکەی کردەوە. چوونە ژوورەوە. ناوەوە گۆڕەپانێکی گەورە بوو. ئابیدەیەکی لەناوەڕاست بوو. هەر چوار

دەوری ژوور بوو. حەمباڵەکان ئەو شتانەی هێنابوویان دایان نان. سەرۆکی قەشان ڤاچەکان و حەمباڵەکانی بردە لاکەی تری ئابیدەکەو دەرگایەکی ئاسنی کردەوەو گوتی:

-بڕۆنە ژوورێ. لەوێ ئیشتان دەست دەکەوێ.

هەموو تاسان. بەکپ و بێدەنگی چوونە ژوورەوە. خۆیان لە زیندانێکی تاریکی ژێر زەوی دۆزییەوە. سەرۆکی قەشان دەرگای لەسەر کلیل دان. ئەوانیش کە زانیان رێگای گەڕانەوەیان لێ گیراوە، رۆیشتن.

(٦)

ماوەیەکی زۆر رۆیشتن. لەناکاو ترووسکاییەکی کز لە دوورەوە دەرکەوت. روویان دایە رووناکییەکە. گەیشتنە ئەشکەوتێك. ناڵەو هات و هاواری لێ دەهات. گوێیان قوڵاغ کرد بۆ ئەوەی باشتر گوێیان لێ بێ. بەسەرسامییەوە سەیری دەوروبەری خۆیان کرد، لە تاریکایی ڕاڕەوەکەدا تاپۆی کەسێکیان لێ دەرکەوت. کە نزیك کەوتەوە وردە وردە شێوەو ئەدگاری دەرکەوت.

ڤاچەکان چووە لایەوە، تێی ڕاخوڕی:

-ئەتۆ کێی؟ بنیادەمی، یان شەیتان؟ ئەگەر بنیادەمی پێمان بڵێ ئێرە کوێندەرەو ئێمە لە کوێین؟

تارماییەکە نزیکتربووەوە. بەلەرزە لەرز لەبەردەمیان وەستا. بنیادەم بوو، بەڵام بنیادەمێکی تا خەیاڵ کەی بێ وەزع و شڕو داهێزراو. رەنگ و ڕووی هەر لە مردووی دەکرد. چاوەکانی بە قووڵدا چووبوون. ئێسکی روومەتی دەرپۆقی بوو. هەموو گیانی ئێسك و پیست بوو. بەدەم هەنیسك و فینگە فینگەوە گوتی:

-لەگەڵم وەرن، هەموو شتێکتان پێشان دەدەم.

بەناو دالانێکدا ڕۆیشتن. گەیشتنە ئەشکەوتێکی دی. زۆر بینیادەمی رووت و قووتی تێدا بوو. هەموو ڕەق و وشک هەڵگەڕابوون. لەبەر ئاوزینگان دا بوون. چوونە ئەشکەوتێکی تر مەنجەڵی گەورەی تێدابوو. مەنجەڵی چێشت لێنان بوون. ڤاچەکان داهاتەوە سەرمەنجەڵێک، لەترسان ڕاچڵەکی و پاشەو پاش کشایەوە، بەڵام هیچی بە هاوڕێکانی نەگوت.

چوونە دالانێکی تر. سەدان کەس لەبەر ڕوناکی کز ئیشی قورسیان دەکرد. ڕەنگی مردوانیان لێ نیشتبوو. هەندێکیان تەونیان دەکرد. هەندێک نەخشیان دەکرد. هەندێک دورمانیان دەکرد.

ئەو پیاوە نیوەمردووەی ڕێی پیشان دەدان، گوتی:

-ئەو قەشە بەدکارەی ئێوەی بە فرت و فێڵ خستە ئەم زیندانە، ئێمەشی بەهەمان جۆر ڕاکێشایە ئێرە. من نازانم چەند ساڵە لێرەم، چونکە لێرە شەو ڕۆژ نییە. دونیا هەمیشە تاریکییەکی بەردەوامە. هەر ئەوەندە دەزانم ئەوانەی لەگەڵ من هاتبوون هەموو مردن. ئەم قەشەیە هەر کابرایەکی بکەوێتە بەردەستی، هیچ پیشەیەک بزانێ یان نەزانێ، ڕایدەکێشێ دەیهێنێتە ئێرە- جا ئەوەی پیشەیەک بزانێ دەبێ تا مردن ئەو پیشەیە بکا، ئەوەی هیچ پیشەش نازانێ سەری دەبڕن و لەناو ئەو مەنجەڵە تۆقێنەرانەی خۆتان دیتان، دەیکوڵێنن. ئەم قەشەیە بەدنیازو مێشک شەیتانییە بەتەنێ نییە. هەموو قەشەکانی دی هاوکاری دەکەن.

ڤاچەکان زۆر بەوردی لەو پیاوە راما کە قسەی دەکرد. ناسییەوە ڤاگیناکی نۆکەری دڵسۆزی خۆی بوو، بەڵام هیچی نەگوت نەوەک ڤاگیناک لە خۆشییان بمرێ.

(٧)

کە ڤاگیناك رۆیشت ڤاچەکان پرسیاری لەو کابرایانە کرد کە لەگەڵیدا بوون داخۆ کێن؟ و چ کارەن؟ یەکێ گوتی: من دورمانکەرم، یەکێ گوتی: من جوڵام، بەڵام ئەوانەی دی هیچ پیشەیان نەدەزانی. ڤاچەکان بڕیاری دا ئەوان بە شاگردو لادەستی خۆی دابنێ.

زۆری نەبرد، ترپەی پێیەك هات. قەشەیەك لە پێشدا هات کۆمەڵێ چەکداری بەدواوە بوو. قەشەکە مۆری فێڵبازیو بەدکاری بەتەوێڵەوە بوو. پرسی:

-ئێوە تازە هاتوون؟

ڤاچەکان وەڵامی دایەوە:

-ئا. تازە هاتووین. نۆکەری خۆتین، قەشەی میهرەبان!

-کامەتان پیشە دەزانێ؟

ڤاچەکان وەڵامی دایەوە:

-هەمووەمان. قوماشی نەخشینی وا دەچنین سەد قات لە زێڕ بەنرختر بێ.

-بەراستیتە!

-بۆت دەردەکەوێ!

-زۆر باشە. ئێستا پێم بڵێن چ کەرەستەو ئامێرێکتان پێ دەوێ. زوو لە دوکانی گەلەکاری دەست بە ئیش بکەن.

-لەوێ ئیشمان پێ ناکرێ. وامان پێ باشە لێرە ئیش بکەین. بۆ خواردنیش ئێمە گۆشت ناخۆین. ئەگەر بە خورتیش دەرخواردمان بدەن لەوانەیە پێی بمرین.

قەشە گوتی:

-زۆر باشە. نان و میوەتان دەدەینێ بەڵام ئەگەر بەرهەمەکەتان ئەوەندە بەنرخ نەبوو کە دەڵێن، ئەوا رەوانەی قەسابخانەتان دەکەم بۆ ئەوەی بەزیندوویی ئەشکەنجەتان بدەن و ئینجا بتانکوژن.

قەشە هەندێ نان و میوەی بۆ ناردن. لەگەڵ ڤاگیناك و هەندێکی تر خواردیان. ڤاچەکان دەستی بە ئیش کرد. زۆری نەبرد جوانترین پارچە قوماشی چنی و هەندێ نەخشی لەسەر کرد. نەخشەکان ئەو دیمەنە ترسناکەیان دەردەبڕی کە لەو زیندانە تۆقێنەرەدا تێیدا دەژیا، بەڵام ئەوەی شارەزا نەبایەپێی نەدەخوێندرایەوە

قەشە زۆری هەوەس بە کارەکەی ڤاچەکان هات. ڤاچەکان گوتی:

-پێم گوتی ئەو قوماشەی من دەیچنم هەزار قات لە زێڕ بەنرخترە. دە بزانە دوو هێندەی قسەی منیش بەنرخترنییە. ئەم نەخشانە جۆرە تەلیسمێکیان تێدایە، خەڵکی سادە نرخی نازانێ، تەنیا شابانوو ئەنایتی هۆزان تێی دەگاو نرخی دەزانێ.

قەشەی چاوچنۆك بڕیاری دا قوماشەکە بۆ خۆی بفرۆشێ، بەڵام کەسیش بەشداری قازانجەکەی نەبێ. جا بێ ئەوەی پرس بە سەرۆکی قەشان بکا، یان هەر هیچ نەبێ قوماشەکەی پێشان بدا، بردی و چووە کۆشکی ماڵی ڤاچەکان.

(٨)

ئەنایت ئەو ماوەیەی مێردی لەوێ نەبوو حوکمێکی باشی دەگێڕا. کاروباری هەمووی بە ئاسایی دەڕۆیشت. کەس هەستی نەدەکرد پاشا لەوێ نییە، بەڵام شابانوو خۆی زۆر ناڕەحەت بوو.(دە) رۆژ بوو وادەی گەڕانەوەی ڤاچەکان بەسەر چووو بوو

کەچی هیچ دەوسی دیار نەبوو. ئەنایت شەو خەونی ناخۆشی دەدی، ڕۆژ تاپۆی سەیرو سەمەرەی دەهاتە بەرچاو.

(زەنگی)ی سەگی ڤاچەکان بەردەوام یان دەوەڕی، یان دەیلووراند. ئەسپەکەی ئالیکی نەدەخوارد. وەك جوانووییەك دایکی بزر کردبێ ئەوا دەینووسکاند. بارکە وەکو کەڵەشێر دەیقووقاند، کەڵەشێر وەکو پۆڕ دەیقیژاند. ئاوی روبار بە دەنگێکی تەپ و گەرخ، بێ خوڕەو شڵپە دەڕۆیشت. ئەنایت، کە پێشتر نەیدەزانی ترس چییە، ئێستا زەندەقی چوو بوو، لە سێبەری خۆی دەسلەمییەوە.

ڕۆژێکیان سەر لەبەیانی بە ئەنایتیان ڕاگەیاند بازرگانێك هاتووە، هەندێ قوماشی زۆر بەنرخی هێناوە. ئەنایت فەرمانیدا کابرای بێگانە بێتە ژوورەوە.

کابرا چووە ژوورەوە. دەم و چاوێکی ترش و مۆنی هەبوو. لەبەردەم شابانوودا چەمایەوەو سینییەکی زیوی بۆ ڕاگرت پارچە قوماشێکی زێڕی لەسەر بوو. ئەنایت تەماشایەکی کرد، بەڵام نەخشەکانی نەدی، پرسی:

–ئەم قوماشە نرخی چەندە؟

–ئەمە سێ سەد قات لەزێڕ بەنرخترە، خاتوونی خاوەن شکۆ! تەنیا حسێبی کەرەستەو ئیشەکەت لێ وەردەگرم، دەست هەقی خۆم و هەقی ئەوەی لەوێوە بۆتۆم هێناوە، ئەوە بۆ خۆتی لێ دەگەڕێم بڕیاری لەسەر بدەی.

–باشە، بۆچی ئەوەندە گرانە؟

–شابانووی پایەدار، ئەمە هونەرو تەلیسمێکی وای تێ خراوە نایەتەکڕین. تۆ سەیری نەخشەکان بکە! ئەم نەخشانە نیگاری

ئاسایی نین، تەلیسمن، ئەوەی کراسێکی لەم قوماشە لەبەر بکا قەت نازانێ خەم و خەفەت چییە!؟

ئەنایت پرسی:

-شتی وا چۆن دەبێ؟

قوماشەکەی پان کردەوە. دیتی نەخشەکان تەلیسم نین، نووسینن، بە پیتی تێکەڵاو نەخش کراون. ئەنایت بەبێ دەنگی نووسینەکەی خوێندەوە:

-"ئەنایتی بێ مانەندم،

من لە دۆزەخێکی راستەقینەدا بەندکراوم. ئەوەی ئەم پارچە قوماشەت بۆ دێنێ یەکێکە لە زۆردارەکان. ڤاگیناکیش لێرە، لای منە. لە رۆژهەڵاتی(پەرۆژ)ەوە بۆمان بگەڕێن. لەناو زیندانی ئابیدەیەکداین دەوراندەوری شوورەی بەرزە. نەمانگەنێ فەوتاوین. ڤاچەکان."

ئەنایت لەناخەوە موچڕکی بەلەشداهات. دوو سێ جار بە نووسینەکەدا چووەوە. وای دەرخست زۆری پا لە نەخشەکانە، گوتی:

-راست دەکەی. ئەم نەخشانە سیحری شادومانیان تێدایە. ئەمرۆ سبەینێ من زۆر پەست و غەمبار بووم کەچی ئێستا کە چاوم بەم نەخشانە کەوت خۆشی دڵی داگرتم. بەڕاستی شادومانم. راست دەکەی ئەوەندە بەنرخە نایەتەکڕین. ئەگەر نیوەی وڵاتەکەمی پێ بدەم سووم لێ نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانی بەرهەمی هونەری هەرچەندە بەرزو مەزن بێ، ناگاتە نرخی هونەرمەندە داهێنەرەکەی!

-راست دەکەی شابانوو، هەر پایەداربیت!

-کەواتە دەبێ ئەو کابرایەم بۆ بێنی کە ئەم قوماشەی چنیوە. بۆ ئەوەی چۆن تۆ خەڵات دەکەم، ئەوا ئەویش خەڵات بکەم.

قەشەی چاوچنۆك وەڵامی دایەوە:

-شابانووی زێدە میهرەبان، نازانم کێ چنیویەتی. من قوماشەکەم لە هیندستان، لە جوولەکەیەك کڕیوە. ئەویش لە عارەبێکی کڕیوە، خوا بزانێ داخۆ عارەبەکە لە کوێ دەستی کەوتووە!

-تازە خۆت پێت گوتم بایی چەند کەرەستەو ئیشی تێ چووە، مانای وایە قوماشەکەت نەکڕیوە، بەکردنت داوە.

-شابانووی زێدە میهرەبان، لە هیندستان وایان پێ گوتم... منیش...

ئەنایت بەتووڕەیی قیژاندی:

-وس بە! دەتناسم، دەزانم تۆ کێی! نۆکەرینە، ئەم کابرایە بگرن و فڕێی دەنە ناو زیندان.

(٩)

کەفەرمانی ئەنایتیان بەجێ هێنا، ئەنایت ئەمری کرد تەپڵ و کەڕەنای شەڕ لێ بدەن. سەراپای خەڵکی شار لەدەوری کۆشکی پاشا کۆبوونەوە. بوو بە مقۆ مقۆ. کەس نەیدەزانی چ بوەو چ قەوماوە.

ئەنایت لە تەوقی سەری تا بنی پێی چەکی لە خۆیدا بوو، هاتە شانشین و گوتی:

-ئەی خەڵکی شار، گوێتان لەمن بێ. پاشاتان ژیانی کەوتۆتە مەترسی. هەر کەسێ خۆشی دەوێ و نرخی دەزانێ با بێتە دووم، دەبێ بۆ نیوەڕۆ بگەینە شاری(پەڕۆژ).

بە سەعاتێك خەڵكەكە هەموو چەكیان لە خۆدا. ئەنایت سواری ئەسپێكی حدوود بووو هاواری كرد:

-باڵۆن، وەرنە دووم!

ئیدی بەرەو شاری(پەرۆژ) تێی تەقاند. لەرێگادا هیچ رانەوەستا. تا گەیشتنە ناوەندی گۆڕەپانی شاری(پەرۆژ) جڵەوی ئەسپەكەی رانەگرت. خەڵكی(پەرۆژ) وایان زانی فریشتەیەو لە ئاسمان هاتۆتە خوارێ، خۆیان لەبەرپێی بەزەوی دادا. ئەنایت بە توندی پرسی:

-كوا پاشای ئەم شارە؟

پاشا هاتە پێشەوە گوتی:

-من پاشای شارم، خزمەتكاری تۆم ئەی خاوەن شكۆ!

-تۆ پاشایەكی زۆر كەمتەرخەمی. نازانی لەناو ئاییدەی خواپەرستیتاندا چ هەیەو چ نییە!

پاشا بۆی چەمایەوەو گوتی:

-بەڕاستی، نازانم خاوەن شكۆ.

-خۆ دەزانی ئاییدەكەتان لە كوێیە؟

-بە گاڵتەتە خاوەن شكۆ؟ چۆن نازانم!

-دەكەواتە پێش كەوە با، بچین!

پاشای شار ئەنایتی بردە ناو ئاییدەو حەشیمەتی خەڵكی شاریش چوونە دوویان!

قەشەكان وایان زانی ئەمانە حاجین‌و هاتوونەتە حەج. یەكەم دەرگای ئاسنیان كردەوە. ئەنایت یەكەو راست هاژوای بۆ گۆڕەپانی ئاییدەو فەرمانی دا دەرگاكانی ئاییدە بكەنەوە. كە ئەو وای گوت قەشەكان زانییان لێیان قەوما. سەرۆكی قەشان هەڵمەتی بۆ شابانووی ئەسپ سوار برد، بەڵام ئەسپی چاپووكی ئەنایت

دایە بەر چەپۆکان و قەراڵی لەبەر بڕی. دەرحاڵ جەنگاوەرانی ئەنایت پێیان وەرکرد هەموو قەشەکانی تریان کوشت. خەڵکی شار بە ترس و سەرسامییەوە تەماشایان دەکرد.

ئەنایت قیژاندی:

-وەرنەپێش، وەرن بزانن لە حەرەمی خواپەرستیاندا چ هەیە؟!

خێرا دەرگاکانی ئابیدەیان شکاند.

هەر زەلامی وەك تارمایی بوو لە زیندان دەهاتە دەرێ. هەندێك لەسەر مردن بوون. هەندێك ئەوەندە بێ هێزبوون خۆیان لەسەر پێ ڕانەدەگرت. هەندێك لەبەر ڕوناکی ڕۆژ کوێر ببوون و دەلادەهاتن و وەکو مێرووی ئیفلیج دەڕۆیشتن. ڤاچەکان و ڤاگیناك دوای هەموویان هاتنە دەرێ. چاوی خۆیان بەستبووەوە بۆ ئەوەی چاویان لەبەر تیشکی گەشی ڕۆژ کوێر نەبێ.

جەنگاوەرەکان هەڵیانکوتایە ناو زیندان. کەلەشی مردوان و ئامرازەکانی ئەشکەنجەدانیان دەرهێنا. خەڵکی شاریش بە شەرمەزارییەوە هاوکارییان دەکردن.

ئینجا ئەنایت لەگەڵ ڤاچەکان و ڤاگیناك چوونە ژێر ئەو ڕەشماڵەی بۆ ئەم مەبەستە هەڵدرابوو. ژن و مێرد لەتەك یەك دانیشتن و ماوەیەکی زۆر هەر سەیری یەکتریان دەکرد. ڤاگیناك دایە پرمەی گریان. دەستی ئەنایتی ماچ کردو گوتی:

-شابانووی بێ وێنە، ئەمڕۆ تۆ ژیانی ئێمەت ڕزگار کرد.

ڤاچەکان پێی گوت:

-وانییە، ڤاگیناك! ئەنایت لەمێژە منی ڕزگار کردوە. ئەو ڕۆژە ئێمەی ڕزگار کرد کە لەتۆی پرسی داخۆ شازادە هیچ پیشەیەك دەزانێ یان نا؟ لەبیرتە پێکەنینت بە قسەکانی هات؟!

(١٠)

باسی سەربردەی ڤاچەکان پاشا بە هەموو شارو گوندێکدا بڵاوبووەوە. دەنگ و باسەکە گەیشتە وڵاتانی تریش. هەموو کەس ئافەرینیان لە ڤاچەکان و ئەنایت کرد. ئاشقان گۆرانیان لەسەر دانان. هەر چەندە، بەداخەوە ئەو گۆرانیانە نەماون، بەڵام خۆشی لەوەدایە چیرۆکی ڤاچەکان و ئەنایت تا ئێستاش هەر ماوەو دەم بەدەم دەگێڕدرێتەوە.

* * *

(٢٣)

# پاشاو جۆلا

(حەقایەتێکی ئەرمەنییە)

هەبوو نەبوو پاشایەك هەبوو. رۆژێ، لەسەر تەخت دانیشتبوو، قاسیدی پاشای وڵاتێکی تر هاتو بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکا، بە گەچ بازنەیەکی لە دەوری تەختی پاشا کێشاو بەبێ دەنگی کشایەوە.

پاشا سەرسام بوو، پرسی:

-ئەمە مانای چییە؟

بەڵام قاسیدەکە هیچ قسەی نەکرد پاشا قرقرا. وەزیرو راوێژکارەکانی کۆکردەوەو داوای لێ کردن بۆی لێك بدەنەوە ئەم خەتەی دەوری تەختەکەی چ دەگەیەنێ.

وەزیرو راوێژکارەکان بەوردی لە خەتەکەیان کۆڵییەوە، بەڵام نەیانزانی بڵێن چی!

پاشا زۆر توورەبوو، هاواری کرد:

-دەك شەرمەزاربن! شەرمەزار! لەسەراپای وڵاتەکەم یەکێك نییە بزانێ ئەم خەتەی دەوری تەختەکەم مانای چییە! پاشا فەرمانێکی توندی دەرکرد کە هەموو پیاوە ژیرەکانی وڵاتەکەی بانگ بکەن بۆ ئەوەی مانای ئەم خەتەی بۆ لێك بدەنەوە. فەرمانەکەی پاشا ئەوەشی تێدابوو ئەگەر ئەو پیاوە ژیرانە پێیان لێك نەدرێتەوە لەسەریان دەدرێ.

وەزیرەکان بە هەڵەداوان چوونە تاقیبی پیاوە ژیرەکان. هەموو شارو گوندەکان گەڕان. لەهەموو دەرگایەکیان دا. ئاخیری گەیشتنە زنجێکی بچووک. چوونە ژوورەوە، دیتیان کپو چۆڵە، تەنیا یەک لانکی تێدایە لەخۆوە ڕادەهەژێ.

وەزیرەکان بە حەپەساوی پرسیان:

-ئەمە یانی چی؟ ئەم لانکە چۆن لە خۆوە رادەهەژێ؟ خۆ کەس لێرە نییە. واقیان وڕما. پاشان چوونە ژوورێکی تر، لانکێکی تری تێدابوو ئەویش لەخۆوە رادەهەژاو کەسیش لەوێ نەبوو.

وەزیرەکان زۆر سەرسام بوون. بەسەربانی زنجەکە کەوتن. بانەکە گەنمی لەسەر راکرابوو بۆ ئەوەی وشک بێتەوە. چۆلەکە بەسەربانددا دەخولانەوە، دەیانویست گەنمەکە بخۆن بەلام نەدەوێران چونکە باوەشێنێکی قامیش لەسەر بانەکە چەقاندرابوو، بەملاوبەولادا دەسووڕاو چۆلەکەکانی پاس دەکرد. نوێنەرانی پاشا ئەوەندە سەرسام بوون نەبێتەوە. پرسیاریان لە یەکدی کرد:

-ئەوە ئەم باوەشێنە چۆن دەسووڕێتەوە؟ بای نایە. هیچ چڵو گەڵای درەختێک نالەرێتەوە.

لەسەربان هاتنە خوارەوە. چوونەوە ناو زنجەکە. چوونە ناو ژوورێکی ترو هەر ئەو ژوورە مابوو. جۆلایەک دانیشتبوو جۆلایی دەکرد. نوێنەرانی پاشا لێیان پرسی:

-ئەم موعجیزەیە چییە لە ماڵی تۆ؟ ئەوە چۆن لانکەکانی ئەو ژوورە چۆڵانە لەخۆوە رادەهەژێن؟ چۆن باوەشێنە قامیشەکەی سەربان لەخۆوە، بەبێ با، دەسووڕێتەوە؟

جۆلا وەڵامی دانەوە:

-ئەمە موعجیزە نییە. لێرەوە خۆم ئەم هەموو ئیشانە رادەپەڕێنم!

وەزیرەکانی پاشا گوتیان:

-ئەوە گاڵتەمان پێ دەکەی؟ چۆن ئەم هەموو ئیشانەت پێ دەکرێ؟ خۆت وا لێرە دانیشتووی‌و جۆلایی دەکەی.

جۆلا وەلامی دانەوە:

-لە خۆی ئاسانتر نییە. سێ داوم بەتەونەکەمەوە گرێ داوە. یەکێکم لەلانکی یەکەم قایم کردووە، یەکێکم لە لانکی دوەم بەستووە، یەکێکیشم لە باوەشێنە قامیشەکە گرێ داوە. کە جۆلایی دەکەم، داوەکان دەجوولێن‌و لانکەکان‌و باوەشێنە قامیشەکەی سەربان دەجوولێنەوە.

نوێنەرانی پاشا بەوردی سەیریان کرد، دیتیان راست دەکا. سێ داو لەتەونەکە قایم کرابوون- دوویان بۆ لانکەکان چووبوون‌و یەکێکیش بۆ باوەشێنەکەی سەربان. گوتیان:

-بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە! جۆلا مرۆیەکی ژیرە. ئەو پیاوەی ئێمە بۆی دەگەڕێین ئەمەیە!

ئینجا بەجۆلایان گوت:

-جۆلا هەستە بچینە خزمەت پاشا. مەتەڵێک هەیە، بەڵکو بتوانی هەڵی بێنی!

جۆلا وەلامی دانەوە:

-جارێ پێم بڵێن مەتەڵەکە چییە؟

وەزیرەکان گوتیان:

-قاسیدی پاشایەکی بێگانە هاتە خزمەت پاشامان و پارچە گەچێکی دەرهێناو بازنەیەکی لە دەوری تەختی پاشا کێشا. نە پاشاو نەڕاوێژکاران و نەپیاوەکانی نازانن ئەمە یانی چی؟ جا، ئێمە وا بە فەرمانی پاشا بۆ کابرایەکی ژیر دەگەڕێین بتوانێ مانای ئەم خەتە گەچە لێك بداتەوە. ئەگەر تۆ پێت بکرێ، پاشا خەڵاتێکی باشت دەکا.

جۆلا گوێی لە نوێنەرەکانی پاشا راگرت و دالغەیەکی قووڵی لێدا. ئینجا دەستی دایە دوو جگ، ئەوەی منداڵ یاری پێ دەکەن، لەگیرفانی ناو چوو لە حەوشە فروجێکی گرت:

وەزیرەکان سەرسام بوون. تەماشای یەکتریان کرد. پرسیان:

-فڕوجت بۆ چییە؟

جۆلا وەلامی دانەوە:

-پێویستم پێی دەبێ.

فڕوجەکەی خستە ناو سەبەتەیەك و لەگەڵ وەزیرەکان بەرەو کۆشکی پاشا کەوتنە ڕێ.

جۆلا چووە ناو کۆشکی پاشا. سلاوی کرد. تەماشای خەتە گەچەکەی دەوری تەخت و کابرای خەتکێشی کردو دوو جگەکەی دەرهێناو هەڵی دانە پێش کابرا.

کابرا بەبێ دەنگی چەنگە هەرزنێکی لە گیرفانی دەرهێناو بە گۆڕێی وەرکرد. جۆلا فڕووجەکەی لەناو سەبەتە دەرهێناو بەڕەڵلای سەر دنکە هەرزنەکانی کرد. فڕوجەکە برسی بوو، خێرا هەموو هەرزنەکەی خواردو یەك دنکی نەهێشت.

کابرای بێگانە هیچ قسەی نەکرد. بە پەلەپەل بۆی دەرچوو. پاشاو دەستو پێوەندەکانی بەسەرسامی سەیری کابرای بێگانەو جۆلایان دەکرد. تێنەگەیشتن خەریکی چین. پاشا پرسی:

–ئەوە کابرای بێگانە مەبەستی لەو کردەوانە چ بوو؟

جۆلا وەلامی دایەوە:

–ویستی بلێ پاشای ولاتەکەیان دەیەوێ جاڕی شەڕبدا لەدژی ولاتی ئێمەولەهەموو لایەکەوە ئابلووقەمان بدا. ویستی ئەوەش بزانێ داخۆ تۆ شەڕ دەکەی، یان یەکسەر خۆت بەدەستەوە دەدەی؟ ئەمە بوو مانای خەتی دەوری تەختەکەت.

–باشە، ئەوە لەمە گەیشتم، بەلام تێ نەگەیشتم بۆچی تۆ جگت هەلدایە بەرپێی کابرا؟

جۆلا گوتی:

–مەبەست لە هەلدانی جگەکان ئەوەبوو، پێم گوت ئێمە زۆر لە ئێوە بەهێزترین. ئێوە ناتوانن بمانبەزێنن. بە شێوەیەکی تر بیلێم، من مەبەستم ئەوەبوو پێی بلێم: ئێوە لەچاو ئێمە مندالن. وا باشە لە مالی خۆتان دابنیشن وجگانێ بکەن، نەك لەگەلّ ئێمە شەڕبکەن.

پاشا گوتی:

–تێگەیشتم. بەلام لەوەناگەم بۆچی کابرای بێگانە چنگێ هەرزنی بە گۆڕێ وەرکردو تۆ بۆچی فرووجەکەت لەناو سەبەتە بەردایە سەر هەرزنەکە؟

جۆلا گوتی:

–ئەوەش ئاسانە: کابرای بێگانە کە چنگە هەرزنەکەی بە گۆڕێ وەرکرد ویستی پێشانی بدا کە پاشای ئەوان پیاوی ئەوەندە زۆرە

نایەتە ژمار. منیش کە فڕووجەکەم بەرهەڵداو هەموو هەرزنەکەی خوارد مەبەستم ئەوە بوو ئەگەر شەڕمان لەگەڵ بکەن هەمووتان دەکوژین. نایەڵین شەڕ کەرێکتان دەربازبێ.

-باشە، کابرا لەمەبەستت گەیشت؟

-دەبی تێم گەیشتبێ، چونکە هەر زوو کێشایەوە.

پاشا خەڵاتێکی باشی جۆلای کردو گوتی:

-جۆلا، تۆ لای من بمێنەوەو ببە بە وەزیری دەستە ڕاستم.

جۆلا وەڵامی دایەوە:

-نەخێر، من وەزیراتی تۆ ناکەم. من ئیشی خۆم هەیە.

ئەمەی گوت و ڕۆیشت.

*　　　*　　　*

( ٢٤ )

# ئاهوزادەو یەلینای نازدار

لەوانەیە راست بێ و لەوانەیە راست نەبێ" بەڵام دەگێڕنەوە دەڵێن گوایە پاشایەکی زۆر دەوڵەمەند هەبوو. رۆژێ بەڕاوکەرەکانی گوت:

-بڕۆنە دەرەوە. تووشی یەکەم گیاندار هاتن بیکوژن.

راوکەرەکان بۆی دەرچوون. یەکەم گیانداریان دی ئاهوویەك بوو لە مێرگێك دەلەوەڕا. نیشانەیان لێ گرتو ویستیان وەك پاشا فەرمانی پێ کردبوون بیکوژن، بەڵام دیتیان کوڕێکی بچکۆلە دەمی بە گوانییەوە ناوەو دەیمژێ. کە منداڵەکە چاوی بەڕاوکەرەکان کەوت دەمی لە گوانی ئاهووەکە کردەوە، دەستی لە ملی کردو ماچی کردو دەستی بەسەرو ملی داهێنا. راوکەرەکان بەم دیمەنە سەرسام بوون. کوڕەکەیان هەڵگرتو بۆ پاشایان بردەوەو چیان دی بوو بۆیان گێڕایەوە.

پاشا خۆشی کۆرپەیەکی نێرینەی هەبوو لەتەمەنی ئەو کوڕە بوو کە راوکەرەکان هێنابوویانەوە. یەکەو ناویان لێ نان. ئەوەی دۆزرابووەوە ناویان نا (ئاهوزادە).

ئاهوزادە لەگەڵ شازادە پێکەوە پەروەردەکران. هەردووکیان لە یەك ژوور دەنووستنو یەك دایەن شیری دەدانێ.

منداڵی خەڵك بەساڵ گەورە دەبێ، ئەم دوو کوڕە بەرۆژ گەورە دەبوون. بوونە دوانزە ساڵی. پاشا زۆر شادمان بوو کە دوو کوڕی لەناو کۆشکدا نەش و نمایان دەکرد.

رۆژێ، هەردوو کوڕ دەستیان دایە تیروکەوان و چوونە دەشت و دەر. شازادە تیرێکی هاویشت. تیرەکە بە جەڕەی پیرەژنێك کەوت کە لەو دەمەدا لە سراوێ دەهاتەوە. دەسکی جەڕەکەی شکاند. پیرەژن ئاوڕی دایەوە، گوتی:

-تووك و نەفرەتت لێ ناکەم چونکە تاقانەی، بەڵام یاخوا ئەشقی یەلینای نازدار لەسەرت بدا!

ئاهووزادە کە ئەمەی بیست سەرسام بوو، گوتی:

-ئەوە مەبەستی چییە؟

لەوساتە بەدواوە، شازادە، یەلینای نازدار نەبێ بیری لە هیچ کەس و لە هیچ شت نەدەکردەوە. عەشقی یەلینا نازدار رەگی لەدڵیا داکوتا بووو حەجمانی لێ بڕی بوو.

سێ حەفتەی پێ چوو شازادە هەربنساو کزبوو. نیوەروح ببوو. ئەشقی ئەو کچەی هەر نەشی دی بوو هەموو هێزو تاقەتی لێسەند بوو. رۆژێ ئاهوزادە پێی گوت:

-عەمری برات نەمێنێ ئەگەر یەلینای نازدارت بۆ نەهێنێ!

ئینجا چووە لای پاشاو گوتی:

-باوکە، بەئاسنگرێك بڵێ پووزەوانێکی ئاسن و تیروکەوانێکی ئاسنم بۆ دروست بکا. دەبێ بچمە دوو تاقیبی یەلینای نازدار.

پاشا رازی بوو. تیروکەوانێکی پێنج باتمانی و جووتە پووزەوانەیەکی ئاسنی بۆ ئاهووزادە بەکردن دا. ئەوسا ئاهووزادەو شازادە بۆی دەرچوون.

ئاهووزادە، کە ماڵاوایی کرد، بە باوکی گوت:

-بابە، دڵت هیچ نەکا. بڕوات بە ئاهووزادەی کوڕت هەبێ. دووساڵ چاوەڕێ بکە. ئەوەش بزانە- یان بەسەربەرزی دێینەوە، یان هەر نایەینەوە. ئەوسا هەردوو برا پێکەوە بۆی دەرچوون. ڕۆیشتن تا گەیشتنە دارستانێکی چڕگەن، کەس لێی بڕنەدەکرد. چوونە ناو دارستانەکە. ڕەوەزە شاخێکی بەرزیان بینی خانوویەکی لەترۆپکی سەری کرابوو بەردەمی باخچەیەکی خۆش بوو. ئەم خانووە دێوی پێنج سەرو نۆ سەری بنیادەمخۆری تێدابوو، شازادە بە ئاهوزادەی گوت:

-برام، ماندووم، با نەختێ لێرە بحەسێینەوە.

ئاهوزادە رازی بوو:

-زۆر باشە.

شازادە پاڵی دایەوەو چاوی خستە سەریەک. ئاهوزادە گوتی:

-تۆ لێرە راکشێ و بۆ خۆت بخەوە. من دەچمە ناو ئەم باخچەیە هەندێ میوەی خۆشت بۆ دێنم.

ئاهووزادە نەک وەکو برا چۆن چاوی لە برای دەبێ، بەڵکو وەکو چۆن باوک چاوی لە کوڕەکەی دەبێ، ئاوها چاوی لە شازادە بوو. ئاهووزادە چووە ناو باخچەکە. دارسێوێکی هەرە جوانی دۆزییەوەو دەستی بە لێ کردنەوەی سێو کرد. کتوپڕ دێوێکی نۆ سەری لێ دەرپەڕی، نەڕاندی:

-ئەوە کێیە زاتی کردوە بێتە ناو ئەم باخچەیە؟ لێرە تەیر ناوێرێ بە ئاسماندا بفڕێ، مێروو ناتوانێ بەسەر زەویدا بخشێ!

گەنجەکە بە دەنگێکی بەرز وەڵامی دایەوە:

-ئەوە منم، ئاهووزادەم.

دێوەکە، کە ئەمەی بیست پاشەو پاش کشایەوە. لەترسان و لەرکان دەستی بەپرتەو بۆڵە کرد، چونکە ئەویش وەکو هەموو دێوەکانی دی دەیزانی مەرگی لە هاتنی ئاهووزادە دایە. راستی، دێوەکان ئەوەندە ترسان هەریەکە بەلایەکدا هەڵات و خۆی شاردەوە. بەڵام ئاهووزادە هەمووی دۆزینەوەو هەمووی کوشتن تەنیا یەك دێوی پێنج سەر نەبێ کە خۆی لە هەورەبانی شاردبووەوە.

لەو ماوەیەدا شازادە بۆ خۆی لەبەر سێبەر خەوتبوو.

دوای ئەوەی ئاهووزادە خانووەکەی لەدێوان پاك کردەوە، گەڕایەوە لای برای و بە ئاگای هێنا. خانوو و سامانی دێوەکان بوو بە موڵکی ئەمان.

هەر دووبرا بەناو باخچەدا گەڕان. کردیانە بەزم و شادی.(بابا ـ هانجۆمی) دێوی پێنج سەر لە هەورەبان خۆی مات کردبوو، لەترسان چرك و هۆڕ دەلەرزی. ئاخیری هەر چۆنی بوو ترسی رەوییەوە. لە حەشارگەی خۆی هاتەدەرێ. لەهەورەبان هاتە خوارێ و چوو لە ئاهووزادە پاڕایەوە، گوتی:

-مەمکوژە دەبم بەبرات. هەموو موڵك و سامانەکەشمان بۆ تۆ.

ئاهووزادە زەردەی هاتێ. دێوی پێنج سەر لەسەر قسەکانی رۆیشت و گوتی:

-ئەوە بۆچی ماڵی خۆتان جێ هێشتووەو بە دنیادا دەگەڕێن. لەم گوندەوە دەچنە ئەو گوند، لەم شارەوە دەچنە ئەو شار.

ئاهووزادە گوتی:

-ئیشێکمان بە دەستەوەیە. ئەگەر یارمەتیمان نەدەیو تێ بخرچێن تۆش وەکو دێوەکانی تر دەکوژم. ئێمە تاقیبی پەلینای نازدار دەکەین. دەبێ تۆش لەگەڵمان بێی بیدۆزینەوە.

بابا- هانجۆمی خانوویەکی بچووکی هەبوو. بچووبایە هەر شوێنێك خانووەکەی لە کۆڵی خۆی دەکرد. بابا- هانجۆمی گوتی:

-وەرنە ناو ئەم خانووە بچووکەی من. هەڵتان دەگرم. دەچین بۆ پەلینای نازدار دەگەڕێین، بەڵام دۆزینەوەو دەست خستنی وا ئاسان نییە، چونکە زۆر کەس خۆی لێ مەڵاس داوە.

هەردووبرا چوونە ناو خانووی دێوەکەو سواری کۆڵی بوونو رۆیشتن. سێ مانگ زیاتر بەم جۆە رۆیشتن. گەیشتنە روبارێك. شازادە بە ئاهووزادەی گوت:

-ماندووم، با نەختێ بحەسێینەوە.

بێگومان بابا هانجۆمی لەوانیش ماندووتر بوو. هەر دووبرا لە خانووەکە هاتنە دەرێ. لەدەم رووبارەکە دانیشتن بۆ ئەوەی پشوویەك بدەن. زۆر تینووبوون. ویستیان ئاوی رووبارەکە بخۆنەوە، بەڵام ئاوەکە زۆر سوێر بوو. ئاهووزادە بە سەرسامی پرسی:

-ئەوە ئەم ئاوە بۆچی سوێرە؟

بابا- هانجۆمی وەڵامی دایەوە:

-ئەمە ئاو نییە، فرمێسکە. دێوێکی پێنج سەر لە هەوراز ئەم رووبارەیە. ئەویش ئەشقی یەلینای نازدار بووە، بەڵام یەلینا دڵی ناداتێ و پێی رازی نییە. ئەشقی یەلینا وەك ئاگر بەربۆتە گیانی دێوە. ئیدی هەر دەگری و رووباری فرمێسکی لەبەر دەڕوا.

ئاهووزادە بەو پەڕی سەرسامییەوە گوێی رادێراو گوتی:

-ئاهووزادە نەبم ئەگەر یەلینای نازدار بۆ برام نەهێنم!

چووە لای ئەو دێوەی لە هەوراز رووبارەکە بوو. ئاهووزادە پێی گوت:

-دێوە پێمان بڵێ ئەوە تۆ هێندە ئاشقی یەلینای نازداری؟ وادەکەی!

دیوە لە گریانی خۆی بەردەوام بوو. فرمێسکی باراندو رووباری لەبەر رۆیشت، وەڵامی دایەوە:

-ئەگەر بشمرم باکم پێ نییە هەر هێندە یەك جار چاوم بە یەلینای نازدار بکەوێ.

ئاهووزادە گوتی:

-بەڵێنت دەدەمێ کە هێنامان و هاتینەوە پێشانت دەدەم.

کەوتنەوەڕێ و رۆیشتن. چەند مانگێك بەم جۆرە رۆیشتن. ئەگەرچی لەهەر کوێ تووشی گیانداریکی کێوی بووناپە دەیانکوشت و دەیانخوارد، بەڵام خواردنیان هەر لێ دەبڕا. رۆیشتن تا گەیشتنە باخێکی بچووك. هێشتا هیچ سۆراغی یەلینایان دەست نەکەوتبوو. ئاهووزادە گوتی:

-ئەمە گوندە. دەچم پرسیار دەکەم. بۆی هەیە یەکێ لەو گوندە ڕێو شوێنی یەلینای نازدار پێ بزانێ و بزانێ لە کوێ بۆی بگەڕێین.

ئاهووزادە بابا- هانجۆمی و شازادەی جێ دێشت کە لەناو خانووە بچووکەکە بوو. چووە ناو گوندەکە. پیرەژنێکی دی لەتەك زنجەکەی وەستابوو، پێی گوت:

-دایکە، بەئەشقی خۆشەویستی دایك بۆ منداڵەکانی پێم بڵێ یەلینای نازدار لە کوێیە؟

پیرەژن زۆر سەرسام بوو، چونکە دەیزانی چەند زەحمەتە لە یەلینا نزیك بێتەوە. لەقسەی سادەو ئاسایی گەنجەکە واقی وڕما. گوتی:

-کوڕی خۆم، دۆزینەوەی یەلینا کارێکی زۆر سەختە. دیارە تۆ هیچی لەبارەوە نازانی. شا(با)ی مەزن ئەشقی بووەو خۆی مەلاس داوە دەرفەت بێنێ لە ماڵەوە هەڵی بگرێ و بیفڕێنێ بیبا. بۆیە لەودیو نۆ دەرگای قوفڵ دراوەوە شار دوویانەتەوەو هەرگیز چاوی بە تیشکی ڕۆژناکەوێ. ماڵەوەیان دەترسن نەوەك بەدزی بیفڕێنن.

پیرەژن پێداچوو باسی ڕێو شوێنی یەلینای نازداری بۆ ئاهووزادە کردو گوتی:

-قەڵاتەکەی لە پشت باخچەیەکی گەورەیە، شوورایەکی بڵندی بەدەورەدا کراوە. یەلینای نازدار بەخۆی و بەدایك و براکانی یەوە لەوێ دەژین.

ئاهووزادە پرسی:

-باشە، ئێمە چۆن بگەینە ئەوێ. براکەم دەیەوێ بیخوازێو بیهێنێ.

پیرەژن گوتی:

-ئەمە وا ئاسان نییە. یەلینای نازدار ئاشق و شەیدای زۆرە. ماڵەوەشیان لێناگەڕێن مێرد بە برای تۆ بکا. یەلینا سێ داوای لە داخوازیکەرەکانی هەیە. هەرکەسێ داواکانی جێ بەجێ بکا، مێردی پێ دەکا، بەڵام ئەوەی پێی نەکرێ. براکانی لەسەری دەدەن.

ئاهووزادە زەردەی هاتێ. داخۆ دەبێ یەلینای نازدار چی بە خەیاڵدا بێ کە ئەم بەخۆو بەبرایەوە پێیان جێبەجێ نەکرێ.

ئاهووزادە گەڕایەوە لای برایو بابە- هانجۆمی.

ئاهووزادەو شازادە چوونە ناو خانووە بچووکەکە- دێوە خانووەکەی بە پشتی دا داو رۆیشتن. گەیشتنە قەڵاتی یەلینای نازدار. یەکەم کەس ئاهووزادە چووە ژوورەوە. دایکی یەلینای نازدار. سیحربازبوو دەیتوانی مرۆڤ بکوژێو زیندووی بکاتەوە. تەماشای ئاهووزادەی کرد دیتی مرۆیەکی کۆکو کەڵەگەتە، نەیتوانی چاوی لەسەر هەڵگوزێ، پرسی:

-تۆ کێی؟ بۆ هاتیتە ئێرە؟

ئاهووزادە گوتی:

-دۆستم، دوژمن نیم.

-باشە، چت دەوێ؟

-دەمەوێ یەلینای نازداری کچی تۆ مێرد بە برام بکا.

یەلینا سێ برای هەبوو. ئەو کاتە هەرسێکیان بۆ راووشکار چووبوونە ناو دارستان. دایکی یەلینای نازدار گوتی:

-لێرەبە. چاوەڕێ بکە تا کوڕەکانم دێنەوە. قسەیان لەگەڵ بکە. ئیشەکە پێك دێ.

ئاهووزادە لەناو باخچە دانیشتو چاوەڕێی براکانی یەلینای نازداری کرد. لەولاوەش شازادەو بابا- هانجۆمی، کە چاوەڕوانی ئاهووزادەیان دەکرد، ترسان نەوەك شا-(با)ی مەزن بەگژ ئاهووزادەدا بچێو لەناوی بەرێ. بڕیاریان دا چاوەدێری ئاهووزادە بکەن، بزانن لەو سەفەرە چۆن دەچێو چۆن دێتەوە. کە تاریك داهات براکانی یەلینای نازدار هاتنەوە. یەکێ مامزێکی ساغی بەکۆڵی دادابوو، یەکێ شوورێكو یەکێ قەدی درەختێکی هێنابووەوە بۆ ئەوەی ئاگری پێ بکەنەوە. براکان بۆنی بێگانەیان کرد. لە دایکیان پرسی:

-دایکە، ئەوە کێ هاتۆتە ئێرە؟

دایکە وەڵامی دانەوە:

-کوڕم یەکێ هاتووە. بەڵام بە دۆستی هاتووە نابێ ئازاری بدەن. لەو ماوەیەدا بابا- هانجۆمی شازادەی گەیاندبووە ناو قەڵا. شازادە وەستابوو چاوەڕێی دەکرد بزانێ چ دەبێو چ نابێ.

براکانی یەلینای نازدار دەستیان بە کەوڵ کردنی مامزەکە کردو ئاهووزادەش یارمەتی دان. تا ئەوان لاقێکیان کەوڵ کرد، ئاهووزادە وەك برووسکە هەموو کەلەشەکەی کەوڵ کرد. هەرسێ برا بە سەرسامی تەماشایان دەکرد. لەسەر خواردن دانیشتن. ئاهووزادە پشکە گۆشتی زل زلی هەڵدەگرتو قلووفی دەکرد.

دیسان سێ براکە بەسەر سامی تەماشایان دەکرد. لە خواردن بوونەوە، نووستن. بۆ سبەینێ یەلینای نازدار گوتی:

-سێ ئیش بە شازادە دەسپێرم ئەگەر پێی کرا مێردی پێ دەکەم، ئەگەر پێی نەکرا مێردی پێ ناکەم.

شازادەیان هێنایە بەردەم یەلینای نازدار. یەلینای نازدار قسەی بۆ دەکرد بەڵام ئەو گەنجە کلۆڵە وەك بەرد لە شوێن خۆی رەق ببوو، نقەی لێوە نەدەهات. ئەوەندە وڕوکاس ببوو، نەیدەزانی چ هەیەو چ نییە. راستییەکەی ئەوەبوو دایکی یەلینای نازدار سیحری لێ کردبوو.

یەلینای نازدار قیژاندی:

-برۆ، بەرۆکم بەردە!

شازادەی لەژووری خۆی دەرکرد. شازادە وەك سەرخۆش دەلا دەهاتو لەپەڕوو دەچوو. ئاهووزادە رایکردە لایو لێی پرسی:

-یەلینای نازدار چی پێ گوتی؟

شازادە وەڵامی دایەوە:

-برام، نازانم. وڕوکاس ببووم.

ئاهووزادە زۆر تووڕەبوو. چوو داوای لە یەلینای نازدار کرد بۆ جاری دووەم قسە لەگەڵ برای بکا.

جاری دووەمیش شازادە لەبەردەم یەلینای نازدار متەقی لێوە نەهاتو وەك خەون یەلینای نازداری جێ هێشت. ئاهووزادە هەمووی بۆ بابا- هانجۆمی باس کردو تەگبیریان کرد چ بکەن. ئاهووزادە دیسان چووە لای یەلینای نازدارو تکای لێ کرد بۆ جاری سێیەم پێشوازی لە شازادە بکاتو قسەی بۆ بکا.

شازادە وەك بت لەبەردەمی یەلینای نازدار وەستا. دیسان دایکە سیحری لێ کردبوو. لەوساتەدا بابا-هانجۆمی هات هەندێ نووسینی دەرهێنا، لەوانەی سیحر دەشکێنن. فرێی دایە ئەو ژوورەی یەلینای نازدار دانیشتبوو قسەی بۆ شازادە دەکرد. لەپڕ دیوارەکان هەژان. شازادە هاتەوە هۆش خۆی. کە سیحرەکە شکا ئەوسا چاوی یەلینای نازداری بینی. هەر رایکردو توند دەستی گرتو هاواری کرد:

-تۆ هی منی، تۆ هی منی!

ئاهووزادە زۆر شادو کەیفخۆش بوو. یەلینای نازداریش کەیفخۆش بوو، چونکە دەیزانی دایکی سیحر لە داخوازیکەرەکانی دەکا بۆ ئەوەی لێ نەگەڕێ مێرد بکا. یەلینای نازدارو شازادە بەیەکەوە بەخەندەو خۆشی هاتنە دەرەوە.

سبەینێ پاشی، بووكو زاوا بە پیاسە چووونە ناو باخچە. ئاهووزادە لەنزیکەوە وەستابوو سەیری دەکردنو چاوی بەو دیمەنە جوانە زاخاو دەدایەوە. لەناکاو شا(با)ی مەزن چاوی بە یەلینای نازدار کەوت لەگەڵ شازادە پیاسەدەکا، هەر پڕی دایە شازادەو بەرزی کردەوەو سووڕاندیو بەعەردی دادا. ئینجا یەلینای نازداری گرتو بەرزی کردەوە ئاسمان. کە ئاهووزادە دیتی برای تخێڵی زەوی بووەو مردووە لە هەژمەتان وێك هاتەوە، یەلینای نازداری هەر لەبیر نەما. تازە بە تازە بە بیری هاتەوە کاتی خۆی پیرەژن پێی گوت وریای شا(با)ی مەزن بێ، بەڵام تازە کار لەکارترازا. ئاهووزادە دانیشتو بە کوڵ گریا. دایکی یەلینای نازدار هاتەلایەوەو گوتی:

-مەگری برات زیندوو دەکەمەوە، بەڵام شا(با)ی مەزن تازە یەلینای نازداری هەڵگرتو بردی، تازە نازانم چۆن چۆنی بیهێنینەوە!

پیرەژن دەسرۆکێکی دەرهێناو بەدەمو چاوی شازادەی داهێنا. شازادە یەکسەر زیندوو بووەوەو هەستایەوە، چاوەکانی هەڵگلۆفتو گوتی:

-زۆر نووستم!

بەڵام کە چاوی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕاو زانی یەلینای نازدار نەماوە، دەستی بە گریانو رۆ رۆکرد. نەیدەزانی چ بکا!

ئاهووزادە چووە لای بابا هانجۆمیو گوتی:

شا(با)ی مەزن بووکی فڕاند. بەهەر نرخێ بێ دەبێ بیهێنینەوە.

دێوەکە گوتی:

-هەر ئێستا. بابا- هانجۆمی فەراقی لەبەر بڕێ ئەگەر هیچ کەمتەرخەمی بکا. تەماشای گوێی راستەم بکە زینێکی تێدایە، تەماشای گوێی چەپەم بکە لغاوێكو قامچییەکی تێدایە. دەریان بێنە. زینەکەم لێ بکەو لغاوەکەم لەسەر بکەو سواری پشتم بە، با یەکسەر بڕۆین.

ئاهووزادە شازادەی لەماڵی یەلینای نازدار جێ هێشت. بابا هانجۆمی لغاوکردو بەنۆ تەنگە زینی لەپشت شەتەکداو نۆ زمانەی ئاسنی خستە ناو هەر پێنج زاری. بابا- هانجۆمی گوتی:

ئێستا سواری پشتم بە. سێ قامچی ئەوەندە توندم لێ بدە نۆ زوێڵە پێست لە پشتم بکاتەوە. ئەوسا خۆت توندبگرەو هەقت نەبێ بەڵام هیچ مەترسە. وەك(با) خێرا دەفڕم.

ئاهووزادە پێش ئەوەی قسەی بابا هانجۆمی بێنێتەجێ، چوو ماڵاوایی لە شازادەی برای کردو گوتی:

-تۆ لێرەبە، چاوەڕێمان بکە. ئێمە دەچینە سۆراغی یەلینای نازدار. ئینجا خۆی هەڵدایە سەر پشتی بابا هانجۆمی. سێ قامچی ئەوەندە قایمی لێدا نۆ زوێڵە پێستی لە پشتی هەڵگرت. دێوە ناڵاندی و زریکاندی. لەخۆی هەڵداو فڕی. دڕی بەپەڵە هەوری ئاسماندا. بە ئاسماندا فڕین. ڕۆیشتن تا گەیشتنە پارچە زەوییەکی رووتەن، پیرەژنێك لەسەر زەوییەکە بوو.

ئاهووزادە لێی پرسی شا(با)ی مەزن لە کوێیە؟

پیرەژن دەستی بە لێوە لێوو ئاهوونالەکرد، هاواریکرد:

-ئای کوڕم، کوڕی خۆم. ئەوە بۆ هاتیتە ئێرە؟ ئەوە چۆن دەوێری وا بەئاشکرا خۆت پێشان بدەی؟ شا(با)ی مەزن بۆنی بێگانان دەکا. ئێستا دەزانێ تۆ لێرەی و هەمووومان دەکوژێ. نەختێ پێش ئێستا کچێکی هێناوەتەوە ئەوەندە جوانە هیچ شتێ لەم دونیایەدا، لەجوانیدا، خۆی لەقەرە نادا.

شا(با) زۆر بە توندی هەڵی کردبوو. گڤەگڤی دەهات. ئەوەی بکەوتایەتە بەرێ وردو خاشی دەکردو رایدەماڵی.

ئاهووزادە گوتی:

-من بۆ سۆراغی ئەو کچە هاتووم. دەبێ ماڵی شا(با)ی مەزنم پێشان بدەی!

پیرەژن رازی بوو:

-زۆر باشە.

بەڵام لەترسان چرك و هۆڕ دەلەرزی. هەر ئەوەتە هەناسەی دەهات. ئاهووزادە دابەزی. زین و لغاوو قامچی لەناو گوێیەکانی دێوەکە شاردەوەو چووە دوای پیرەژنەکە.

بابا هانجۆمی لەوێ بەجێ ما. دەستی بە پیاسە کرد. هەموو شتێکی پشکنی و هەرچی بە خەیاڵدا هات کردی. تەنانەت هەموو مریشکەکانی شا(با)ی خوارد.

پیرەژن ئاهووزادەی بردە قەڵاتی شا(با)ی مەزن و خۆی گەڕایەوە. ئەو بەیانییە، شا(با) بۆ راووشکار چووبووە دەرەوە. یەلینای نازدار بە تاقی تەنێ لەناو قەڵا مابووەوە. دەگریاو دەیلاواندەوە.

ئاهووزادە چووە بەردەرگای ژوورەکەی. پێلەقەیەکی لەدەرگا داو کردییەوە. بەژووریٰ کەوت. یەلینای نازدار لێی پرسی:

-ئەوە چۆن گەیشتیتە ئێرە؟ ئەدی زاوای کلۆڵم چی بەسەرهات؟ یەلینای نازدار ئاهووزادەی گرتە باوەش و ماچی کرد. ئەویش چی قەومابوو هەمووی بۆ گێڕایەوە، گوتی:

-هاتووم، تۆ لێرە رزگار بکەم.

یەلینای نازدار چریکاندی:

-شتی وا بە تۆ ناکرێ. شا(با)ی مەزن، نەفرەتی لێدا، هەردووکمان دەکوژێ.

ئاهووزادە گەڕایەوە لای ئەو پیرەژنەی جێگای شا(با)ی پێشان دابوو. داوای لێکرد تەگبیرێکی بۆ بکا. چۆن یەلینای نازدار بفڕێنێ و لە دەست شا(با)ی مەزن رزگاری بکاو پیرەژن گوتی:

-یەکەم جار برۆ بە یەلینای نازدار بڵێ ئەم جارە کە شا(با)ی مەزن چووە دەرەوە بۆ راووشکار، با ئەو قوژبنێکیماڵەوە بە گوڵ برازێنێتەوەو کە شا(با)ی مەزن هاتەوە بە پەستو غەمگینی بە پیرییەوە بچێ بۆ ئەوەی وا دەربخا زۆر تاسەی کردووە.

سبەینەی پاشی، کە شا(با)ی مەزن لەقەڵا دەرچوو، یەلینای نازدار چووە ناو باخچەو هەندێ گوڵی چنی. منداڵ چۆن بەیاری دەخافڵێ، ئاوها خۆی بەرازاندنەوەی قوژبنێکی ماڵەوە خەریک کرد.

ئێوارێ شا(با)ی مەزن هاتەوە. سەری لە دیمەنی یەلینای نازدار سورما. پرسی:

-ئەوە بۆچی وەکو منداڵان خۆت بە گوڵانەوە خەریک دەکەی؟

یەلینای نازدار گوتی:

-ئەدی چ بکەم؟ کە تۆ لێرە نەبی دەبێ من خۆم بە شتێکەوە خەریک بکەم. ئەگەر پێم بڵێی رۆحی خۆت لە کوێ شاردۆتەوە ئەوەندە پەستو بێزارم نابم.

-نازدارەکەم، رۆحی منت بۆ چییە؟

-تۆ چەند سەیری! ئەگەر دەمزانی رۆحت لە کوێیە تا دەهاتیتەوە هەر ماچم دەکردو دەستم پێدا دەهێنا. لەبیرت نەچێ من ژنی خۆتم. تکایە پێم بڵێ رۆحت لە کوێیە؟

شا(با)ی مەزن گوتی:

-زۆر باشە! مادام ئەوەندەت مەراقە پێت دەڵێم.

شا(با)ی مەزن یەلینای نازداری بردە سەربانی قەڵاو گوتی:

–ئەو ئاسکە دەبینی لەو مێرگە دەلەوەڕێ؟ سێ زەلام گیای بۆ دەکەن و دەخوا. هەر ئەوەتە بە بەری رادەگەن. سەری ئەم ئاسکە سێ قوتووی بچووکی تێدایە. رۆحی من لەناو ئەو قوتووانەدایە.

یەلینای نازدار پرسی:

–ئەدی ئەگەر یەکێ ئەو ئاسکەی کوشت؟

شا (با)ی مەزن وەڵامی دایەوە:

–ئەو ئاسکە بەتیروکەوانی من نەبێ ناکوژرێ. هەریەکە لە قوتووەکان تەیرێکی تێدایە. ئەگەر تەیرێکیان بکوژرێ لەبنی پێم تا ئەژنۆم دەبێ بە بەرد. تەیری دوەم بکوژرێ لە پشتێن بەرەو ژێرم دەبێ بە بەرد. تەیری سێیەم بکوژرێ دەمرم. ئێستا زانیت رۆحم لە کوێیە؟

سبەینێ، شا(با)ی مەزن بە ئیش چووە دەرەوە. یەلینای نازدار تیروکەوانی شا(با)ی دایە ئاهووزادەو پێی گوت شا(با)ی مەزن چۆن چۆنی دەکوژرێ.

ئاهووزادە خەنی بوو. تیروکەوانەکەی وەرگرت. چووە ئەو مێرگەی ئاسکەکەی لێ دەلەوەڕا. تیرێکی هاویشت ئاسکەکەی کوشت و رایکردە سەری. سەری بڕی و کردییە دوو لەت و قوتووەکانی دەرهێنا.

کە ئاسکەکە کوژرا، شا(با)ی مەزن لە شوێنی خۆیەوە زانی شتێ قەوماوە، رایکردەوە ماڵێ. ئاهووزادە ملی تەیری یەکەمی قرچاندەوە، شا(با)ی مەزن لاقەکانی بوون بە بەرد. ملی تەیری دوەمی بادا، شا(با)ی مەزن گەیشتە سەرکۆسپەی دەرگا. شا(با)ی مەزن بە یەلینای نازداری گوت:

-یەلینای نازدار، فریوت دام. بازی دایە سەر پلیکانە بەڵام ئاهووزادە تەیری سێیەمی بەدەستەوەگرت و هاواری کرد.

-ئەمە سزای کردەوە خراپەکانی خۆتە!

ملی سێیەمیشی قرچاندەوە. شا(با)ی مەزن بەربووەوەو مرد. ئاهووزادە چووە لای یەلینای نازدارو گوتی تازووە با بەڕێ بکەوین و بڕۆین.

یەلینای نازدار گوتی:

-زۆر باشە! بەڵام جارێ لە پێشەوە بەناو (نۆ) ژووری قەڵادا بڕۆ، لەژووری دەیەم ئەسپی شا(با)ی مەزن بەسراوەتەوە، وەك با دەبەزێ. بەچاو ترووکانێك دەمانگەیەنێتەوە ماڵێ.

ئاهووزادە چووو ئەسپی شا(با)ی دۆزییەوەو هێنایە دەرەوە. بانگی بابا هانجۆمی کرد. کەرەستەکانی لە گوێیەکان دەرهێنا. سواری پشتی بوو. یەلینای نازداریش سواری ئەسپی شا(با)ی مەزن بوو. فڕین و ڕۆیشتن .

بەم جۆرە یەلینای نازدار بەشازادە شادبووەوە. بە ئاهەنگێکی گەورە زەماوەندیان کرد. هەموویان سوپاسی ئاهووزادەیان کرد کە ئیشەکەی بۆ پێك هێنان.

پیرە پاشای باوکی شازادەو ئاهووزادە وای زانی کوڕەکانی مردوون. ئەوەندە خەمی خوارد نەبێتەوە. بڕیاری دا سەراپای وڵاتەکەی تازیە دابنێن و ڕۆژتا ئێوارە شین و چەمەر بگێڕن!

لەهەمان کاتدا، دوای ئەوەی شازادەو ئاهووزادەو یەلینای نازدار زەماوەندیان لە ماڵی بووك گێڕا، چوونە ناو خانووە بچووکەکەی سەر پشتی بابا هانجۆمی و بەرەو ماڵ بوونەوە. کە

گەیشتنە لای ئەو دێوەی لە ئەشقی یەلینای نازدار یەک رووبار فرمێسکی لەبەر دەرۆیشت، ئاهووزادە گوتی:

-ئەرێ دێوە، حەزدەکەی یەلینای نازدار ببینی؟

دێوە وەڵامی دایەوە :

-ئای ئاهووزادە. جا کێ هەیە بتوانێ یەلینای نازدارم پێشان بدا؟

ئاهووزادە گوتی:

-ئەوەتانێ. ئەگەر حەزدەکەی تێروپڕ تەماشای کە.

دێوەکە تەماشای کرد. لەبەر جوانی یەلینای نازدار هەردووچاوی کوێر بوو. لەبەر چاوی ئەوانەوە توایەوەو تۆپی.

ئاهووزادەو ئەوانی تر لە رۆیشتنی خۆیان بەردەوام بوون. شەوێکیان لە خانووی دێوە نۆسەرەکان بردە سەرو کەوتنەوە رێ.

پێنج مانگەرێ مابوو، رۆژێکیان لە رۆخ دارستانێک بۆ حەسانەوە ئێورین. شەو لەناکاو سێ کۆتر هاتن، لەسەر چڵی درەختێک نیشتن. یەکێکیان گوتی:

-پیرە پاشا کەزانی کوڕەکەی وا هاتەوەو یەلینای نازداری هێناوە، تفەنگێکی بەدیاری بۆ دەنێری. تفەنگەکە دەتەقێ و شازادە دەکوژێ. هەر کەسێ ئێستا گوێی لەم قسەیە بێ و بیگێڕێتەوە دەبێ بە بەردو دەمرێ

دوو کۆترەکەی تر لێیان وەرگرتەوە:

-ئا. وادەبێ.

کۆتری دووەم گوتی:

-پیرە پاشا کەزانی کوڕەکەی وا نزیک بووەوە، بەپیریەوە دەچێ. ئەسپێکی بۆ دەبا. ئەسپەکە شازادە فڕێ دەداو دەیکوژێ.

دوو کۆترەکەی تر گوتیان:

-ئا. وا دەبێ.

ئینجا گوتیان:

-بەڵام هەر کەسێ گوێی لەم قسەیە بێ و بیگێڕێتەوە دەبێ بە بەردو دەمرێ.

کۆتری سێیەم گوتی:

-کە بووک و زاوا گەیشتنەجێ، جانەوەرێکی ترسناک(گڤەلی شاپی) شەو دێ و هەردووکیان دەخوا. هەرکەسێ گوێی لەم قسەیە بێ و بیگێڕێتەوە دەبێ بە بەردو دەمرێ.

کۆترەکان ئەم قسانەیان کردو لە شەققەی باڵیان داو فڕین.

ئاهووزادە گوێی لە هەموو قسەکان بوو. بەڵام هیچی نەگوت.

سبەینە داهات. هەموو چوونە ناو خانووە بچکۆلانەکەی سەرپشتی دێوەو ڕۆیشتن. پیرە پاشا کەزانی کوڕەکەی ساغ و سەلیمە. وا هاتەوەو یەلینای نازداریشی هێناوە، تفەنگێکی بەدیاری بۆ نارد، بەڵام هێشتا شازادە تفەنگەکەی وەرنەگرتبوو، ئاهووزادە غاری دا پڕی دایە تفەنگەکەو تووڕی هەڵدا.

شازادە بە نائومێدییەوە لە دڵی خۆیدا گوتی:

-"باوکی پاشام تفەنگێکی بەدیاری بۆ ناردووم. ڕێزی لێ ناوم و گەورەی کردووم کەچی ئاهووزادە لێ نەگەڕا وەری بگرم."

رۆیشتن ئەمجارە پیرە پاشا ئەسپێکی بۆ کوڕەکەی نارد، بەڵام ئاهووزادە لێ نەگەڕا شازادە دەستی بداتێ، ناردییەوە. شازادە بەمە زیاتر پەستو دڵتەنگ بوو.

گەیشتنەوە ماڵێ. پیرە پاشا بەگەرمی پێشوازی لێ کردن. زەماوەندیان تازەکردەوە. ئاهووزادە لە قەڵاتێ هاتەدەرێو بە بابا هانجۆمی گوت:

-سوپاس بۆ خزمەتی دڵسۆزانەت لە ئێستاوە ئازادی، کەیفی خۆتە دەچیتە کوێ بڕۆ. دێوە رۆیشت. ئاهووزادە شەو نەنووست. نۆبەتی گرت. شمشێری حازرکردبوو دەیزانی ژیانی برای شیری لەناو دەستی ئەمدایە.

بوو بە نیوەشەو.(گفەلی شاپی) دەرکەوت. بەدزی خۆی خزاندە ناو چووارپای زاواو لغاوەی لێك کردەوە بۆ ئەوەی بووكو زاوا هەڵ لووشێ بەڵام ئاهووزادە شمشێری بڵند کردوبەیەك زەبر جانەوەرەکەی کوشت. ئینجا پارچە پارچەی کردو پارچەکانی فڕێدایە ژێر چوارپا.

بەیانی بووكو زاوا لە خەو رابوون. ئاگایان لێنەبوو شەو چ بووەو چ نەبووە. بەڵام کە نۆکەران هاتن ژووری بماڵن، پارچە کەلاکی جانەوەرەکەیان لەژێر چووارپادا دۆزییەوە. کە بۆ پاشایان باس کرد، پاشا تووڕە بوو وای زانی گاڵتەی پێ دەکەن. بیریان کردەوە داخۆ ئەمە کردەوەی کێیە. هەموو شکیان لە ئاهووزادەکرد. ئەدی هەر ئەو نەبوو بێ حورمەتی بەرامبەر شازادە نواند، تفەنگی پاشای تووڕهەڵداو ئەسپەکەی ناردەوە. گوتیان

هەبێ و نەبێ ئەمەش ئیشی ئاهووزادەیە لاکی جانەوەری فڕێ داوەتە ژووری زاوا بۆ ئەوەی سووکایەتی پێ بکا.

ئاهووزادە گوتی:

-من تەنیا خۆشی ئێوەم دەوێ. باشە ئێوە حەزدەکەن من بمرم و ئێوە بەشادیو کەیفخۆشی بژین!

زۆر لێی تووڕەببوون. پێیان داگرت دەبێ هەر پێیان بڵێ ئەو کەلاکە لە کوێ هاتووە.

ئاهووزادە گوتی:

-زۆر باشە. ئەوەی دەتانەوێ پێتان دەڵێم، بەڵام پاشان خەم مەخۆن کە زانیتان ئێوە بوونەتە هۆی مەرگی ئەو کەسەی لە پێناوی بەختیاری ئێوەدا زۆری ڕەنج و دەردەسەری کێشا. ئێستا گوێ بگرن:

ئەو کاتەی ئێمە لە قەراخ دارستانەکە ئێورین، شەو سێ کۆتر هاتن لەسەر چڵێك نیشتن و کەوتنە قسە. یەکەم گوتی:

-کە کەژاوەی بووك نزیك کەوتەوە، پیرەپاشا تفەنگێك بۆ کوڕەکەی دەنێرێ. تفەنگەکە دەتەقێ و شازادە دەکوژێ، بەڵام هەرکەسێ ئەم قسەیە بگێڕێتەوە دەبێ بە بەردو دەمرێ.

ئاهووزادە هەر هێندە قسەکانی لەدەم هاتە دەرەوە، یەکسەر لە ئەژنۆوە تا بنی پێی بووبە بەرد.

تازە زانییان بۆچی ئاهووزادە پێشتر بۆی باس نەکردوون. لێی پاڕانەوە چیتر قسەنەکا، گوتیان:

-ئاهووزادە بەسە! چیتر مەڵێ، چتر مەڵێ!

بەڵام ئاهووزادە وەڵامی دانەوە:

-نەخێر، تازە مادام دەستم پێ کرد، هەمووی باس دەکەم. گوێ بگرن!

دووەم کۆتر گوتی: پیرە پاشا ئەسپێك بۆ کوڕەکەی دەنێرێ. شازادە لەسەر پشتی ئەو ئەسپە دەپەڕێ و دەمرێ. بەڵام هەر کەسێ ئەم قسەیە بگێڕێتەوە، دەبێ بە بەرد.

ئاهووزادە تا پشتێنی بوو بە بەرد.

هەموو لێی پاڕانەوە:

-راوەستە. چیتر مەگێڕەوە!

-نەخێر، راناوەستم! پێشتر بڕواتان پێ نەدەکردم. ئێستاش تازە رابرد. جا گوێ بگرن. کۆتری سێیەم گوتی: شەو کاتێ بووك و زاوا چوونە پەردە. (گڤەلی شاپی) دێ و دەیانخوا.

ئاهووزادە نەیتوانی چیدی بڵێ. سەراپای لەشی بوو بە بەرد. پاشاو شازادە زۆر بەکوڵ بۆی گریان و فرمێسکیان ڕشت، بەڵام بێگومان گریان دادی نەدان.

یەلینای نازدار پاش ماوەیەك منداڵێکی وەسکی کەوت، بەڵام شازادە هیچ هەوەسی پێ نەدەهات. لەدڵی خۆیدا هەر بیری دەکردەوە:

-"بەرهەر نرخێك بێ دەبێ براو دۆستی دڵسۆزم زیندوو بکەمەوە."

شازادە کاڵەك و پووزەوانەی ئاسنی بەست و دار دەستێکی ئاسنی بەدەستەوەگرت و بۆی دەرچوو. سەری هەڵگرت و بە دونیادا کەوتە گەڕان. تووشی هەرکەسێ دەهات لێی دەپرسی داخۆ برای شیری چۆن زیندوو دەبێتەوە.

ڕۆژێ، زۆر شەکەت و ماندووبوو. لەڕۆخ دارستانێك دانیشت پشوویەك بدا. لەپڕ پیرەمێردێك لەناو دارستانەکە هاتەدەرەوە. شازادە هەمان پرسیاری لەویش کرد. پیرەمێرد گوتی:

-بڕۆ بگەڕێوە ماڵێ. ئەوەی برای شیریت رزگارت دەکا لە ماڵی خۆتدایە!

شازادە لەمەبەستی پیرەمێردەکە نەگەیشت، بۆیە پیرەمێردەکە دووبارەی کردەوە، گوتی:

-تۆ نازانی، کوڕێکی کاکۆڵ زێڕینیت بووە. ئەگەر بتەوێ برای شیریت زیندوو بێتەوە، دەبێ کوڕەکەتی بۆ بکەیتە قوربانی. بڕۆ کوڕەکەت لەلانك دەربێنە، سەری ببڕەو بیکوڵێنە. ئاوەکەی بەسەری برای شیریت دابکە، برات زیندوو دەبێتەوە.

شازادە بە قسەی پیرەمێردی کردو گەڕایەوە ماڵێ، لەدڵی خۆیدا دەیگوت:

-منداڵ دەبێتەوە، بەڵام براو دۆستی وەکو ئاهووزادە جارێکی دی نابێتەوە.

شازادە گەیشتەوە ماڵێ دیتی کوڕەکەی لەناو لانك راکشاوە کاکۆڵی زێڕینی دەبریقێتەوەو خۆیشی نەرم نەرم دەخنێتەوە دەڵێی مانگی ئاسمانێکی ساف و بێگەردە.

شازادە، چییان پێ گوتبوو، بۆ یەلینای نازداری گێڕایەوە. ئەویش رازی بوو، گوتی:

-هەرچیمان لەدەست دێ دەبێ بۆ زیندووکردنەوەی ئاهووزادە بیکەین. بنیادەم بەهەر نرخێ بێ دەبێ دڵسۆزبێ بۆ برادەری خۆی.

پیرەمێرد چی بە شازادە گوتبوو بە جێیان هێنا. ئاهووزادە جوولایەوەو چاوی کردەوەو زیندوو بووەوە.

بۆ بەیانی پەلینای نازدار چووە سەر لانکی کوڕەکەی. ئاخر دایکە، دایك! هەرچەندە کوڕەکەی بۆ خاتری برادەراتی کردبووە قوربانی، بەڵام دڵو جەرگی بۆ کوڕەکەی هەڵقرچابوو. لەناکاو دیتی جوولەیەك لەناو لانك پەیدابوو. پەڕۆکانی هەڵدایەوە دیتی کوڕەکەی لەناو لانك راکشاوە، ساغو سەلیمە!

هەموو لا لە خۆشییان شاگەشکە بوون.

مانگایەكو پازدە مەڕیان سەربڕی. هەموویان لە شیشەداو برژاندیان. چواردە رۆژ زیافەتیان کرد. هەر دەیانخواردو دەیانخواردەوە تەنانەت بەبەر پاك کردنەوەی خوانیش رانەدەگەیشتن.

*　　　*　　　*

(٢٥)

# شێرو کەروێشک

لە دارستانێکدا هەندێ گیاندار رەوشتیان وابوو بەیەکەوە کۆدەبوونەوە، بەڵام هەموو جارێ شێر لێیان پەیدا دەبوو. پەلاماری یەکێکی دەداو هەڵی دەدڕی، بۆیە گیاندارە بەسەزمانەکان هەمیشە دڵیان بەترس بوو.

رۆژێکیان، وەکو جاران کۆبوونەوەو تەگبیریان کرد چۆن خۆیان لەم ترسە هەمیشەییە رزگار بکەن. سەریان لەبن سەری یەك ناو ماوەیەکی زۆر راوێژیان کرد. ئاخیری بڕیاریان دا تا شێر ماوە خۆیان نێچیری بۆ ببەن و خواردنی دەستەبەر بکەن بەرامبەر بەمەش داوای لێ بکەن لەو مەترسییە رۆژانەی مەرگ و مردن رزگاریان بکا. هەموو لەسەر ئەمە رێك کەوتن و چوون بە شێریان راگەیاند.

شێر بە تەگبیرەکە رازی بوو بەو مەرجەی نێچیرەکەی لە کاتی خۆیدا پێ بگات و یەك لەحزە دوانەکەوێ. گوتی:

-ئەگەرنا هەمووتان دەکوژم!

لەو رۆژە بەدواوە، گیاندارەکان هەر رۆژەو یەکێکیان لەخۆیان بۆ فراوینی شێر دەنارد.

نۆرەی کەروێشك هات بۆ شێری ببەن. کەروێشك گوتی:

-باشە! نۆرەی منە. ئەوە هەر هیچ نییە بەڵام تکایە لێم گەڕێن بەتەنێ بچمە لای شێر. هەوڵ دەدەم بەڵکو لەناوی ببەم، خۆم لەمردن و ئێوەش لە کلۆڵی و تەنگانە رزگار بکەم.

گیاندارەکان هەموو دایانە قاقای پێکەنین:

-ئەم کەروێشکە ترسنۆکە خێڵە چەند خۆهەڵکێشە!

شێر لەناو لانەکەی پاڵ کەوتبوو. زۆر برسی بوو. چاوەڕێی گەیشتنی نێچیری دەکرد. چاوی ئاگری لێ دەباری. ددانی لێک دەسوی... هێندەی نەمابوو هەستێ بچێ هەموو گیاندارەکان هەڵدڕێ، کە کەروێشک دەرکەوت. کەروێشک بە ئەنقەست خۆی دوا خستبوو.

شێر بە تووڕەیی تەماشای کەروێشکی کردو گوتی:

-ئەوە چۆن زاتت کرد دوا بکەوی!؟

کەروێشک بەنەرمی گوتی:

-باوە، کەروێشکێکیان پێ سپاردبووم بۆ فراوین بۆت بێنم. خەریک بووم دەمهێنا، بەڵام لە ڕێگادا شێرێکی تر پەلاماری داین‌و پڕی دایە کەروێشکەکەی ترو رایکێشا بردییە ناو دۆڵێکی قووڵ.

شێر نەڕاندی:

-وەرە. پیشانم دە لە کوێیە!

کەروێشک شێرەکەی بردە سەربیرێک‌و گوتی:

-باوە، وا لەناو ئەم بیرەدایە. ناوێرم بەتەنێ سەیری بکەم. بە چڕنووک بمگرە تا پیشانتی بدەم.

شێرەکە چڕنوکی لە کەروێشکەکە گیرکرد. تەماشای ناو بیرەکەی کرد، وێنەی خۆی‌و کەروێشکەکەی لەبنی بیرەکە دی: بینی شێرەکە کەروێشکێکی بە چڕنووک گرتووەو تێی هەڵدەڕوانی.

شێرەکە شێتگیر بوو. کەروێشکەکەی فڕێ دایە لاوەو خۆی هەڵدایە ناو بیرەکە بۆ ئەوەی ناحەزەکەی تەمبێ بکات‌و نێچیرەکەی لێ بسەنێتەوە.

بیرەکە زۆر قووڵ بوو. شێری تووڕەو توندو تیژ خنکا.

کە گیاندارەکان بەمەیان زانی هەموو خەنی بوون کە لەم دوژمنە دڕندەیە رزگار بوون. سوپاسێکی زۆرگەرمی کەروێشکەکەیان کرد کە سەری هەموویانی کڕییەوە.

*　　　*　　　*

بەحرکە

هاوینی ۱۹۹۳

-وەرگێڕ-

# پێڕست


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | کەوێتی دامەنتاری | ٥ |
| ٢ | بۆقی کچە پاشا | ١٥ |
| ٣ | شۆربای تەور | ٢٧ |
| ٤ | ئیڤانی کوڕە جوتیارو سێ چۆدۆ-یۆدۆ | ٢٩ |
| ٥ | دادگایەکی بێ وێنە | ٤٥ |
| ٦ | پاقلەی خولاوە(پۆکاتی- گۆڕۆشەك) | ٤٩ |
| ٧ | چاكو خراپ | ٦٩ |
| ٨ | گورگو سەگو پشیلە | ٨١ |
| ٩ | چۆن مسکینێك لەگەڵ ئاغایەکی لووتبەرز چووە سەر خوان | ٨٧ |
| ١٠ | کەمانچەی سیحری | ٩١ |
| ١١ | بۆچی جورجە کوێرەو رێوی لە کوندا دەژین؟ | ٩٧ |
| ١٢ | ڤاسیل چۆن عەزیای بەزاند؟ | ١٠٣ |
| ١٣ | پیلیپکا | ١٠٩ |
| ١٤ | پیرە شەختەو شەختەی ساوا | ١١٧ |
| ١٥ | ئاغا چۆن بوو بە ئەسپ | ١٢١ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦ | هەر کەسە بە ئیشی خۆی | ١٢٥ |
| ١٧ | بەرداشی هێسی | ١٢٩ |
| ١٨ | چۆن سێ برا گەنجینەی باوکیان دۆزییەوە | ١٣٧ |
| ١٩ | رەیحانەی گەنجی قۆزو ئیلانای خوشکی رۆژ | ١٤١ |
| ٢٠ | چیرۆکی زەرنیاری زیرەك | ١٦٥ |
| ٢١ | شەهیدولای بەرەلا | ١٧١ |
| ٢٢ | ئەنایت | ١٧٧ |
| ٢٣ | پاشاو جۆلا | ١٩٧ |
| ٢٤ | ئاهوزادەو یەلینای نازدار | ٢٠٣ |
| ٢٥ | شێرو کەروێشك | ٢٢٧ |

# زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان

| ژ | ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شائیسماعیلی یەکەم و جەنگی چالدێران | فارسی | هاشم حیجازی فەر | مێژوویی | ١٩٩٩ | کەمال رەشید |
| ٢ | ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی و هەرێمییەکان | عەرەبی | ئەحمەد موسەوی | سیاسی | ١٩٩٨ | عەلی قادر عوبێد |
| ٣ | بنەماکانی داڕشتن لە میدیاکاندا | فارسی | ئومێد مەسعودی | ڕاگەیاندن | ١٩٩٩ | مەجید ساڵح |
| ٤ | | کوردی | فوئاد تاهیر سادق | مێژوو | ٢٠٠٢ | فوئاد تاهیر سادق |
| ٥ | کاریگەری نەست | عەرەبی | دعەلی وەردی | دەروونناسی | ١٩٩٥ | سەمەد زەنگەنە |
| ٦ | دیموکراسی | فارسی | ئانتونی ئاربلاستەر | دیموکراسی | ٢٠٠٠ | ڕێباز مستەفا |
| ٧ | شمشێری دیمەلکیس | عەرەبی | نازم حیکمەت | شانۆنامە | ١٩٧٤ | عەزیز گەردی |
| ٨ | بەڵگەنامەکانی ئینگلیز | ئینگلیزی | ئا/بلال ن.شمشیر | سیاسی | ١٩٩١ | سەلمان عەلی |
| ٩ | چۆن لەگەڵ منداڵەکەمدا ڕەفتار بکەم؟ | فارسی | د.گاربر | پەروەردەیی | ٢٠٠٠ | شەیدا سەلاح |
| ١٠ | شەترەنج | ئەڵمانی | ستیڤان سڤایك | نۆڤلیت | ٢٠٠٠ | عەبدولموتەلیب دەشتی |
| ١١ | سەرمایەداریی هاوبەشی | عەرەبی | ئالان مینك | سیاسی/ ئابووری | ٢٠٠١ | دلێر میرزا |
| ١٢ | جیهانێکی لێکترازاو | عەرەبی | ئەنتۆنی گیدنز | سیاسی | ٢٠٠٠ | عەبدوڵڵا قەرەداغی |
| ١٣ | ناسنامە بکوژەکان | عەرەبی | ئەمین مەعلوف | سیاسی | ١٩٩٩ | کەژاڵ ئەحمەد |
| ١٤ | جريمة العراق في الابادة الجماعية | الانجليزية | منظمة حقوق الانسان | وثائقي | ٢٠٠١ | جمال میرزا عزیز |
| ١٥ | دیموکراسی چییە | فارسی | دیڤید بیتهام | سیاسی | ٢٠٠٠ | شۆرش جوانڕۆیی |
| ١٦ | دەربارەی دیموکراسی | فارسی | ڕۆبەرت داڵ | سیاسی | ١٩٩٩ | ئامانج عەزیزکەندی |
| ١٧ | سەر هەڵدانی ئاژاوە گێری | ئینگلیزی | ڕۆبەرت دی کاپلان | سیاسی | ٢٠٠٠ | شاخەوان مەنسور |
| ١٨ | ڕاپەڕینی عەلەوییەکان | فارسی | محەمەد سوڵتانی | مێژوویی | ٢٠٠٣ | حسەن عبدالکریم کمال رشید |
| ١٩ | ئاریار مادەکان | فارسی | د. ئەردەشیر خودادادیان | مێژوویی | ٢٠٠٣ | عەلائەدین نوری بابا عەلی |

## زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان

| ژ | ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | تیۆری نێودەوڵەتی | عەرەبی | د. ئەحمەد محەمەد رەحمەت/ د. سالح بەکر ئەلتەیار | سیاسی | ١٩٩٨ | گوڵستان جەمال |
| ٢١ | دیالۆگێک لەسەر عەلمانیەت | عەرەبی | د. فەرەج عەلی فودە | فیکری | ٢٠٠٣ | ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی |
| ٢٢ | فەیلەسوفە پاگانەکان | ئینگلیزی | تیمۆسینی فریکەر پیتەر گاندی | فەلسەفی | ٢٠٠٣ | چنور محەمەد محەمەد |
| ٢٣ | حزبە سیاسییەکانی میسر | فارسی | نووسینگەی دارشتنی بەرنامەو خزمەتگوزاری ڕێنمایی و. کاروباری دەرەوەی کۆماری دەرەوەی ئیسلامی ئێران | سیاسی | ٢٠٠٣ | ئەژی گۆران/ ئەحمەد قادر سەعید |
| ٢٤ | کورد لەیاداشتەکانی ئارچی ڕۆزڤێلت دا | فارسی | ئارچی ڕۆزڤێلت | مێژوویی | ٢٠٠٣ | کارزان محەمەد |

# Kewêtî Damentarî

wergêranîÈ

EZîZ GERDî

Slîêmanî

2004



کەوێتی دامەنتاری ئەگەر ڕۆژێک ڕۆیشت، ئەگەر حەفتەیەک غاری دەدا، چیاو دۆڵی بەکلك وەشانێک دەبڕی و خێرا وەك شنەی نەسیم بەدەوری درەخت و خانووەکاندا دەسووڕایەوە. ئاخیری ئیڤانی گەیاندا بارەگای پاشا و .. کچە نازەنینەکەی پاشاش لە شانشینی پەنجەرەی ژووری خۆی دانیشتبوو کە کەوتبووە نهۆمی هەرە سەرەوە.

پاشا گوتی :

هۆ گەنجینە، گەڕناس و مێرخاسینە! هەر کامتان بتوانێ بەسواری ئەسپەکەی باز بدا و بگاتە ئاستی ئەو پەنجەرە بەرزە و لێوی کچەکەم ماچ بکا، کچەکەمی لێ مارە دەکەم و نیوەی وڵاتەکەشمی لەسەر تاپۆ دەکەم ........

نرخی (2000) دینارە